د. کەمال مەزھەر

چەند لاپەڕەیەک لە

مێژووی گەلی کورد

بەرگی (1)

2001

ئامادەکردن

عەبدوڵڵا زەنگەنە

د. کەمال مەزهەر

چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد

(بەشی یەکەم)

بە یاریدەی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لەچاپ دراوە

چاپخانەی (الادیب البغدادیة)

شركة مطبعة الاديب البغدادية المحدودة
هاتف ٧١٨٨٢٨٦ - ٧١٨٨٢٨٧

پێشەکی

«چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد» بریتی‌یە لە بەشێکی ئەو وتارانەم کە دەربارەی باسی جیاوازی مێژووی کورد لە چاپەمەنی‌یە کوردی‌یەکاندا بلاّوم‌کردوونەوە.

وتارەکان هی وایان تێدایە تەمەنیان خەریکە دەگاتە چارەکە سەدەیەك ، بەپێی بۆچوونی خۆم هەمووشیان بایەخیان هەیە ، بۆیەکا بەپێویستم زانی کۆیان بکەمەوەو سەرلەنوێ پێشکەشی خوێندەوارانیان بکەمەوەو بەو جۆرەش لە فەوتاندن ڕزگاریان بکەم.

لە شوێنی زۆر پێویستدا نەبێ دەستکاری‌ی ناوەرۆك‌و ڕێنوسی وتارەکانم نەکردووە ، لەگەلێك ڕووەوە بلاّوکردنەوەیان بەو جۆرە باشترە. بە ناچاریش هەندێك شوێنم لێ لابردوون یا کەمێکم گۆڕیون . . . ! ئەوانەش بوونەتە هۆی کەمێك جیاوازی‌ی تەنانەت لە شێوازی نووسینی باسەکاندا.

هیوادارم بەم بەرهەمەم توانیبێتم خزمەتێك پێشکەشی خوێندەواری کوردی خۆشەویست بکەم. لە دەمێکیشەوە دەمویست وتارێك دەربارەی کەریمی عەلەکەی وەزیری دارایی شێخ مەحمودو شوێنی دیاری ئەو بنەماڵە سەربەرزە بنووسم ، بەلاّم جارێکا با ئەم دیاری‌یەم لە بریتی ئەویان بێت . خوا لە وێنەیان زۆر بکات،لە سایەی خواشەوە شۆینەواری کەریمی عەلەکە کوێر نەبۆتەوە . . . کوردینە تۆ بڵێیت یەکێك هەبێت مامۆستا مەسیح ئەسکەندەر بناسێت‌و بە دڵ خۆشی نەوێت‌و ڕێزی نەگرێت . هیچ دوور نی‌یە گەر مەسیحی گەورە زیندوو بێتەوە دەستی پیرۆزی بەسەریدا بهێنێت‌و پێی بڵێت :

«بەختەوەرم پیاوێکی وەك
تۆ هەڵگری ناوم بێت !» .

ئەتوانم بڵێم (*) تا ئێستا کەس لە ڕووی شارستانی یەتی یەوە باسی مێژووی کوردی نەکردووە ، ئەگەرچی جاروبار لە ناو ئەم وتار ، یان ئەو پەڕاودا ئەو باسە لە چەند دێڕێکی پچڕ پچڕدا بەسەرپێی ی دەبینرێت .

نەتەوەی کورد هەر لە کۆنەوە نیشتەجێی شوێنێکی زۆر گرنگ بووە . بێ گومان کوردستان وەك بڕبڕە وایە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست .

هەر لەبەر ئەوەشە ، جگە لە سامانی زەبەندی ، هەموو دەوڵەتە ئیمپریالی یەکان چاویان تێی بڕیوەو دەیانەوێ بیکەنە بنکەی خۆیان .

ئەوەی گومانی تێدا نی یە کوردستان لە کۆنیشدا هەر وا گرنگ بووە ، چونکە ئەو کاتە کەوتبووە ناوەڕاستی شارستانی یەتە کۆنەکانەوە کە زۆربەیان لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا پەیدا بوونو پەرەیان سەندووەو لە سەرووی هەمووشیانەوە شارستانی یەتی فارسو شارستانی یەتی عەرەبی ی ئیسلامی یە کە لە عیراقدا ، کاتی حوکمی عەباسی یەکان ، گەیشتە بەرزترین پلەی پێشکەوتنی . کەواتە دەتوانین بڵێین نەتەوەی کورد دەوری لەم شارستانیەتی یانەدا بووە ، واتە کاری تی کردوون ، هەروەك چۆن ئەوانیش کاریان تێی کردووە . ئەممان بەتەواوی بۆ ڕوون دەبێتەوە ئەگەر بێتو بزانین شارستانی یەتی بە کۆنو نوی یەوە بریتی یە لە توانەوەی بیروباوەڕو بەرهەمی گەلێك نەتەوەی جیاواز ، چونکە وەك دەرکەوتووە تێکەڵ بوونی بیروباوەڕو بەرهەمی چەند نەتەوەیەك دەبێتە

(*) ساڵی ۱۹۵۹ ، واتە ئەو ساڵەی زانکۆی بەغدام تەواو کرد ، ئەم وتارەم لە ژمارە پێنجو شەشی گۆڤاری «بڵێسە»دا بلاوکردەوە . لێرەدا وەك خۆی چاپی دەکەمەوەو زۆر کەم نەبێت دەستکاری ی ناوەڕۆكو شێوازی نووسینم نەکردووە .

هۆی پەیدابوونی شارستانی یەتی و ئەنجامی تێکەڵ بوون فراوان بوونی سنووری بیرکردنەوەیە . بێ گومان تێکەڵیش بە شێوەیەکی زۆر لە نێوان ئەو نەتەوانەدا دەبێت کە لەیەکەوە نزیکن .

ئەو نەتەوە کوردەی لەسەر سنووری فارس و عەرەب ژیاوە لە سەردەمی شارستانی یەتی هەردوو نەتەوەکەدا ، هەرچۆنێ بێت ، زۆر یا کەم ، کاری کردۆتە سەر ئەو دوو شارستانی یەتە . بەڵام ئەوەی سەرنج ڕائەکێشێ ئەوەیە کە زۆر کەس شارەزایی نی یە بەرامبەر دەوری کورد ، هەندێکیش دەیزانن ، بەڵام خۆیانی لێ گێل دەکەن .

لەوەش خراپتر ئەوەیە کە هەندێك لە مێژوونووسە شۆڤێنی یە کلاسیکی یەکان دواکەوتن و بێ هێزبوونی شارستانی یەتی عەرەبی دەگێرنەوە بۆ بەهێزبوونی هەندێك نەتەوەی تر لە ناو گیانی کۆمەڵی ئیسلامیدا .

بە کورتی زۆر کەس شارەزاییەکی تەواوی نی یە لە بارەی دەوری کوردەوە لە مێژووی شارستانیەتیدا ، بەتایبەتی ئەو خزمەتە بەنرخانەی ئەو نەتەوەیە پێشکەشی کردووە بە شارستانی یەتی ئیسلامی و زانیاری ی عەرەبی . پێویستیشمان بە لێکۆڵینەوەیەکی دوورو درێژو زۆر قوڵ نی یە بۆ دەربڕینی کاری کورد بۆ سەر گەلێ ڕووی شارستانی یەتی فارس و عەرەب ، بە تایبەتی لە ڕووی بیروباوەڕو کۆمەڵایەتی و زانیاری و هەتا سیاسیشەوە ، وەك ئێستا بۆمان دەردەکەوێ .

کاری کورد بۆ سەر شارستانی یەتی فارسی :

نەتەوەی کورد بەهۆی دراوسێیەتی یەوە ، هەروەها وەك پاشماوە مێژوویی یە دێرینەکان دەزی دەخەن بەشدار بووە لە دامەزراندن و پێگەیاندن و پێشخستنی شارستانیەتی فارسەکاندا . بەڵام ئەگەرچی هەندێکیش دان بەمەدا نەنێن ئەوا ئێمە دەتوانین لە ڕێگەیەکی ترەوەو بە شێوەیەکی تر دەری بخەین کە وا کورد کاری کردۆتە سەر ئەم شارستانی یەتە . جا با سەری ڕێگەی دووەم بگرین و نەختێك لێی وردبینەوە تا بەو ئەنجامەی دەمانەوێ پێی بگەین .

زۆر مێژوونووسی بەناوبانگ دانیان بەوەدا ناوە کە سەرچاوەی نەتەوەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ سەر میدی یەکان . سەرەڕای ئەمەش گەلێك بەڵگەی مێژوویی ئەوتۆ هەیە کە بە تەواوی دەری دەخا میدی یەکان باپیرە گەورەی ئەم نەتەوەی کوردەی ئێستەن .

میدی یەکانیش بەلای کەمەوە سێ سەدە لەپێش فارسەکانەوە هاتوونەتە ئێران و دەوڵەت و شارستانی یەتی خۆیان دروست کردووەو پێوەندی یان لەگەڵ شارستانی یەتە پێشکەوتووەکانی عیراق بە تایبەتی و میسردا پەیدا کردووەو لەگەڵ کلدانی یەکان زۆر ڕێك بوون ، بە ڕادەیەکی ئەوتۆ دەستیان خستە ناو دەستی یەك بۆ لەناوبردنی ئیمپراتۆری ی ئاشوری .

بەم جۆرە میدی یەکان گەلێك کەڵکیان لەو شارستانی یە کۆنانە وەرگرت و هیچ گومانی تێدا نی یە کەوا لە دوای ئەوەی فارسەکان بەسەریانا زاڵ بوون و ئەمان دایانە شاخەکانی زاگرۆس بۆ ڕزگار بوون لەدەست ژێردەستەیی کۆنە ژێردەستەکانی خۆیان ، شارستانی یەتەکەیان لە ولاتە کۆنەکەی خۆیان بۆ فارسەکان بەجێ هێشت ، واتە بێ سێ و دوو دەتوانین بڵێین کا کڵەی شارستانی یەتە پێشکەوتووەکەی فارسەکان بریتی یە لەو شارستانی یەتەی باپیرە گەورەی کورد دایمەزراندو بەجێی هێشت .

سەرەڕای ئەمە دەتوانین بڵێین کاری کورد بۆ سەر شارستانی یەتی فارسەکان لەم ڕادەیەدا نەوەستا ، بەڵکو بێ کۆڵ دان لەگەڵ فارسەکانی دراوسێیاندا خەریکی گۆڕین و پێشخستنی ئەو شارستانی یەتە بوون و هیوامان زۆرە لێکۆڵینەوەی ئارکیۆلۆجی ئەمەمان لە دواڕۆژدا بۆ ڕوون بکاتەوەو ناوی ئەو زانا کوردانەی خزمەتی شارستانی یەتی فارسیان کردووە بۆمانی دەربخا بۆ ئەوەی وەك زانا کوردە موسڵمانەکان دەناسین و دەزانین کێن ئەوانیش بناسین .

بەم جۆرە دەرکەوت نەتەوەی کورد کاری کردۆتە سەر شارستانی یەتی فارسەکان . بەلام خۆ ئەگەر بێتو هەموو ئەمانەش بخەینە لاوە دەتوانین لە لایەکی ترەوە زۆر بە باشی کاری کورد بۆ سەر ئەم شارستانی یەتە دەربرین . زانایانی مێژوو دەڵێن شارستانی یەتە کۆنەکانی عیراق کارێکی زۆر گەورەیان کردۆتە سەر شارستانی یەتی فارس . لێرەدا پرسیارێکی یەکجار گرنگمان دێتە ڕێ : لە کوێوەو لە کام ڕێگەوە شارستانی یەکانی عیراق کاریان کردۆتە سەر شارستانی یەتی فارس ؟ .

تەنها یەك وەڵام هەیە بۆ ئەم پرسیارە ، ئەویش ئەوەیە کە ئەم کارە لە ڕێگەی کوردستانەوە گەیشتۆتە وڵاتی فارس ، چونکە ئەگەر سەیری نەخشە بکەین ئەبینین کوردستانو زنجیرە شاخەکانی یە کە عیراقو ئێران لە یەکتر جیا ئەکاتەوە . جگە لەمە هیچ ڕێی تیٚ ناچێت کورد وەك یاساوڵی سەر سنوور خۆی دوورە پەرێز گرتبیٚ لە شارستانی یەتی فارس . بەڵکو بەپێچەوانەی ئەوەوە ، شتی ی نوێی داوەتیٚ ، هەروەکو لێشی وەرگرتووە ، چونکە سروشتی شارستانی یەتی لەسەر کەڵك بەخشینو کەڵك وەرگرتن وەستاوە .

دوور نی یە هەبن وابزانن میللەتی کورد میللەتێکی دواکەوتوو بووە ، لەبەر ئەوە هەر کاری تیٚکراوە لە ڕووی شارستانی یەوە ، بیٚ ئەوەی کاری کردبێتە سەر هیچ شارستانی یەك . بەڵام بۆ وەڵامی ئەمە دەڵێین کە دوو میللەتی دراوسیٚ هەردووکیان بە هەموو جۆریٚ کار ئەکەنە سەر یەکتر ، با یەکێکیشیان زۆر پێشکەوتوو و ئەوی تریان زۆر دواکەوتوو بیٚ . باشترین بەڵگە بۆ ئەمە هندی یە سوورەکانی ئەمەریکان کە گەورەترین کاریان کردۆتە سەر سازو ئاوازی ئەمەریکی لەگەڵ ئەو هەموو دواکەوتنەی خۆشیاندا . کەواتە لەمەوە بە ئاشکرا دەرئەکەویٚ کە نەتەوەی کورد ئەگەرچی دواکەوتووش بوبێت ، هەرچەندە وانەبووە چونکە دامەزرێنەری شارستانی یەتی میدی ئەو بوو ، هەر کاری خۆی کردۆتە سەر شارستانی یەتی فارس ، چونکە . هەروەك وتمان ، شارستانی یەتی هی تەنها یەك نەتەوە نی یە ، بەڵکو بریتی یە لە توانەوەی بیروباوەڕو بەرهەمی چەند نەتەوەیەك .

ئەم وتارە (*) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی یە لە زمانەکەمان، وەڵامێکە بۆ ئەوانەی ئەڵێن زمانەکەمان لقێکە لە زمانی فارسی.

ژمارەیەك لە مێژوونووسان وادەزانن زمانی کوردی بەشێکە، یا زارەوەیەکە لە زمانی فارسی.

زۆر دوور نەڕۆین نەهرۆیش لە نووسراوەکەیدا «لمحات من تأریخ العالم»، لە لاپەڕە ٢٥٩دا دەڵێت «کوردەکان بە زمانی فارسی ی کۆن گفتوگۆ دەکەن».

بەڵام ڕەخنەی لێ ناگیرێت چونکە خۆی لە پێشەکی ی پەڕاوەکەیدا داوای لێبوردنی کردووە لە هەموو جۆرە کەموکوری یەك لەبەر ئەوەی پەڕاوەکەی لە کاتێکدا نووسیوە کە لە بەندیخانەدا بووەو بەشێوەی نامە ناردوویەتی بۆ کچەکەی (**) بێ ئەوەی دەستی بگاتە هیچ سەرچاوەیەك تا کەموکوری لە باسەکانی ببڕێت، هیچ دووریش نی یە وشەی ئێرانی یان لە نووسراوەکەیدا بە فارسی تەرجەمە کردبێت، خەتای ئەمەش دەکەوێتە سەر شانی ئەو کەسانەی پەڕاوەکەیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، چونکە زۆر لە مێژوونووسەکان وشەی ئێران بە واتای هیندو – ئەوروپی بەکار دەهێنن. بەڵام زۆر نووسەری تر کە هیچ دوور نی یە لەبەر هۆیەکی شارراوە زمانی کوردی دەگێڕنەوە بۆ سەر زمانی فارسی و ئەمەش لە بنچینەوە بە بیرێکی چەوت دەژمێرێ، کەواتە با نەختێ لەم باسە بدوێین بە شێوەیەکی مێژوویی و زانیاری ی ڕاست.

(*) لە ژمارە سێی ساڵی یەکەمی گۆڤاری «بڵێسە»دا بڵاوکراوەتەوە (تشرینی یەکەمی ١٩٥٩، ل ٣٥-٤٢).

(**) مەبەست ئیندیرا غاندی یە.

هەرکەسێك بیەوێ لە ڕەگەز ، یا زاراوەی هەر گەلێك لە گەلەکانی ڕۆژهەلاّت بدوێ پێویستە بگەڕێتەوە بۆ پەڕاوەکانی مێژوونووسەکان ، بەتایبەتی ڕۆژهەلاّتناسەکان . بەلاّم ئەمانیش هەموو بە سەرڕاستی باسەکانیان نەنووسیوە ، بەڵکو ، هەروەك مامۆستا ئەمین زەکی دەڵێ ، دەتوانین بیانکەین بە سێ بەشەوە . بەشێکیان هیچ مەبەستێکیان نەبووە لە نووسینەکانیاندا ئەوە نەبێت پێیان بگوترێ مێژوونووس . بەشی دووەمیشیان بەپێی ڕێگەیەکی دانراو لە شوێنی خۆیەوە باسەکانیان نووسیوە . خۆ هیچ دوور نەڕۆین ئەگەر یەکێك لەمانە ئێستە بیەوێ لە بارەی کوردەوە بنووسێ‌و شتێکی بە دەمدا بسورێ لە لایەن تۆرانی‌یەکانەوە ، ئەوا یەکسەر بێ ئەوەی سێ‌و دووی لێ بکات گەلی کورد دەگێڕێتەوە سەر تورك‌و پێیان دەڵێ «تورکە شاخاوی‌یەکان» . بەشی سێیەمیش ئەو زانا پایە بەرزانەن کە لە باسەکانیاندا ڕێگەی زانستی‌ی ڕاستیان بەرەلاّ نەکردووە لەبەر زرەی پارە ورشەی زێڕ . ئەوانە بەسیانە کە بە چاکە ناو دەبرێن‌و جێگەی خۆیان لە لاپەڕەی مێژوودا کردۆتەوە .

جا ئەم دەستە زانایە چونکە ڕێگەیەکی ڕاستیان گرتووە نووسینەکانیان پڕکەڵکە ، بەلاّم ئەوانەی کورد دەگێڕنەوە سەر ڕەگەزی تورك ، یا فورس ، یا دەڵێن زمانەکەیان زمانی خۆیان نی‌یە ، بەڵکو بە زاراوەی دراوسێکانیان گفتوگۆ دەکەن ، ئەوانە هەموویان لە دەستەی یەکەمن یا دووەم کە لە خۆیانەوە بیروباوەڕیان دروست کردووە بۆ فرۆشتن . بەلاّم دەریایەکی خاوێن‌و جوان ئەگەرچی جۆگەیەکی پیسیشی تێ بڕژێ لیخن نابێت .

خۆ ئەوەش ئاشکرایە لە گەلی کورد هەژارو بێکەستر نی‌یە تاوەکو بڵێین زاناکانی دەستەی سێیەمیان هانداوە بۆ ئەوەی لە بارەی زمان‌و مێژووی کوردەوە بە ئارەزووی گەلی کورد بنووسن . کەواتە تەنها ئەوان ڕێگەیەکی ڕاستی زانیاری‌یان گرتووە بۆ لێکۆڵینەوە لە بنچینەی کوردو زمانەکەیان ، نەك لەبەر خاتری چاوی کاڵی کورد ، بەڵکو لەڕێی زانیاریدا ، جا بیروباوەڕی ئەمان نەبێت بیروباوەڕی دوو دەستەکەی‌تر هیچ نرخێکی نی‌یەو بە هیچ ناچێت .

ئا ئەمە بەسە بۆ هەموو کەسێکی تێگەیشتو ، کورد بێت یانا ، بۆ ئەوەی بزانێ : هەر کەسێك ڕەگەزی کورد ، یا زمانیان بگێڕێتەوە بۆ سەر ڕەگەزێك یا

زمانێکی تر له ڕاستی‌یەوە دوورەو لەبەر هۆیەکی شارراوە ئەو درۆ زلانە ئەکات ، ئەو درۆیانەی مێژوو هەرگیز لیٚ‌یان خۆش نابێت ! .

ئەمەی نووسیمان سووکە وەلاٚمێکە بۆ ئەوانەی دەڵێن زمانی کوردی فارسی‌یە . بەلاٚم با نەختێکی‌تریش لەم باسە بدوێین‌و پەنا بەرینە بەر بیروباوەڕی ڕۆژهەلاٚتناسە سەرڕاستەکان ، ئەوانەی ڕێگەی زانیاری‌یان بەرنەداوە .

سێر سدنی سمث لە ژێر ناوی «کوردستانی کۆندا» بە کورتی دەڵێت : هیچ گومانی تێدا نی‌یە ئەو کاردۆخی‌یانەی زەینەفون باسیان دەکات هەر گەلی کورد بوون . جا با بزانین زەینەفون کیٚ بووەو چی‌ی گوتووە لەبارەی گەلی کوردەوە .

کۆرشی بچوکی برای ئەرتەحشتای پاشای فارس سەرپەرشتی کاروباری ئاسیای بچوکی دەکرد . دەوروبەری ساڵی ٤٠٤ی پێش لە دایك بوون کۆرش ئارەزووی ئەوەی دەکرد جێگەی بگرێتەوەو خۆی ببێتە پاشای فارسەکان ، لەبەر ئەوە سوپایەکی گەورەی بۆ هێنانە دی‌ی ئامانجەکەی پێکهێنا . جگە لەم سوپا گەورەیە سوپایەکی‌تریشی لە ئیغریقەکان پێکهێنا بۆ یارمەتی‌ی سوپای یەکەم . ئەم سوپا ئیغریقی‌یە لە مێژوودا بە « سوپای دە هەزارە » ناسراوە .

پاش کوشتنی کۆرش لە عیراق ، زەینەفون کە یەکێك بووە لە سەربازە ئیغریقی‌یەکان کاروباری سوپاکەیانی گرتۆتە دەست‌و بۆتە سەرۆکی‌و سوپاکەی گێڕاوەتەوە بەرەو ولاٚتی خۆیان یۆنان . باسی چون‌و هاتنەوەی ئەم سوپایەو هەموو بەسەرهاتی بە شێوەیەکی مێژوویی کاتی خۆی لە پەڕاوێکدا نووسراوەتەوە(***) کە باسی کوردیشی تێدا کراوەو دەڵێت : کاتێك سوپاکەمان گەیشتە ناوچەی زاخۆ گەلێکی ئازاو شەڕکەرمان لیٚ هەڵکەوت ناوی کاردۆخی‌یە . . . ئەم گەلە لە ناوچەیەکی شاخاویدا دەژیان‌و ئارەزووی جیابوونەوەیان هەبوو لە شاو حەزیان بە سەربەخۆیی‌و ئازادی دەکرد .

کەواتە لەمەوە بە باشی بۆمان دەردەکەویٚ کە تینوێتی ئەو گەلە بۆ سەربەستی‌و ئارەزووی ئازادی‌و جیابوونەوەی لەبەر ئەوە بووە کە زمانەکەیان زمانێکی سەربەخۆ بووە ، نەك زمان یا زاراوەیەکی بێگانە .

(***) مەبەست کتێبی بەناوبانگی «ئەناباسیس»ە کە زەینەفون بۆ خۆی دایناوە .

ئینجا با بگەڕێینەوە سەر باسەکەی سێر سدنی سمث کە لە لایەکی تری وتارەکەیدا دەڵێت :

لەم دوایەدا بیروباوەری ئەو زانایانەی لە زمانی کوردی دەکۆڵنەوە بەتەواوی گۆڕراوەو دەڵێن : زمانی کوردی نە لە فارسی‌و نە لە هیچ زمانێکی ترەوە وەرنەگیراوە ، بەڵکو زمانێکی تایبەتی‌و سەربەخۆیەو هەر لە کۆنەوە هەڵگێرو داگێری خۆی جویٚ بووە . سدنی سمث کۆتایی باسەکەشی بەوە دێنێت کە ئەڵێت : «ئەوانەی وا دەزانن زمانی کوردی زاراوەیەکی فارسی‌یە مێژوو و زانست پێچەوانەی بیروباوەریانە» .

بەڵام مامۆستا سایس‌و ژمارەیەك لە ڕۆژهەلاتناسەکان دەڵێن : زمانی میدی‌یەکان یا ئەم کوردی‌یەی ئێستە بووە ، یا بنچینە بووە بۆی .

ئەمە بەتەواوی کۆنی زمانی کوردی دەردەخات ، چونکە میدی‌یەکان لە فارسەکان کۆنترن‌و لە پێش ئەوانیشدا هاتوونە ولاتی فارسەوەو دەوڵەتیان پێکهێناوە . لە سەدەی حەوتەمی پێش لەدایك‌بووندا بوو گەورەترین دەوڵەتیان دروست کردو پەرەیان سەندو وا بەهێز بوون ساڵی ٦١٢ی پێش لەدایك بوون ناوی دەوڵەتی ئاشوری‌یەکانیان لەناو ناواندا نەهێشت ، ئەو دەوڵەتە گرنگەی نیوەی جیهانی لەژێر دەستدا بوو .

لەو کاتەشدا فارسەکان لەژێر دەستی میدی‌یەکاندا بوون‌و وا مانەوە هەتا دەوروبەری ساڵی ٥٥٠ی پێش لەدایك‌بوون ، ئەو کاتەی کۆرشی گەورە پەیدا بوو و توانی فارسەکان لەژێر چنگی میدی‌یەکان دەربهێنی‌و دەوڵەتیان بۆ پێکبهێنێت .

لێرەدا ئەم پرسیارەمان دێتە ڕێ ، ئەویش : ئایا ڕێی تیٚ دەچیٚ گەلێك بە زمانی گەلێکی تر گفتوگۆ بکات کە ژێردەستەی خۆی بووبێت ؟ ! ! .

گەلێك ئەوەندە کۆن بێت کە ٢٧٠ ساڵ لە پێش گەلی فارسدا هاتبێتە ئەو ناوچەیەوەو دەوری صەد ساڵێکیش لە پێش ئەواندا دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبوبی‌و تەنانەت فارسەکانیشیان لەژێر دەستدا بووبیٚ ، ئیتر چۆن ڕێی تیٚ دەچیٚ بوتریٚ ئەمان بەزمانی فارسی گفتوگۆیان کردووە ! ! . ئەمە لەوە دەچێت بڵێیت گەلی تورك لە تورکیادا بە زمانی کوردی‌ی . . . ئەدوێن ! ! .

بەڵێ ئەوا وتمان میدیەکان کە سەرچاوەی گەلی کوردن بە فارسی دەدوان ، کەواتە فارسەکانو میدیەکان هەردوکیان یەك گەل بوون ، چونکە زمانیان یەك بووە .

ئەگەر وابوبێت ئەوساکە ئەم دوو پرسیارە ڕێگەمان لێ ئەگرێتو بەدرۆمان دەخاتەوە :

یەکەم : ئەگەر ئەم دوو گەلە یەك بوونو جیاوازییان نەبوبێت لە زمانا ئەی چۆن میدیەکان ماوەیەکی دوورو درێژ فارسەکانیان خستە ژێر دەستی خۆیانەوە ؟

دووەم : بۆچی فارسەکان هەوڵی جیابوونەوەیان دەدا لە دەوڵەتی میدیەکان بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی نوێی سەربەخۆ دابمەزرێنن ؟ .

هیچ وەڵامێك نییە لەوە زیاترکە بێ گومان زمانیان جیاواز بووە لە زمانی میدیو گەلانیش بە زمانو شێوە لێك جیا دەکرێنەوە .

هەر وەکو بۆمان دەرکەوت گەلی کورد گەلێك لە فارسەکان کۆنترن ، هەروەها زمانیشیان . جا ئەگەر ئێمە نەڵێین فارسی لە کوردییەوە وەرگیراوە دەسا بیروباوەڕ فرۆشان چۆن ڕووی ئەوەیان هەیە بڵێن کوردی لە فارسییەوە وەرگیراوە . وا دەرئەکەوێ ئەوانە هەتا ئێستا وشەی شەرمەزارییان نەبیستووە ، لەبەر ئەوە درۆ بەلایانەوە هیچ نییە ، درۆیەکی وا زلیش کە زمانی کوردی بەو کۆنییەوە بکەن بە زارزاوەیەکی فارسی . بەڕاستی ئەمە شتێکە هەر بۆ پێکەنین دەشێت ، لەوە ئەچێت بڵێیت ئەو باوکە کوڕی کوڕەکەیەتی . یا ئەو ئافرەتە هەشتا ساڵییە کچی ئەو ژنە بیست ساڵییەیە ! .

ئینجا سەرەی ڕۆژهەڵاتناس مێجەر سۆنە کە کورتەی باسەکەی دەڵێت : لە ساڵی ٤٠١ی پێش لەدایكبوونەوە . ئەو کاتەی زەینەفون گەلی کاردۆخی پیگەیشت . کوردستان بووە جێ نشتەنی گەلێکی کۆن کە خاوەنی زمانی تایبەتیی خۆی بووە . ئەم گەلە خۆیانو زمانەکەشیان لە هەموو تێکەڵییەك پاراستووەو ئەگەر بێتو کوردی لەگەڵ هەر زمانێکیتر بەراورد بکەین دەبینین کورد زمانی خۆی لە هەموو گەلێکیتر زیاتر پاراستووە ، بە ڕادەیەك جیاوازییەکی زۆر نییە لە نێوان کوردیی ئیستەو کوردیی پێش سەدەها ساڵدا .

بەڵێ وەك مێجەر سۆن ئەڵێت گەلی کورد لە هەموو کاتێکدا هۆشی بە زمانەکەی خۆیەوە بووەو پاراستویەتی . بێ گومان ئەوی یاریدەی داون لەم پارستنەدا سروشتە ، چونکە کورد لە شوێنێکی شاخاوی سەختدا ژیاون ، لەبەر ئەوە گەلانی دراوسێیان نەیانتوانیوە بە ئاسانی پێوەندییان لەگەڵ پەیدا بکەن‌و کار بکەنە سەر زمانەکەیان ، بە تایبەتی پێوەندی ئابوری‌و بازرگانی‌و سیاسی کە گەورەترین هۆی تێکەڵی زمانن . نەبوونی ئەو جۆرە پێوەندییانەش گەورەترین قەڵغانە کە زمانی کوردیی پاراستووەو هەر بە خاوێنی ماوەتەوە ئەوە نەبێت چەند وشەیەکی عەرەبی‌ی لە رێگەی دینەوە تێکەڵ بووە لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە کوردستاندا ساڵی ١٨ی کۆچی ، ئەمەش تەنها لە زمانی کوردی رووی نەداوە ، تەنانەت ئیستە ئەگەر زمانی تورکی ، یا فارسی پاڵاوتە بکەین نیوەی زیاتری ئەبێت بڕوات چونکە هەمووی وشەی عەرەبی‌یە .

ئیستەش گەلی کورد هەستی بەمە کردووە ، بۆیەکا هەموو جۆرە وشەیەکی بێگانە لە زمانەکەماندا روو لە فەوتانە . سوکە بەراوردێك لە نێوان هۆنراوەی بوێژە کۆنەکان‌و تازەکاندا ، یا نووسراوی نووسەرە کۆنەکان‌و تازەکان راستی ئەمەمان بۆ دەردەخات ، دەری‌دەخات هەنگاوی پیرۆزی پاڵاوتنی زمانەکەمان لە وشەی بێگانە لە مێژەوە دەستی پی‌کردووە ئیستاش خەریکە بە ئامانج دەگات .

کەوابێت هۆی لە یەك چوونی زمانی کوردی‌و فارسی چی‌یە ؟ . ئەوەی گومانی تێدا نی‌یە نزیکی‌یەکی زۆر هەیە لە نێوان زمانی کوردی‌و فارسیدا ، بەڵام ئەمە وا ناگەیەنێت کوردی زاراوەیەکی فارسی‌یە ، ئەبێت چەند هۆیەك هەبێت بۆ ئەم لەیەك چوونە ، دەسا با کەمێك وردبینەوەو بزانین ئەو هۆیانە چین .

هەر کەسێك دەربارەی مێژووی کۆنی کوردو جوغرافیای کوردستان شتێك بزانێت دەتوانێت لەگەڵما بڵێت هۆی ئەم لە یەك چوونە بۆ دوو شت دەگەرێتەوە :

یەکەم : هەردوو زمانی کوردی‌ی‌و فارسی بەشێکن لە یەك خێزانی زمانی ، ئەویش خێزانی زمانە هیندۆ — ئەوروپایی‌یەکانە .

لەبەر ئەوە ئەبینین لە یەك چوونێکی زۆر هەیە نەك تەنها لە نێوان زمانی کوردی‌و فارسیدا ، بەڵکو لە نێوان کوردی‌و زمانەکانی‌تریشدا کە لەم خێزانی زمانی‌یەن .

گەلێك وشە هەن لە فەرەنسی‌و کوردیدا ، یا کوردی‌و ئیتالیدا یەك مانا دەبەخشن ، وەك برۆی چاوو ئەژنۆی کوردی‌و فەرەنسی‌و برۆو کی‌و کاروانی کوردی‌و ئیتالی .
جگە لەمانە گەلێك وشەی‌تریش هەن لە نێوان کوردی‌و ئیتالی‌و کوردی‌و فەرەنسی‌و ئینگلیزی‌و گەلێك زمانی‌تر کە لە خێزانی زمانە هیندۆ – ئەوروپایی‌یەکانن لە یەك دەچن‌و یەك ماناش دەبەخشن . . . بەلام ئایا ئەم لە یەك چوونە مانای ئەوەیە کوردی زاراوەیەکی فەرەنسی ، یا ئیتالی‌یە ؟ . کەواتە لە یەك چوونی فارسی‌و کوردیش چەشنی شتە ، هۆکەی ئەوەیە هەردووکیان لە یەك خێزانی زمانین .
دووەم : ئاشکرایە نزیکی لە نێوان کوردی‌و فارسیدا زۆرترە وەك لە نێوان کوردی‌و زمانە هیندۆ – ئەوروپایی‌یەکانی‌تردا ، هۆی ئەمەش نزیکی‌یە لە نێوان کوردستان‌و ئێراندا . ئەو نزیکی‌یەی بۆتە هۆی تێکەڵ بوونی چەند وشەیەکی ئەوان لەگەڵ زمانی ئێمەو چەند وشەیەکی ئێمەش لەگەڵ زمانی ئەواندا . سەرەرای ئەمانەش زۆربەی هەردووك گەل موسڵمانن ، ئەمەش بەلای کەمەوە بۆتە هۆی لە یەك چوونی زۆربەی ئەو وشانەی پێوەندی‌یان بە دینەوە هەیە .
جگە لەم دوو هۆیە دەتوانین بە ئاسانی هۆیەکی مێژوویی‌تریش بدۆزینەوە ، چونکە ئەگەر یەکێك لە مێژووی میدی‌یەکان‌و چۆنیەتی فەوتانی دەوڵەتەکەیان بکۆڵێتەوە دەتوانێت لەگەڵا هۆی نزیکی کوردی‌و فارسی بەم جۆرە روون بکاتەوە :
دەوروبەری ساڵی ٥٥٠ی پێش لەدایك‌بوون دەوڵەتی میدی پاش جەنگێکی گەورە لە نێوان شای میدی ئیستیاجزو شای فارس کورشی گەورەدا فەوتا . بەم جۆرە فارسەکان کە جاران ژێردەستەی میدی‌یەکان بوون وایان لێ هات میدی‌یەکانیان کەوتە ژێر دەست ، ئەمانیش کە سەربەخۆیی‌یان نەما بەشی زوریان بەرەو شاخەکانی کوردستان بوونەوەو لەوێ لەگەڵ گەلانی ئەو ناوە تێکەڵ بوون‌و گەلی کوردیان پێکهێنا . ئینجا ئەوی گومانی تێدا نی‌یە تێکەڵی‌یەك لە نێوان ئەم میدی‌و فارسانەدا پەیدا بوبو ، چونکە فارسەکان ماوەیەك لە ژێر دەستی میدی‌یەکاندا بوون ، ئەمانیش ماوەیەك لەژێر دەستی ئەواندا . بێ گومان ئەو تێکەڵی‌یەش کاری کردۆتە سەر هەردوو زمانەکەو سوکە لە یەك چوونێکی لە نێوانیاندا پەیدا کردووە .
ژمارەیەك لە مێژوونووسان دەربارەی ئەم لە یەك چوونە دەڵێن گەلێك هەبووە ناوی پارتی بووە کە لە گەلە هیندۆ – ئەوروپایی‌یەکان بوون‌و بەشێکیان تێکەڵ بە

فارس‌و بەشێکیشیان تێکەڵ بە کورد بوون‌و تیایاندا تواونەتەوە ، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی چەند وشەیەك لە زمانەکەیان تێکەڵ بە فارسی‌و کوردی ببێت ، ئیستەش ئەو وشانە بوونەتە هۆی پەیدا کردنی ئەم لە یەك چوونەی نێوان کوردی‌و فارسی .

پاش ئەم سوکە بەراوردکردن‌و لێکۆڵینەوەیە لە زمانی کوردی‌و فارسی با ئەم پرسیارە تازە بکەینەوە :

ئایا هەندێك لە بیروباوەڕ فرۆشەکان چۆن ڕووی ئەوەیان هەیە بڵێن کوردی زمانێك ، یا زاراوەیەکی فارسی ، یا بێگانەیە؟؟!!

دەسا با بۆ دوا جاریش وەڵامیان بدەینەوەو بڵێین : دەریایەکی خاوێن‌و جوان ئەگەرچی جۆگەیەکی پیسیشی تێ بڕژێت لیخن نابێت !

* * *

چەند تێبینی‌یەك :

١ — دیارە سەرچاوەی سەرەکی‌ی ئەم دوو وتارەم بەرهەمەکانی مامۆستایان ئەمین زەکی‌و تەها باقر بوون .

٢ — وتاری یەکەمیان تەواو نەبووە ، وا دیارە چوونە دەرەوەم بۆ خوێندن لە مارتی ساڵی ١٩٦٠دا بۆتە هۆی نەنووسینی بەشەکانی‌تری .

٣ — زاراوەم بۆ «لهجه» بەکار هێناوە .

٤ — هەست‌و تووڕەیی بە هەردوکیانەوە دیارن .

باسی سێیەم

«شەرەفنامە» لە کوردناسیی سۆڤ

خوێندەوارێکی کورد ، یا ڕۆژهەڵاتناسێك نی‌یە ناوی «شەرەفنامە»و شەرەف خانی بدلیسی نەبیستبێ کە تاوەکو ئیستە بە گەلێك زمان‌و بە دەیان جار کورت‌و درێژ دەربارەیان نووسراوە(*) . ڕۆژهەڵاتناسی‌ی سۆڤیێت بە گشتی‌و کوردناسی‌ی سۆڤیێتی بە تایبەتی بایەخی دیارو شایانیان بە هەردوك بەرگی «شەرەفنامە»و دانەری داوە . ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتناسانی شورەوی لە نووسینەکانیاندا کەڵکیان لە «شەرەفنامە» وەرگرتووە ، چ بۆ لێکدانەوەی مێژووی کوردستان‌و ، چ بۆ لێکدانەوەی مەڵبەندی‌تری ڕۆژهەڵاتی ناوەراست . لە سی‌یەکاندا داوا لە ڕۆژهەڵات‌و کوردناس ف . پ . ڕاستۆپچین[1] کرا «شەرەفنامە» بکاتە ڕووسی ،

(*) ساڵی ١٩٧٣ لەگەڵ پێشەکی‌ی چاپی کوردی‌ی «شەرەفنامە»دا بڵاوکراوەتەوە .

(١) ڕۆژهەڵاتناسی سۆڤیێتی ف . پ . ڕاستۆپچین لە سی‌یەکاندا چەند بەرهەمێکی بەنرخی دەربارەی گەلی کورد بڵاوکردەوە . ڕاستۆپچین یەکەم زانایە لە جیهاندا کە یەکەم بیبلیۆگرافیای لەسەر کورد داناوەو کاتی خۆی لە ژێر ناوی «بیبلیۆگرافیا دەربارەی کێشەی کورد» لە گۆڤاری «ڕۆژهەڵاتی شۆڕشگێڕ»دا بڵاوی‌کردۆتەوە (بڕوانە : «ڕۆژهەڵاتی شۆڕشگێڕ» ، بە زمانی ڕووسی ، ژمارە ٣-٤ ، ساڵی ١٩٣٣ ، ل ٢٩٢ — ٣٢٦و ژمارە ٥ی هەمان ساڵ ، ل ١٥٩ — ١٧٣) . یەکێك لە وتارە بەنرخەکانی ڕاستۆپچین «سەرەنج دەربارەی کورد»ە کە لە ژمارە ١٣ — ١٤ی ساڵی ١٩٣٢ی گۆڤاری «دەنگوباسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست»دا بڵاوی کردۆتەوە (بڕوانە گۆڤاری ناوبراو ، ل ٧٢ — ٩٣) .

ڕاستۆپچین ئەو بەرهەمەی بۆ لێکۆڵینەوە لە ژمارەیەك ڕووی گرنگی ژیانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی کورد تەرخان کردووە . لە سەرەتای ئەم وتارەیدا ڕاستۆپچین هێرشێکی زۆر توندو تیژی کردۆتە سەر ئەو مێژوونووسە کورتبینانەی لە خۆڕا خەباتی گەلی کوردیان لەکەدار کردووە . هەمان کات ڕاستۆپچین بە توندی ڕەخنەشی لەو نووسەرە سۆڤیێتی‌یانە گرتووە کە نەزانانە ، وەك دەڵێت «لە ژێر پەردەیەکی تەنکی مارکسیەتدا» تۆمەتی کۆنەپەرستی‌یان داوەتە پاڵ هەموو بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوای کورد .

بەڵام بە داخەوە مەرگی لە ناکاوی مۆڵەتی جێبەجێ کردنی ئەم کارە زانستی‌یە پێویستەی نەدا .

بایەخ پێدانی ڕۆژهەڵاتناسی‌ی سۆڤێت بە «شەرەفنامە» لە کۆتایی پەنجاکانەوە گەیشتە بەرزترین پلەی . لەوساوە بەشی کوردی‌ی لقی لێنینگرادی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی‌ی کۆڕی زانیاری سۆڤێت وەرگێڕانی «شەرەفنامە»ی لە فارسی‌یەوە بۆ سەر زمانی ڕووسی سپاردە یڤگێنیا ڤاسیلیڤا . جێبەجێ کردنی ئەو کارە چەند ساڵێك ئەرکی بێ وچانی پێویست بوو . ساڵی ١٩٦٧ بەرگی یەکەمی «شەرەفنامە» لە ژێر چاپدا دەرچوو[٢] . بەر لەوەش بە چەند مانگێك فارمانبەری زانستی‌ی ئامۆژگای گەلانی ڕۆژهەڵاتی نزیك‌و ناوەڕاستی سەر بە کۆڕی زانیاری ئازەربایجانی سۆڤێتی مەمێد شەمسی سەبارەت بەو نامەیەی تەرخانی کردبوو بۆ لێکۆڵینەوەی «شەرەفنامە» بە ناوی «شەرەفنامەی شەرەف خانی بدلیسی وەك سەرچاوەی مێژووی گەلی کورد»ەوە[٣] کە بەرهەمی کاری بێ وچانی چەند ساڵێکی بوو ، نازناوی دوکتۆری پێ درا .

ئەم دوو شارەزایە بە شێوەیەکی زانیاری قووڵ نرخی «شەرەفنامە»و گەلێك ڕووی نەزانراوی خۆی‌و ژیانی شەرەف خانی بدلیسی‌یان بۆ یەکەم جار بە جۆرێکی ڕێکوپێك خستۆتە بەردەمی ڕۆژهەڵاتناسانی خۆیان‌و دەرەوە کە ، بێگومان ، کورتە باسێکیان لە پێشەکی‌ی یەکەم چاپی کوردی‌ی «شەرەفنامە»دا کارێکی بەجێ‌و پێویستە .

بەرگی یەکەمی «شەرەفنامە» بە ڕووسی ٦١٩ لاپەڕەیە[٤] کە تەنها ٤١٢ لاپەڕەی بریتی‌یە لە وەرگێڕانی نووسینەکەی شەرەف خان خۆی . ئەوی‌تری بریتی‌یە

---

(٢) لەگەڵ تەواو بوونی وەرگێڕانی بەرگی یەکەمی «شەرەفنامە»دا ڤاسیلیڤا دەستی دایە وەرگێڕانی بەرگی دووەمیشی کە ساڵی ١٩٧٦ ئەویشیان بە ڕووسی چاپ‌کرا . لەبەر ئەوەی ئەم پێشەکی‌یە بەر لە دەرچوونی بەرگی دووەمی «شەرەفنامە» نووسراوە بۆیەکا باسی ئەو بەرگەی نەکردووە . دەربارەی بەرگی دووەمی «شەرەفنامە» بڕوانە : د . کەمال مەزهەر ، مێژوو . کورتە باسێکی زانستی مێژوو و کوردو مێژوو ، بەغدا ، ١٩٨٣ ، ل ١١٠ - ١٢٦ .

(٣) ئەم نامەیە بە زمانی ئازەری نووسراوەو کورتەی بە ڕووسی چاپ کراوە . پاش ماوەیەك نامەکە خۆشی لە کتێبێکی سەربەخۆدا لە باکۆ چاپ کرا .

(٤) هەزارو سێ صەد دانە لە بەرگی یەکەمی «شەرەفنامەی» بە ڕووسی بە شێوەیەکی ڕازاوەی بەرچاو چاپ‌کراوەو هەر زوو هەمووی فرۆشراو ئیستە بۆتە بەرهەمێکی دەگمەن .

لە پێشەکیو پاشکۆو کورتە باسێکی کتێبەکە بە زمانی ئینگلیزی کە هەموویان لە لایەن ئافرەتی زانای سۆڤێتی ی. ڤاسیلێڤاوە ئامادە کراون.

ی. ڤاسیلێڤا لە پەنجاو پێنج لاپەڕەی پێشەکییەکەیدا وەستایانە «شەرەفنامە»ی هەڵسەنگاندووەو نرخی بەرزی زانستیی دیار کردووەو گەلێك زانیاریی نوێی لەم بارەیەوە بلاوکردۆتەوە کە زۆربەی هەرە زۆریان لای خوێندەواری کورد نەزانراو بوون.

لەم پێشەکییەدا زانای سۆڤێتی بە درێژی باسی مێژووی لێکۆڵینەوەی «شەرەفنامە»و دەسنووسە کۆنەکانیو ئەو کتێبخانانەی ئەو دەسنووسە دەگمەنانەیان لایەو، گەلێك باسیتری لەم بابەتانەی بۆ تۆمار کردووین.

وەك ڤاسیلێڤا نووسیوییە هێربیلۆ بە زمانی فەرەنسی ساڵی ١٧٧٦ لە لاپەڕەی ٨٣٦ و ٨٤١ی ئەو کتێبەیدا کە بە ناوی «کتێبخانەی ڕۆژهەلات یا فەرهەنگی گشتی»ەوە بلاوی کردۆتەوە بۆ یەکەم جار باسی «شەرەفنامە»ی بە جیهانی زانیاریی ڕۆژئاوا گەیاندووە[٥]. هێربیلۆی ناوبراو لە ڕێگەی یەکێك لە نووسراوەکانی گەریدەی تورکی بەناوبانگی سەدەی حەڤدەمین کاتب چەلبییەوە بە بوونی «شەرەفنامە»ی زانیوە[٦]. دوای ئەوە جۆن مالکۆلم[٧] یەکەم ئەورووپایییە دەسنووسی «شەرەفنامە»ی دەستکەوتووە. مالکۆلم لە ڕووی زانستیشەوە کەڵکی لە «شەرەفنامە» وەرگرتووە. ئەو لە بەرگی دووەمی کتێبە بەناوبانگەکەیدا کە دەربارەی

---

(٥) بەپێی ئەو زانیارییانەی لە بیبلیۆگرافیاکەی ژ.کە موسەیلیاندا بلاوکراونەوە هێربیلۆ لە پێنج شوێنی کتێبەکەیدا باسی کوردو «شەرەفنامە»ی کردووە کە وان لە لاپەڕەی ٣١٧و ٧٠٦و ٨٠٧و ٨٣٦و ٨٤١یدا (بڕوانە: ژ. س. موسەیلیان. بیبلیۆگرافیای کوردناسی، بە زمانی ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٦٣، ل ٥٥).

(٦) بڕوانە لاپەڕە چواردەی پێشەکییەکەی ی. ڤاسیلێڤا.

(٧) جۆن مالکۆلم (١٧٦٩ — ١٨٣٣) یەکێك بوو لە کاربەدەستە ناسراوەکانی بەریتانیا، ماوەیەکی زۆر لە هندستانو ئێران کاری کردووەو شارەزاییەکی زۆری دەربارەی وڵاتو گەلانی ڕۆژهەلات هەبووەو گەلێك نووسراوی بەنرخی لەبارەیانەوە بەجێهێشتووە. مالکۆلم لە ئێران ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەو دەسنووسی کۆنی دەستکەوتووە کە «شەرەفنامە»ی شەرەف خانی بدلیسی یەکێکیان بووە.

مێژووی ئێرانە[8] چەند جارێك زانیاریی لە «شەرەفنامە»وە وەرگرتووە ، بەڵام بێ ئەوەی ناوی کتێبەکە یا دانەری بهێنێت .

بێ گومان بەکارهێنانی «شەرەفنامە» وەك سەرچاوە لەو کاتەدا لە لایەن شارەزایەکی وەك مالکۆلمەوە بەڵگەیەکی مێژوویی‌یە بۆ نرخی بەرزو بایەخی زۆری «شەرەفنامە» .

دوای جۆن مالکۆلم بە ماوەی بیست ساڵێك مێژوونووسی فەرەنسەیی کاترمێر لە زۆر شوێنی ئەو کتێبەیدا کە ساڵی ١٨٣٦ لە پاریس بە ناوی «مێژووی مەغۆلەکانی ئێران»ەوە بڵاوی کردۆتەوە کەڵکی لە «شەرەفنامە»ی شەرەف خانی بدلیسی وەرگرتووە .

ی . ڤاسیلێڤا بە درێژی باسی شوێنی «شەرەفنامە»ی لە ڕۆژهەڵاتناسی ی ڕووسیدا کردووە . خ . د . فرێن یەکەمین زانای ڕووسە کە ساڵی ١٨٢٦ لە یەکێك لە ڕۆژنامەکانی پێتەربورگی پایتەختدا باسی «شەرەفنامە»ی وەك «سەرچاوەیەکی مێژوویی یەکجار گرنگ» کردووە[9] .

پاش سێ ساڵ دیسان فرێن لە نووسینێکیدا باسی «شەرەفنامە»ی کردووەو ، داوای کردووە بە زووترین کات فارسیەکەی بڵاوبکرێتەوەو بگۆڕدرێتە سەر زمانێکی ئەوروپایی .

پاش ماوەیەك زاناو کاربەدەستی کۆڕی زانیاری‌ی ئەوسای ڕووسیا ڤلیامینۆڤ زێرنۆڤ[10] ئەرکی بڵاوکردنەوەی «شەرەفنامە»ی بە فارسی گرتە ئەستۆی خۆی‌و

---

(٨) J. Malcolm , The history of Persia from the most early period to the present time, Vol . II , London, 1815, PP. 207 — 208

(٩) مامۆستا کوردۆیێڤ لە وتارێکیدا دەڵێت م . ڤۆلکۆڤ یەکەم کەسە کە ساڵی ١٨٢٦ بە درێژی باسی «شەرەفنامە»ی کردووە . بەپێی زانیاری‌یەکانی مامۆستا کوردۆ جگە لە فرێنی ناوبراو ژمارەیەکی تریش لە ڕۆژهەڵاتناسانی ڕووس هەر لەو کاتەی ئەودا داوای بڵاوکردنەوەو وەرگێڕانی «شەرەفنامە»یان کردووە (بڕوانە : ك . ك . کوردۆیێڤ ، کوردناسی ، کتێبی «موزەخانەی ئاسیایی – لقی لێنینگرادی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی کۆڕی زانیاری یەکیەتی سۆڤێت» ، مۆسکۆ . ١٩٧٢ ، ل ٣٨٦ – ٣٨٧) .

(١٠) ڤلیامینۆڤ زێرنۆڤ (ڤلادیمێر ڤلادیمیرەڤیچ ١٨٣٠ – ١٩١٤) یەکێکە لە ڕۆژهەڵاتناسە ناسراوەکانی ڕووسیا . شارەزایەکی چاکی زمان‌و ئارکیۆلۆژیاو مێژوو بوو ، گەلێك زمانی دەزانی ، ساڵی ١٨٦١ کرایە ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری . بەشی زۆری بەرهەمەکانی ڤلیامینۆڤ زێرنۆڤ بۆ لێکۆڵینەوەی زمان‌و مێژووی گەلە ڕۆژهەڵاتی‌یەکانی ناو ڕووسیای چارەکان تەرخان کراون . لەبەر ئەوەی یەکێك لەو زمانانەی زێرنۆڤ بە ڕەوانی دەیزانین فارسی بوو بڵاوکردنەوەی «شەرەفنامە»ی پێ سپێردرا .

توانی ساڵی ۱۸٦۰ بەرگی یەکەمی بە پێشەکی یەکی بیست لاپەڕدیی یەنرخەوە بە زمانی فەرەنسی بڵاو بکاتەوە[١١] .

دوابەدوای ئەوە بە دوو ساڵ بەرگی دووەمیشی لەگەڵ پێشەکی یەکی فەرەنسی حەوت لاپەڕەییدا بڵاوکردەوە[١٢] . جێبەجێ کردنی ئەم کارە هێند لە پایەی زانستی ی ڤلیامینۆڤ زێرنۆڤی بەرز کردەوە کە شایەنی ئەوە بێت بە ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری هەڵبژێردرێت .

بەشێکی پڕکەڵکی پێشەکی یەکەی ڤاسیلێڤا بۆ باسی دەسنووسەکانی «شەرەفنامە» تەرخان کراوە کە ژمارەیان ، وەك دەڵێت ، یەکجار زۆرە . ژمارەی تۆمارکراوی دەسنووسی «شەرەفنامە تەنها لە کتێبخانە ناسراوەکانی جیهاندا دەگاتە ۲۲ دانە[١٣] . ئەمەش ، بێگومان ، بەڵگەیەکی تری بایەخی «شەرەفنامە»یە کە وا دیارە لە زووەوە سەرنجی زانایانی ڕاکێشاوەو ژمارەیەکی زۆریان لەسەر نووسیوەتەوە[١٤] .

بەپێی ئەو زانیاری یانەی یێ . ڤاسیلێڤا کۆی کردوونەوە کۆنترین و بەنرخترین و ڕاسترین دەسنووسی زانراوی «شەرەفنامە» ئەو دانەیەیانە کە بە دەستوخەتی پیرۆزی شەرەف خان خۆی بە ناوی «شەرەفنامەی تاریخی کوردستان»ەوە نووسراوەتەوەو ئیستە لە کتێبخانەی بودلیانی زانکۆی ئۆکسفۆرد هەڵگیراوە .

ئەم دەسنووسە نایابەی «شەرەفنامە» بریتی یە لە ۲٤٦ پەڕەو بە بیست وێنەی دەگمەن ڕازێندراوەتەوەو کۆتایی زولحەجەی ساڵی ۱۰۰۵ی کۆچی ، سیاردەی ئابی ۱۵۹۷ی عیسایی شەرەف خان لە نووسینەوەی بۆتەوە . واتە ئەم دەسنووسە یەکەم دانەی نووسراوەی «شەرەفنامە»یە . چونکە شەرەف خانی بدلیسی مانگی ئابی ساڵی ۱۵۹۷ لە نووسینەوەی بەرگی یەکەمی و مانگی مایسی ساڵی ۱۵۹۹یش لە نووسینەوەی بەرگی دووەمی بۆتەوە .

---

(١١) بەشی فارسی یەکەی ئەم بەرگەی «شەرەفنامە» کەوتۆتە ٤٥٩ لاپەڕەوە .
(١٢) بەشی فارسی یەکەی بەرگی دووەمی «شەرەفنامە» ٤٥٩ لاپەڕەیە .
(١٣) بڕوانە لاپەڕە حەڤدەی پێشەکی یەکی یێ . ڤاسیلێڤا .
(١٤) دوور نی یە تا ئیستەش ژمارەیەکی زۆر دەسنووسی کۆنی تری «شەرەفنامە» لە کوردستان ، یا لە شوێنی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبن .

دووەم دانەی بەنرخی دەسنووسی «شەرەفنامە» ئەویانەیە کە لە کتێبخانەی گشتیی لێنینگراد هەڵگیراوە . مێژووی نووسینەوەی ئەمیان ساڵی (١٥٩٨)ەو شەرەف خان بۆ خۆی پیاچۆتەوەو بە دەستی پیرۆزی مۆری تایبەتیی خۆی پیا ناوە . زۆر بە داخەوە چەند شوێنێکی کەمی ئەم دەسنووسە نەماوە . شایانی باسە ئەم دەسنووسەی «شەرەفنامە» یەکێکە لە بەرهەمە بەنرخەکانی ناوکتێبخانەی بەناوبانگی سەفەوی یەکان کە رووسەکان لە رۆژگاری شەڕی ١٨٢٦ – ١٨٢٨دا لە ئەردەبیلەوە گواستیانەوە شاری پێتەربورگ .

دەسنووسێکی تری کۆنی «شەرەفنامە» کە ساڵی ١٦٠٦ لە شاری کلس لە لایەن حەسەن کوڕی نورەددینەوە لەبەر یەکەم نوسخەی «شەرەفنامە» بێ دەستکاریی لە ٣٢٧ پەڕەدا نووسراوەتەوە لە کتێبخانەی بودلیان هەڵگیراوە .

جگە لەمانە ی ێ . ڤاسیلیێڤا باسی ژمارەیەکیتر لە دەسنووسە کۆنەکانی «شەرەفنامە»ی کردووە ، وەك ئەو دەسنووسانەی لە موزەخانەی بەریتانیو کتێبخانەی ئەستەمولێو چەند شوێنێکیتر پارێزراون[١٥] .

تا ئیستە چەند جارێك «شەرەفنامە» لە زمانی فارسی یەوە وەرگێڕدراوەتە سەر ژمارەیەك زمانیتر . وەك ڤاسیلیێڤا دەیگێڕێتەوە کۆنترین وەرگێڕانی «شەرەفنامە» ئەو دوو وەرگێڕانەن کە بۆ سەر زمانی تورکی بە جیا کراون . یەکێکیان کورتکراوەی «شەرەفنامە»یەو ، ئەویتریان هەموویەتی . تا ئیستە دوو دەنووسی یەکەمیانو دەسنووسێکی دووەمیان دۆزراونەتەوە ، بەلام هیچ کامێکیان بلاو نەکراونەتەوە . کورتەکەی «شەرەفنامە» لە لایەن محەمەد بەگی ئەحمەد بەگی میرزا ناوەوە ساڵی ١٠٧٨ی کۆچی (١٦٦٧ – ١٦٦٨ی عیسایی) وەرگێڕدراوەو ئەویتریشیان لە هەشتاکانی سەدەی حەڤدەمیندا لە لایەن سامی ناوێکەوە کراوە[١٦] .

دوای ئەوە بە دەوروبەری دوو صەد ساڵێك بەرگی یەکەمی «شەرەفنامە» لە لایەن یەکێك لە روناکبیرە هەرە زرنگەکانی سەدەی نۆزدەمینی کوردستان ، مەلا

---

(١٥) بروانە لاپەرە ١٧ – ٢٠ی پێشەکی یەکەی ی ێ . ڤاسیلیێڤا .
(١٦) لاپەرە ٢٠ – ٢١ی هەمان پێشەکی .

مەحمودی بایەزیدی‌یەوە[١٧] بۆ یەکەم جار کراوەتە کوردی . مەلا مەحمود دەوروبەری سالآنی ١٨٥٨ – ١٨٥٩ ئەم کارەی بە هاندانی کوردناسی بەناوبانگی ڕووس ئەلێکسەندەر ژابا کردووە[١٨] . دەستنووسی ئەو کوردی‌یەی «شەرەفنامە» لە کتێبخانەی گشتی‌ی لێنینگراد هەڵگیراوە .

هەر لەو دەوروبەرەشدا لە شاری ڤیەنای پایتەختی نەمسا «شەرەفنامە» لە لایەن گ . أ . باربەوە کراوەتە ئەڵەمانی‌و بەرە بەرە لە نێوان سالآنی ١٨٥٣و ١٨٥٩دا لەگەڵ پێشەکی‌یەکی وەرگێردا بلأوکراوەتەوە .

پاش ماوەیەك کارێکی زانستی‌ی گرنگ دەربارەی «شەرەفنامە» کرا کە بووە هۆی ناساندنی تەواوی بە کۆڕە زانیاری‌یەکانی ڕۆژئاوا . ئەوەبو پرۆفیسۆر ف . ب . شارموا ، کە ئەو کاتە بە گەورەترین زانای فارسی زانی ئەورووپا دادەنرا ، توانی لە نێوان سالآنی ١٨٦٨ و ١٨٧٥دا لە پێتەربورگ هەردووك بەرگی «شەرەفنامە» بە زمانی فەرەنسی بلأوبکاتەوە .

ئەو کارە بەرهەمی ڕەنجی بێ وچانی ٣٠ ساڵی شارموا بوو . شارموا «شەرەفنامە»ی لە چاپەکەی ڤلیامینۆڤ زێرنۆڤەوە وەرگێڕاوە ، بەلأم وێڕای ئەویش کەڵکی لە دوو دەستنووسی کۆنی‌تری وەرگرتووە .

چاپی فەرەنسی «شەرەفنامە» کەوتۆتە چوار بەرگی سەربەخۆوە ، بەشی یەکەمی

---

(١٧) مەلا مەحمودی بایەزیدی زانایەکی پایە بلّندی کوردە ، دەوروبەری کۆتایی سەدەی هەژدە لە دایك بووە ، گەلێك لە زمانی ڕۆژهەلأتی زانیوەو دوای خۆی ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی بەنرخی بەجێ‌هێشتووە کە دەمێکە سەرنجی کوردناسانیان ڕاکێشاوەو بەرز نرخاندویانن . کردنی «شەرەفنامە» بە کوردی لە لایەن ئەوەوە بۆ خۆی کارێکی گەورەیە . دەربارەی ژیانەو بەرهەمەکانی مەلا مەحمودی بایەزیدی بڕوانە : «مێژوو» ، ل ١٢٦ – ١٣١ .

(١٨) ئەلێکسەندەر ژابا کاتی خۆی کۆنسولی ڕووس بووەو ماوەیەکی باش لە ناو کوردا ژیاوەو کوردی لە نزیکەوە ناسیوەو گەلێك بەرهەمی بەنرخی دەربارەیان نووسیوە .

یەکێك لە بەرهەمەکانی ژابا «جامع ڕسالیان‌و حکایتان بزمانی کورمانجی»یە کە بریتی‌یە لە ژمارەیەکی زۆر پەندو چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی‌ی کە بۆ خۆی کۆی‌کردوونەوەو کردوونی بە فەرەنسی‌و ساڵی ١٨٦٠ لە پێتەربورگ لە کتێبێکی سەربەخۆدا چاپی کردوون . ژابا هاوڕێیەکی نزیکی مەلا مەحمودی بایەزیدی بووەو بە یاریدەی ئەو توانیوی‌یە گەلێك دەستنووسی بەنرخ پەیدا بکات‌و لە زۆر لایەنی زمان‌و ژیانی ڕووناکبیری‌ی گەلی کورد بکۆڵێتەوە کە جێگەیان لە کتێبخانەی کوردناسیدا دیارە .

بەرگی یەکەمی ساڵی ١٨٦٨ و بەشی دووەمی بەرگی یەکەمی ساڵی ١٨٧٠و بەشی یەکەمی بەرگی دووەمی ساڵی ١٨٧٣و بەشی دووەمی بەرگی دووەمی ساڵی ١٨٧٥ لە چاپ دراون[١٩] . شارموا پەیڕەوی‌ی هەموو مەرجە زانیاری‌یەکانی وەرگێڕانی کردووە . بیروڕای خۆی‌و ئەو ڕاست‌و ڕوونکردنەوانەی بە پێویستی زانیون لە پەراوێزی کتێبەکەدا بلاوی‌کردوونەوە . هەروەها پێشەکی‌یەکی بۆ نووسیوە کە تێیدا باسی «شەرەفنامە»و هەندێك لایەنی ژیانی کوردەواری‌و جوگرافیای کوردستانی کردووە .

ڤاسیلێڤا لەگەڵ ئەوەش کە چەند ڕەخنەیەکی بەجێی لە پێشەکی‌یەکەی ڤ.ب . شارموا گرتووە دانی بەوەدا ناوە کە وەرگێڕانەکە بۆ خۆی «تا ئیمڕۆکەش نرخی زانستی‌ی خۆی لەدەست نەداوە»[٢٠] .

دوابەدوای ئەم زانیاری‌یە بەنرخە کەم زانراوانە یێ . ڤاسیلێڤا ئینجا بۆ خۆی دەکەوێتە هەڵسەنگاندنی «شەرەفنامە»و بیروڕای دەردەبڕێت‌و دەڵێت :

نرخی زانیاری‌ی ئەم سەرچاوەیە ئەوەندە زۆرە کە پێویستی بە پیاهەڵدان نی‌یە ، هیچ نەبێت لەبەر ئەوەی بە یاریدەی «شەرەفنامە» دەتوانرێت جێگەی گرنگی ونبووی گەلی کورد لە مێژووی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دیار بکرێت[٢١] ، ئەمەش ، بێ‌گومان ، لە نرخاندن نایەت چونکە گەلی کورد ، هەر وەك چۆن ڕۆژهەلاتناسی هەرەبەناوبانگی ڕووسیاو سۆڤێت ئۆربیللی[٢٢] دەڵێت «کارێکی یەکجار گەورەی کردۆتە سەر ژیانی ڕووناکبیری‌ی ڕۆژهەلات . کورد گەلێك لە ڕۆڵەکانی خۆی لەژێر ناوی فارس‌و تورك‌و عەرەب‌و ئەرمەندا[٢٣] لەدەست داوە بەوەی ناویان وەك

(١٩) بڕوانە لاپەڕە ٢١و ٤٩ی پێشەکی‌یەکەی یێ . ڤاسیلێڤا .
(٢٠) لاپەڕە ٢٣ی هەمان پێشەکی .
(٢١) لاپەڕە ٣٧ی هەمان پێشەکی .
(٢٢) ئارکیۆلۆژو مێژوونووسی سۆڤێتی بەناوبانگ یوسف ئەبگاروڤیچ ئۆربیللی (١٨٨٧ – ١٩٦١) یەکێکە لەو زانا پایە بلندانەی بە قووڵی لە زمان‌و مێژووی گەلی کوردو باری ژیانی سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌ی ئەو تێگەیشتووەو بە چاوی ڕێزەوە سەیری کردوون‌و خزمەتێکی زۆری کوردناسی‌ی کردووەو دەستێکی بالای لە پێگەیاندنی ژمارەیەك لە زانا کوردەکانی سۆڤێتدا هەبووە . شایانی باسە یوسف ئەبگاروڤیچ ئۆربیللی ئەرمەنی‌یە .
(٢٣) دەبوو ئازەربایجانیشی بخاتە سەر .

شاعیرو مۆسیقارو جەنگاوەری نەمر مێژووی چەند گەلێك دەرازێننەوە ، ئەمەش کارێکی وای کردووە لە زانستی ئەورووپاو رووسیادا وا باو بێت گوایە کورد نەك تەنها ناتوانێت شتێکی نوێ لە رووناکبیریدا بهێنێتە کایەوە ، بەڵکو توانای ئەوەشی نی یە تەنانەت لە بێگانەشەوە هیچ فێربێت» . بەڵام ، وەك ڤاسیلێڤا دەڵێت ، بە یاریدەی «شەرەفنامە» دەتوانرێت ئەم کەلێنە گەورەیەی مێژووی گەلانی رۆژهەڵات پربکرێتەوەو شوێنی راستەقینەی نەتەوەی کوردی تێدا دیار بکرێت .

یەکێك لەو ئەنجامە گرنگانەی زانای سۆڤێتی ی . ڤاسیلێڤا دەربارەی ناوەرۆکی «شەرەفنامە» پێی گەیشتووە ئەوەیە کە کوردناسان دەتوانن بە یاریدەی ئەم سەرچاوە مێژوو یيە رەسەنە بە شێوەیەکی قووڵتر لە زۆر رووی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی ئەمڕۆی کورد تێبگەنو رەگو ریشەی خەباتی رەوای ئەم گەلە «لە پێناوی رزگار بووندا لە دەست چەوساندنەوەی نەتەوەيیو یەکسانیدا لەگەڵ گەلانی تر» دیار بکەن[٢٤] .

ئەم بۆچوونەی ڤاسیلێڤا زۆر راستو دروستە ، چونکە «شەرەفنامە»ی شەرەف خانی بدلیسی گەلێك لایەنی گرنگی خەباتی سەختی نەتەوەی کوردی لە سەدەکانی رابوردوودا تۆمار کردووە کە لای مێژوونووسانی خۆو بێگانە نەزانراو بوون ، بەڵکو تا ئەمڕۆکەش بە تەواوەتی نەزانراونو ئەمەش بۆتە هۆیەکی گەورەی تێنەگەیشتنی بزوتنەوەی رزگاریخوای نەتەوەيی گەلی کورد لە لایەن بێگانانەوە .

ڤاسیلێڤا پتر لە ١٢٠ لاپەرەی کۆتایی کتێبەکەی بۆ تێبینیو روونکردنەوەو بەراوردکردنو راستکردنەوەو ناوی سەرچاوەو مەڵبەندو کورتە باسێك دەربارەی «شەرەفنامە» تەرخان کردووە . بێ گومان ئەمانەش هێندەیتر لە نرخی زانیاریی کارەکەیان بەرز کردۆتەوە . شایانی باسە رۆژهەڵاتناسیی سۆڤێت هەر زوو بایەخی بەم کارەی ڤاسیلێڤا داو بە دەسکەوتێکی دیاری کوردناسیی لەقەڵەم دا[٢٥] .

زانای ئازەریش مەمێد (محەمەد) شەمسی جگە لە نامەی دوکتۆراکەی

---

(٢٤) لاپەرە ٦٧ی پێشەکیيەکەی ی . ڤاسیلێڤا .

(٢٥) بڕوانە گۆڤاری «گەلانی ئاسیاو ئەفەریقا» ، بە زمانی رووسی ، مۆسکۆ ، ژمارە شەش ، ساڵی ١٩٦٨ ، ل ٢٠١ – ٢٠٢ . گۆڤاری ناوبراو دانی بەوەدا ناوە کە کارەکەی یێڤگێنیا ڤاسیلێڤا لە هەموو روویەکەوە تەواوو بێگەردەو ئەمەی بە دەسکەوتێکی گرنگی رۆژهەڵاتناسیی سۆڤێت داناوە .

زنجیرەیەك وتاری زانستی‌ی دەربارەی شەرەف خانی بدلیسی‌و «شەرەفنامە» بلاوكردۆتەوە ، وەك « مێژوونووسی بەناوبانگی كورد شەرەف خانی بدلیسی» [٢٦] و «باسی راپەرینەكانی سەدەی شازدەمینی هۆزە كوردەكان لە شەرەفنامەدا» [٢٧] .

دوكتۆر شەمسی لە نامەی دوكتۆراكەیدا بە درێژی باسی ژیان‌و بەسەرهاتی شەرەف خان‌و باری ژیانی سیاسی‌و كۆمەلایەتی كوردستان لە سەدەی شازدەدا دەكات‌و لە ناوەرۆكی «شەرەفنامە» دەدوێت . بۆ روونكردنەوەی ئەم باسانە ژمارەیەكی زۆر سەرچاوەی كۆنی وەك «نزهة القلوب»ی حەمدەللا قەزوینی‌و بەرهەمی ژمارەیەك مێژوونووسی رۆژگاری شەرەف خانی بەكار هێناوە ، وەك بەرهەمی قازی ئەحمەدی غەفاری .

دوكتۆر شەمسیش ، وەك ڤاسیلیێڤا ، بە درێژی باسی بایەخی «شەرەفنامە»ی كردووەو لەو بارەیەوە نووسیوی‌یە دەلێت : مێژوونووسانی دوای شەرەف خان ، وەك كاتب چەلەبی‌و ئەولیا چەلەبی‌و زۆری‌تر ، لە بەرهەمەكانیاندا لە هەر سەرچاوەیەك زیاتر «شەرەفنامە»یان بەكار هێناوە . هەمان كات شەمسی ئەو هەلەیەشی راستكردۆتەوە كە گوایە شەرەف خان ، وەك ژمارەیەك مێژوونووس دەلێن ، «شەرەفنامە»ی بە هاندانی شای ئێران داناوە . لە راستیدا ئەو كاتەی شەرەف خان «شەرەفنامە»ی داناوە زۆر لە سولتانی عوسمانی‌یەوە نزیك بووەو بەپێی قسەی دوكتۆر شەمسی عوسمانی‌یەكان تەنانەت یاریدەشیان داوە .

كەچی لەگەل ئەوەش لە ناوەرۆكی «شەرەفنامە»دا تا رادەیەكی یەكجار زۆر هەست بە بێ لایەنی‌و لانەدان دەكرێت . بە وێنە شەرەف خان بە یەك جۆر بە شان‌و باهوی شا توهماسب‌و سولتان مورادی سێیەمیدا هەلداوەو خۆی لەوە كەر كردووە كە ئەو جووتە پاشایە شێرو تیریان لێك دەسوو .

شەرەف خان بۆ خۆی بە روونی ئەو هۆیەی دەستنیشان كردووە كە پالی پێوە ناوە «شەرەفنامە» بنووسێت . لە سەرەتای كتێبەكەیدا دەلێت لەبەر ئەوەی

---

(٢٦) بروانە گۆڤاری «هەوالەكانی كۆڕی زانیاری ئازەربایجانی سۆڤێت» ، بە زمانی رووسی‌و ئازەری ، ژمارە یەك ، سالی ١٩٦٧ . ل ٦٧ - ٧٢ .

(٢٧) هەمان گۆڤار ، ژمارە یەك ، سالی ١٩٦٨ ، ل ٤٠ - ٤٦ .

مێژوونووسان تاوەکو ئیستە هیچیان دەربارەی کوردو کوردستان نەنووسیوە من ویستم بەپێی توانا لەو بارەوە کتێبێك بنووسم‌و ناوی لێ بنێم «شەرەفنامە»و هەموو ئاواتیشم ئەوەیە خانەدانانی کوردستان ناویان ون نەبێت !

کەوابێ بەر لە هەر شتێك‌و پتر لە هەر هوەیەك گیان‌و هەستی کوردایەتی شەرەف خانیان بزواندووە بۆ ئەوەی «شەرەفنامە» بنووسێت . بەڵگەی ئەم ڕاستی‌یە لە ناو «شەرەفنامە» خۆیدا جارەهای جار بەر چاو دەکەوێت . بە وێنە لە سەراپای «شەرەفنامە»دا بە ئاشکرا ، یا بەژێر لێوەوەو بە ناوی هەڵدان بە شان‌و باهوی سوڵتاندا ، شەرەف خان دەڵێت :

«کوردستان وڵاتێکە نە بە کەس داگیر دەکرێت‌و نە سەر بۆ کەس شۆڕ دەکات! » .

سەرەڕای هەموو ئەمانە شەرەف خانی بدلیسی یەکەم کەسە هەوڵی داوە بە شێوەیەکی دروست‌و بێ پێچ‌و پەناو دەستکاری‌ی سنووری کوردستان دیار بکات . بەر لە شەرەف خان‌و بە تایبەتی لە ڕۆژگاری سەلجوقێکانەوە کوردستان بەو مەڵبەندانە دەگوترا کە کەوتبوونە نێوان ئازەربایجان‌و لورستان‌و ڕۆژئاوای زنجیرە شاخەکانی زاگرۆسەوە . بەڵام لە «شەرەفنامە»دا سنووری کوردستان لە مەلاتی‌یەوە دەست پێ‌دەکات‌و لەسەر ڕۆخی خەلیج کۆتایی دێت . . ئەمانەش هەموو لە ڕاستیدا نیشانەی ئەوەن کە وا لە سەدەی شازدەمیندا سەرەتای دروست‌بوونی هەستی نەتەوەیی لە ناو سەردارانی کوردا لە ئارادا بووە .

ڕوویەکی گرنگی‌تری کارە زانستی‌یەکانی دوکتۆر شەمسی دەربارەی «شەرەفنامە» ئەوەیە کە بە یاریدەی ناوەڕۆکی‌و لەبەر ڕۆشنایی ڕێبازێکی زانیاری‌ی دروستدا توانیوی‌یە چەند لایەنێکی ئالۆزو کەم زانراوی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌ی چەند ناوچەیەکی کوردستان لە کۆتایی سەدە ناونجی‌یەکاندا دیار بکات . بەپێی زانیاری‌یەکانی ناو «شەرەفنامە» بناغەی ژیانی ئابووری میرنشینی بدلیس لە سەدە ناونجی‌یەکاندا لەسەر جۆری زەویداری‌ی پچوك دامەزرابوو ، چاوساندنەوەی جوتیارانیش قاڵبی تایبەتی‌ی خۆی وەرگرتبوو ، بەوەی لە سنووری تەنها بەرهەم هێناندا چوبووە دەرێ . جوتیاران دەبوو وێرای ئەوەش پارێزگاری‌ی بەرژەوەندە سیاسی‌یەکانی سەرۆکەکانیان بکەن‌و لە هەموو شەڕەکانی ئاغاکانیاندا بەشدار بن ،

ئەو شەرانەی بەشێکیان ئەنجامی دووبەرەکی ی سەرۆکە دەرەبەگەکان خۆیان بوون.
شایانی باسە نامەی دوکتۆراکەی مەمێد شەمسی وەك کتێبیش بە هەمان ناوەوە بلاوکراوەتەوە . ئەم کتێبەش کە دەسکەوتێکی تری کوردناسی ی سۆڤێتە ، بریتی یە لە ١٤٤ لاپەڕەو ١٧٠٠ دانەی لێ چاپکراوە . دوکتۆر شەمسی کەڵکی لە ١٣٤ سەرچاوەی هەمەجۆر وەرگرتووە کە ناویان لە کۆتایی کتێبەکەدا تۆمار کراوە .
قەناتی کودۆش ساڵی ١٩٧٢ لەو وتارەیدا کە بە ناوی «کوردناسی»یەوە بلاوی کردۆتەوە باسی «شەرەفنامە»ی کردووە[٢٨] . لەو وتارەیدا کوردۆیێف بە تایبەتی سەرنجی بۆ دەسنووسە کۆنەکانی «شەرەفنامە» ڕاکێشاوە[٢٩] .
وەك کوردۆیێف دەڵێت م . ڤۆلکۆف یەکەم کەسە بە درێژی لە بیستەکانی سەدەی نۆزدەمیندا لە چەند لاپەڕەیەکدا باسی دەسنووسەکانی «شەرەفنامە»ی کردووەو خ .د .فرێنیش یەکەم کەسە کە هەر لەو دەوروبەرەدا لە وتارەکانی خۆیدا باسی بایەخ و پێویستی ی بلاوکردنەوەو وەرگێڕانی «شەرەفنامە»ی کردووە[٣٠] .
دوای ئەوە مامۆستا قەناتی کوردۆ دێتە سەر باسی مێژووی لێکۆڵینەوەی «شەرەفنامە» لە لایەن ڕۆژهەلاتناسانی ڕووسیاو شورەوی یەوە .
بەم جۆرە «شەرەفنامە» شوێنی شایانی خۆی لە کوردناسی ی سۆڤێتدا هەیە . ئەو ڕاستی یانەی لەسەرەوە باسمان کردن تا ڕادەیەك یاریدەی دیارکردنی نرخی زۆری چاپی کوردی ی «شەرەفنامە» دەدەن[٣١] . بێگومان مامۆستا هەژار بە وەرگێڕانی «شەرەفنامە» بۆ سەر زمانی کوردی کەلەبەرێکی گەورەی لە کتێبخانەی کوردیدا پڕکردەوەو «کۆڕی زانیاری کورد»یش بە بلاوکردنەوەی ئەرکێکی گرنگی سەر شانی بەجێ هێنا .

---

(٢٨) دەربارەی ئەو وتارەی کوردۆیێف بڕوانە پەراوێزی ژمارە ٩ .
(٢٩) بە تایبەتی ئەوانەیان کە لە ئارشیڤەکانی لینینگرادا پارێزراون .
(٣٠) ك . ك . کوردۆیێف ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٣٨٦ – ٣٨٧ .
(٣١) مەبەست وەرگێڕانەکەی مامۆستا هەژاری شاعیرە کە کاتی خۆی بە یاریدەی «کۆڕی زانیاری کورد» چاپی کرد .

بەشی چوارەم

کورد لای گەڕیدەکان

گەرلێڤسکی (١٨٧٦-١٩٥٦) :

لە دەمێکەوە کوردناسی بووەتە لقێکی دیاری ڕۆژهەڵاتناسیی سۆڤیەت. ژمارەیەك لە ڕۆژهەڵاتناسە ناودارەکانی ڕووسیا بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ بە ماوەیەکی زۆر بناغەی کوردناسی‌یان دارشت[1]. وا ڕێك‌کەوت بەشێك لە دەستەی دووەمی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە ببنە هاوچەرخی دوو ڕۆژگارو دوو ڕژێمی جیاواز – سەردەمی ڕووسیای پێش ئۆکتۆبەرو سەردەمی سۆڤیەتستانی پاش ئۆکتۆبەر. یەکێك لەوانە ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ گەردلێڤسکی بوو.

ڤلادیمێر ئەلێکسەندرەڤیچ گەردلێڤسکی[2] ڕۆژی نۆزدەی مانگی تەشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٧٦ لە شاری سڤیابۆرگ لەدایك بووە. باوو باپیری ئەفسەری لەشکری چارو سەر بە دەستەی خوێندەواری ڕۆژگاری خۆیان بوون، بەڵام ئەو ڕێگەی سەربازیی نەگرتەبەرو لە هەرەتی لاوی‌یەوە خولیای ڕۆژهەڵات دای لە کەللەی. ساڵی ١٨٩٩ لە مۆسکۆ بەشی زمانەوانیی ڕۆژهەڵاتی لەئامۆژگای لازەرێڤ تەواوکردو پاش پێنج ساڵ لقی فیلۆلۆجیای سەر بە زانکۆی مۆسکۆی بڕی.

---

(١) شارەزایانمان تاوەکو ئێستە گەلێك بەرهەمی بەکەڵکیان دەربارەی کوردناسیی ڕووسی‌و سۆڤیەتی بلاوکردووەتەوەو وەرگێڕاوە (بەوێنە بڕوانە :

د. ئەورەحمان حاجی مارف، لەبارەی کوردناسی‌یەوە لە ڕووسیاو یەکیەتیی سۆڤیەت، – «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد»، ژمارە ٢-١، ١٩٧٤، ل ٤٩٩ – ٥٦٨، تاريخ الاستشراق والدراسات العربية والكردية في المتحف الاسيوي ومعهد الدراسات الشرقية في لينينغراد ١٨١٨ – ١٩٧٨، تأليف مجموعة من المستشرقين السوفيات. ترجمه وعلق عليه وقدم له الدكتور معروف خزندار. بغداد ١٩٨٠).

(٢) بۆ نووسینی کورتەی ژیننامەو چالاکی‌یە زانستی‌یەکانی ڤ. أ. گەردلێڤسکی کەڵکمان لە چەند سەرچاوەیەکی ئەنسکلۆپیدی‌و لە پێشەکی‌یەکانی کارە هەڵبژاردەکانی خۆی وەرگرتووە.

گەرلێڤسکی دوای ئەوەی ساڵی ١٩٠٧ بووە مامۆستا لە ئامۆژگای لازەرێف ، ئیتر هاتە مەیدانی نووسینو تۆژینەوەو فێرکردنەوە . لەوساوە وتنەوەی زمانو مێژووی ئەدەبی تورکی پێ سپێردراو بە نۆ ساڵ گەیشتە پلەی بەرزی پرۆفیسۆر . ساڵی ١٩٢٩ گەردلێڤسکی بووە ئەندامی یاریدەری کۆڕی زانیاری سۆڤیەتو ساڵی ١٩٤٦یش بووە ئەندامی کارای . دوا ساڵانی ژیانی بووە سەرۆکی بەشی زمانو ئەدەبی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نزیكو ناوەڕاستی سەر بە ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسی کۆڕی زانیاری سۆڤیەت .

کارە زانستی‌یەکانی ڤلادیمێر ئەلێکسەندرەڤیچ گەردلێڤسکی کەلێنێکی گەورەیان لە کتێبخانەی رۆژهەڵاتناسیدا پڕکردووەتەوە . ژمارەی ئەو کارانە خۆی دەدا لە نزیکەی ٣٠٠ وتارو کتێبی هەمەجۆر . تەنها بەرهەمە هەڵبژاردەکانی چوار بەرگی سەربەخۆیان پڕکردووەتەوە کە بەسەریەکەوە ٢٣١٠ لاپەڕەی گەورەن (١٦×٢٥سم) . بەرهەمەکانی گەردلێڤسکی بەری شەونخونیو ڕەنجی بێ‌وچانی پەنجا ساڵەی زانایەکی زرینگو لەخۆبوردوون .

گەردلێڤسکی لە بەرهەمەکانیدا لە هەر شت زیاتر بایەخی بە زمانو ئەدەبو مێژووی تورك داوە ، بەتایبەتی لە رۆژگاری سەلجووقیو عوسمانی‌یەکاندا . بەهۆی ئەوەوە کە گەلێك زمانی دەزانیو لە تورکیدا تەواو قاڵ بووبوو سەرچاوەی باسەکانی هەمەجۆرو دەوڵەمەندو ڕەسەنن .

شەقڵی بێ‌لایەنیو وردیو بەراوردو تەتەڵەکردنی زانستی‌یانە بە بەرهەمەکانی‌یەوە دیارن . بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانو لە ساڵەکانیداو دوای تەواوبوونی چەند جارێك گەردلێڤسکی بۆ خۆی چووەتە ناو خاکی تورکیاوەو بست بە بست زۆر ناوچەی پێواوەو لە نزیکەوە تێکەڵ بە ئاغاو میرو جووتیارو کرێکارو پیشەگەرو فەرمانبەری ئەو وڵاتە بووەو وەستایانە ئەوەی مەبەستی بووە لێی وەرگرتوونو بەرهەمەکانی هێندەی‌تر پێ دەوڵەمەند کردوون . بەپێی قسەی شارەزایان ئەو کتێبەی کە ساڵی ١٩١٦ بە ناوی «تێکستەکانی فۆلکلۆری عوسمانی»یەوە بڵاوی کردووەتەوە تا ئیستەش کەم هاوتایە . گەردلێڤسکی لاپەڕەکانی ئەو کتێبەی بەو گۆرانیو بەستەو پەندو قسەی نەستەقو مەتەڵانە پڕکردووەتەوە کە بۆخۆی لەسەر زاری خەڵکیو لەناو خاکی تورکیادا کۆی کردوونەوە .

زانایان ڕەنجی بێوچانی ڤلادیمێر ئەلێکسەندرەڤیچ گەرلێڤسکی‌یان زۆر بەرز نرخاندووە. عەرەبناسی بەناوبانگ‌و ئەندامی ژمارەیەك کۆڕی زانیاری ولاتە ڕۆژهەلاتی‌یەکان ئی. یو. کراچکۆڤسکی لە نامەیەکی تایبەتیدا پێی‌گوتووە:

«تۆ لە کەس ناکەیت، تارادەیەك لە هەموو
مێژووی زانستی ڕۆژهەلاتناسیاندا بێوێنەیت».

هەمووی بەسەریەکەوە چوار ساڵ بەسەر کۆچی دوایی گەردلێڤسکیدا تێنەپەڕی (ڕۆژی دەی ئەیلوولی ساڵی ۱۹۵٦ کۆچی دوایی‌کرد) کاتێك بەشی مێژووی کۆڕی زانیاری سۆڤیەت ڕۆژی ۸ی کانونی دووەمی ساڵی ۱۹۵۷ بڕیاری بلاوکردنەوەی هەڵبژاردەی کارەکانی دەرکردو بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی ئەو مەبەستە لیژنەیەکی تایبەتیی لە چەند شارەزایەك دامەزراند. وەك گوتمان ئەو کارانەی گەردلێڤسکی بەتەنها چوار بەرگی گەورەیان پڕکردووەتەوە. بەرگی یەکەمیان[٣] بۆ بەشێك لە بەرهەمەکانی خاوەنی دەربارەی مێژووی سەدە ناونجی‌یەکانی تورکیا تەرخان‌کراوە. لە بەرگی دووەمیاندا[٤] ئەو کارانەی گەردلێڤسکی بلاوکراونەتەوە کە لە زمان‌و فۆلکلۆرو ئەدەب دەکۆڵنەوە. هەڵبژاردەی زنجیرەیەکی‌تر لە بەرهەمە مێژوویی‌یەکانی گەردلێڤسکی لەگەڵ چەند نووسراوێکی جیاوازی دەربارەی ژیانی ڕووناکبیری بەر بەرگی سێیەمیان کەوتوون[٥]. هەرچی باسەکانی دوا بەشی ئەو کارانەشە لە ئەتنۆگرافیاو مێژووی ڕۆژهەلاتناسی‌و بەرهەمی زانایان دەدوێن[٦].

---

(٣) ئەکادیمی ڤ. ا. گەردلێڤسکی، کارە هەڵبژاردەکانی، بە زمانی ڕووسی، بەرگی یەکەم (بەرهەمی مێژوویی)، مۆسکۆ، ۱۹٦۰، ۵۵۲ ل.

(٤) ئەکادیمی‌ڤ. ا. گەردلێڤسکی، کارە هەڵبژاردەکانی، بەرگی دووەم (زمان‌و ئەدەب)، مۆسکۆ، ۱۹٦۱، ۵۵/ ل.

(٥) ئەکادیمی ڤ. ا. گەردلێڤسکی، کارە هەڵبژاردەکانی، بەرگی سێیەم (مێژوو و ڕووناکبیری)، مۆسکۆ، ۱۹٦۲، ۵۵۸ ل.

(٦) ئەکادیمی ڤ. ا. گەردلێڤسکی، کارە هەڵبژاردەکانی، بەرگی چوارەم (ئەتنۆگرافیا، مێژووی ڕۆژهەلاتناسی، نرخاندن)، مۆسکۆ، ۱۹٦۸، ٦۱۲ ل.

له هەر چوار بەرگی کارە هەڵبژاردەکانی گەردلێڤسکیدا ناوی کوردو کوردستانو ژمارەیەکی زۆر لە شارەکانی لە سەردەمی جیاوازدا هاتووە[7].

چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی سەدە ناوبجی‌یەکانی کورد :

وەك زانایەکی بەتوانا ڤلادیمێر ئەلێکسەندرەڤیج گەردلێڤسکی خۆی لە قاوغی تورکناسیدا نەبەستەوە. ئەو زۆر بەرز رۆڵی گەلانی رۆژهەلاتی لە مێژووی ژیاریی مرۆڤدا دەنرخاند. هەروەها لە مەیدانی زانستی رۆژهەلاتناسیی خۆشیدا دەستی بالاّ بوو. لەبەر ئەو هۆیانەو چەند هۆیەکی تری وەك ئەوانە قەڵەمی گەردلێڤسکی گەلێك جار لە نزیکەوە توخنی ئەو باسانە کەوتووە کە پێوەندیان بە مێژوو و زمانی ئابووریی و کۆمەلاّیەتی و ئەدەبیی گەلی کوردەوە هەیە. جاریوا هەیە لە بەرهەمەکانی ئەو زانایەدا تووشی لاپەڕەی وای مێژووی کورد دێین کە بۆ خۆمان، زۆر بەداخەوە، شتێکی ئەوتۆیان لێ نازانین. ئەو ڕاستی‌یانەی سەبارەت بە کورد لە کتێبی «دەوڵەتی سەلجووقی‌یەکانی ئاسیای پچووك»دا هێناونی‌یەوە هەرچەندە بە ژمارە کەمو بە بارست پچووکن، بە باوەڕۆك دەولەمەندو نایابن، بەتایبەتی ئەگەر ئەوەش لەیادنەکەین کە ڕوونکردنەوەی مێژووی سەدە ناوبجی‌یەکانی کورد کارێکی ئاسان نی‌یەو هەر لەبەر ئەوەش زوربەی ئەو بەرهەمانەی تائیستە مێژوونووسە دڵسۆزەکانمان دەربارەی ئەو ڕۆژگارە دایانناون تا ڕادەیەکی زۆر پچڕ پچڕو لێك دابڕاون. پێم‌وایە زانیاری‌یەکانی ناو «دەوڵەتی سەلجووقی‌یەکانی ئاسیای پچووك» یاریدەی پڕکردنەوەی چەند درزو کەلەبەرێکی ئەو مێژووەمان دەدەن کە پێویستە ببێتە پرۆژەی بەرهەمێکی گەورەی دوارۆژ.

ساڵی ١٩٤١ گەردلێڤسکی کتێبی «دەوڵەتی سەلجووقی‌یەکانی ئاسیای پچووك»ی بۆ یەکەم جار بلاّوکردەوە[8]. ئەو کتێبە لەبەر چەند هۆیەك بە گرنگترینی بەرهەمەکانی گەردلێڤسکی دادەنرێ. مێژووی سەلجووقی‌یەکانی ئاسیای پچووك باسێکی گرانو پڕ

---

(٧) بەوێنە لە بەرگی یەکەمیاندا سێ جار ناوی کوردستانو گەلێك لەوەیش زیاتر ناوی شارەکانی بەجیا هاتووە. تەنها ئامەد (دیار بەکر) یازدە جارو بتلیس نزیکەی بیست جار ناویان لەو بەرگەدا هاتووە.

(٨) یەکەم باسە کە لە کارە هەڵبژاردەکانیدا بلاّوکراوەتەوە، نزیکەی ٣٠٠ لاپەڕەی بەرگی یەکەمی گرتووەتەوە.

لە کێشەیە ، بەتایبەتی چونکە هێرشی بێ‌ئامانی مەغۆلی لە سەدەی سیازدەمیندا بووە هۆی فەوتانی گەلێك بەڵگەو دەسنووسی بایەخدار دەربارەی ژیان‌و دام‌و دەزگای سەلجووقی‌یەکان . بەلاّم گەردلێڤسکی بە یاریدەی سەرچاوە تورکی‌و فارسی‌و ئەرمەنی‌و گورجی‌و سریانی‌یە کۆنەکان‌و ژمارەیەکی زۆر لە لێکۆڵینەوەی مێژوونووسە ئەورووپایی‌یەکان توانیویە لە زۆر لایەنی وردی ئەو باسە بکۆڵێتەوە . لە شازدە فەسڵی ئەو بەرهەمەیدا گەردلێڤسکی بەدرێژی باسی تورك‌و مەغۆل‌و ئۆغۆزو هۆزە کۆچەرەکانی ئاسیای پچووك لە سەدەی شازدەمینەوە تاوەکو سەدەی هەژدەمین‌و ، دەرەبەگایەتیی ئەو مەڵبەندە لە هەمان رۆژگارو ، ژیان‌و دەسەلاّتی سوڵتانە سەلجووقی‌یەکان‌و پیشەگەری‌و پیشەسازی‌و بازرگانی‌و شارو لادێ‌و لەشکرو کارگێری‌و ئایین‌و داب‌و نەریتی سەلجووقی‌یەکانی ئاسیای پچووکی کردووە[٩] .

سەلجووقی‌یەکان کە یەکێك بوون لە هۆزە ئۆغۆزە تورکمانە کۆچەرەکان سەرەتا لەو ناوچەیەی ئاسیای ناوەندا دەژیان کە کەوتووەتە لای ڕاستی رووباری زەرئەفشانەوە لە نێوانی بوخاراو سەمەرقەندا[١٠] .

شوانی پیشەی سەرەکیی ئەوسای سەلجووقی‌یەکان بوو . دوای ئەوەی لە دەوروبەری کۆتایی سەدەی دەیەمیندا سەلجووقی‌یەکان موسوڵمان بوون ، ئاڵ‌و گۆڕێکی بنەڕەتی لە ژیانیاندا دەستی پێ‌کرد ، بەتایبەتی چونکە دەسەلاّتی سەرکردەکانیان لەژێر پەردەی ئەودا ئاسانتر دەگەیشتە زەوی‌وزاری گەلە ناموسوڵمانەکانی رۆژهەلاّت . ئەوە بۆخۆی بووە هۆیەکی گەورەی ڕاکێشانی سەلجووقی‌یەکان بەرەو ئاسیای پچووك کە بەشێکی زۆری ئەوساکە بەدەست عیسایی‌یەکانەوە بوو .

سەدەی یازدەمین کاتێك سەلجووقی‌یەکان بەرەو وڵاتانی رۆژهەلاّتی نزیك‌و ناوەڕاست هاتن بەر لە هەر شوێن ڕوویان کردە ئێرانی نزیك خۆیان .

---

(٩) بڕوانە : ف . ا . گەردلێڤسکی . کارە هەڵبژاردەکانی ، بەرگی یەکەم ، ل ٣١-٣١٨ .

(١٠) بۆ باسی کورتەی مێژووی سەلجووقی‌یەکان جگە لە بەرهەمەکانی ف . ا . گەردلێڤسکی کەڵکم لە چەند سەرچاوەیەکی تریش وەرگرتووە ، بەتایبەتی لە کتێبی . أ . د . نۆڤیچێڤ . تورکیا . کورتەی مێژووی ، بە زمانی رووسی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٥ .

سالّی ١٠٤٠ پێشەنگی سەلجووقی یەکان بۆ یەکەمجار پیٚیان‌نایە ناو خاکی ئێرانەوەو لە ماوەی پازدە سالّدا توانی‌یان دەسەلاٚتیان بگەیێننە هەموو ناوچەکانی . گرتنی ئێران توانای سەلجووقی یەکانی زیاتر کرد ، وای لی‌کردن بیٚ سلّ‌کردنەوە ڕووبکەنە عیراق‌و سووریەو ئازەربایجان‌و کوردستان‌و ئەرمەنستان . لەنێوان سالاٚنی ١٠٤٢ و ١٠٥١دا سەلجووقی یەکان توانی‌یان بەشی زۆری کوردستان داگیر بکەن‌و بیخەنە سەر دەولّەتە فراوانەکەیان کە سالّی ١٠٥٥ بە داگیرکردنی بەغدا هێندەی‌تر دەسەلاٚتی پەیدا کرد .

بەو جۆرە سەلجووقی یەکان تاوەکو ناوەندی سەدەی یازدەمین گەیشتنە سەر سنووری ئاسیای پچووك کە لەبەر زۆر هۆ سەرنجی راکێشابوون .

ئاسیای پچووك ولاٚتێکی فراوان‌و دەولّەمەندو خۆش‌و کەم‌دانیشتوو بوو ، ئەوسا کە بەشی زۆری ناوچەکانی بەدەست بیزەنتەیی یە عیسایی یەکانەوە بوو .لە دەمێکەوە فەرمانڕەوایانی جیهانی ئیسلام بیریان لەوە دەکردەوە ئەو پارچە گرنگەی ڕۆژهەلاٚت بگرنە دەست خۆیان چونکە ببووە بنکەیەکی ترس‌لی‌کراوی عیسایی یەکان کە دەیانویست لە ڕێگەیەوە بگەنەوە مەلّبەندە پیرۆزەکانیان لە فەلەستین . سەردارە سەلجووقی یەکان دەیانزانی بەئاسانی دەتوانن ڕەوەی خەلّکی سادەو ساکار بەرەو ئەو ناوچانە بنێرن کە داگیرکردنیان ، بی‌گومان ، دەبووە هۆی بەرزبوونەوەی ناوو شۆرەتیان لەناو هەموو موسولّمانانی جیهاندا .

لە ناوەندی سەدەی یازدەمینەوە سەلجووقی یەکان بۆ یەکەم جار کەوتنە هێرش بردنە سەر ئاسیای پچووك ، بەلاٚم بەهۆی تەوژمی بیزەنتەیی یەکانەوە هێرشەکانی ئەو قۆناغەیان پچڕ پچڕو کەم ئەنجام بوون ، دوابەدوای هەر هێرشێك ناچار دەبوون بکشێنەدواوە . هەر لەوساشەوە بەشێکی زۆر لەو شەڕانەی لە نێوانی بیزەنتەیی‌و سەلجووقی یەکاندا دەقەومان بەر خاکی کوردستان کەوتن . لە شەستەکانی سەدەی یازدەمینەوە سروشتی هێرشی سەلجووقی یەکان بۆ سەر ئاسیای پچووك گۆڕا ، لەوساوە ئیتر توانی‌یان بنکەی چەسپاو لەو مەلّبەندەدا بۆ خۆیان دابمەزرێنن . ئەوەبوو سالّی ١٠٧١ لە نزیك مەلاٚزگردی[11] کوردەواری یەوە لەشکری بیزەنتەیی یان بەزاند .

---

(11) مەنازکرت .

پاش ده ساڵ سەلجووقی یەکان ئیزنیکیان داگیرکردو کردیانە پایتەختی خۆیان . ساڵی ١٠٨٥ ئەزمیریشیان گرتو بەو جۆرە دەوڵەتی سەلجووقی لە ئاسیای پچووکدا دامەزرا کە میرنشینی سەلجووقیشی پێ‌دەگوترێو بریتی بوو لە بەشێك لە دەوڵەتی گەورەی سەلجووقی یەکان . ساڵی ١١١٦ سەلجووقی یەکانی ئاسیای پچووك شاری قۆنیەیان کردە پایتەختی میرنشینەکەیان کە لەوساوە بە ناوی میرنشینی قۆنیەشەوە ناودەبرێ .

میرنشینی سەلجووقیی ئاسیای پچووك تا دەهات پەرەی دەسەند ، بەتایبەتی دوای ئەوەی ساڵی ١١٨٠ توانی میرنشینی دانیشمەندیی دراوسێی لەناوبەرێت[١٢] . کە دەسەلاتی سەلجووقی یەکان گەیشتە ئەورادەیە ئینجا زیاتر بەرەو رۆژئاوا کشان تا گەیشتنە ئەو ناوچانەی ئاسیای پچووك کە کەوتوونەتە سەر دەریا .

بەو جۆرە لە کۆتایی سەدەی دوازدەمینو سەرەتای سەدەی سیازدەمیندا دەوڵەتێکی گەورەی تورك بە سەرکردایەتیی بنەماڵەی سەلجووقی لە ئاسیای پچووکدا دامەزرا . ئەو دەوڵەتە لە رۆژگاری فەرمانرەوایی سوڵتان عەلائەددین کەیقوبادی یەکەمدا (١٢١٩ - ١٣٢٦) گەیشتە لقەپۆپەی دەسەلاتو پێشکەوتن . لەژێر سێبەری ئەو سوڵتانەدا باسی ئاوەدانیی قۆنیەو قەیسەری یەو سیواسو شارانی تری ئاسیای پچووك کەوتبووە سەر زاران .

لە دەوروبەری ناوەندی سەدەی سیازدەمینەوە لەگەڵ هێرشی مەغۆلەکاندا رۆژی میرنشینی سەلجووقیی ئاسیای پچووك بەرەو کەل رووی لە ئاوابوون کرد . تا سەرەتای سەدەی چواردەمین شیرازەی بەجارێك تێکچوو ، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە ساڵی ١٣٠٧ەوە بەسەر ژمارەیەك میرنشینی پچووکدا دابەش بوو . زۆری نەبرد عوسمانی یەکان بوونە میراتگریو جێگەیان گرتەوە .

لەبەر ئەوەی میرنشینی سەلجووقیی ئاسیای پچووك توانیی دەسەلاتی خۆی بەسەر ناوچەیەکی فراوانی کوردستانو عەرەبستانو ئەرمەنستاندا داسەپێنێ مێژووی

(١٢) ساڵی ١٠٦٧ دانشمەندەکان . کە ئەوانیش هۆزێکی تورك بوون . توانی‌یان میرنشینێکی سەربەخۆ لە ناوچەکانی باکووری رۆژهەلاتی ئاسیای پچووکدا دابمەزرێننو شاری سیواسیان کردە پایتەختی . لەوساوە دووبەرکێ قورس لەنێوان میرنشینی دانشمەندو میرنشینی سەلجووقیدا دەستی پێ‌کرد کە بە سەرکەوتنی دووەمیان کۆتایی هات .

بەسەرهاتو رووداوەکانی لە هەزار سەرەوە لەگەڵ مێژووی کوردو عەرەبو ئەرمەنو ڕۆمدا[13] یەك دەگرنەوە. لەبەر گەلێك هۆی ئاشکرا بەداخەوە تاوەکو ئیستە مێژوونووسانمان، هێندەی من ئاگادارم، نەیانتوانیوە، یا بۆیان نەلواوە لە شتێکی کەم بەولاوە دەست بۆ هیچ لایەنێکی ئەو مێژووە بەرن. مێژوونووسی گەورەمان مامۆستا ئەمین زەکی چەند لاپەڕەیەکی پێوندی کوردی بە سەلجووقی یەکانی ئێرانو عێراقەوە بۆ روونکردووینەوە[14]، بەلاّم زۆر کەم نەبێ دەستکاریی هیچ کامێك لە باسەکانی پێوەندی کوردی بە سەلجووقی یەکانی ئاسیای پچووکەوە نەکردووە[15]. تەنها عەبدولرەقیب یووسف لە کتێبەکەی خۆیدا کە لەبارەی دەوڵەتی دۆستەکی یەوەیە[16] چەند راستی یەکی بایەخداری سەرەتای ئەو رۆژگارەی کوردستانی بۆ هێناوینەوە چونکە دەوروبەری ساڵی ٤٧٦-٤٧٨ك (١٠٨٣-١٠٨٦ز) دەوڵەتی دۆستەکی لەسەر دەستی سەلجووقی یەکانی ئاسیای پچووکدا رووخا.

کەوابێ کەلێنێکی دیار. وەك زۆر کەلێنی گەورەی تر، وا لە مێژووی سەدە ناونجی یەکانی کوردا کە پڕکردنەوەی پێویستی بە قوڵنگی فەرهادیی دڵسۆزانە، ئەوانەی ناچارن بە دەرزی بکەونە کێوی بێستوون تاوەکو بتوانن دێرە ونەکانی مێژووی ئەو رۆژگارە بدۆزنەوە. جاروبار ئەو دێرانە لە دووتوێی بەرهەمی رۆژهەلاّتناساندا بەدی دەکرێن کە بۆیان هەیە چمکێك بخەنە سەر گەنجینەی تاوەکو ئیستە هەژاری مێژووی رابوردوومان. دەبێت لەو قوژنەوە بەهای ئەو زانیاری یانە دیاری بکەین کە ڤلادیمێر ئەلێکسەندەرەڤیچ گەردلێڤسکی دەربارەی کورد لە رۆژگاری سەلجووقی یەکانی ئاسیای پچووکدا هێناونی یەوە.

---

(١٣) مێژوونووسانی ئیسلام ناوی رۆمیان لە بیزەنتی یەکان نابوو. ناوی شاری ئەرزرۆم (ئەرزی رۆم)یش هەر لەوەوە هاتووە.

(١٤) محمد امين زكي، خلاصة تاريخ الكرد وكردستان من اقدم العصور التاريخية حتى الان، ترجمة محمد علي عوني، القاهرة، ١٩٣٦، ص ١٤٥ - ١٥١.

(١٥) بەوێنە بڕوانە ئەو چەند دێرەی دەربارەی هێرشی عەلائەددین کەیقوبادی سەلجووق بۆسەر ئامەد (دیاربەکر) هێناونی یەوە (هەمان سەرچاوە. ل ١٥٨ - ١٥٩).

(١٦) عبدالرقيب يوسف، الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى. دراسة تاريخية واقتصادية واجتماعية وحضارية، الجزء الاول، بغداد، ١٩٧٢.

که دێته سەر باسی داگیرکردنی کوردستانی باکوور لەلایەن سەلجووقی‌یەکانەوە گەردلێفسکی دەڵێ هەمان کات سەلجووقی‌یەکان ویستیان بشگەنە گورجستان ، بەلاّم هەوڵی ئەو مەیدانەیان بەفیڕۆ چوو . بۆ ماوەیەکیش توانی‌یان شاری ئێدێسا (ئوورفە) بگرن ، بەلاّم زۆری نەبرد ئەوێشیان لەکیس چوو . کەچی بەرامبەر بەوە «توانی‌یان بگەنە ناخی کوردستان ، ئەو کارەی دوایی ڕێگەی بۆ هاتنی عوسمانی‌یەکانیش خۆش کرد»[١٧] .

سەلجووقی‌یەکان دوای ئەوەی لە باکوورو باشوورەوە هاتنە ناو خاکی کوردستانەوە ئینجا کەوتنە خۆ ئامادەکردن بۆ داگیرکردنی ئامەد (دیاربەکر) یش کە بەدەست کوردە مەروانی‌یەکانەوە بوو . سەلجووقی‌یەکان توانی‌یان ئەو شارەیش بگرن . بەلاّم زۆری نەبرد ئامەد بووە هۆی دووبەرەکی لە نێوانی سەلجووقی‌یەکان‌و ئەیووبی‌یەکاندا . سوڵتان عەلائەددین کەیقوبادی یەکەم[١٨] بەپەرۆشەوە دەیویست ئامەد بگرێ ، بەلاّم دووجار تێیدا شکایەوە . کەچی ساڵی ١٢٤١ کەیخوسرەوی دووەمی کوڕی[١٩] توانی ئەو شارە بگرێ . بۆ ئەوەی دڵی دانیشتوانی ئامەد بەلای خۆیدا رابکێشێ کەیخوسرەو فەرمانی لابردنی ژمارەیەك باج‌و سەرانەی دەرکرد ، بەتایبەتی ئەوانەیان کە خرابوونە سەر کەلوپەلی هێنراوو میوەو سەوزەی ناوبازار ، پیاوانی سوڵتان ئەو فەرمانەیان بەسەر دیواری مزگەوتی گەورەی شاردا هەڵواسی .

لەگەڵ هەراو بگری هێرشی مەغۆلەکاندا مەلیك کاملی ئەیووبی کە دوژمنی سەلجووقی‌یەکان بوو توانی دەست بەسەر ئامەددا بگرێ . بەلاّم هۆلاکۆ خان دیسان ئەو شارەی دایەوە دەست سەلجووقی‌یەکان بە سەرکردایەتیی کەیکاوسی دووەم[٢٠] و ڕوکنەددین قلیج ئەرسەلانی چوارەم کە برا بوون[٢١] . ساڵی ١٢٨٠ شاری ئامەد

---

(١٧) هەوڵمداوە بەپێی توانا بەگشتی مەبەستەکانی ف . ا . گەردلێفسکی ڕابگەیێنم .

(١٨) وەك گوتمان سوڵتان عەلائەددین کەیقوبادی یەکەم لەنێوانی ١٢١٩ – ١٢٣٦دا فەرمانڕەوای میرنشینی سەلجووقیی ئاسیای پچووك بوو .

(١٩) سوڵتان غیاسەددین کەیخوسرەو لەنێوانی ١٢٣٦ – ١٢٩٥دا فەرمانڕەوایی کرد .

(٢٠) سوڵتان عیزەددین کەیکاوسی دووەم لەنێوان ساڵانی ١٢٤٩ – ١٢٥٧دا فەرمانڕەوای میرنشینی سەلجووقیی ئاسیای پچووك بوو .

(٢١) فەرمانڕەوایی سوڵتان ڕوکنەددین قلیج ئەرسەلانی چوارەم بەر ساڵانی ١٢٥٧ و ١٢٦٥دا دەکەوێت .

بەدەست کەیخوسرەوی سێیەمەوە بوو[٢٢].
سەلجووقی یەکان کە وا چاوەڕوان بوون داگیرکردنی ئاسیای پچووك دەسەلاتیان بگەیێنێتە سەرتاپای گێتی نەك تەنها جیهانی ئیسلامی ،شانازی یان بە داگیرکردنی ئامەدەوە دەکرد . سولتان کەیخوسرەوی دووەم ناوی خۆی نابوو :

«قاتل الكفرة والمشركين و سلطان الروم و أرمينيا و دياربكر و سوريا و أمير السواحل»[٢٣].

لەوەدا سولتان کەیخوسرەوی دووەم حەقی بوو چونکە داگیرکردنی شاری ئامەد کارێکی ئاسان نەبوو . وەك لەپێشدا گوتمان دوو هێرشی عەلائەددین کەیقوبادی یەکەم بۆ سەر ئامەد سەریان نەگرت ، هەرچەندە میرنشینی سەلجووقی یەکانی ئاسیای پچووك لەو سولتانە بەتواناتری بەخۆیەوە نەبینی . ماوەیەکی باش قەلای ئامەد خۆی نەدا بەدەستەوەو بەرگری کرد تا یەکێك لە سەردارانی کورد بە ناوی (ابن الدينار)ەوە لەژێرەوە لەگەلّ سولتان ڕێك کەوتو چەکدارانی سەلجووقیی بەدزی یەوە گەیاندە ناو قەلاکەوەو لەوێوە دەروازەی شاریان بۆ گەمارۆدەران خستە سەر گازی پشت[٢٤] . گرتنی شاری ئامەد بەلای سولتانی سەلجووقی یەوە هێند بایەخدار بوو وای لی کرد دەست لە باغو باغاتو بێستانی دانیشتوانی هەلبگرێ ، ئەگینا سەلجووقی یەکان هەر شوێنێکیان داگیردەکرد بێبەزەیی یانە دەکەوتنە ڕەگ‌و ڕیشەی دارو درەخت‌و ڕەزو میوەی‌و هەموویان لە بن دەهێنا .
دیارە سەلجووقی یەکان دوای ئەوەی جی پێی خۆیان لە ئاسیای پچووکدا قایم کردو دەسەلاتی تەواویان گرتە دەست ، ئاغاو بەگ‌و میران‌و خەلکی ساکاری گەلانی تر هەر یەکەیان لەبەر هۆو مەرامێك دەوریان دان .
لەوەدا دەبوو کوردیش بەشی خۆی هەبێ . یەکێك لەو زانیاری یانەی گەردلێڤسکی هێناوی یەوە بە شێوازێکی تایبەتی ئەو ڕاستی یەی بۆ دەرخستووین .

---

(٢٢) ڤ . أ . گەردلێڤسکی . کارە هەلبژاردەکانی ، بەرگی یەکەم ، ل ٥٨–٥٩ ، ١٨٣ .
(٢٣) ڤ . أ . گەردلێڤسکی . هەمان بەرگ ، ل ٦٠ .
(٢٤) ڤ . أ . گەرلیڤسکی . هەمان بەرگ ، ل ١٨٣ .

وەك ئەو دەڵێ کاتێك سوڵتان عەلائەددین کەیقوبادی یەکەم[٢٥] چووە ئۆبروك ٥٠٠ ئەفسەرو سەرهەنگی « ڕووسی و گورجی و کوردو دەیلەمی و گورگانی و قەزوینی و گوری و[٢٦] هیی تر چواردەوریان دابوو . خوێن لە چاویان دەباری . . . بەناو خەڵکەکەدا ڕێگەیان بۆ سوڵتان دەکردەوە . . . »[٢٧] .

هەمان کات بەشێك لە لەشکری گەورەی میرنشینی سەلجووقیی ئاسیای بچووك کە جاری وا هەبوو ژمارەی خۆی دەدا لە نزیکەی ٢٥٠ هەزار کەس[٢٨] لە هۆزەکانی کوردستان پێکهاتبوو ، بەتایبەتی ئەوانەیان کە لە ئامەدو مەڵبەندەکانی دەوروبەری دەژیان[٢٩] . فەرمانڕەوایانی ئەو میرنشینە لە کاتی تەنگانەدا پەنایان دەبردە بەر یاریدەی چەکدارانی کورد ، وەك لە ڕۆژانی ڕاپەڕینە گەورەکەی بابە ئیسحاقدا رووی دا .

لە ئەنجامی چەوساندنەوەو فشاری زۆری باج و سەرانەی دام و دەزگاکانی میرنشینی سەلجووقیدا ساڵی ١٢٣٩ ئاگری ڕاپەڕینێکی فراوان زۆر ناوچەی ئاسیای بچووکی گرتەوە . کۆچەری و نیشتەجێی ئەو ناوچانە وەك یەك بۆ ماوەی دوو ساڵ لەو ڕاپەڕینەدا بەشداربوون کە پیاوێکی لەخۆبوردوو بە ناوی بابەئیسحاقەوە سەرکردەی بوو . بابەئیسحاق خۆی بە نیمچە پێغەمبەرێك دادەنا ، لایەنگرانی بە خۆیان و ژن و منداڵیانەوە بۆ ماوەیەکی باش کەوتنە هێرش بردنە سەر قەڵاو زەوی وزاری دەرەبەگە گەورەکان .

دوای ئەوەی شۆڕشگێڕەکان بەسەر لەشکری میریدا زاڵ بوون و بانگی خەلیفایەتی بابەئیسحاقیان دا ڕاپەڕینەکەیان وا تەشەنەی کرد خەریك بوو گلۆڵەی میرنشینی سەلجووقیی ئاسیای بچووك بخاتە لێژی . ئەوسا سوڵتان کەیخوسرەوی دووەم کەوتە خۆی و «لە مەلاتی یەوە داوای یاریدەی تورك و گەرمیانی کرد» . مەبەستی

(٢٥) بڕوانە پەراوێزی ژمارە هەژدە
(٢٦) هۆزێکی ئەفغانی یە .
(٢٧) ف . ا . گەردلێڤسکی ، کارە هەڵبژاردەکانی ، بەرگی یەکەم ، ل ١٨٨ .
(٢٨) ا . د . نۆڤیچێڤ ، سەرچاوەی ناوبراو . ل ١٠ .
(٢٩) ف . ا . گەردلێڤسکی ، کارە هەڵبژاردەکانی ، بەرگی یەکەم ، ل ٧٩ .

سوڵتان لە گەرمیان ئەو هۆزە کوردە بوو کە دوایی میرنشینێکی بەهێزیان دامەزراند[٣٠] . بەوجۆرە سوڵتان توانی بەسەر ناحەزەکانیدا زاڵ‌بێ ، بابەئیسحاقی یەخسیر کردو هەڵیواسی‌و پاش ماوەیەك هەموو ڕاپەڕینەکەی دامرکاندەوە .

لە کتێبی «دەوڵەتی سەلجووقیی ئاسیای پچووك»دا ڤلادیمێر ئەلێکسەندرەڤیچ گەردلێڤسکی چەند زانیاری‌یەکی گرنگی دەربارەی دەوری ژیاری‌و ڕووناکبیری کوردی ئەو ڕۆژگارە هێناوەتەوە . وەك زانراوە سەلجووقی‌یەکان لە دۆڵی زەرئەفشانی نیشتمانی یەکەمیاندا بە کۆچەری ژیانیان دەبردەسەر ، پەروەردەکردنی ئاژەڵ‌و کەمێك کشت‌و کاڵ پیشەی سەرەکی‌یان بوو . هەر ئەوسا پێوەندی پەتریارکی (باوکایەتی) لەناویاندا باو بوو ، پشتاوپشت پێکەوەی بەستبوونەوە[٣١] ، لەبەر ئەوە کاتێك گەیشتنە ئاسیای پچووك هێشتا لە ڕووی ژیاری‌یەوە لەدواوە بوون ، بۆیە زۆر شت لە مەلاو دەروێشانی کوردو عەرەب‌و ئازەرەوە فێردەبوون . گەردلێڤسکی لەو بارەیەوە نووسیویە دەڵێ :

«ئەو دەروێشانەی دەهاتنە ئاسیای پچووك تەنها مامۆستاو فێرکەری ئایینی نەبوون ، بەڵکو لە هەمان کاتدا دەشبوونە ڕێنیشاندەری کارگێڕی‌و ڕووناکبیری کۆچەرانی ئەو مەڵبەندە ، دەوریان لە یەکگرتنیاندا دەبینی‌و دژی مەغۆلەکانیان دەبزواندن . . لە چوار ڕێگەوە دەروێش دەهاتنە ئاسیای پچووك : خۆراسان‌و ئازەربایجان‌و سووریە‌و عیراق . . دەروێشەکانی عیراق لە بەغداو هەولێرەوە دەهاتن ، جووتیارو پیشەگەرو بێکارە لەدەوریان کۆدەبوونەوە»[٣١] . ئەو دەروێشانە لە ڕاپەڕینەکەی بابەئیسحاقیشدا دەوریان بینی . دیسان گەردلێڤسکی دەڵێ گوایە بیروباوەری ئایینیی دژ بە سۆفیزم لە هەولێرەوە دەگەیشتە ئاسیای پچووك ، «دانیشتوانی هەولێر کوردو ، وادیارە ئەوسا مەیلداری شیعە بوون»[٣٢] .

شوێنەوارو پاشماوەو بەڵگەی بەجێماوی ڕۆژگاری سەلجووقی‌یەکانی ئاسیای پچووك بەگشتی کەمن . یەکێك لە بەجێماوە کەمەکانی ئەوسا میحرابێکە لە مزگەوتی

---

(٣٠) ڤ . ا . گەردلێڤسکی ، هەمان بەرگ ، ل ١٧٨ – ١٧٩ .

(٣١) ڤ . ا . گەردلێڤسکی ، هەمان بەرگ ، ل ٢٠٤ .

(٣٢) ڤ . أ . گەردلێڤسکی ، هەمان بەرگ ، ل ٢٠٤ – ٢٠٥ .

عەلائەددین لە شاری قۆنیە کە لە تەختە هەڵکەندراوەو لەسەری نووسراوە «حاجیی دانیشتووی خەلات (خلاط – اخلاط) ساڵی ١١٥٥ دروستی کردووە» . بەپێی بۆچوونی گەردلێڤسکی ئەو میحرابە کاتی خۆی لە خەلاتەوە گوێزراوەتەوە قۆنیەی پایتەختی میرنشینی سەلجووقی [٣٣] . هەروەها لە ساڵی ١١٨٣ وە هەژدەهای شێوازی چینی لەسەر قاپی‌یەکانی ئامەد هەڵکەندراوە ، کە ئەوەیش وا دەگەیێنێ بەر لە هێرشی مەغۆلەکان نەك لە ڕێگەی ئەوانەوە ، وەك دەگوترا ، ئەو هونەرە گەیشتووەتە ئاسیای بچووك [٣٤] .

بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی کۆنەوە بۆ لێکدانەوەی پێوەندی دەرەبەگی لەنێوان سەلجووقی‌یەکانی ئاسیای بچووکدا ڤلادیمێر ئەلێکسەندەرە ڤیچ گەردلێڤسکی چەند جارێك پەنای بردووەتە بەر دیاردەکانی ئیمڕۆی کوردستان . لەو ڕێگەیەوە گەردلێڤسکی هەوڵی داوە زۆر ڕووی ژیانی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیی میرنشینی سەلجووقیی ئاسیای بچووکی ئەوسا ڕوون بکاتەوە . بەلای گەردلێڤسکی‌یەوە ئەوە تاکە ڕێگەیە بۆ تێگەیشتنی لایەنە جیاوازەکانی ژیانی ئابووریو کۆمەڵایەتیی ئەو ڕۆژگارەی سەلجووقی‌یەکان ، چونکە ، بەپێی بۆچوونی ئەو ، جیاوازی‌یەکی ئەوتۆ لەنێوان ژیانی کوردستانی باکووریی سەرەتای سەدەی بیستەمو ژیانی ئاسیای بچووکی سەدە ناوەنجی‌یەکاندا نی‌یە [٣٥] . لەوەدا گەردلێڤسکی کەڵکی لە چەند سەرچاوەیەکی نوێی تورکی وەرگرتووە وەك ئەو کتێبەی ناشید حەقی دەربارەی ناوچەی دەرسیم دوای دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینە گەورەکەی شێخ سەعیدی پیران دایناوە [٣٦] .

---

(٣٣) هەمان بەرگ ، ل ١٦٠ .

(٣٤) هەمان بەرگ ، ل ١٦٤ .

(٣٥) هەمان بەرگ ، ل ٩٦ – ٩٧ .

(٣٦) Nasit Hakki, Derebeyi ve Dersim, Ankara, 1932.

خاوەنی سەرەتا لە شێوەی زنجیرەیەك وتاردا لە گۆڤاری «حاكمیت ملی»دا بڵاوی کردووەتەوە . شایانی باسە أ . د . نۆڤیچێنکۆ کورتەی بە زمانی ڕووسی بڵاوکردووەتەوە (بڕوانە : أ .د . نۆڤیچێنکۆ ، دەربارەی مەسەلەی دەرەبەگی لە کوردستانی تورکیا ، – گۆڤاری «بیبلۆگرافیای ڕۆژهەڵات» ، لینینگراد ، ١٩٣٤ ، ل ٥٤ – ٦٤) .

گەردلێڤسکی دەڵێ سەلجووقی یەکان کاتی خۆی بە شەو لەترسی هێرشی کۆچەرەکان دەرگەو دەروازەی شارەکانیان قایم دادەخست ، ئەو نەریتەی تا دواساڵەکانی ڕژێمی عوسمانی لە شارێکی وەك دیاربەکردا پەیرەوی دەکرا[37] . کە دێتە سەر باسی بەرەڵلایی هۆزە کۆچەرەکانی ئەوسای ئاسیای پچووك نموونەیەکی نوێی کوردستان دەهێنێتەوە . دەڵێ بەر لە دەست پێ‌کردنی شەڕی یەکەمی جیهان تاران حاکمێکی نوێی بۆ ناوچەی ورمێ دانا ، بەڵام ئەوەی داینا لە ترسی هەراو بگری کۆچەرەکانی ئەو ناوانە بۆ ماوەی سێ مانگ نەیتوانی لە تەورێزی نزیکەوە بگاتە شاری ورمێ[38] .

هەر لەو کتێبەیدا ڤ . أ . گەردلێڤسکی ڕاستی‌یەکی گرنگی دەربارەی باری دیمۆگرافی و نەتەوەیی ئاسیای پچووکی ڕۆژگاری سەلجووقی یەکان تۆمارکردووە ، وەك ئەوە کە دەڵێ ژیانی ئۆغۆزەکانی ئاسیای پچووك ئاسان و یەکجۆر نەبوو ، هەرچەندە ئەوان «موسوڵمانێکی خراپ بوون» بەڵام ئایین بۆیان بووە قەڵغانی پاراستن لەو ناوچانەدا کە زۆرتری دانیشتوانیان عیسایی بوون ، کەچی لەو ناوچانەی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا کە زۆرتری دانیشتوانیان کورد یا عەرەب و وەك خۆیان موسوڵمان بوون جاری‌وا هەبوو بەئاسانی لە بۆتەیاندا دەتوانەوە[39] .

ڤ . أ . گەردلێڤسکی لە بەرهەمەکانی تریشیدا چەند جارێك هاتووەتە سەر باسی مێژووی کورد لە سەدە ناوەندی یەکاندا . لەو وتارەیدا کە ساڵی ۱۹۲۲ دەربارەی «ژیانی قزڵباشەکانی ئاسیای پچووك» بڵاوی کردۆتەوە[40] ڕاستی‌یەکی نەزانراوی لە بارەی مەلا ئیدریسی بتلیسی ناودارەوە هێناوەتەوە .

لەوێدا کە دێتە سەر باسی ناکۆکی نێوان شا ئیسماعیلی پاشای صەفەوی (۱۵۰۲–۱۵۲٤) و سوڵتان سەلیمی پاشای عوسمانی (۱۵۱۲ – ۱۵۲۰) کە شالاوی

---

(۳۷) ڤ . أ . گەردلێڤسکی ، کارە هەڵبژاردەکانی ، بەرگی یەکەم ، ل ۱۵۳ – ۱۵٤ .
(۳۸) هەمان بەرگ ، ل ۱۷٤ – ۱۷۵ .
(۳۹) هەمان بەرگ ، ل ۷۳ .
(٤۰) هەمان بەرگ ، ل ۲۵۵ – ۲۷۵ .

ئاگری زوربەی ناوچەکانی کوردستانی گرتەوەو باسی کوشتارە سەختەکەی سولّتان سەلیم لەناو قزلّباشەکانی ئەو ناوەدا دەکات کە ، وەك باس دەکریّ ، بووە هۆی لەناوچوونی ٤٠ هەزار کەسێکیان ، دەلّیّ مەلا ئیدریسیش کە لایەنگری سولّتان بوو لەورۆژانەدا زۆر بە رەقی لەگەلّ قزلّباشەکان جوولاّوەتەوە ، بەتایبەتی ئەوانەیان کە لە ناوچەی ماردیندا نیشتەجیّ بوون . بە فەرمانی ئەو تەنانەت کلاّوو سەروپێچی قزلّباشەکانیان کۆکردۆتەوەو یەکێك لە چالّەکانی قەراغ شاریان پیّ پڕکردووەتەوە . گەردلێڤسکی دەربارەی ئەو کارەی مەلا ئیدریس دەلّیّ :

«پێم‌وایە کردارێکی سەیری ئەوتۆیە کە پیاو ناتوانیّ لێکی‌بداتەوە . گۆری حیسامەددینی باوکی مەلا ئیدریس وا لە بتلیس . حیسامەددین ، وەك لە بتلیس بۆیان گێرامەوە ، پیاوێکی بیرتەسك نەبوو[41] ...»[42] .

لە بەرهەمێکی‌تریدا ڤ . أ . گەردلێڤسکی دیسان هاتووەتەوە سەر باسی حیسامەددینی باوکی مەلا ئیدریسی بتلیسی‌و دەلّیّ : « قورئانی لێکداوەتەوە . بەلایەوە وابوو موسولّمان‌و عیسایی وەك یەك دەچنە بەهەشت . باوەری بە بوونی دۆزەخ هەبوو ، بەلاّم دەیگوت ئازاردان لە دۆزەخدا کارێکی وەختی‌یە ، واتە بە چاوی ئەعراف[43] سەیری دۆزەخی دەکرد» . حیسامەددینی باوکی مەلا ئیدریس لە شاری بتلیس نێژراوەو گۆری بووەتە زیارەتگە[44] . گەردلێڤسکی دەربارەی مەلا ئیدریس خۆیشی دەلّیّ :

«هاوچەرخی سولّتان سەلیمی یەکەم ، مێژوونووسێکی پیاهەلّدەرو[45] پیاوی دەولّەت ، واتە سیاسی بوو»[46] .

---

(٤١) مەبەستی ئەوەیە حیسامەددین سونی مەزهەبێکی بیر تەسك نەبووە ، بەلّکو پیاوێکی ئایینی کراوە بووە .

(٤٢) ڤ . أ . گەردلێڤسکی . کارە هەلّبژاردەکانی ، بەرگی یەکەم ، ل ٢٥٦ .

(٤٣) «اعراف» یا «مطهر» زاراوێکی ئایینی‌یە ، بەو شوێنە دەگوتریّ کە کەوتووەتە نێوانی دۆزەخ‌و بەهەشتەوە . وشەی «الاعراف» لە قورئانی پیرۆزدا ناوی هاتووە .

(٤٤) ڤ . أ . گەردلێڤسکی ، بەرگی یەکەم ، ل ٣٩١ .

(٤٥) مؤرخ مداح .

(٤٦) ڤ . أ . گەردلێڤسکی ، بەرگی یەکەم ، ل ٣٩١ .

لەبارەی قزڵباش‌و قزڵباشەکانەوە :

لە نووسینەکانیدا ڤلادیمێر ئەلێکسەندرە ڤیچ گەردلێڤسکی بایەخی زۆری بە قزڵباشەکانی ئاسیای پچووك داوە کە بەشێکیان کوردن ، لە ئایین‌و داب‌و نەریت‌و مێژوویان کۆڵیوەتەوەو چەند جارێك بۆ خۆی تێکەڵیان بووەو گەلێك زانیاریی بەکەڵك‌و سەیری لەبارەیانەوە کۆکردووەتەوەو لە چەند بەرهەمێکیدا بلاوی کردوونەتەوە .

یەکەم بەرهەمی گەردلیڤسکی لەبارەی قزڵباشەوە لە کارە هەڵبژاردەکانیدا بەم ناوەوەیە : « لە گەڕانەکانم بەدوای باسە ئایینی‌یەکانی ئاسیای پچووکدا — قزڵباشەکان» . ئەو بەرهەمەی بریتی‌یە لە وتارێك کە ساڵی ١٩١٣ لە کۆڕێکی زانستیی تایبەتیدا خوێندوویەتەوە(٤٧) .

گەردلێڤسکی لە سەرەتای وتارەکەیدا گفتوگۆیەکی هێناوەتەوە کە کاتی خۆی لەگەڵ عەلی شانی کوڕی مەحموود پاشای سەرداری هۆزی قۆچگیری ناوچەی زارادا(٤٨) کردوویە . دەربارەی مەحموود پاشا دەڵێ سەرداری هۆزی بەدەسەلاتی قۆچگیری بوو کە یەکێکە لە هۆزە کوردەکانی ئەو ناوچەیە . بۆ خۆی «دادکارو فەرمانڕەوای هۆزەکەیەتی‌و هەرچی ئەو بیلێت بۆ کورد یاسایە» . ساڵی ١٨٩٥ لە کاتی کوشتاری ئەرمەنەکاندا مەحموود پاشا ڕێگەی نەدا بە پیاوەکانی لەو کوشتارەدا بەشدار بن ، لەبەر ئەوە ئەرمەن بە چاوی ڕێزو خۆشەویستی‌یەوە تێی دەڕوانن .

دوای ئەوە ڤ . أ . گەردلێڤسکی دەڵێ :

«هاتنی ئەو ئاغا کوردەم بە هەل زانی بۆ ئەوەی بیدوێنم تا بتوانم لە ڕێگەیەوە بگەمە نهێنی‌یەکانی قزڵباش . خاوەنی خانەکە هەرچەندە لەوە دوودڵ بوو هیچم دەستگیر بێ بەلام بڕیاریدا یاریدەم بدات‌و لەگەڵی کۆم بکاتەوە . دوای چارەکێك هەردوکمانی بردە ژوورێکی تەنهاو دەرگەکەی قایم لەسەر داخستین . کە چوومە ژوری لاوێکی بالابەرز بە بەرگی ئەورووپایی‌و تەراشی ڕێکوپێکەوە لەبەرم هەڵستا . ئەوساکە ڕەمەزان بوو ، منیش یەکسەرکەوتمە باسی ڕۆژوو . پێی گوتم قزڵباش دان

---

(٤٧) هەمان بەرگ ، ل ٢٤١ - ٢٥٤ .

(٤٨) زارا کەوتۆتە باشووری سیواسەوە .

بە مانگی ڕەمەزاندا نانێن ، لەبریتی ئەو ساڵی دوازدە ڕۆژی موحەڕڕەم بەڕۆژوو دەبن . لەو ڕۆژانەدا یادی تینوێتی حسەین لە بیابانی کەربەلا دەکەنەوە . کە داوام لی کرد باسی (خضر الیاس)م بۆ بکات و لیم پرسی کەی دەست پی دەکات ڕەنگێکی هێناو ڕەنگێکی برد ، گوتی ئەوە نهێنی تایبەتی یە ، مەگەر دوایی بۆتی باس بکەم . ئەوسا کە تێگەیشتم قزڵباشەکان تا چ ڕادەیەك قایمکارن» .

وادیارە گەردلێڤسکی نەیتوانیوە شتێکی ئەوتۆ لە عەلی شان هەڵکرێنێ بۆیە ناچاربووە لە ڕێگەی کابرایەکی ئەرمەنەوە بگاتە ژمارەیەك قزڵباشی ترو بەشێك لە زانیاری یەکانی دەربارەیان کۆبکاتەوە . وەك دەیگێڕێتەوە یەکێکیان پێی گوتووە قزڵباشەکان لەناو خۆیاندا یەکتر چاك دەناسنەوە ، گوایە بە تەوێڵی هەریەکەیانەوە ئەستێرەیەك هەیە لە خۆیان بەولاوە کەس نایبینێ .

گەردلێڤسکی کە دێتە سەر باسی ڕیش و سمێڵی قزڵباشەکان دەڵێ لە ۳۰ ساڵی یەوە ڕیش دەهێڵنەوەو ئیتر توخنی ناکەون ، «هێی وایان هەیە مووی ڕیشی بەشی شەرواڵێك دەکات» . کە پێی گوتوون لای سوننی یەکان ڕیش تاشین ڕەوایە ، تێیان گەیاندووە ، چۆن هێشتنەوەی خێری بەدەمەوەیە چونکە بە هەر یەکێك لە تاڵەکانیدا پەری یەك خۆی هەڵواسیوە . لەبەر ئەوە تاشینی بەجێ نی یە . پشتی ئەو قسەیە بە دوو «بەڵگە»ی تر قایم دەکەن . یەکەمیان گوایە کاتێك ئیمامی عەلی پێغەمبەری شتووە ئاو لە ناوکیدا کۆبووەتەوە . کە ویستوویە وەك موفەرك ئاوەکە بخواتەوە ڕیش و سمێڵی پێی تەڕبوون لەبەر ئەوە ئیتر تا مردن نەیتاشیون . بەڵگەی دووەمیان «ڕیشە درێژەکەی» عیسای پێغەمبەرە .

نووسەر هەن ژمارەی قزڵباشی تورکیایان بە یەك ملیۆن داناوە ، بە لای گەردلێڤسکی یەوە ئەو ژمارەیە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم کەمە ، بەتایبەتی ، وەك دەڵێ . ئەگەر ئەوەیش لەیادنەکەین کە ئاسیای پچووك پڕی یە لە قزڵباش . ناوجەرگەی مەڵبەندی قزڵباش دەرسیمەو هەر ئەوێش جێگەی سەرداری گەورەیانە . بەڵام لە باشووری ئاسیای پچووکیش مەڵبەندی تایبەتی خۆیانیان هەیە . هەروەها لە ئەستەموول و برۆسەو کیلیکیا (قیلیقیا)ش قزڵباش هەن ، زۆربەیان لەوناوانەدا پیشەگەرن . قزڵباش لە ویلایەتی دیاربەکریش دەژین .

گەردلێڤسکی کە بۆ خۆی چووەتە ناوچەی خەنس و لەوێ لیستەی تایبەتیی بە ناوی دێهاتی قزڵباشەوە داناوە . بەپێی ئەو زانیاری‌یانەی لێنچ لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا داونی ژمارەی گوندە قزڵباشەکانی خەنس کە ناوچەیەکی کوردەواری‌یە تەنها پازدەیە . بەلاّم بەپێی لیستەکەی گەردلێڤسکی بی و پێنجە . گەردلێڤسکی ناوی هەموویان و ژمارەی ماڵەکانیانی تۆمار کردووە ، وەك قەلاّجوك کە ٢٥ ماڵ و گەرمەك ٦ ماڵ و کەمسەر ١٢ ماڵ و سوارەم ٣٠ ماڵ و مەیدان ٢٠ ماڵ و حەیران ١٢ ماڵ و دەرەك ٨ ماڵ و گەوەرەش ١٠ ماڵ و مێرگەسوور ٥٠ ماڵ و خەلیفەکی ٣٠ ماڵ بوون . وەك دەڵێ ئەو لیستەیەی لە ساڵانی شەری یەکەمدا داناوە ، واتە دوای ئەوەی لەشکری رووس گەیشتووەتە ئەو ناوچانە . بەپێی قسەکانی گەردلێڤسکی هاتنی لەشکری رووس بووەتە هۆی ئەوەی گەلێك خێزانی کوردی سوننیی ئەو گوندانە لەترسانا کۆچ بکەن[٤٩] .

هەمان کات ڤلادیمێر ئەلێکسەندەرەڤیچ گەردلێڤسکی هەوڵی‌داوە کەڵك لە هەموو هەلێك وەربگرێ بۆ کۆکردنەوەی داستان و ئەفسانەو پەندی پێشنیان و حەکایەتی باوی ناو قزڵباش و کوردی‌ترو سەرتاپای گەلانی ناو تورکیا .

داستان و ئەفسانەو حەکایەت :

وەك لە سەرتادا گوتمان ڤ . أ . گەردلێڤسکی زۆر بایەخی بە کۆکردنەوەی فۆلکلۆر دەدا ، شارەزایان بەرهەمە فۆلکلوری‌یەکانی بەرز دەنرخێنن ، بۆ هەر شوێنێك چووبێ گەردلێڤسکی لە زاری دانیشتوانی‌یەوە شتی باوی ناویانی کۆکردۆتەوەو دوایی لە وتاری تایبەتیدا بلاّوی‌کردوونەتەوە . بە هەمان دەستوور کە چووەتە ناوچە کوردەواری‌یەکانیش بەپێی توانا لەو جۆرە بەرهەمانەی کۆکردووەتەوە[٥٠] .

---

(٤٩) ڤ . أ . گەردلێڤسکی . کارە هەڵبژاردەکانی ، بەرگی یەکەم ، ل ٢٦٠ – ٢٦١ .

(٥٠) گەردلێڤسکی ساڵی ١٩١٦ چووەتە شاری بتلیس و وەك خۆی دەڵێ ماوەیەکی باشی لێ ماوەتەوە (بڕوانە لاپەرە ٣٨٣ی بەرگی یەکەمی کارە هەڵبژاردەکانی) .

راسته ئەوانەی لە ناوچە کوردەواری‌یەکاندا کۆی‌کردوونەتەوە زۆر نین ، بەلاّم شتی سەیرو سەرنج راکێشیشیان تێدایە . بەوێنە کە چووەتە بتلیس لەبارەی بنجو بناوانی ئەو شارەوە ئەمەیان بۆ گێراوەتەوە :

ئەسکەندەر کە نزیك بتلیس کەوتەوە لە دوورەوە قەلاّیەکی سەختی بەدی‌کرد ، دەرگەی قەلاّکە لە رووی خۆی‌و لەشکرەکەیدا داخرابو .

تومەس یەکێك لە پیاوانی ئەسکەندەر بە ناوی ئەبوولەیسەوە (أبو لیث) ئەو قەلاّیەی دروست کردووەو لە ئاغای یاخی بووە . ئەبوولەیس چەکی دژی ئەسکەندەر خستە کار ، بەلاّم لەشکری ئەم بەهێزتر بوو ، بۆیەکا قەلاّکە ئەنجام بەوانەی ناویەوە خۆیان‌دا بەدەستەوە . لەبەر سەختیی ئەو قەلاّیەو زەحمەتی زۆری داگیرکردنی ئەسکەندەر گوایە لەرقانا ناوی لیّ‌ناوە (بەد لەیس) (بەد + لیث) کە ئیستە بۆتە بتلیس[٥١] .

وەك دەیزانین زۆر جار لاپەرەی پرشنگداری مێژووی گەل تێکەلّ بە یادی کۆمەلاّنی خەلّك دەبیّ‌و وەك فۆلکلۆر دەماودەم‌و پشتاوپشت بلاّودەبێتەوە . یەکێك لەو حەکایەتانەی ف . أ . گەردلێفسکی بە ناوی شەهابەددینەوە بلاّوی‌کردوونەتەوە گێرانەوەیەکی ساکارو نەمری راپەرینەکەی مەلا سەلیم ئەفەندیی خێزانی‌یە کە بەر لە دەست پی‌کردنی شەری یەکەمی جیهان بە ماوەیەکی کەم تەقی‌یەوە[٥٢] . بەم جۆرە یەکێك لە دانیشتوانی بتلیس حەکایەتی شەهابەددینی بۆ گێراوەتەوە :

«شەهابەددین : سیّ شێخ لە خەنس دەژیان ، دوانیان برا بوون ، شەهابەددین‌و محەمەد شیرین کورانی سەید محەمەد . سێیەمیان سەید عەلی کوری جەلالەددین‌و کورەزای کاوس ، پیاوێکی غەیب‌زان بوو ، لە خەنسەوە دەیزانی چی لە بەغدا روودەدات .

سەید عەلی خۆی بۆ ئەو دونیا هەلّگرتبوو ، لە نوێژو رۆژوو بەولاوە هیچی‌تری نەدەزانی . شەهابەددین‌و محەمەد شیرینیش خۆیان بۆ خزمەتی خەلّك تەرخان‌کردبوو .

---

(٥١) ف . أ . گەردلێفسکی ، بەرگی یەکەم ، ل ٣٨٨ .

(٥٢) دەربارەی بروانە : د . کەمال مەزهەر ، کوردستان لە سالّەکانی شەری یەکەمی جیهاندا ، بەغدا ، ١٩٧٥ . ل ٤٣ — ٤٥ . ٧٥ .

شێخ شەهابەددین دڵی لای هەژارو بێکەسان بوو ، حەوت تەنووری بۆ ناندانی نەبووان هەڵخستبوو . شێخ شەهابەددین ڕەزی زۆرو لەوەڕگەی فراوان‌و هەزار سەر مەڕی هەبوو ، هەموویانی بۆ خزمەتی هەژاران دانابوو .

جارێکیان چوار پەل سەرباز هاتنە خێزان ، شەهابەددین بێپەروا خۆراکی گشتیانی‌دا . دوژمنانی زۆریان بۆ هەڵدەبەست ، دەیانگوت ئەو پارانەی خەرجیان دەکات بە مفتی زەوتیان دەکات . بەڵام هیچ دادی نەدان . ئاگری شەڕ لەنێوان کوردو عوسمانیدا هەڵگیرسا . شێخ بڕیاری‌دا بچێتە ڕووسیا ، بەداخەوە فریا نەکەوت ، بەدیل گیرا . هەرسێك شێخیان هێنانە بتلیس‌و لەبەر کۆنسولخانەی ڕووسیادا هەڵیانواسین . بەر لە وەفاتی شێخ نزای لە عوسمانی‌یان کرد ، دوعای زوو گیرابوو ، هەراوبگر دەستی پێ‌کردو شەڕی گشتی هەڵگیرسا[٥٣] . دوای وەفاتی هەموان شێخ شەهابەددینیان لەیادکرد تا جارێکیان کچە ئەرمەنێك لای پەنجەرەیماڵەوەیان چرایەکی بەسەر گڵکۆی شێخەوە بەدی‌کرد . کچە واقی ورما ، بۆ سبەی چووە سەر گۆڕی شێخ‌و ئیمانی هێنا . لەو ڕۆژەوە موسوڵمانەکانیش گۆڕی شێخیان کردە زیارەتگە . ئەرمەنەکان حاشایان لە کچە کرد . ڕۆژانی هەینی دانیشتوانی شار دەچنە سەر گۆڕی شێخ شەهابەددین»[٥٤] .

داستانە باوەکانی ڕۆژهەڵات لەناو کوردیشدا بڵاون‌و شێوازی تایبەتی خۆیان وەرگرتووە . لە بتلیس باسی «شاخی نەمروود» یان بەم جۆرە بۆ گەردلێڤسکی گێڕاوەتەوە :

«هەبوو نەبوو ، پاشایەکی بەدەسەڵات هەبوو ناوی نەمروود بوو . زۆر دەوڵەمەندو زەنگین بوو . کاروانی لە شاری گەورەی تەتوانەوە بۆ دەهات[٥٥] . نەمروود زۆر زوو لە خۆی بایی بوو ، قەڵایەکی بەرزی دروست‌کرد ، دەیویست بچێتە سەری‌و لەوێوە لەگەڵ یەزداندا بکەوێتە شەڕو گوایە بیکوژێ . خواوەندی

---

(٥٣) مەبەستی شەڕی یەکەمی جیهانە .

(٥٤) ڤ . أ . گەردلێڤسکی . بەرگی یەکەم . ل ٣٩١ .

(٥٥) تەتوان شارێکی ئەرمەنی بوو . بەپێی بەرگی چوارەمی ئەولیا چەلەبی تەتوان لە ئەسڵدا «تەحتی وان» واتە ژێر وان بووەو لەسەر زاری کوردان بووەتە تەتوان .

گەورە غەزەبی لیّ گرت‌و میّشیّکی بۆ نارد ، میّشە لە کونەلوتی‌یەوە چووە ناو کەلەسەریەوە ، گیزەگیزی میّشکی سەری برد . نەمروود لەتاوا فەرمانی دایە پیاوەکانی بە کوتەك بەربنە سەری بەلّکە میّشە لە کونە لووتیەوە دەرپەڕیّتەوە ، بەلاّم خۆی تیاچوو .

بە فەرمانی خودا میّرووله دایانە قەلاّکەی‌و لە بنەرەتەوە هەلّیانتەکاندو کاولیان کرد . هەرچی تاشە بەردی بناغەکەشی بوو توور یان‌دایە ناو ئاوی دیاربەکرەوە[٥٦] . بەو جۆرە نەمروودی لەخۆبایی تەواوبوو»[٥٧] .

بە هەمان دەستوور ڤلادیمیّر ئەلیّکسەندرەڤیچ گەردلیّڤسکی چەند بەرهەمیّکی فۆلکلۆریی دەربارەی شارو شویّنەوارە بەناوبانگەکانی کوردستان‌و بەسەرهاتەکانیان کۆکردووەتەوە کە دیارە شارەزایان دەتوانن لە ڕیّگەیانەوە بگەنە هەندیّ لەو ڕاستی‌یانەی مەبەستیانە . ئەمانەی خوارەوەیش چەند نموونەیەکیانن :

«گۆمی وان چۆن دروست‌بوو : ڕۆژانی زوو لەو ناوانەدا کانیاویّکی گەورە هەبوو . لە نزیکی‌یەوە کونیّك دروست بووبوو ئاوی کانی‌یەکەی لیّوە دەرۆیی . جاریّکیان ئافرەتیّك لەویّ خوریی دەشت ، لەپڕ چنگیّکی لەدەست بەربۆوەو کونەکەی گرت . لەوساوە ئاو کەوتە پەنگ خواردنەوە تا گۆمی وان دروست‌بوو»[٥٨] .

«داگیرکردنی خەلات : کە پیّغەمبەر بانگی ئیسلامەتی داو داوای لە بت‌پەرستان کرد دەست لە بت‌پەرستی هەلّبگرن یەکیّك لە هاوریّکانی کە ناوی خالید بوو لەگەلّ ٤٠ هاوریّی خۆیدا ڕوویان کردە خەلات (اخلاط) . بە ناوی بازرگانەوە هاتنە ناو شارەوەو بەو بیانووەوە تیا مانەوە . دوایی شەڕ هەلّگیرساو خالید کوژراو هەر لەویّش نیّژرا»[٥٩] .

---

(٥٦) بەپیّی ئەولیا چەلەبی شا تەهماسب سەدەی شازدە ئەتوانی کاول کرد .
(٥٧) ڤ . أ . گەردلیّڤسکی ، بەرگی یەکەم ، ل ٣٩١ - ٣٩٢ .
(٥٨) بەرگی یەکەم ، ل ٣٩٢ .
(٥٩) بەرگی یەکەم ، ل ٣٩٢ .

«مێژووی خەلات : حەوت پاشا فەرمانڕەوایی خەلاتیان دەکرد ، -
بەیاندیرو پێنجی‌تر . حەسەن مزگەوتێکی لەناو شاردا دروستکرد ،
خەزنەیەکی پری بەجی‌هێشت کە ئیستە نەماوە . حەسەن‌و بەیاندیر قەلای
دروستکرد ، یاساولان لەوێوە تاقیبی هێرشی دوژمنیان دەکرد . جاران
شارێکی زۆر گەورە بوو ، لە ئەستەموولیش گەورەتر بوو . کە لە خەلاتەوە
هەشت هەزار کۆچیان دەکردە سووریە[٦٠] هیچ بە شارەوە دیاریی نەئەد

ئەو جۆرە بەرهەمە فۆلکلۆری‌یانە بەشێکن لە سامانی ڕۆشنبیریی کۆنمان ک
گەلێك لە وێنەیان هەیەو پێشکەوتووەکانیان بەپەرۆشەوە دەیانپارێزن . بی‌گ
بەرهەمانە کەلکیان زۆرە بۆ ڕووناکبیران بەگشتی‌و بۆ زمانەوان‌و مێژوونووس‌و
ئەدەب بەتایبەتی . ئەو بەرهەمانە بۆیشیان هەیە ببنە سەرچاوەی ئەدەب‌و
مندالان . هەر لەبەر ئەو هۆیانەش کاتی خۆی «کۆری زانیاری کورد» بایەخ
بە کۆکردنەوەیان دەدا .

کاتێك ف . أ . گەردلێڤسکی لە نووسینەکانیدا دێتە سەر باسی ناوچەک
ناو تورکیا جاروبار دەگەڕێتەوە سەر ناوی کورد . بەوێنە دەربارەی شاری
دەلی لەناو دانیشتوانیدا وا باوە گوایە ولاتەکەیان کاتی خۆی سی سال لەس
تووشی زستانی سەخت هاتووە کە بوونەتە هۆی نەمانی زۆربەی خەلکەکەی
٦٠٠ مالیان ، وەك دەلێن ، لەدەست مەرگ ڕزگاریان بوو . ئەوسا کە عە
کورد بە خۆی‌و دوازدە هەزار لە پیاوەکانی‌یەوە لەوناوانەدا نیشتەجی بوو

گەردلێڤسکی ، وەك گوتمان ، گەلێك حەکایەتی باوی ناو گەلانی تورکیا
کردووە کە ژمارەیەکی کەمیان پێوەندی‌یان بە کوردەوە هەیە . لە بەرگی یەکە
هەلبژاردەکانیدا ئەم دوو حەکایەتە بلاوکراونەتەوە :

«موشتاق بابا : جارێکیان موشتاق بابا کە جێگری مەلای گەورە
حەسەنی شیروانی بوو چووە ئەستەموول ، تامەزرۆی بینینی سولتان عەبدولمەج
کە زانیی نوێژی هەینی لە مزگەوتی ئەییووب دەکری بەسواری لەگەل

(٦٠) مەبەستی هاتوچۆی کۆچەرەکانە .
(٦١) ف . أ . گەردلێڤسکی ، بەرگی یەکەم ، ل ٣٩٢ .
(٦٢) بەرگی یەکەم ، ل ٣٩٥ .

کوردەکانیدا ڕووی‌کردە ئەو مزگەوتە . کە گەیشتە جێ سوڵتان لە مزگەوت بوو ، ڕێچکەی سوارەی کورد سەرنجی ڕاکێشا ، لە پیرەمێردێکی پرسی ئاخۆ کێ‌یە هاتیێتە خزمەتی ؟ کە موشتاق بابا هاتە ژوورەوە ، سوڵتان پێی‌گوت : بۆچ عەزیەتت دایە بەر خۆت ؟

موشتاق بابا لە وەڵامدا گوتی : موشتاق دیتنی خواوەندی گەورە بووم . بەو جۆرە ناوی خۆی ، (موشتاق)ی ، تێکەڵی وەڵامەکەی کرد[٦٣] .

سوڵتان موشتاق بابای بانگ کردە دیوەخانی خۆی کە جێ نوێژی لێ‌بوو . سوڵتان داوای لە موشتاق باباکرد غەیبێکی پێ‌بڵێت . موشتاق گەلێك خۆی گرت تا سوڵتان لێی‌پرسی :

چی بەبیرما هات ؟

لە وەڵامدا موشتاق بابا گوتی :

«نیازتانە گونەشم پێ‌ببەخشن کە یەکێکە لە ئافرەتانی حەریمی بەرزتان ، ئەوەیش ئەنجام دەبێتە هۆی فەوتم» .

سوڵتان فەرمووی :

«جا ئەگەر وابێ لە بڕیاری خۆم پاشگەز بوومەوە» .

«نەکەی دەخیلتم ، خوا وای پێ‌چاکە» — هاوار لە موشتاق بابا هەڵسا .

سوڵتان قایل بوو ، گونەشی لە موشتاق بابا مارە کرد . دوای ئەوەی موشتاق بابا گەڕایەوە بتلیس هەموان بە چاوی ڕق‌و کینەوە تێیان دەڕوانی چونکە سوڵتان گەلێك زەوی‌وزاری ئەو ناوەیشی پێ بەخشیبوو .

زۆری نەبرد دیسان موشتاق بابا بڕیاری‌دا بچێتەوە ئەستەموول . دوژمنەکانی کە دڵنیا بوون ئەمجاریش سوڵتان بە تەخت‌و بەختەوە دەینێرێتەوە بڕیاری کوشتنیان‌دا . بۆ ئەو کارە چەند کوردێکی هۆزی فەریق بەحری پاشایان بەکرێ گرت ، هەنگاو بە هەنگاو دووی کەوتن . لە بایەزید موشتاق بابا لە قۆناغی حاکمی شار لایدا . کە ڕۆژ ئاوابوو موشتاق بابا لەپڕ نوێژی بڕی‌و ڕووی کردە شێخ عارفی هاوەڵی‌و پێی‌گوت :

(٦٣) چونکە وشەی (موشتاق)ی بە دوو مەعنا بەکارهێناوە .

«دەزانی ئیستە چی ڕوودەدا؟ . دێن دەمکوژن ، نەکەی بگری ، ڕۆژم تەواوبووە ، خودا وای دەوێ ، کە هاتنە ژوورێ‌و پرسی‌یان من لەکوێم دەخیلە نەڵێی لێرە نی‌یە ، ئەگینا ، شێخ عارف ، تۆیش دەکوژن !» .

کە لە قسەکانی بووەوە موشتاق بابا ئاخێکی هەڵکێشاو چەند بەیتێکی نووسی‌و خستی‌یە ژێر بەرماڵەکەیەوە . کە کوردەکان هاتنە ژوورێ موشتاق بابا مۆڵەتی پێنج دەقیقەی لێ خواستن ، دەسنوێژی گرت‌و نوێژی کردو ئینجا بێ‌ترس ڕووی تی‌کردن‌و پێی‌گوتن :

«ئامادەم ، فەرموون بمکوژن» .

گۆری موشتاق بابا ئێستەش وا لە بایەزید ، بەرامبەری قۆناغی حاکمی شارە . هەرچەند کێلی گۆڕەکەی ڕاست دەکەنەوە ئەو هەر خوار دەبێتەوە ، واپێ‌دەچێ سوجدە بەرێ .

بەپێی قسەی عەلی پاشای کوڕەزای موشتاق بابا ئەوەی باسیان کرد لە ناوەندی سەدەی سیازدەی کۆچی ، واتە پەنجاو شەستەکانی سەدەی نۆزدە قەوماوە . عەلی پاشا زۆری بەسەر دیوانی باپیریدا هەڵدا ، دەیگوت تەنها مەگەر حافظ لەو شاعیرتر بێ» [٦٤] .

«پەمبووك بابا : جارێکیان کابرایەك لە ئاق سەرای بەلای گۆڕی پەمبووك بابادا تێدەپەڕێ ، لەبەر خۆیەوە دەپرسێ :

بۆ لەناو کوردیشدا غەیب‌زان هەیە؟

پەمبووك باباکە گوێی لەو شەکرانە بوو قاچی لەژێر خاکەوە دەرپەڕاند ، ئەوسا کابرا تێگەیشت چ‌زەلەیەکی کردووە» [٦٥] .

بەرگی دووەمی کارە هەڵبژاردەکانی ڤلادیمێر ئەلێکسەندەرەڤیچ گەردلێڤسکی بۆ بەرهەمەکانی دەربارەی زمان‌و ئەدەبی تورکی تەرخانکراوە [٦٦] لەبەر ئەوە تەنها چوار جار ناوی کوردو چەند جارێکی زۆر کەم ناوی شارەکانی کوردستانی تێدا

---

(٦٤) ف . أ . گەردلێڤسکی ، کارە هەڵبژاردەکانی ، بەرگی یەکەم ، ل ٤٠٠ – ٤٠١ . ئەو حەکایەتەی لە ئەرزرۆم نووسیوەتەوە .

(٦٥) بەرگی یەکەم ، ل ٤٥٧ .

(٦٦) بڕوانە پەراوێزی چوارەم .

له بەرگەکانی تری کارە زانستی‌یەکانی گەردلێڤسکیدا دیسان گەلێك جار ناوی کورد هاتۆتە ناوەوە کە هیواردارین لە دوارۆژێکی زوودا بتوانین لەگەڵ ئەم بەشەدا لە بەرهەمێکی سەربەخۆدا بڵاوی بکەینەوە.

باسی پێنجەم

دەربارەی سروشتی راپەرینە گەورەک

ساڵی ١٩٢٥

راپەرینە گەورەکەی ساڵی ١٩٢٥ی کوردستانی تورکیا(*) یەکێکە لە حەڵقە خوێناوی‌یە هەرە گەورەکانی زنجیرەی خەباتی رزگاریخوای – نەتەوەیی کورد ، بەڵام میللەتەکەمان تاوەکو ئێستا شتێکی یەکجار کەم‌و تا رادەیەکی زۆر سەرپێی دەربارەی لاپەرە گەورە پڕ شانازی‌یەکانی دەزانێت کە پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی قوڵ‌و دورو درێژە بۆ دەرخستنی سروشتی راستەقینەی راپەرینەکە خۆی‌و دیارکردنی ئەو دەرسە مێژووی‌یانەی میللەتە خەباتکەرەکەمان پێویستی پی‌یانە ، هیچ نەبێت بۆ ئەوەی یارمەتی ئەوەمان بدەن ئەمرو هەڵەی دوێنێمان دووبارە نەکەینەوە .

لە دەرەوەی کوردستانیش تا ئێستا بە شێوەیێکی زۆر کورت‌و تا رادەیەکی دیار هەڵە لەم راپەرینە کوڵراوەتەوە . بەشێکی زۆر لە مێژوونووسە بێگانەکان ، بە رۆژهەلاتناسە گەورەکانی سوڤیەتەوە (وەك پرۆفیسوری ناسراو أ . ف . میللەر) ئەم راپەرینە بە جوولانەوەیەکی کۆنەپەرستی دەستکردی ئینگلیز دائەنێن ، کە گوایە دوو مەبەستی بنچینەیی هەبووە : یەکەمیان لاسەنگ کردنی مەوقفی ئینگلیز لەو خەباتە سەختە سیاسی‌یەیاندا کە لەگەڵ تورکەکاندا دەیانکرد لەسەر «ویلایەتی مووسڵ» و دووەمیشیان گوایە کۆنەپەرستی‌ی ناوخۆو دەرەوە ئەیانویست لە رێگای ئەو راپەرینەوە بەرهەڵستی گۆڕانە شۆڕشگێڕێکانی کەمالی‌یەکان[1] لە تورکیادا بکەن .

(*) لە ژمارە دووی گۆڤاری «رۆژی کوردستان»دا بلاوکراوەتەوە (بەغدا ، تەمموزی ١٩٧١ ، ل ٤٦-٥٦) .

(١) ئەو جوولانەوە گەورەیەی میللەتی تورك دوای شەری یەکەم بە سەرۆکایەتی مستەفا کەمال بۆ رزگار کردنی نیشتمانەکەی بەرپای کرد لە رابەری سیاسی‌دا بە «جولانەوەی کەمالی» و بەشدارەکانی بە «کەمالی‌یەکان» ناو دەبرێن .

یەکێك لەو هۆ گەورانەی ڕێوشوێنی ڕاستەقینەو سروشتی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ی لە مێژوونووسە بێگانەکان بە جارێك تێك‌داوە ئەو گێرە شێوێنی‌یە بێ‌شومارە بوو کە کاربەدەستە شوڤێنێکانی تورکیا بۆ ئەم مەبەستە نایانەوە ، بە تایبەتی دروست‌کردنی هەواڵ‌و دەکومێنتی درۆ کە لە دواییدا بوونە سەرچاوەی لێکۆڵینەوەی مێژووی ڕاپەڕینەکە . لە گفتوگۆیەکی تایبەتی نووسەری ئەم وتارە لەگەڵ ڕۆژهەلاتناسی گەورەی سۆڤیەت ئەناتۆلی فیلیپۆڤیچ میللەر ، کە وەك وتمان لەو بڕوایەدایە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ جووڵانەوەیەکی کۆنەپەرست بووە[٢] . ڕاست‌و ڕەوان گوتی : « ئەو مەتریاڵ‌و بەڵگانەی بەدەستمەوەن ڕێگای ئەوەم نادەن بتوانم بە جۆرێکی‌تر سەیری ئەم ڕاپەڕینە بکەم . بەڵام کەی بەڵگەی مێژوویی باوەڕپێکراوی پێچەوانەیانم دەست کەوت ئەو کاتە هەڵبەتە منیش لەسەر ڕۆشناییان دەتوانم بیرو ڕایەکی نوێ دابڕێژم‌و دان بەوەدا بنێم کە هەڵە بووم » . لەو بڕوایەدام زۆربەی مێژوونووسە بێ‌لایەنەکانی‌تریش هەر لەسەر ئەو ڕایەن .

ئەمە بێ‌گومان ئەرکێکی یەکجار گەورە دەخاتە ئەستۆی مێژوونووسە کوردەکان‌و بەڵکو هەموو ڕۆشنبیرێکی کورد . بەتایبەتی ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگایان لە ڕووداوەکانی ئەم ڕاپەڕینەیە کە هەوڵ بدەن کارێکی وا بکرێت ئەو ڕاستی‌یە مێژوویی‌یە گرنگانەی پێوەندی‌یان پێوەی هەیە نەفەوتێن‌و کۆبکرێنەوەو بە شێوەیەکی قوڵ‌و زانیاریانەی دوور لە هەست لە ڕووداوەکانی بکۆڵنەوە .

نووسەری ئەم وتارە لە سنووری توانایا لە ساڵانی خوێندن‌و کاریدا لە دەرەوەی وڵات بایەخێکی زۆری بەم باسە داو شوێنێکی تایبەتی‌ی لە نامەی دکتۆرێکەیدا بۆ تەرخان‌کرد کە دەتوانم بڵێم بێ‌ئەنجام نەبوو . ئەوە بوو لە کاتی یەکەم لێکۆڵینەوەی ئەو نامەیەدا لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٣دا لە ئینستیتوتی ڕۆژهەلاتناسی ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەتی بڕیار درا کە پێویستە شارەزاکانی «لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانەی لەو نامەیەدان جارێکی‌تر چاو بخشێننەوە بە بیرو ڕایاندا بەرامبەر ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥

---

(٢) بڕوانە : أ . ف . میللەر ، کورتەی مێژووی تورکیا ، بە زمانی ڕووسی ، مۆسکۆ ، ١٩٤٨ ، ل ١٩٢-١٩٣ ، أ . ف . میللەر ، دەربارەی مێژووی هەرەنوێی تورکیا ، بە زمانی ڕووسی ، مۆسکۆ - لینینگراد ، ١٩٤٨ ، ل ١٥٢-١٥٣ .

له کوردستانی تورکیا»[۳] . جگه لەوە یەکێك لە کوردناسە هەرە گەورەکانی سۆڤیەت و ڕۆژهەڵاتناسی بە توانا و . ڤیلچێڤسکی ڕایەکی دە لاپەرەیی دەربارەی ئەو نامەیە نووسی کە بە ئاشکرا پاشگەزبوونەوەی خۆی لە هەڵەکانی ڕابوردوی تێدا تۆمار کردبوو ، وە دانی بە ڕاستیی ئەو ئەنجامانەدا نا کە لەو نامەیەدا دەربارەی ڕاپەڕینی ساڵی ۱۹۲۵ دەست نیشان کرابوون . دوای ئەوە بە ماوەیەك دەزگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستی ئازەربایجان و ئەرمینیای سۆڤیەت ئامادەکردنی باسێکی تایبەتی یان دەربارەی ئەو ڕاپەڕینە بە نووسەری ئەم وتارە سپارد بۆ ئەو کتێبە گەورەیەی بەدەستەوەیە لەسەر هەموو مێژووی کورد بڵاوبکرێتەوە . جا وا لێرەدا بە کورتی بەشێکی ئەو باسە دەخەمە بەرچاو ، هیوامە ڕۆژێك بێت بتوانم هەمووی بەسەریەکەوە بڵاو بکەمەوە . نووسەری ئەم وتارە خۆی زۆر بە بەختیار دەزانێت ئەگەر توانیبێتی بەم کارەی بەشێکی زۆر کەم لەو قەرزە گەورەیەی دایکی نیشتمانی دابێتەوە کە وا لە ئەستۆی هەموو کوردێکدا .

(۳) وێنەی ئەو بڕیارە کە بە ناوی سەرۆکایەتی ئینستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسی کۆڕی زانیاری سۆڤیەتەوە یارمەتیدەری سەرۆکی ئەو دەزگایە ر . ت . ئەخراموڤیچ و پروفیسۆر ب .م . دانتسیگ ئیمزایان کردووە لای خۆم هەیە . دوای ئەم بڕیارە لە کاتی دووەم لێکۆڵینەوەی هەر ئەم نامەیەدا ڕۆژی ۱۵ی مایسی ساڵی ۱۹٦۳ بەشی «مەسائیلی نێوان میللەتان» بڕیارێکی ڕەسمیی تریان دەرکرد کە لە لاپەڕەی دووەمیدا دەربارەی ڕاپەڕینەکەی ساڵی ۱۹۲۵ دەڵێت : «بێگومان یەکێك لە ڕووە گرنگەکانی نامەکەی کەمال مەزهەر ئەوەیە کە لەسەر ئەساسی بەڵگەی بەنرخ هەڵەی ئەو بیرو باوەڕە تەسکەی دەرخستووە کە لە ناو ئێمەدا بڵاوە دەربارەی ئەوەی گوایە هەموو جووڵانەوەیەکی کورد سروشتی عەمالەتی هەبووەو لەلایەن ئینگلیزەوە بەرپادەکران بۆ خزمەتی ئامانجەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا . نووسەری ئەم نامەیە دەری خستوە کە وا ڕاپەڕینەکانی کورد وەڵامی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بووە بەرامبەر چەوسانەوەی کولۆنیالی (لە عێراق) و سیاسەتی شۆڤینی دەوڵەتە بورژوازییە نیمچە دەرەبەگەکانی تورکیاو ئێران و عێراق . ئەو ڕایەی بەر لە ئێستا لە ناو ئێمەدا بڵاو بووە دەربارەی سروشتی سەر بە ئینگلیزی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید لە تورکیا (ساڵی ۱۹۲۵) لە کاتی بەراوردیدا لەگەڵ ئەو بەڵگانەی نووسەری ئەم نامەیە هێناونیەتیەوە بەلای کەممەوە پێویستی بە ڕاستکردنەوەیەکی یەکجار قووڵە» .

بۆ دیار کردنی نەك تەنها سروشتی راپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ ، بەڵکو هەموو جووڵانەوەی ئازادی – نەتەوەیی کوردستانی تورکیا ، پێویستە چاوێك بە باری ژیانی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی ئەم بەشەی کوردستاندا لە ساڵەکانی دوای شەڕی یەکەمدا بخشێنرێت تا بتوانرێت هێزە بزوێنەکانی ئەو جووڵانەوەیە بە شێوەیەکی دروستو ڕەوان دەستنیشان بکرێن.

کاتێك شەڕی یەکەم کۆتایی هاتو ئیمپراتوریەتی عوسمانی ڕووخا بزوتنەوەیەکی سیاسیو ڕووناکیری گەورە سەرانسەری کوردستانی ژووروی گرتەوە. ئەو ڕێکخراوە سیاسییانەی بە هۆی شەڕەوە لە کار وەستابوون دووبارە هاتنەوە کایە ، جگە لەوانیش چەند ڕێکخراوێکی تری نوێ دامەزرێنراو چەند ڕۆژنامەو گوڤارێکی کوردی کەوتنە دەرچوون. هەموو ئەم ڕێکخراو و چاپەمەنییانە بە گورجو گۆڵی کەوتبوونە خۆیان بۆ ئەوەی بتوانن کەڵك لە باری سیاسی نوێی جیهان ، بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، وەربگرن تا بتوانن کارێکی وا بکەن میللەتی کوردیش بە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی بگات. هەر بۆ ئەم مەبەستەش ئەم ڕێکخراوانە پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتە سوێندخۆرەکاندا بەست. تورکەکان کە مەترسی ئەوەیان لی‌نیشت کوردستانی ژووروش بدۆڕێنن دووبارە پەنایان بردەوە بەر چەکە تاقیکراوەکەیان لەگەڵ کوردا – جووڵاندنی هەستی ئایینییان (!) ، بەڵام کە زانییان ئەمجارە میللەتی کورد بەجارێك خولیای سەربەخۆیی کەوتۆتە کەلەیەوە ناچار بوون لیژنەیەکی تایبەتی دابمەزرێنن بە بەشداری چەند وەزیرێكو هەندێك لە سەرۆکە بەدرخانێکان بۆ لێکۆڵینەوەی باری سیاسی کوردستان. لە ئەنجامدا لیژنەکە هاتە سەر ئەو بیرەی کە ئەگەر تورکیا بیەوێت کوردستانی لی‌جیانەبێتەوە پێویستە دان بە مافی ئۆتۆنۆمی میللەتی کوردا لە ناو قەوارەی دەوڵەتی تورکیادا بنێت. بۆ ئەم مەبەستە بڕیارێکی تایبەتی دەرکرا[٤] ، بەڵام بە کردەوە هیچ نەکرا بۆ جی‌بەجی‌کردنی ، لە ڕاستیشدا زۆری پی‌نەچوو کەمالییەکان شۆڕشی ڕزگارییان دژی حوکمەتی سوڵتانو داگیرکەری بێگانە بەرپاکرد ، ئەمەش بارێکی سیاسی نوێی هێنایە کایەوە

---

(٤) بروانە : الدكتور بلەج شيركوه ، القضية الكردية – ماضى الكرد و حاضرهم ، القاهرة ، ١٩٣٠ ، ص ٦٥-٦٧.

که به جارێك سەرتاپای وڵاتی گرتەوەو کارێکی گەورەشی کردە سەر ژیانی سیاسی میللەتی کوردو هەموو دوارۆژی .

شۆڕشی کەمالی بەشێکی زۆری لە میللەتی کورد جووڵاند کە دڵسۆزانە چوونە پاڵپشتی بۆ ئازادکردنی نیشتمانی هاوبەش لە داگیرکەری بێگانە [٥] . کورد بەم کارەی هەستێکی نیشتمانی زۆر بەرزو تێگەیشتنێکی سیاسی ڕاستی دەربڕی ، بەڵام هەر لەو کاتەشدا بەشێکی کەم لە دەرەبەگە کوردە سەر بە ئینگلیزەکان دەیانویست ببنە کۆسپ لەبەر دەم پەرەسەندنی ئەو شۆڕشەداو ئەم کردارەیان تا ڕادەیەکی دیار بورجوازی – نیشتمانی تورکیشی ترساند . لەگەڵ ئەوەشدا لە کاتی ڕووداوە گرنگەکانی شۆڕشەکە خۆیدا کورد زۆر بە ئاشکرا نیشانیدا دەتوانێت لە مێژووی تورکیادا ببێتە هێزێکی دروستکەری پێشکەوتنخوازی. گەورە بۆ قوڵ کردنەوەی ناوەرۆکی گۆڕانە شۆڕشگێرییەکانیو بەرەوپێش بردنیان . ئەوەبوو مستەفا کەمالو هاوەڵەکانی زۆر بە ئاسانی توانییان جێ‌پێی خۆیان لە کوردستاندا بکەنەوە ، چەند جارێك بچنە ناو کوردەکانو . بەڵکو لە ساڵی ١٩١٩شدا چەند کۆبوونەوەیەکی سیاسی گەورەی خۆشیان لە ناو ئەواندا بگێڕن ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەی ئەوە بوو کە هێزە دێموکراتێکانی کورد لەو بڕوایەدان بە سەرکەوتنی کەمالییەکان کێشەی نەتەوایەتی ئەوانیش لە سەر ڕێ‌وشوێنێکی ڕاست چارە دەکرێت ، ئەوەی زیاتریش پاڵی پێوەنان بۆ ئەم بیرە ئەو هەوڵو تەقەلاو پەیمانە زۆرە بوو کە کەمالییەکان ئەیاندان بۆ نزیك کەوتنەوە لە کورد ، بەتایبەتی چونکە ئەشیانزانی ئەوە دەبێتە هۆیەکی یارمەتیدەر بۆ «سەندنەوەی» کوردستانی خواروش کە لەسەری یەکسەر لەگەڵ ئینگلیزەکاندا کەوتنە کێشە . هەر لەبەر ئەمەش بوو زۆر جار ئەو پەیمانانەی دەیاندا بە

(٥) ژمارەیەك لە نووسەرە بێگانەکان باسی ئەوەیان کردووە کە مستەفا کەمال بێ یارمەتی میللەتی کورد نەیدەتوانی بەسەر دوژمنەکانی تورکیادا سەربکەوێت .

لەم ڕووەوە دیپلوماسی ئەمەریکی ولیەم ئیگلتن نووسیویتی دەڵێت : «هەر چۆنێك بێت ئەتاتورك (تورکەکان لە خۆشەویستیدا مستەفا کەمالیان ناونا (ئەتاتورك) واتە باوکی تورك – نووسەر) نەیدەتوانی گوێ نەداتە پشتگیری هێزە کوردەکان لە خەباتیدا لە پێناوی یەکیەتی تورکیادا لە ماوەی ١٩٢٠–١٩٢٣دا» .

W. Eagleton, The Kurdish Republic of 1946, London, 1963 . P . 12.

کورد لە شێوەی بەیاننامەی تایبەتیدا بڵاویان دەکردنەوەو دەشیانناردنە ناوچەکانی کوردستانی خواروو. لە یەکێك لەو بەیاننامانەدا کە لە ئارارات‌و جۆلەمێرگ بڵاوکراوەتەوەو چەند ژمارەیەکی گەیشتۆتە رەواندزیش دەڵێت :

«ئەی هاونیشتمانی‌یان : حوکمەتی کۆماری تورکی بە تەواوەتی سوورە لەسەر ئەوەی هەموو پێویستی‌یەکی شارستانێتی لە نیشتمانە خۆشەویستەکەمان کوردستانی تورکیادا بڵاو بکاتەوە. رێگاو بانەکانتان قیرتاو دەکرێن. دێهات‌و شارەکانتان بێ قوتابخانەو مامۆستا نامێننەوە ، خێزانەکانتان شادمان‌و بەختیارتر دەبن لە ژیانێکی پڕ لە خۆشیدا ، ئاسایش‌و یاسا دەبنە هۆی پەرەسەندنی خێرو خێراتی ولاتەکەتان. ژیان‌و ماڵ‌و شەرەفی هاونیشتمانی‌یەکانمان لە ژێر پارێزگاری راستەقینەو دڵسۆزانەی یاسای کۆماردایە ..»[٦].

جگە لەوە لە گەرمەی سەرەتای شۆڕشی بۆرجوازی‌ی تورکدا ژمارەیەکی زۆر لەو سەرۆکانەی لەگەڵ مستەفا کەمالدا ئەو شۆڕشەیان بەرپاکرد ، هەر وەك لە یادداشت‌و نامە کۆکراوەکانی خۆیدا دەردەکەوێت ، کورد بوون. بە وێنە کۆمیتەی سەرۆکایەتی کۆنگرەی ئەرزرۆم (٢٣ی تەمموز – ٦ی ئابی ١٩١٩) کە بە یەکێك لە نوقتە هەرە گرنگەکانی سەرەتای ئەو شۆڕشە دادەنرێت[٧] لە ٨ کەس پێکهاتبو کە سیانیان کورد بوون : شێخ فەوزی[٨] سەرۆکی نەقشبەندێکان لە ناوچەی ئەرزنجانداو سەعدوڵلا بەگی خەڵکی سعرت کە تا ساڵی ١٩١٨ ئەندامی پەرلەمانی عووسمانی بوو ، وە سەرۆکی هۆزی موتکی[٩] حاجی موسا بەگی میرزا زادە[١٠].

---

(٦) بڕوانە

A. M. Hamilton , Road through Kurdistan, London , 1937, PP. 295 — 296

(٧) لە کاتی ئەم کۆنگرەیەدا مستەفا کەمال دروشمی «خەباتی میللەت دژی داگیرکەر لە رێگای سەربەخۆیی نیشتمان»دای بەرز کردەوە.

(٨) حاجی شێخ فەوزی ئەفەندی ناسراو بوو ، ساڵی ١٨٦٨ لە دایك بووە. لە ئەرزنجان‌و دەرسیم دەست‌ڕۆیشتوو بوو. دژی داشناقەکان وەستا.

(٩) ئەم هۆزە لە ویلایەتی بەتلیس لە ناوچە شاخاوێکانی نزیك سەرچاوەی رووباری دجلە نیشتەجێ‌یە ، «مووت یا موتکان»یشی پێ‌دەڵێن. لە سەردەمی عوسمانی‌یەکاندا هۆزی موتکی قەت سەری بۆ حوکمەت شۆڕ نەکردووەو هەموو کاتێك ژیانێکی نیمچە سەربەخۆی بردۆتە سەر.

(١٠) بڕوانە : « مستەفا کەمال – رێگای نوێی تورکیا» ، (نامەو وتارە کۆکراوەکانی مستەفا کەمال) ، چاپی رووسی ، بەرگی یەکەم ، مۆسکۆ ، ١٩٢٩ ، ل ٦٥.

مستەفا کەمال لەگەڵ ئەمانەداو گەلێك کوردی ناسراویتردا پەیوەندی زۆر نزیکی بووەو گەلێك نامەی تایبەتی بۆ ناردوون[١١] .

لە «شواری نیشتمانی گەورە» (المجلس الوطني الكبير)ی تورکیادا کە کەمالییەکان لە نیسانی ساڵی ١٩٢٠دا لە شاری ئەنقەرە بەستیان ٧٢ نوێنەری کورد بەشداری کردووە[١٢] ، هەموو ئەندامانی ئەم شواریە زۆر بە گەرمی پێشوازی قسەکانی نوێنەری شاری ئەرزرۆم حسەین عەونییان کرد کە لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانیدا ووتی :

«لەم تریبونەوە (منصه) مافی قسە کردن هی دوو نەتەوەیە — کوردو تورك» ، لەم جۆرە قسەیەش چەند جارێك لە لایەن نوێنەرە تورکەکانەوە لە کاتی کۆنگرەی قوستەنتەنییەدا بۆ لێکۆڵینەوەی کێشەی مووسڵ دووبارە کرانەوە[١٣] .

بەڵام کەمالییەکان وەك نوێنەری چینی بۆرژوازیی نەتەوەی دەسەڵاتدار زوو ، هەر دوای ئەوەی جێ‌پێی خۆیان قایمکرد ، رووی راستەقینەی سیاسەتی نەتەوایەتییان خستە روو کە بەشێکی گرنگی جیانەکراوەی سیاسەتی گشتییان بوو بەرامبەر ژیانی دیموکراتی و چینە چەوساوەکان[١٤] ، ئەوە بوو لەلایەکەوە کەوتنە گیانی پرۆلیتاریاو جوتیاری تورکیا ، لەلایەکی تریشەوە بەربوونە نەتەوەکانی تر ، بە تایبەتی کورد کە دوای تورك گەورەترین نەتەوەیان پێك دەهێنا . ئەمە دیوی تاریكو کۆنەپەرستی سیاسەتی بورژوازی نیشتمانی تورك بوو کە بە تەواوی پێچەوانەی

---

(١١) هەمان سەرچاوە ، ل ٦٥ ، ٨١ ، ١٥٢ ، ٢٢٨ ، ٢٣٤ ، ٢٣٦ ، ٢٨٤ ، ٣١٢ .

(١٢) بڕوانە :

A.R. Ghassemlou , Kurdistan and the Kurds, Prague, 1965 , P. 46.

(١٣) دەربارەی هەوڵی کەمالییەکان لە سەرەتای جووڵانەوەکەیاندا بۆ نزیك‌کەوتنەوە لە کورد بە درێژی بڕوانە : بلەچ شێرکوە ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٧٤–٧٥ هەروەها :

A. Safrastian , Kurds and Kurdistan , London , 1948, PP. 81 — 82

(١٤) بێگومان یەکێك لەو هەڵە گەورانەی کارێکی وایان کردووە زۆربەی مێژوونووسە پێشکەوتن خوازەکانی دەرەوە لە رایاندا بەرامبەر راپەرینی ساڵی ١٩٢٥ بە هەڵەدا بچن ئەوەیە کە بە یەك چاوو لە یەك قاڵبدا سەیری سیاسەتی کەمالییەکان بەرامبەر چینە چەوساوەکانی تورکیاو ژیانی دیموکراتی گشتی لە وڵاتدا لەگەڵ سیاسەتی نەتەوایەتییان بەرامبەر کورد نەکردووە ، هەرچەندە جیاکردنەوەی ئەو دوو شتە پێکەوە بەستراوە لە هیچ کاتێكو لە هیچ شوێنێکدا ناتوانرێت بە راست دابنرێت .

دیوەکەی‌تری ئەو سیاسەتە بوو کە لە سەرەتای بیستەکاندا لەو خەباتە پڕ لە قارەمانێتی‌یەدا خۆی نواند کە ئاراستەی هێزە ئیمپریالی‌یە داگیرکەرەکان کرابوو ، دوای ئەویش بۆ چەند ساڵێك دژی هێزە کۆنەپەرستەکانی ناوخۆ. بۆ جێبەجێ‌کردنی ئەم مەبەستە دوولایی‌یە مستەفا کەمال پێویستی بەوە بوو هەموو دەسەلاٚت لەدەست چینی بۆرژوازی‌ی نیشتمانیدا کۆبکاتەوەو لەو ڕێگایەشەوە دیکتاتوریەتی خۆی دابمەزرێنێت ، بۆیەکا لە ئابی ساڵی ١٩٢٣دا حیزبێکی تایبەتی‌ی دروست‌کرد کە ناوی «میللەت»ی لی‌ناو لەکاتی هەڵبژاردنەکەی هەر ئەو ساڵەدا ٢٦٥ ئەندام لە مەجموعی ٢٨٦ ئەندامی پەرلەمانی لی‌هەڵبژێررا[١٥] . ئەمە ئەوەندەی‌تر دەسەلاٚت‌و توانای دا بە مستەفا کەمالی نوێنەری چینی بۆرژوازی‌ی تورك کە بتوانێت سیاسەتە دوو لایی‌یەکەی خێراتر بەرێتە سەر . هەر دوای ئەو هەڵبژاردنە مستەفا کەمال چەند هەنگاوێکی بەرەو پێشەوە نا کە لە هەموویان گەورەتر بڕیاری لابردنی خەلیفایەتی‌و[١٦] دامەزراندنی ڕژێمی کۆمار بوو لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٣ دا ، دوای ئەوە لە سەرەتای مارتی ساڵی داهاتودا خەلیفە بە خاوو خێزانەوە لە ولاٚت دەرکراو ، لە مانگی نیسانیشدا دەستوورێکی نوێ بۆ ولاٚت دانرا .

لا تاریکەکەی ئەو سیاسەتەش هەر زوو نەك تەنها بەرامبەر نەتەوەی کورد ، بەڵکو بگرە لە پێش ئەویشدا لە چەند کارێکی سیاسی‌و کومەلاٚیەتی‌تری گرنگدا خۆی نیشان‌دا . پێش کورد بۆرژوازی‌ی تورك لە چینی کرێکاری دا ، هەرچەندە ئەم چینەو سەرۆکەکانی هەر لە یەکەم ڕۆژی خەباتی مستەفا کەمالەوە دژی داگیرکەر زۆر دڵسۆزانە پشت‌گیری‌یان کرد . یەکەم هەنگاوی کەمالی‌یەکان لەم ڕووەوە ئەوەبوو کە هەر زوو لە «ئیتیحادی» و «پان - ئیسلامی»یە کۆنەکان حیزبێکی تایبەتی‌یان بۆ چینی کرێکار دروست‌کردو ، تەنانەت ناویشیان لی‌نا «حیزبی کۆمۆنیست» بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە جڵەوی هەموو پرۆلیتاریای تورکیا بدەنە دەست چینی بۆرژوازی‌و لە ڕێکخراوەکانی خۆیانیان دوور بخەنەوە . کەمالی‌یەکان هەر

---

(١٥) بڕوانە : أ. د. نولیچێف ، تورکیا ، بەزمانی ڕووسی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٥ ، ل ١٦٧ .
(١٦) ڕژێمی خەلیفایەتی دەمێك ساڵ بوو ببووە گەورەترین کۆسپ لەبەردەمی پێشکەوتنی تورکیادا .

ئەوەندە جێگیر بوون بەمەشەوە نەوەستان لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢١دا جاندرمەکانی شاری تەرابزۆن ١٦ سەرۆکی ناوداری خەباتکەری چینی کرێکاریان بە جارێك کوشت . یەکێکیان مستەفا سوبحی بوو کە ساڵەهای ساڵ بوو دڵسوزانەو بێمەترسی خەباتی دەکرد لە ڕێگای ئازادی تورکیاو بەختیاری هەموو میللەتەکەیدا . ئەم ڕووداوانەو . دەها بەڵگەی مێژوویی تری وا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخەن کە سیاسەتی نەتەوایەتی بۆرژوازیی تورك شتێکی تاك و تەرا و تەنیا نەبوو ، بەڵکو تاقە لقێکی گرنگی سیاسەتێکی گشتی کۆنەپەرست بوو ، دیارکردنی ئەمەش بایەخی تایبەتیی هەیە بۆ دەستنیشان کردنی چوارچێوەی ڕاستەقینەی سروشتی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ .

بیرتەسکی کەمالییەکان لەوەدا دەرکەوت کە نەك هەر نەیانتوانی یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی شۆڕشی بۆرژوازی دیموکراتی جێبەجێ بکەن کە ئەویش نەهێشتنی چەوسانەوەی نەتەوایەتییە ، بەڵکو بە تەواوەتی ڕێگایەکی پێچەوانەی ئەوەشیان گرتەبەر . سەرەتای ئەم ڕێگا نالەبارە هەر زوو دەرکەوت[17] . بەتایبەتی کاتی دانانی دەستووری نوێی تورکیا لە نیسانی ساڵی ١٩٢٤دا .

ئەوەبوو لەو دەستوورە تازەیەدا تەنها ئەو بەندانەی دەستوورەکانی ساڵی ١٨٧٦ و ١٩٠٩ هێڵرانەوە کە بە تەواوەتی لەگەڵ بەرژەوەندە چینایەتییەکانی بۆرژوازیی نیشتمانیدا دەگونجان ، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان هەبوو بە بێبەری کردنی چینە چەوساوەکان و نەتەوە ژێردەستەکان لە مافە سیاسییە ڕەواکانی خۆیان (وەك بێبەری کردنی ئەو کەسانەی نەتوانن بە تورکی بخوێننەوەو بنووسن لە مافی دەنگدان و دانانی زمانی تورکی بە تاقە زمانی ڕەسمی لە سەراپای وڵاتا) . هەر ئەم سیاسەتە پێش ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٢٥ لە گەلێك کردەوەی تردا خۆی نواندو زۆر بە خێرایی گەیشتە پلەی سیاسەتێکی شۆڤینی لێکۆڵراوە کە ئامانجی ، وەك نووسەری

---

(١٧) پێش ئەوەی کەمالییەکان بە تەواوەتی دەسەڵات بگرنە دەست ناوەڕۆکی سیاسەتی شۆڤێنی بورژوازی تورك لە کاتی مۆرکردنی پەیمانی «سیڤەر»دا دەرکەوت . بە تایبەتی لەو مەترسییە بێشومارەی ئەو بەندانەی پەیوەندییان هەبوو بە مەسەلەی کوردەوە خستییە دڵیانەوە ، چونکە جێبەجێ کردنیان مانای بێبەری کردنی بورژوازی بازرگانی تورك بوو لە بازارەکانی کوردستانی ژووروو .

ئینگلیزی ف . رایند دەڵیت ، ئەوەبوو «تورکیا بکرێتە دەوڵەتێکی یەك نەتەوەیی»[18] . بۆ جێبەجێ کردنی ئەمەش دیارە پێویست بوو هەموو نەتەوەکانی تری ئەم وڵاتە لە بۆتەی نەتەوەی گەورەدا بتوێنرێنەوە .

وردە وردە دیوی شاراوەی ئەم سیاسەتە کەوتە ڕوو . تەنانەت لەو بایاننامانەشدا کە کەمالی‌یەکان بە کوردستاندا بڵاویان دەکردەوەو بە ئاشکرا ، وەك دیمان ، مەرایی کوردیان دەکرد ، هەر لەو کاتەشدا پەنجەی هەڕەشەیان لەو هێزە کوردانە ڕادەوەشاند کە بڕوایان بە هیچ هەرەوەزێك لەگەڵ تورکیادا نەبوو . کۆتایی ئەو بەیاننامەیەی لەسەرەوە باسمان‌کرد بەم جۆرە هاتبوو :

«ئەوانەی دژی یاسای کۆمارەکەمان ئەوەستن زۆر بە توندی‌و بێبەزەیی لێیان دەدرێت ، هەموو هەوڵێکی یاخی بوون یەکسەر دادەمرکێنرێتەوە بێ ئەوەی ماوەی بدرێت هیچ جۆرە سەرکەوتنێك بەدەست بهێنێت»[19] .

هەر لەو کاتەدا ، وەك مامۆستا شاوەیس لە نووسینەکانیدا ئەیگێڕێتەوە ، کەمالی‌یەکان نەیانهێشت کوردی تورکیا نوێنەری خۆیان بنێرن بۆ بەشداری کردن لە «کۆنگرەی میللەتانی ڕۆژهەڵات»دا کە لە شاری باکۆ لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٢٠دا گیرا ، کەمالی‌یەکان ویستویانە خۆیان وەفدێکی دەستکرد بکەن‌و بەناوی کوردەوە بینێرن بۆ ئەو کۆنگرەیە[20] چونکە ، وادیارە ، مەترسی ئەوەیان بووە نیشتمانپەروەرانی کورد مەسەلەی میللەتەکەیان لەبەردەمی ئەو کۆنگرە جیهانی‌یەدا بە جۆرێکی وەها بهێننە پێشەوە کە لەگەڵ سیاسەتی ئەواندا نەگونجێت . هەر لەو ساڵەدا کەمالی‌یەکان بڕیاری خنکاندنیان بەسەر کامەران عالی بەدرخاندا دا کە خێزانەکەی سەدەیەك ئەبوو بێ وچان خەباتی لە پێناوی ڕزگاری‌ی کوردستاندا دەکرد . پاش ماوەیەك زیا گیۆك ئالپ ، کە بە یەکێك لە فەیلەسووفە نەتەوە پەرستە هەرە

---

(١٨)

F . F . Rynd, Turkish racial theories (Jounal of the Royal Central Asian Society), Vol. XXI, July 1934 , Part II.

(١٩) بڕوانە :

A.M. Hamilton, OP. Cit, P. 296

(٢٠) بڕوانە : «ڕۆژی نوێ» ، ژمارە – ١– ، ساڵی – ٢ . مارتی ١٩٦١ . ل ٢١ .

گەورەکانی تورکیای نوێ دائەنریت[21] . لەو ڕۆژنامەیەدا کە لە شاری دیاربەکر بە زمانی تورکی دەرئەچوو چەند وتارێکی بلاوکردەوە دەربارەی ئەوەی گوایە دیاربەکرو دانیشتوانیو بگرە دانیشتوانی هەموو شارەکانی کوردستانی ژووروو تورکن[22] . ئەم جۆرە نووسینانە بە جارێك هەستی ناسکی نەتەوایەتی بریندار کراوی کوردیان دەجوولاند . بەتایبەتی هەستی ڕۆشنبیرە خوێن گەرمەکان .

لەلایەکی ترەوە سیاسەتی شوڤێنی کەمالی‌یەکان هەموو ڕێکخراوو ڕۆژنامە کوردی‌یەکانی ناچار کرد یا بە تەواوی دەست لە ئیش کردن هەڵبگرن ، یا بچنە کۆڕی خەباتی نەهێنی‌یەوە ، بەتایبەتی دوای ئەوەش کە کاربەدەستانی تورکیا خۆیان بە شێوەیەکی ڕەسمی قەدەغەیانکردن . لە ساڵی (١٩٢٤)ەوە کاربەدەستەکانی کوردستان بە ئاشکرا کەوتنە ئەوەی داوا لە خەڵکی بکەن لە کاروبارو گفتوگۆیاندا زمانی تورکی بەکار بهێنن ، هەر لەو ساڵەشدا ژمارەیەك لە سەرۆکە کوردەکان لە ولات دوور خرانەوە[23] .

ئەمانەو بە دەها کردەوەی تری وا بەجارێك هەستی نەتەوەیی هەموو چینەکانی میللەتی کوردیان بزواندو . ئەمەش کارێکی یەکجار گەورەی کردە سەر ژیانی سیاسی کوردستانی تورکیا . لێرەشدا زۆر گرنگ‌و پێویستە ئەو ڕاستی‌یە بخرێتە بەر چاو کە

---

(٢١) ئەم (زیا گێوك ئالپ)ە (١٨٧٦–١٩٢٤) خۆی خەڵکی دیاربەکر بووە . بە ڕەگەز کوردە . بەلام لە هەموو تۆرانی‌یەك تۆرانی‌تر بووە . بۆیەکا پێی ناخۆش بووە پێی بلێن کوردە . هەندێك لە دوژمنەکانی توانجی ئەوەیان تی‌دەگرت کە تورك نی‌یە ، کەچی لە هەموو کەسێکیش زیاتر لافی تورکایەتی لی‌ئەدات . لە وەلامی ئەوەدا پارچەیەك شیعری داناوە لە ژێر ناوی «بۆ ئەو پیاوەی بە من دەڵێت تورك نیم» کە تیایا ووتویەتی :

من تورك بم یا نا
هاوڕێی تورکم
ئێوەش تورك بن یا نا
دوژمنی تورکن

(٢٢) بڕوانە :

(Turkish Nationalism and Western Civlization. Selected essays of Zia Kokalp), translated and edited by Niyazi Berkes. London.1959, pp.43 — 45, 140 — 141.

(٢٣) بڕوانە :

L.Rambout, Les Kurdes et le droit, Paris, 1947, P. 26.

ئەم بەشەی کوردستان لانکەی دروست بوون و گەشەکردنی بیروباوەڕی نەتەوایەتی و مەڵبەندی سەرەتای پەیدا بوونی جووڵانەوەی ئازادی - نەتەوەیی هەموو میللەتی کورد بووە[24] ، بۆیەکا سیاسەتی شۆڤێنی چینە کاربەدەستەکانی تورك زۆر بە خێرایی رەمەکی خەڵکەکەی جووڵاند ، کە زۆربەی زۆریان لە بۆتەی خەباتی ساڵەهای ساڵی باوو باپیرو خۆیاندا قاڵ بووبوون . ئەمە راستی یەکی مێژوویی یەکجار گەورەیە کە کارێکی زۆری کردۆتە سەر بەرپا بوون و سروشتی راپەرینەکەی ساڵی ١٩٢٥ ، بەڵام بە داخەوە زۆربەی مێژوونووسان خستوویانەتە پشت‌گوێ .

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك مێژوونووسی بێگانەی دووربین پێش بەرپابوونی راپەرینی ساڵی ١٩٢٥ بە ماوەیەك سیاسەتی شۆڤێنی کەمالی یەکان بەرامبەر کورد سەرنجی راکیشاون و خەمڵی ئەوەیان لێ‌داوە کە ئەو سیاسەتە لە ئەنجامدا پاڵ بە کوردەوە دەنێت راپەڕن .

لەم رووەوە رای مێژوونووسی ئینگلیزی بەناوبانگ پرۆفیسۆر ئارنۆلد تۆینبی جێگاو سەنگێکی زۆر گەورەی هەیە . تۆینبی دوو ساڵ پێش راپەرینەکە چۆتە تورکیاو لە نزیکەوە گفت‌وگۆی لەگەڵ کاربەدەستە گەورەکان و پیاوە سیاسی یە ناسراوەکانی ئەم وولاتەدا کردووەو پاش گەڕانەوەی لە یەکێك لە وتارەکانیدا باسی ئەوەی کردووە چۆن لەوێ « هەوڵ دەدرێت کورد بتوێنرێتەوە »وگەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە ئەم سیاسەتە رۆژێك لە رۆژان « دەبێتە هۆی نانەوەی کێشەو ناخۆشی لەلایەن کوردەوە بۆ ئەنقەرە ، بەرادەی ئەو کێشەو ناخۆشی یەی لەلایەن ئەلبانی یەکانەوە کاتی خۆی بۆ ئیمپراتوریەتی عوسمانی نرایەوە »[25] . وابزانم مستەفا

---

(٢٤) زۆربەی جووڵانەوەکانی میللەتی کورد لە سەدەی نۆزدەمیندا لەم بەشەی کوردستان بەرپابوون ، بۆ یەکەم جار ساڵی ١٨٨٠ هەر لەم بەشەی کوردستاندا دروشمی سەربەخۆیی کوردستانی گەورە لە کاتی راپەرینەکەی شێخ عوبەیدوڵلادا هەڵگیرا . هەر کوردە نیشتمان پەروەرەکانی ئەم بەشەی کوردستانیش بوون کە یەکەم رۆژنامەیان بە زمانی کوردی دەرکردو یەکەم رێکخراوی سیاسی یان لە مێژووی هەموو کوردستاندا دامەزراند .

(٢٥) لە بیست و سی یەکانی سەدەی پانزەهەمدا تورکە عوسمانی یەکان هەموو ئەلبانیایان داگیرکرد . هەر لەو کاتەوە میللەتی ئەلبانی زۆر بە گەرمی کەوتە خەبات دژی ئەم داگیرکەرە بێگانانەو دەها راپەرینی خویناوی بەرپاکرد . بۆیەکا زۆر جار دەگوترێت ئەلبانی یەکان لە هەموو لایەك زیاتر کێشەیان بۆ عوسمانی یەکان ناوەتەوە . بە وێنە راپەرینی ئەلبانی یەکان ساڵی ١٩١١ تا رادەیەکی زۆر بووە هۆی لاواز بوونی رژێمی «تورکە لاوەکان» .

کەمال و هاوەڵەکانی زیاتر حیکمەت دەنوێنن ئەگەر هەر لە سەرەتاوە بەربەستی ڕووداندێکی وەها بکەن بەوەی مافی هاونیشتمانی یەکسانی بدەن بە کورد ، بەڵام ئەوان لە تێگەیشتنەوە بێت یا نا سیاسەتی تواندنەوەیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە»[٢٦] .

تەنها هەستی نەتەوایەتی و سیاسەتی شۆڤێنی کەمالی یەکان پاڵیان بە کوردەوە نە نا ڕاپەڕن ، بەڵکو گەلێك هۆی تریش لە ئارادا بوون کە بەشێکی زۆری ئەوانیش هەر ئەنجامی ئەو سیاسەتە بوون . بەر لە هەموو شتێك پێویستە چاوێك بە باری ژیانی ئابوری نوێی کوردستانی تورکیادا دوای سەرکەوتنی شۆڕشی بۆرژوازی ی لەم وولاتەدا بخشێنین تا بتوانین ئەو هۆ ئابووری یە گرنگانە دەست نیشان بکەین کە زرووفی تەقینەوەی سیاسی یان لەم بەشەی کوردستاندا بە جارێك گەیاندە رادەی کامل بوون .

دیارە لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی بۆرژوازی لە تورکیادا سیاسەتێکی ئابووری ی نوێ هاتە کایەوە . کەمالی یەکان لەم ڕووەوە چەند هەنگاوێکیان بەرەوپێشەوە نا بە مەبەستی لاوازکردنی چینی دەرەبەگ و جۆری بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتی و پەرەپێ سەندنی هۆو پەیوەندی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری چ لە کشتوکاڵ ، چ لە پیشەسازی و بازرگانێتیدا . بەڵام ئامانجی بەرو دوای هەموو ئەو هەنگاوانە بەهێز کردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری ی چینی بۆرژوازی ی خۆی بوو ، بۆیەکا لە ئەنجاما نەك هەر باری ژیانی چینە چەوساوەکان بەرەو باش بوون نەڕۆی ، بەڵکو لەگەلێك ڕووەوە بەرەو خراپیش ڕۆی .

کەمالی یەکان نەیاندەویست لە بنەڕەتا لە دەربەگایەتی بدەن و بەوە جووتیار ڕزگار بکەن ، بەڵکو هەوڵ و تەقەلایان ئاراستەی ئەوە کرابوو کە جۆری بەرهەم هینانی دەرەبەگایەتی پلەیەك پێش بخرێت و شێوەی سەرمایەداری بدرێتی ، ئەمەش لە هەموو شوێن و کاتێکدا دەبێتە هۆی قوڵ بوونەوەی چەوساندنەوەی جووتیارو بگرە هەموو لادێی . هەر ئەنجامی ئەم سیاسەتەش بوو کە تا ماوەیەك دوای سەرکەوتنی

(٢٦)

Professor Arnold J. Toynbee, Angora and the British Empire in the East — (The Contemporary Review), London, June 1923 , PP. 386 — 387.

شۆڕشی بورژوازی هەندێك لە سەرانەو باجی دەرەبەگایەتی هەر وەك خۆیان هێڵرانەوە ، بەڵکو کەمالی‌یەکان زۆر جاریش دەستی یارمەتیان بۆ خاوەن زەوی شارێکان ، کە پەیوەندی‌یان لەگەڵیاندا هەبوو ، درێژ دەکرد ، وەك ئەوەی قەرزیان ئەدانی‌و لە دەرەوە تراکتۆرو ئەمرازی بەرهەم هێنانی‌تری نوێ‌یان بۆ دەهێنان . زەوی‌و زاری ئەم جۆرە خاوەن موڵکانە بەتایبەتی لەسەر حسابی جووتیارە ئەرمەن‌و یۆنانی‌یەکان لە پەرەسەندندا بوو ، ژمارەی جووتیاری بێ‌زەویش ، بەتایبەتی لە ناوچەی وەك کوردستاندا ، ڕوو لە زیادی بوو . تەنانەت عیسمەت ئینۆنۆی سەرەك وەزیران ساڵی ١٩٣٦ خۆی ناچار بوو دان بەوەدا بنێت کە «ژمارەیەکی بێ شومار جوتیاری بێ زەوی هەن»[٢٧] . پاش ئەویش بە ٢٤ ساڵ ڕۆژنامەی «یەنی صباح»ی تورکی نووسیبووی کە وا «قسەی شێخ وەك قانوون وایە بۆ جووتیار کە تەنانەت مافی ئەوەشی نی‌یە بێ ڕەزامەندی ئەو بۆ هیچ کارێك پەنا بەرێتە بەر کاربەدەستە میرێکان»[٢٨] . ئەمانە هەموو ئەو ڕاستی‌یە دەخەنە بەرچاو کە وا سیاسەتی کشت‌وکاڵی بۆرژوازی تورك سیاسەتێکی قوڵ‌و سەرکەوتوو نەبوو ، بۆیەکا بووە هۆی پەرەسەندنی دووبەرەکایەتی چینایەتی‌و کۆمەڵایەتی لە لادێکاندا[٢٩] .

دیارە ئەم جۆرە ڕێڕەوە نەیدەتوانی کارێکی وا بکات کشت‌وکاڵ لە تورکیای کەمالیدا هەنگاوی گەورە بەرەوپێش بنێت . بە وێنە تا ساڵی ١٩٢٩ ئینجا ڕوپێوی ئەو زەوی‌و زارەی بۆ کشتوکاڵ بەکار دەهێنرا گەیشتەوە ڕادەی ساڵەکانی پێش شەڕی یەکەم ، بەڵام ئەو بەرهەمەی دەیدا لە دەوروبەری ٨٠٪ی بەرهەمی پێش شەڕ تێ‌نەدەپەڕی ، ژمارەی مەڕومالاتیش هەر لەو ساڵەدا بە زەحمەت خۆی دەدا لە ٨٥٪ی ژمارەی پێش شەڕ[٣٠] . لە ئەنجامی ئەمەدا گرانی هەتا دەهات پەرەی دەسەند . ئەم ژمارانە ، وابزانم ، زۆر بە ئاشکرا ڕادەی ئەو گرانی‌یە دەخەنە ڕوو : ساڵی ١٩١٣ حۆقەیەك گۆشت بە ٥ قرش بوو ، حۆقەی نان بە قرشێك‌و ڕۆنی

---

(٢٧) بڕوانە «مێژووی هەموو جیهان» ، بە زمانی ڕووسی ، بەرگی -٩ - مۆسکۆ ، ١٩٦٢ ، ل ٤٤١ .
(٢٨) لە گۆڤاری «الطریق» ، بێروت ، ٧ی تەممۆزی ساڵی ١٩٦١ . ل ٩٣ وە وەرگیراوە .
(٢٩) زۆربەی مێژوونووسە پێشکەوتن خوازەکان پەنجەیان بۆ ئەم ڕاستی‌یە ڕاکیشاوە (بە وێنە بڕوانە : پ . پ . مایسیێف‌و م . أ . گاسرەتیان ، تورکیا ، بە زمانی ڕووسی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٥ ، ل ٤٨) .
(٣٠) بڕوانە : أ . نۆڤیچیڤ . سەرچاوەی ناوبراو . ل ١٧٠ .

زەیتونیش بە ٣ . بەڵام لە ساڵی ١٩٢٨دا نرخی حۆقەیەك گۆشت گەیشتە ١٥٠ قرش‌و نان ١٨ و رۆنی زەیتونیش ٧٠ قرش . بەم جۆرە لەسەردەمی کەمالی‌یەکاندا نرخی شتوومەکی پێویست لە ١٨ وە تا ٤٠ کەرەت بە نیسبەت پێش شەڕەوە زیادی کردووە[٣١] . تاقە تاقێك کەڵکی لەم گرانی‌یە وەرگتبێت بۆرژوازی‌ی بازرگانی تورك بوو کە ژمارەیەك مێژونووس بە هێزی جووڵێنەری شۆڕشی کەمالی‌ی دائەنێن ، بەڵام بە نیسبەت هەژار و چەوساوانەوە تاقە مانایەکی هەبوو – برسێتی ! .

تەنانەت ئەو پێش‌کەوتنەش کە دوای هاتنی کەمالی‌یەکان بەرهەمی پیشەسازی گرتەوە نەبووە هۆی ئەوەی باری ژیانی ئابووری وڵات بێتەوە سەر خۆی ، بەڵکو بە پێچەوانەوە پەرەسەندنی دەسەڵاتی سیاسی‌و ئابووری‌ی بۆرژوازی‌ی بووە هۆی ئەوەی چەوساندنەوەی چینی کرێکار تەشەنە بسێنێت . رۆژانەی کرێکاری شارەزا لە شاری ئەستەموڵ دەگەیشتە ١٢٠ – ٢٠٠ قرش ، رۆژانەی کرێکاری رەمەکیش لە دەوروبەری ٤٠ تا ١٠٠ قرشدا بوو[٣٢] هەرچەندە رۆژی کار زۆر جار خۆی داوە لە ١٦ سەعات . ئەم رۆژانەیە ، وەك سەرچاوە رەسمی‌یەکان خۆیان دانیان پیا ناوە لە راستیدا بە مقداری ١٧٪ کەمتر بووە لە رادەی رۆژانەی کرێکارانی ساڵی ١٩١٣[٣٣] .

رۆژانەیەکی وا کەم تەنانەت بەشی ژیانی کولەمەرگیشی نەدەکرد ، بە وێنە وەك یەکێك لەسەرچاوە باوەڕپێکراوەکان دەیگێڕێتەوە کرێکارانی کانە خەڵوزەکانی زەنگوڵ – داغ لە نانی رووت‌و گەنمەشامی بەولاوە هیچی‌تریان نەدەخوارد[٣٤]

---

(٣١) دەربارەی ئەو ژمارانە بڕوانە :
(The Times), London, July 8, 1929 ئەوی سەرنج رادەکێشیت تەنانەت کاربەدەستانی تورکیا خۆشیان بە شێوەیەکی رەسمی دانیان بەو گرانیەدا دەنا . هەرچەندە هەوڵیان ئەدا لێی‌کەم بکەنەوە . سەرچاوە رەسمی‌یەکانی ئەو سەردەمە دەڵێن نرخی شتومەك ساڵی ١٩٢٩ لە ١٣وە تا ١٥ کەرەت بە نیسبەت ساڵی١٩١٤وە زیادی‌کردووە (بڕوانە : ر .پ . کورنییتکو ، جوڵانەوەی کرێکاران لە تورکیا (١٩١٨–١٩٦٣) . بە زمانی رووسی . مۆسکۆ . ١٩٦٥ ، ل ٥٧) .
(٣٢) بڕوانە : ر . کورینکو . سەرچاوەی ناوبراو . ل ٥٧ .
(٣٣) بڕوانە : أ . نوڤیچێف . سەرچاوەی ناوبراو . ل ١٧٣ .
(٣٤) «جوڵانەوەی میهەنی جیهانی» . بە زمانی رووسی . بەرگی – ٣ ، مۆسکۆ – لێنینگراد ، ١٩٢٦ ، ل ٤٢–٤٣ .

شان بە شانی فشاری ئابووری لەگەڵ هاتنی کەمالی‌یەکاندا فشاری سیاسیش بۆ سەر چینی کرێکار پەرەی سەند . هێشتا فریا نەکەوتبوون بەتەواوەتی دوژمن لە وڵات دەرپەڕێنن کاتێك درندانە کەوتنە گیانی چینی کرێکارو ڕێکخراوەکانی (تەنها پایزی ساڵی ١٩٢٢ پتر لە ٣٠٠ لە سەرۆکە ئیش‌کەرەکانی ئەم چینە ئاخنرانە بەندیخانەکانەوە)[٣٥] . کەمالی‌یەکان لە کاتێکدا ڕێکخراوی کرێکارانیان دادەخست ، لە هەمان کاتدا ڕێکخراوی سەربەخۆیانیان دادەمەزراند بۆ ئەوەی بەو جۆرە نەهێڵن جووڵانەوەی کرێکاران پەرە بسێنێت‌و بچێتە قاڵبێکی یەکگرتووەوە .

هەموو چینە چەوساوەکانی تورکیا ، بێ‌جیاوازی نەتەوایەتی ، بە جارێك لە دەست ئەم سیاسەتە نالەبارانەی کاربەدەستە بۆرژوازێکانی تورکیاوە وەڕس بووبوون ، ئەمەش هەر زوو لە زنجیرە جووڵانەوەو مانگرتنێکدا پێش ڕاپەرینەکەی ساڵی ١٩٢٥ خۆی بە ئاشکرا نواند . بە وێنە جووتیاری هەندێك ناوچەی ڕۆژئاوای تورکیا ساڵی ١٩٢٣ ڕاپەرینێکی گەورەیان دژی حوکمەت‌و دەرەبەگایەتی بەرپا کردو گەلێك کاربەدەست‌و جاندرمەیان کوشت . بەڵام حوکمەت زۆربە توندی‌و بێ‌بەزەیی‌یانە ئەو ڕاپەرینەی دامرکاندەوەو لە مانگی تشرینی یەکەمی هەر ئەو ساڵەدا قانوونێکی دانا گوایە « دژی چەتەگری »[٣٦] کە سەراپای تەرخان کرابوو بۆ بەرهەڵستی هەموو جۆرە جووڵانەوەیەکی جووتیاران[٣٧] . هەر لەو کاتەدا نارەزایی‌و جووڵانەوەی کرێکاران شێوەیەکی تیژتری وەرگرتبو . تەنها لە هاوینی ساڵی ١٩٢٣دا پتر لە ١٢ هەزار کرێکاری کانە خەڵوزەکانی زەنگوڵ – داغ سێ جار مانیان گرت[٣٨] . گەلێك مانگرتنی‌تری لەو جۆرە لە ئەستەموڵ‌و شارە گەورەکانی‌تری

---

(٣٥) بڕوانە : ر . کورینکو . سەرچاوەی ناوبراو . ل ٤٢-٤٣ .

(٣٦) کەمالی‌یەکان تەنها ڕاپەرینەکانی کوردیان بە «چەتەگری» لە قەڵەم نەدەدا . بەڵکو هەموو جووڵانەوەیەك هەر ئەوەندە دژی خۆیان بوایە ئەو ناوو ناتۆرەیان دەدایە پاڵی .

(٣٧) پ . ب . مایسێف . پەیوەندی کشتوکاڵ لە تورکیای ئەم سەردەمەدا . بە زمانی ڕووسی . مۆسکۆ . ١٩٦٠ . ل ١٧١-١٧٢ .

(٣٨) بڕوانە : ل . کۆرینکو . سەرچاوەی ناوبراو . ل ٥٩ .

تورکیادا روویان‌داو ئەوەی پێویستە سەرنجی بۆ ڕابکێشرێت لەم ڕووەوە ئەوەیە کە نوێنەرانی هەموو نەتەوەکانی تورکیا لەم جۆرە جوولانەوانەدا بەشداری‌یان کردووە .

بەم جۆرە دەبینین دوای هاتنی کەمالی‌یەکان جۆرە نارەزایی‌یەکی گشتی لە هەموو تورکیادا هەبوو کە دیارە گەلی کوردیشی گرتبۆوە . بەلاّم چەند هۆیەکی تایبەتی لە ئارادابوون کە کارێکی وایان کردبوو ئەو نارەزایی‌یە لە کوردستاندا زیاترو ئەنجامی توندو تیژتر بێت . جارێکا بەر لە هەموو شتێك سیاسەتی ئابووری کەمالی‌یەکان لە کوردستاندا سەرەرای هەموو شتێك ڕێبازێکی شۆڤێنی ڕووتیشی وەرگرتبوو . بە وێنە لە کاتێکدا کەمالی‌یەکان لە ناوچە تورکەکاندا تا ڕادەیەکی زۆر تەنها دەسەلاّتی سیاسی‌یان لە خاوەن زەوی‌یە گەورەکان سەندەوە ، دەبینین لە کوردستاندا هەوڵیان دەدا جگە لەوە لە بەرژەوەندی‌یە ئابوورێکانیشیان بدەن ، بە تایبەتی هی ئەو ئاغاو سەرەك هۆزانەی کە لە دەمێکەوە تێکەلّی شەپۆلی جوولانەوەی ئازادی — نەتەوەیی گەلەکەیان بوبون . پێویستیشە ئەوە بلّێین مەبەستی ئەم لێدانە ئازادکردنو بەو جۆرە ڕاکیشانی جووتیاری کورد نەبوو ، بەلّکو بەشێك بوو لە سیاسەتی شۆڤێنی‌ی کەمالی‌یەکان . بە وێنە بەشێك لە باشترین زەوی‌و زاری کوردستان لە خاوەنەکانی زەوت‌کرا بۆ ئەوەی دابەش بکرێت بەسەر ئەو تورکانەی لە دەرەوە ، بە تایبەتی لە یۆنانەوە ئەگەرانەوە[٣٩] . تەنها لە سالّی ١٩٣١دا بڕیار درا ١٠٠ هەزار تورکی بولغارستانو یوگوسلافیا بنێرنە هەندێك لە ناوچە کوردەوارێکان ، گوایە « بۆ بەهێزکردنی دانیشتووە تورکەکانیان »[٤٠] . دیارە ئەم سیاسەتە بووە هۆی نارەزایی نەك تەنها جووتیاری کورد ، بەلّکو لە گەلّیاو ، هەر بەو ڕادەیەش چەوسێنەرەکانیشی .

هۆیەکی تری تایبەتی ئابووری لە ئارادا بوو کە کاری کردبووە سەر بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی کوردستان ، بە تایبەتی هۆزە نیمچە کۆچەرو بازرگانەکانی . ئەوە بوو لە سەدەی نۆزدەمینەوە سەرەتای دروست‌بوونی یەك بازاری لە هەموو کوردستاندا

---

(٣٩) بڕوانە : «کێشەکانی کشتوکال» . بەزمانی ڕووسی . بەرگی ١-٢ . مۆسکۆ . ١٩٣٦ . ل ١٢٧ .
(٤٠) بڕوانە :

(The Times), August 27, 1931

دەستی پێ‌کردبوو ، ئەم کارە گرنگە لە ئەنجامی بەستنی بازاڕی کوردستان بە بازاڕەکانی جیهانی سەرمایەداری‌یەوەو دەست پێ‌کردنی ڕزگاربوون لە ئەنجامی ئەوەدا لە چوارچێوەی بەرهەم هێنانی تەبیعی ، ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەسەندندا بوو ، دابەش‌کردنی کوردستانیش بە ناو لە نێوان تورکیاو ئێراندا لەو سەردەمەدا هێشتا نەبووبووە کۆسپ لە بەردەمیدا . لەو سالأنەدا ئال‌و گۆڕی بازرگانی لە نێوان کوردستانی خواروو و ژووروودا تا ڕادەیەکی دیار لە گەشە کردندا بوو بە هۆی ئەو کاروانانەوە کە لە نێوان هەردوو لایاندا لە هات‌و چۆدا بوون بەو حەوت ڕێگایەو ئەو دۆڵە گەورەیەی کەوتۆتە عاستی گەیشتنی خابوور بە ڕووباری دجلەوەو کە پانایی ٢٠ کیلومەترێك دەبێت ، ئەو ڕێگایانەی بە جارێك ئەمدیوو ئەودیوی کوردستانیان پێکەوە بەستووە . تەنانەت لە کاتی دووبەرەکایەتی تورك‌و ئینگلیزدا لە سەر کوردستانی خواروو تورکەکان زۆر لەسەر ئەوە سوور بوون کە وا پەیوەندی بازرگانی لە نێوان ئەم بەشەی کوردستان‌و کوردستانی ژووروودا زۆر بە هێزەو بۆ بەڵگەش باسی ئەو حەوت ڕێگایەو دۆڵەکەی لای خابووریان کردبوو[٤١] . جگە لەوە هەر ئەو پەیوەندی‌ی ئابووری‌یە بوو کە پاڵی نابوو بەو لیژنە تایبەتی‌یەی «کۆمەڵەی گەلان» ناردبووی بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو کێشەیە لە ڕاپۆرتەکەیدا داوا بکات کە ئەگەر هاتو «ویلایەتی مووسڵ» درا بە عیراق ئەوا پێویستە ڕێگای خەڵکەکەی بدرێت بە سەربەستی بازرگانیی خۆیان لەگەڵ تورکیاو سوریادا بکەن‌و مافی ئەوەش بدرێت بە بازرگانەکانی کوردستانی تورکیا ڕێگاکانی ویلایەتی مووسڵ بۆ ئال‌و گۆڕی بازرگانی بەکار بهێنن[٤٢] .

بەڵام زرووفی نوێی دوای کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهان‌و بە ڕادەی یەکەم داگیرکردنی کوردستانی خواروو لە لایەن ئینگلیزەوەو دابڕینی لە کوردستانی ژووروو ، لەگەڵ سەرکەوتنی چینی بۆرژوازی لە تورکیاو ئێران مانای ئەوەیان دەبەخشی کە ئیتر

---

(٤١) بڕوانە :

(League of Nations . Qnestion of the frontier between Turkey and Iraq. Report submitted to the Council by the Commission instituted by the Council Resolution of the September 30th , 1924), Geneva, 1924, P. 29

(٤٢) Ibid, P. 90

کوردستان بە شێوەیەکی عەمەلی دابەش بوو بە چەند پارچەیەکەوە کە بە زۆر هەوڵ دەدرا بە یەکجاری لێك داببڕێن ، ئەمەش بێگومان کارێکی یەکجار گەورەی کردە سەر ژیانی ئابوری کوردستانو بە تایبەتی سەر عەمەلیەتی دروست بوونی یەك بازاری تیایا .

تورکەکان ئەیانویست بە جارێك دەست بەسەر هەموکوردستاندا بگرن ، بەڵام زانی‌یان ناتوانن کوردستانی خواروو بخەنە ژێر رکێفی خۆیان ، بۆیەکا لە ساڵی ١٩٢٤وە کەوتنە ئەوەی بە سەرباز هەموو کونو کەلەبەری سنوورەکانی‌یان لەگەڵ سوریاو بە تایبەتی لەگەڵ عیراقدا بتەنن[٤٣] . بەم جۆرە رێگای بازرگانێتی لە نێوان ئەم دوو بەشەی کوردستاندا تا رادەیەکی زۆر بەستراو نەك تەنها بازرگانەکانی هەردوولا ، بەڵکو هەردوو بازارەکەش لە ئەنجامدا زۆر زەرەربار بوون ، تەنانەت نوێنەرانی عیراق لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی دوو قۆڵی چاودێری سنووری نێوان تورکیاو عیراق کە کۆتایی ساڵی ١٩٢٦ لە زاخو گیرا بە شێوەیەکی تایبەتی سەرنجی هاوەڵە تورکەکانیان بۆ ئەم کێشە ئابووری‌یە راکێشا[٤٤] .

دابڕینی کوردستانی ژووروو و خواروو بە زۆر لە یەکتر کارێکی زۆری کردە سەر ژیانی ئابووری‌ی هۆزە نیمچە کۆچەرەکانیش . کاربەدەستانی تورکیا بە جارێك هاتوچۆی ئەو هۆزانەیان لە نێوان هاوینو زستانە هەوارەکانیانا کە کەوتبونە هەردوو بەشەکەی کوردستانەوە ، قەدەغەکرد . لە ئەنجامی ئەمەدا بە هەزارەها سەر مەڕو بزنی ئەو هۆزانە فەوتان . بە وێنە تەنها لە هاوینی ساڵی ١٩٢٧دا دەورووبەری ٦ هەزار کەس لە هۆزی ئەرتوشیو سەندی لە ئەنجامی دابڕینیان لە هاوینەهەوارەکانیان بە جارێك زەرەرمەند بوون[٤٥] ، لە پێش ئەوانیشدا بە دوو ساڵ دەورووبەری

(٤٣) بروانە : A.Safrastian , Kurds and Kurdistan, PP. 87 — 88.

(٤٤) بروانە :

(Report by Britannic Majestys Government to the Conucil of the League of Natious on the administration of Iraq for the year 1926), London, 1927, P.21.

(٤٥) بروانە :

(League of Nations. Report by Britannic Majestys Government to the Council of the League of Nations of the administration of Iraq for the year 1927), London, 1928, p.26.

۱۲۰۰ خێزان لە هۆزی میران ناچار بوون بە یەکجاری کوردستانی تورکیا بەجێ بهێڵن لە تاو بێبەری‌کردن لە هاوینەهەوارەکانیان کە کەوتبوونە کوردستانی خوارو لە قەراغ رووباری دجلەدا(٤٦) . دیارە لە ئەنجامی ئەمەدا نیمچە کۆچەرەکانی کوردستانیش بە تەواوەتی لە کاربەدەستە نوێکانی تورکیا داخ لە دڵ بوون .

ئەم نیمچە کوچەریانە لەگەڵ هەموو لادێیکانی تری کوردستانو هەروەها کرێکارو هەژاری ناو شاریش هەر وەك چینە چەوساوەکانی هەموو تورکیا زەلالەتیان بوو بە دەست ئەو باجو سەرانە تازانەوە کە بە یەکجاری پەکی خستبوونو تەنانەت ماوەی کۆبوونەوەی سەرمایەشیان لە دەست حیرەفی‌یەکانو بازرگانە ناونجێکانیشدا نە ئەدا تا بتوانن لەگەڵ رێبازی سەرمایەداری نوێی تورکیادا خۆیان بەرن بەرێوە . فشاری ئەم باجو سەرانانە بۆ سەر لادێی لە هەموان زیاتر بوو ، چونکە لە سەردەمی عوسمانێکاندا زۆربەیان بە یەکجاری یا ساڵەو ساڵ خۆیان لە دانیان ئەدزیوە . بە وێنە ساڵی ۱۹۱۳ یەکێك لە خێزانە دەرەبەگەکانی ناوچەی بتلیس بیست ساڵی رەبەق بەسەر ئەوەدا تێپەڕیبوو کە پوولێك باجو سەرانەی دەوڵەتی نەدابوو(٤٧) ، بەڵام لە سەردەمی دەسەڵاتی مەرکەزی بورجوازیدا دیارە ماوەی شتی وەها بە جارێك برا . گۆڤاری «رۆژهەڵاتی نزیكو هیند»ی ئینگلیزی دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێك بەسەر راپەرینەکەی ساڵی ۱۹۲۵دا دەربارەی ئەم باسە نووسیویتی دەڵێت : «وەزارەتی دارایی هیچ کونو کەلەبەرێکی نەهێشتۆتەوە دانیشتوانی تورکیا لە رێگایانەوە بتوانن خۆیان لە دانی باجو سەرانە رزگار بکەن»(٤٨) . لە لایەکی ترەوە ئەو باجو سەرانانە تا دەهات لە زۆربووندا بوون . بە وێنە تەنها لە ماوەی ساڵێکدا (۱۹۲۸–۱۹۲۹) داهاتی دەوڵەت لە باجو سەرانە پتر لە ٦٪ی زیادی کرد(٤٩)

---

(٤٦) بڕوانە :

(Report.... for the year 1926) P. 16

(٤٧) بڕوانە :

A. Safrastian, Kurds and Kurdistan, PP. 72 — 73.

(٤٨) بڕوانە :

(The Near East and India), Vol XXVIII, November 19, 1925, P. 612.

(٤٩) بڕوانە :

(The Near East and India), Vol XXXIV, August 9, 1929, P. 178.

ساڵی ١٩٣٨-١٩٣٩ باجی مباشر گەیشت بەڕادەیەك كە پێنج ئەوەندەی ساڵی ١٩٣٠-١٩٣١ ئەبوو[٥٠] .

تەنانەت فشاری سەرانەو باجیش لە كوردستاندا زیاتر بوو وەك لە ناوچەكانی‌تر ، هیچ نەبێت لە ئەنجامی ئەوەدا كە بەشێكی زۆر لە سوپای دەوڵەت لێرە لە سەر ورگی ڕەمەكی خەڵكەكە دەژیان . عبدالعزیز یامولكی دەربارەی ئەمە نووسیویێتی دەڵێت : « سوپای تورك بەڵایەكی گەورە بوو بە سەر شانی جوتیاری كوردەوە كە ناچار بوو شتومەكی بۆ كۆبكاتەوەو بە كۆڵی خۆی بیگەیێنێتە سەربازخانەكانی‌و لێرەش بە ئارەزووی خۆیان نرخیان بۆ دادەناو هەر ئەوەندەیان بۆ دەهێشتەوە كە بتوانێت زستانی بە كولەمەرگی بە نان‌و بەڕوو پێ‌بەرێتە سەر»[٥١] .

ئەم سیاسەتە بە جارێك خەڵكەكەی وەڕس كردبوو . بەشێك لە ڕێكخراوە سیاسێكانی كوردستان هەستیان بەمە كردبوو بۆیەكا هەندێكیان ، وەك «كۆمیتەی ئەرزرۆم» ، لە كاتی ڕاپەرینەكەی ساڵی ١٩٢٥دا بەیاننامەی تایبەتی‌یان بڵاوكردەوە كە تیایا پەیمانی لابردنی باج‌و سەرانەیان دابوو[٥٢] .

ئەمەبوو بە گشتی باری ژیانی ئابووری‌و كۆمەڵایەتی كوردستانی ژووروو دوای سەركەوتنی شۆڕشی بۆرژوازی لە توركیادا ، هەر لەم شەپۆلە فراوانە پڕ پێچ‌و پەنایەشدا بە ئاسانی دەتوانرێت هۆ بنەڕەتی‌یەكان‌و هێزە بزوێنەرەكانی هەموو جووڵانەوەی ئازادی - نەتەوایەتی كوردستانی توركیای دوای شەڕی یەكەم ، بە ڕاپەرینە گەورەكەی ساڵی ١٩٢٥وە ، دەست نیشان بكرێن .

ئەو هۆیانە ، وەك ئاشكرا دیمان ، لە ناو كومەڵەكە خۆیداو زۆربەیان لە زرووفی سەركەوتنی شۆڕشی بۆرژوازی نەتەوەی دەسەڵاتدارا دروست بوون ، ئەو هۆیانەش نەك تەنها لە كوردستاندا ، بەڵكو لە هەموو شوێنێك‌و هەموو كاتێكدا لەو سەردەمەدا بەس‌بوون بۆ ئەوەی هەر میللەتێكی‌تر بێت بیگەیێننە ڕادەی تەقینەوە ، زۆر ئاشكرایە

---

(٥٠) «مێژووی هەموو جیهان» . بەزمانی ڕووسی . بەرگی ٩ . ل ٤٤٥ .

(٥١) عبدالعزیز یاملكی . كوردستان و كورد اختلال لری . جلد - ١ - . تهران . ١٩٤٦ ، ص ٧٨ .

(٥٢) بڕوانە :

A. Ghassemlon, Kurdistan and the Kurds, P. 50

له زرووفی وادا ئەگەرچی هۆی دەرەوەش لە ئارادا بووبێت ئەوا ئەو هۆیە هەر بە پێی زانیاری مێژوو خۆی لە ئەوپەڕیدا ئینجا نەیتوانیوە لە دەورێکی پچووك زیاتر ببینێت و هیچ کاتێك ڕاست نی‌یەو ناتوانرێت بە چاوی هێزی جوولێنەری بنچینەیی ڕاپەرینەکەی ساڵی ١٩٢٥ ، وەك گەلێك مێژنووس کردویانە ، دابنرێت .

باسی شەشەم

کۆمەڵەی گەلانو کورد

کورتەیەك دەربارەی سیاسەت(*) :

هەرچەندە بەشێکی زۆری ئەم وتارە بۆ باسی چۆنیەتی دامەزراندنی «کۆمەڵەی گەلان» (عصبة الامم)و سروشتی ئەو دەزگایە تەرخان کراوە ، بەڵام ئەوە بۆی هەیە یاریدەمان بدات باشتر لە هەڵوەستی کۆمەڵە بەرامبەر بە گەلی کورد تێبگەین . جا با لە پێشدا بە کورتەیەك دەربارەی سیاسەت‌و ئاڵ‌وگۆرەکانی دەست پێبکەین .

مرۆڤ لەوەتەی هۆشی بەبەردا هاتووەو کەوتۆتە بیرکردنەوە فێری سیاسەت ، یا وەك دەڵێن رامیاری ، بووە[1] . ئەو فێڵ‌و فەرەجەی بۆ گورەران‌و پارووەنانێك بەکاری دەهێنا یەکەم رووی ساکاریی سیاسەت بوو لە ژیانیدا .

وەك هەر دیاردەیەکی تری ژیان سیاسەتیش لەوەتەی پەیدابووە بێ‌وچان لە ئاڵ‌و گۆڕو بەرەوپێش چووندایەو دەبێ . دەمێکە سیاسەت بۆتە پیشەو هونەرو زانست . لەو کاتەوەی کۆمەڵ‌و دەوڵەت پەیدا بوون سیاسەت بۆتە ئەرکی یەکەمی سەر شانی زۆربەی دامودەزگاو کاربەدەستانیان‌و هەر لەبەر ئەوەشە وشەی «پۆلیتیکا»ی گرێکیی کۆن کە واتای کاروباری کۆمەل یا دەولەت دەبەخشێ بە مانای (سیاسەت) تێکەڵ بە زمانە ئەوروپایی‌یەکان بووە[2] .

(*) لە لاپەرە ٢-٢٩ی ژمارە حەفدەی «کاروان»دا بڵاوکراوەتەوە .

(١) بۆ ئامادەکردنی ئەم وتارە کەڵکی زۆرم لەو موحازەرانەم وەرگرتووە کە بە یاریدەی گەلێك سەرچاوەی جیاواز بۆ پۆلی چوارەمی بەشی مێژووی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا ئامادەم کردوون .

(٢) وشەی (Politika)ی گرێکی لە (Polis) ەوە هاتووە کە مانای دەوڵەتە . دیارە وشەی پۆلیسیش هەر لەمیانەوە هاتووە .

دوای دەوڵەت پەیدابوونی ئایینیش دەوری گەورەی لە بەرەوپێش بردنی سیاسەتدا بینی . ئایین بێ سیاسەت نەیدەتوانی بلاوببێتەوەو پەرەبسێنێ . لە سەرەتای سەدەی چوارەمینەوە ئایینی عیسایی‌و دەوڵەت تێکەڵ بەیەك بوون‌و پاش ماوەیەکی کەم پاپای وا پەیدا بوو دەشیا لە سیاسەتبازیدا ببێتە مامۆستای دەیان میرو پاشای ڕۆژگاری خۆی .

پێغەمبەری خۆشمان ، درودی خوای لێ‌بێ ، هەر لە یەکەم ڕۆژی هەڵهاتنی خۆری ئیسلامەتی‌یەوە توند توند سیاسەت‌و ئایینی پێکەوە بەست . نامە بەناوبانگەکانی بۆ پاشایانی ڕۆم‌و فورس‌و حەبەش یەکەم نموونەی پێرەندی دیپلۆماسی‌ی جیهانی نوێی موسڵمانن .

وەك گوتمان سەرەتا سیاسەت یەکجار سادەو ساکار بوو . لەگەڵ پەیابوونی دەسەلات‌و دامەزراندنی دامودەزگای میری‌و ئاییندا سیاسەت ڕووی لە وردەکاری‌و ئاڵۆزی کرد .

بەرژەوەندی‌یەکانی ژیانی ڕۆژانەو پەرەسەندنی تێکەڵی یەك بوونی گەلا
دراوسێ‌و لێك نزیك لە ڕۆژگاری کۆنەوە بوونەتە هۆی پەیدابوون
نێوان دەزگا میری‌یەکانی جیهانی پێشکەوتووی ئەوساکەدا
دوورو درێژ ئەو پێوەندی‌یەش ساکارو بێ‌گر
ولاتێك بۆ بەستنی پەیمانێك
خوازبێنی شازادەیەك ڕووی
بەرەو نیشتمان دەگەڕایەوە
بێ ئەمسەرو ئەوسەر
جاری وا هەبوو لە
وەفدە بەناوبانگە
خایاند .

ئەرکی و
موسڵمانان
پۆلۆی زا
خزمەد

١٢٧١ ڕۆیشت‌و ساڵی ١٢٩٥ گەڕایەوە[٣] . مارکۆ پۆلۆ بە نزیکەی سێ ساڵ‌و شەش مانگ ڕێگەی نێوان ڤینیسیای ئەورووپاو پەکینی[٤] ئاسیای بڕی‌و تەنانەت خاکی ئێمەش بەشێك بوو لەو ناوچەو وڵاتانەی پیایاندا تێپەڕی .

لەگەڵ پەیدابوونی ڕژێمی سەرمایەداری‌و دروست بوونی ژمارەیەك دەوڵەتی گەورەو دەسەلاتدارو چاوچنۆك قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسی‌ی گەلاندا دەستی پی‌کرد . هیچ کامێك لەو دەوڵەتە گەورە ئەورووپایی‌یانە بە سنووری خۆی دابین نەدەبوو ، هەر یەکەیان چاوی بڕیبووە خاك‌و سامانی گەلانی ترو لەناو یەکیشدا دەستیان نابووە بیناقاقای یەکتر . هەر ئەوەندەت دەزانی کڵپەی ئاگری شەڕ بەرز دەبۆوەو بە هەزاران‌و بە دەیان هەزار دەبوونە قۆچی قوربانی . ئەو شەڕانەی ئەورووپا لە ڕۆژگاری ناپلیۆن بۆناپارتدا . واتە سەرەتای سەدەی نۆزدەمین ، گەیشتنە پلەیەکی ترسناکی ئەوتۆ کە مێژوو تا ئەو سەردەمە لە وێنەی بەخۆیەوە نەبینیبوو . زیانە زۆرەکانی ئەو شەڕانەو وەڕس بوونی بێ‌ئەندازەی گەلانی ئەورووپا پاڵیان نا بە فەرمانڕەوایانی ئەو کیشوەرەوە زیاتر بکەونە سۆراخی ڕێبازی چارەسەرکردنی ئاشتی‌یانەی کێشە نێو دەوڵەتی‌یەکان . لەبەر ئەوە سیاسەتکاران بە پێویستیان زانی دەزگایەکی باڵا بۆ چاودێری‌کردنی پێوەندی‌ی نێوان دەوڵەتە گەورەکان دابمەزرێنن ، ئەوان هاتبوونە سەر ئەو بیرەی دەشێ ئەوی بە چەك‌و شەڕو خوێن‌و فرمێسك دەبڕێتە سەر بە گفتوگۆو لێدوان‌و لێکدانەوەش هەمووی نەبێ بەشێکی زۆری جێ‌بەجێ‌بکرێ . بۆ ئەو مەبەستە دوای کەوتنی ناپلیۆن کۆنگرەی ڤیەنا بڕیاری دامەزراندنی جۆرە کۆڕێکی دا کە جاروبار نوێنەرانی ژمارەیەك دەوڵەتی گەورە بۆ لێدوان لە باسە گرنگەکانی جیهان دەیانبەست .

دوای کۆنگرەی ڤیەناو بەتایبەتی پاش ئەوەی لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەمینەوە وڵاتە سەرمایەدارە پێشکەوتووەکان گەیشتنە قۆناغی ئیمپریالیزم . سیاسەت‌و پێوەندی‌ی نێوان دەوڵەتان کەوتنە بارو دۆخێکی نوێی یەکجار وردو ئاڵۆزەوە کە تا دەهات گرێ کوێرەکانیان زیاترو باریان قورستر دەبوون‌و ئەنجام کار گەیشت بەوەی

---

(٣) مارکۆ پۆلۆ (M.Polo) ساڵی ١٢٥٤ لەدایك بووەو ساڵی ١٣٢٤ کۆچی دوایی کردووە .
(٤) بەزمانی چینی (پەکین) مانای پایتەختی باکوورە .

فەرمانڕەوایان پەنا بەرنە بەر چەك وەك دوا هیواو ئاواتی چارەسەرکردنی کێشەو بێنەوبەرە زۆرەکانی وڵاتەکانیان . بەو جۆرە سەرەتای ئابی ساڵی ١٩١٤ شەڕێك بەرپا بوو کە مێژوو تا ئەو کاتە لە وێنەی بەخۆیەوە نەبینیبوو ، شەڕێکی ئەوتۆ کە هەموانی گرتەوەو بە ڕەوایی ناوی لێنرا «شەڕی یەکەمی جیهان» .

زیانەکانی شەڕی یەکەمی جیهان کوشندەو جەرگبڕ بوون . تەنها ئەوانەی بە بەرگی سەربازی‌یەوە لە شەڕگەکاندا کوژران ، ژمارەیان خۆی دەدا لە نزیکەی (١٠) ملیۆن کەس . ئەوانەش کە لە جەنگەی شەڕدا بریندار بوون (٢٠) ملیۆن دەبوون کە سێ ملیۆن‌و نیویان تا مردن بە کەفتەکاری مانەوە . لە صەدا پەنجای لاوو (٤) هەزار گوندو (٢٣) هەزار کارگەو کانە ئاسن‌و خەڵوزو (٥٥٠) هەزار خانوبەرەو (٥٨) هەزار کیلۆمەتر ڕێگەوبانی تەنها فەرەنسە[٥] بووە خۆراکی ئاگری شەڕی یەکەمی جیهان کە بە لایەنی کەمەوە (٣٦٠) ملیار دۆلاری زێڕی تێچوو ، واتە گەلێك لەو پارەیە زیاتر کە هەموو شەڕەکانی پێشووی جیهان بەسەر یەکەوە هەڵیان لووشی .

ئەم ڕاستی‌یە ترسناکە دەبوو دەروونی هەموان بهەژێنێ‌و لە گۆڕەپانی سیاسەتدا گەلێك سەرنج‌و هەڵسەنگاندنی نوێ بهێنێتە ئاراوکایەوە کە دامەزراندنی «کۆمەڵەی گەلان» یەکێك لە ئەنجامە سەرەکی‌یەکانیان بوو .

دامەزراندنی «کۆمەڵەی گەلان» :

بەر لەوەی شەڕی یەکەمی جیهان تەواو بێت بە ماوەیەك کاربەدەستانی ژمارەیەك لە دەوڵەتە گەورەکان کەوتنە سۆراخی دامەزراندنی ڕێکخراو یا دەزگایەکی باڵای نێودەوڵەتی بۆ جیهانی دوای شەڕ . بۆ ئەو مەبەستە فەرەنسی‌یەکان لیژنەیەکی تایبەتی‌یان بە سەرۆکایەتی وەزیری کار دامەزراند . فەرمانڕەوایانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەموان زیاتر بایەخیان دایە ئەو باسە . ئەوان کە شەڕ بووە خێرو بەسەریاندا ڕژاو گەلێك لە جاران دەوڵەمەندو بەتواناتر بوون دەیانویست لە جیهانی سیاسەتی پاش شەڕدا ئەو ڕێکخراوە بکەنە داردەستی خۆیان .

---

(٥) بەدرێژایی هەر چوار ساڵ‌و سێ مانگ‌و دە ڕۆژەی تەمەنی شەڕی یەکەمی جیهان جەنگ بۆ تاوێك لەناو خاکی فەرەنسەدا نەوەستا .

هەرچۆن بێ لەگەڵ تەواو بوونی شەڕدا دامەزراندنی «کۆمەڵەی گەلان» (عصبة الامم – League of Nations) ببووە دروشمێکی ڕەخسیو، بۆیە «کۆنگرەی ئاشتیی پاریس» کە ڕۆژی (١٨)ی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩١٩) کرایەوە بەتایبەتی بایەخی پێداو ڕۆژی (٢٥)ی کانوونی دووەمی هەر ئەو ساڵە جێبەجێ کردنی سپاردە لیژنەیەکی بەرز بە سەرۆکایەتی ویدرۆ ویلسنی سەرەك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

دیارە دەوڵەتە سەرکەوتووەکان هەر یەکەیان دەیویست پرۆگرامی «کۆمەڵەی گەلان» بە جۆرێك بێ کە لە هەموو سەرێکەوە لەگەڵ ئامانجو پلانو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بگونجێ. فەرەنسەییەکان سوور بوون لەسەر ئەوەی کۆمەڵە ببێتە چقڵی چاوی ئەڵەمانەکانی هاوسێیان کە بە چاوی دوژمنی باوەکوشتە سەیریان دەکردن. ئەوان داوای دامەزراندنی هێزێکی سەربەخۆیان بۆ کۆمەڵە دەکرد چونکە دەیانزانی لەبەر ئەوەی لەشکری سوارەو پیادەی ئەوسای فەرەنسە گەورەترین هێزی چەکداری جیهان بوو ئەو هێزە دەبێتە دەسکەلای خۆیان، بەلام بە ناوی گشت دەوڵەتە گەورە سەرکەوتووەکانەوە.

پرۆگرامی ئینگلیزەکان دامەزراندنی ڕێکخراوێکی فراوانی ڕەچاو نەدەکرد، ئەوان دەیانویست کۆڕێکی تایبەتی بۆ نوێنەرانی وڵاتە گەورەکان دابمەزرێنن کە دەبوو کاری بەرودوای بریتی بێ لە پاراستنی دۆخی نوێی جیهان. ئینگلیزەکان لەبەر ئەوەی هەرچییەکیان ویستبوو بەهۆی شەڕەوە دەستیان کەوتبوو بە «بەشی خۆیان» قایل بوونو دژی ئەوەبوون کەس دەست بخاتە ناو کاروباری خۆیانو وڵاتە ژێردەستەکانیانەوە کە ئەوسا کە پێوانەیان خۆی دەدا لە (٣٥) ملیۆن کیلۆمەتری چوار گۆشەو ژمارەی دانیشتوانیان دەگەیشتە (٤٥٠) ملیۆن کەس.

لە باسی دامەزراندنو پرۆگرامی «کۆمەڵەی گەلان»دا ئەمەریکاییەکان بە جۆرێکی تر هاتنە دەست. واشنگتۆن دەیویست ڕێکخراوێکی جیهانی فراوان دابمەزرێنرێو هەموان ببنە ئەندامی تاوەکو ببێتە شوێنی تۆژینەوەی باری وڵاتان، تەنانەت دژی ئەوەش بوو ئەڵەمانیای بەزیو نەبێتە یەکێك لە ئەندامانی چونکە دەیویست لەو ڕێگەیەوە لە سەرکێشی ئینگلیتەرەو تایبەت لە سەرکێشی فەرەنسە

کەم بکاتەوە . لەوەیش زیاتر ، نوێنەرانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەو ڕۆژانەدا تا ڕادەیەکی زۆر «لایەنگری» دیارکردنی مافی چارەنووسی گەلان بوون ، دەیانویست «کۆمەڵەی گەلان» ئەو مافە بکاتە دروشمێکی سەرەکی ی خۆی . هەروەها لەگەڵ بازرگانی ی سەربەستو بێ قۆرتدا بوون . لەو بارەیەوە دروشمی «دەروازەی کراوە» یان[٦] هەڵکرد . مەبەست لە «دەروازەی کراوە» ڕێگەدانی دامەرزاندنی پێوەندی ی ئابووری ی ئازاد بوو بۆ هەموان بێ جیاوازی . بەو دروشمەیان فەرمانڕەوایانی واشنگتۆن قایم لە دەرگا داخراوەکانیان دەدا .

ئەو ویستو داخوازی یانەی ئەمەریکایەکان کە تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ چاکەو بەرژەوەندی نەتەوە بچوکەکانی جیهاندا دەگونجان لە خۆڕا نەبوون ، هەموویان دەستکردی سیاسەتێکی وردو دووربین بوون کە خزمەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئامانجی سەرەکی و یەکەمی بوو . سامانی نەتەوەیی ئەو ولاتە بەهۆی شەڕەوە لە ئەندازە دەرچوو ، بازاڕی نیوەی ڕۆژئاوای جیهان بە تەنها ئیتر دادی بەرهەمی پیشەسازی و بەروبوومی کشتوکاڵو پارەی کۆبۆوەی زۆری ئەوی نەئەدا . ڕەنگیێ هێندە بەس بێ گەر بڵێین لەگەڵ تەواو بوونی شەڕی یەکەمدا لە ٤٠٪ی هەموو پاشەکەوتی زێڕی جیهان کەوتە بانکەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە ، کە قەرزی ئەو ولاتە بەسەر ئینگیلتەرەو فەرەنسەو ژمارەیەك ولاتی سەرمایەداری ترەوە گەیشتە (١٤) ملیار دۆلار . لە کاتێکدا بەر لەوەی شەڕ هەڵگیرسێ ئەو ساڵی (٢٠٠) ملیۆن دۆلار قەرزانەی دەدایە ئەو ولاتانە . کەچی ئەو ولاتە یەکجار دەوڵەمەندە لە بەروبوومی ولاتە ژێردەستەکان بێ بەری بوو . پێوانەی ئەو مەڵبەندو ناوچانەی کەوتبوونە ژێر ڕکێفی ئەوەوە کەمێك لە چارەکە ملیۆنێك کیلۆمەتری چوار گۆشە زیاتر بوون . بەرامبەر بەوە فەرەنسەیی یەکان نزیکەی دوازدە ملیۆن کیلۆمەتری چوار گۆشەی خاکی گەلانیان بە ئارەزووی خۆیان دەرووتاندەوە . هەر ئەوساکە پێوانەی ولاتە ژێردەستەکانی ئینگلتەرە لە (٣٥) ملیۆن کیلۆمەتری چوار گۆشە

---

(٦) «دەروازەی کراوە» واتە (الباب المفتوح) . کاربەدەستانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ساڵی (١٨٩٩) ئەو زاراوەیان بۆ یەکەم جار بەکار هێنا . ئەوساکە دەیانویست بەو بیانووەوە خۆیان بگەیێننە بازارە فراوانەکانی چین کە بەدەست دەوڵەتە گەورەکانی ترەوە بوو .

تێدەپەڕی کە ژمارەی دانیشتوانیان ، وەك گوتمان ، خۆیدەدا لە (٤٥٠) ملیۆن کەس ، واتە ئەو خاکەی بەدەست فەرەنسەوە بوو نزیکەی (٤٥) هێندو ئەوەی بەدەست ئینگلتەرەوە بوو نزیکەی (١٣٥ – ١٤٠) هێندی ئەو خاکە بوون کە بەدەست ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بوو . کەوابێ دەبوو واشینگتۆن هەوڵ بدات هەرچۆن بێ درزێك بکاتە دیواری ئەو قەلاّ سەختەی هاوپەیمانەکانی دوێنێیەوە . بەپێی پرۆگرامی ئەمەریکایی‌یەکان «کۆمەڵەی گەلان» دەیتوانی لەو کارەدا دەورێك ببینێ .

بەلاّم نە تەرازووی هێزی چەك‌و نە تەرازووی توانای ئابووری‌ی ئەو رۆژگارە بواریان نەئەدا هیچ کامێك لەو پرۆگرامانە بەتەواوەتی پارسەنگ بێت ، بۆیەکا ئارەزووی هەموان لە دامەزراندنی «کۆمەڵەی گەلان»دا تێکەڵ بەیەك بوو ، ئەوەش بۆ خۆی بووە هۆی یەکەمی بە لاوازی لە دایك بوونی کۆمەڵە .

لیژنە تایبەتی‌یەکەی ویدرۆ ویلسن کارەکانی خۆی تەواو کردو لە (٢٦) خاڵی سەرەکیدا پێڕەوی بۆ «کۆمەڵەی گەلان» دانا . ئەو (٢٦) خاڵە بوونە بەشی یەکەمی هەموو ئەو پەیمانانەی لە کۆنگرەی ئاشتی‌ی پاریس مۆر کران‌و کە «پەیمانی ڤێرسای» نێوان ئەڵەمانیاو هاوپەیمانەکان لە هەموویان گرنگتر بوو .

ئەندامەتی‌و دامودەزگاکانی «کۆمەڵەی گەلان»

بەو جۆرە ساڵی (١٩١٩) لە کۆنگرەی ئاشتی‌ی پاریس «کۆمەڵەی گەلان» دامەزرێنراو جنێڤی پایتەختی سویسرە کرایە بارەگای‌و ئینگلیزی‌و فەرەنسی بوونە زمانی گفتوگۆو تۆماری بەڵگەکانی . ئەندامانی کۆمەڵە دوو جۆر بوون – دامەزرێن‌و هەڵبژێردراو . ئەندامانی دامەزرێن بریتی بوون لەو دەوڵەتە هاوپەیمانانەی پێڕەوی «کۆمەڵەی گەلان» یان لە پاریس مۆرکرد ، هەروەها ئەو دەوڵەتانەش کە لە ساڵانی شەری یەکەمدا بێ لایەن بوون‌و بێ هیچ مەرجێك لە ماوەی دوو مانگدا ئەوانیش هەمان پێڕەویان مۆرکرد . ژمارەی ئەندامانی دامەزرێنی کۆمەڵە بریتی بوو لە (٤٤)

دەوڵەت کە (٣١) یان دەوڵەتە هاوپەیمانەکانو (١٣) یان دەوڵەتە بێ لایەنەکانی وەك سویسرەو سویدو نەرویجو دانیمارکو ئیسپانیاو ئیرانو ئەرجەنتین بوون .

ژمارەیەك دەوڵەتی تر یەك لە دوای یەك بۆ ئەندامەتی کۆمەڵە هەڵبژێردران ، وەك ئەڵەمانیا کە ساڵی (١٩٢٦)و عیراق کە ساڵی (١٩٣٢)و یەکیەتی سۆڤیەت کە ساڵی (١٩٣٤) ومیسر کە ساڵی (١٩٣٧) هەڵبژێردران . تا هەڵگیرسانی ئاگری شەری دووەمی جیهان ژمارەی ئەندامانی «کۆمەڵەی گەلان» گەیشتە (٥٨) دەوڵەت .

دەزگاکانی کۆمەڵە بریتی بوون لە کۆمیتەی گشتی کە هەموو دەوڵەتە بەشدارەکانی کۆمەڵە ئەندامی بوونو دەبوو بەلایەنی کەمەوە ساڵی جارێك لە مانگی ئەیلولدا کۆببێتەوە .

وەفدی هەر دەوڵەتە یەك دەنگی هەبوو ، هەرچەندە دەشیا ژمارەی بەشدارانی وەفدەکە بگاتە سێ کەس . لەسەر داوای زۆرینەی ئەندامان لە کاتی پێویستدا دەبوو کۆمیتەی گشتی کۆببێتەوە . هەموو بریارە گرنگەکانی دەزگاکانی تری کۆمەڵە دەخرانە بەردەمی کۆمیتەی گشتی کە دوا بریاری وەرگرتنی ئەندامی نوێو هەڵبژاردنی سکرتێری گشتیی کۆمەڵەش لە مافە سەرەکییەکانی بوون .

هەرچەندە بەپێی پلە ئەنجومەن دووەم دەزگای «کۆمەڵەی گەلان» بوو ، بەڵام کاروباری لە هەموان زۆرو بایەخدارتر بوو . ئەنجومەن لە راستیدا هێزی بزوێنی کۆمەڵە بوو .

سەرەتا بریار وابوو ئەنجومەن لە (٩) ئەندام پێکبێ . پێنجیان نەگۆرو چوارەکەی تریان کاتی بن . ئەندامە نەگۆرەکان نوێنەری دەوڵەتە گەورە هاوپەیمانە سەرکەوتووەکان بوون . واتە ئینگلتەرەو ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو فەرەنسەو ئیتالیاو ژاپۆن . چوار ئەندامەکەی تر بە نۆرە هەڵدەبژێردران .

ئەو بریارە وەك خۆی نەچووە سەرو چەند ئاڵوگۆرێکی بەسەردا هات . لەبەر گەلێك هۆ ، کە دوایی بە کورتی باسیان دەکەین ، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەبووە ئەندامی «کۆمەڵەی گەلان» . بۆیەکا شوێنی لە ئەنجومەنو کۆمیتەی گشتیدا بە بەتاڵی مایەوە . بەر لە شەری دووەمی جیهان بە چەند ساڵێك ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمەڵە بووە پازدە کە نۆیان ئەندامی کاتیو شەشەکەی تریان نەگۆر بوون .

ئەمانەی دوایی‌یان بریتی بوون لە فەرەنسەو ئینگلتەرەو شورەوی‌و ئیتالیاو ئەڵەمانیاو ژاپۆن[٧] . دەبوو ئەنجومەن بە لایەنی کەمەوە ساڵی جارێك کۆببێتەوە . کاتی تر لەسەر داوای زۆرینەی ئەندامان چەند کەرەتی‌تر پێویست بوایە دەبوو هێندە ئەنجومەن بۆلێدوان کۆبێتەوە .

سکرتێری گشتی‌و یاریدەرەکانی دەزگای سەرپەرشتی‌و بەرێوەبردنی کاروباری رۆژانەی «کۆمەڵەی گەلان» یان پێك دەهێنا . سکرتێری گشتی لە لایەن ئەنجومەنەوە هەڵدەبژێردراو دەبوو دەنگی هەموو ئەندامانی وەربگرێ . دوای ئەوە دەبوو لە کۆمیتەی گشتیدا هەموو . یا زوربەی ئەندامان دەنگی بۆ بدەن .

جگە لەوانەی باسمان کردن ژمارەیەکی‌تر کۆمیتەو لیژنەی کاتی‌و هەمیشەیی جێ‌بەجێ‌کردنی بەشێك لە ئەرکەکانی کۆمەڵەیان کەوتبووە ئەستۆ کە دوایی باسیان دەکەین .

ئامانجەکانی «کۆمەڵەی گەلان»

بەپێی دەستوورو پێڕەوی دەبوو ئامانجی یەکەمی «کۆمەڵەی گەلان» پاراستنی ئاشتی بێت تاوەکو جیهان گیرۆدەی کارەساتێکی تۆقێنی‌تری وەك شەری یەکەم نەبێتەوە . یەکێك لە خاڵە سەرەکی‌یەکانی پێڕەوی کۆمەڵە دەیگوت پێویستە پەنا ببرێتە بەر هەر کارو فەرمانێك بۆی هەبێ «ئاشتی‌ی گەلان بە جۆرێکی کاریگەر دژی شەرو هەرەشەی شەر بپارێزێ» .

خاڵێکی‌تری هەمان پێڕەو هۆی دامەزراندنی «کۆمەڵەی گەلان»ی گێڕاوەتەوە بۆ پێویستی «بەرەوپێش بردنی هاریکاری نێوان گەلانو مسۆگەر کردنی بێ‌وەیی‌و ئاسایشیان» . پێویستی کەم‌کردنەوەی هێزی چەکداری دەوڵەتان خاڵێکی‌تری پێڕەوی «کۆمەڵەی گەلان» بوو .

---

(٧) هەرچەندە . وەك دوایش باسی دەکەین . ژاپۆنو ئەڵەمانیا یەك لە دوای یەك ساڵی ١٩٣٣ ، ئیتالیا دوای ئەوان ساڵی ١٩٣٧ لە «کۆمەڵەی گەلان» کشانەوە ، بەڵام شوێنەکانیان مایەوە بەو هیوایەی گوایە لەکەلی شەیتان بێنە خواری‌و بگەرێنەوە ناو کۆمەڵە .

بەپێی پێڕەوی کۆمەڵە دەبوو بەهۆی تەحکیمەوە ، یا لە ڕێگەی ئەنجومەنەوە چارەسەری کێشە نێو دەوڵەتی یەکان بکرێ . بەتایبەتی ئەنجومەن نەگەیشتایە ئەنجامێکی قایل‌کەر ئەوساکە ئەندامانی بۆیان هەبوو هەر یەکەیان بەپێی بۆچوونی خۆی ڕەفتار لەگەڵ مەسەلەکەدا بکات . هەروەها پێڕەوی کۆمەڵە ئابلۆوقەی ئابووری‌و بەکارهێنانی هێزی کردبووە سزای تاوانباران‌و تەنانەت دەبوو ئەنجومەن بڕیاری ڕادەی بەشداری‌ی هێزی ئەندامانی کۆمەڵە بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی ئەرك‌و بڕیارەکانی بدات . بەڵام ساڵی (١٩٣١) بەپێی بڕیارێکی تایبەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەست درێژکەران سزای ئابووری کرایە «چەکی سەرەکی‌ی» کۆمەڵە .

بەشێکی بایەخداری ناوەڕۆکی پێڕەوی «کۆمەڵەی گەلان» بەجۆرێك دارێژرابوو کە مەودای یاری‌کردن‌و دزەی دەدایە دەست دەوڵەتە گەورەکان . بەوێنە ئەو خاڵەی باسی کەم‌کردنەوەی هێزە چەکدارەکانی جیهانی کردووە بەوە پوچ بۆتەوە کە دەڵێ هەموو دەوڵەتێك بۆی هەیە چەند پێویستە بۆ پاراستنی قەوارەی نەتەوەیی خۆی‌و جێ‌بەجێ‌کردنی ئەرکەکانی سەرشانی هێندە هێزی چەکداری هەبێ .

دارشتنی بەوجۆرەی ناوەڕۆکی پێڕەوی کۆمەڵەو چەند ڕاستی‌یەکی‌تر بوونە هۆی کەم‌و کورتی‌یە زۆرەکانی ئەو دەزگا جیهانی‌یە گرنگە .

کەم‌و کورتی‌یەکانی «کۆمەڵەی گەلان»

وەك دیمان لە ڕۆژگاری کۆنگرەی ئاشتی‌ی پاریسەوە هەموو لایەنە دەسەلاتدارەکان لە تەقەلادا بوون «کۆمەڵەی گەلان» بکەنە داردەستی خۆیان . کە ئەو کارە بۆ ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەچووە سەر واشنگتۆن بڕیاری‌دا نەبێتە ئەندامی [٨] . بەو بڕیارە یەکەم کەلێنی گەورە کەوتە بناغەی «کۆمەڵەی گەلان»ەوە ، چونکە ئەوساکە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گەورەترین هێزی ئابووری‌و یەکێك لە هێزە سیاسی‌یە کاریگەرەکانی جیهان بوو .

---

(٨) لەو کاتەدا «پارتی کۆماری» دەسەلاتی گرتەوە دەست‌و ئەوەش بووە هۆیەکی‌تر بۆ ئەوەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەبێتە ئەندامی «کۆمەڵەی گەلان» کە بە دەستکردی ویدرۆ ویلسنی سەرۆك کۆماری ڕابوردوویان دادەنا . ویلسن نوێنەری «پارتی دیموکراتی» بوو کە لەگەڵ «پارتی کۆماری»دا دوو بەرەی سیاسی‌ی سەرەکی‌ی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوون .

سەرەتا رێگەی ئەڵەمانیاو وڵاتە بەزیوەکانی تر نەدرا ببنە ئەندامی کۆمەڵە . هەروەها یەکیەتی سۆڤیەتیش لەو مافە بێبەری کرا . بەڵکو لەوەیش زیاتر ، زۆر جار ئەنجومەن و کۆمیتەی گشتی بەناییەتی و زۆر گەرم دەکەوتنە باسی چۆنیەتی لەناوبردنی شورەوی . لە کەم باسی‌تردا زوربەی ئەندامانی کۆمەڵە وا هاودەنگ و بەپەرۆش بوون .

وڵاتە پچوك و ژێردەستەکان زۆر زەحمەت دەبوونە ئەندامی «کۆمەڵەی گەلان» . یاریدەی فەرەنسە نەبوایە حەبەشە وەرنەدەگیرا . عیراق دوای دە دوازدەو میسر دوای نزیکەی حەڤدە ساڵ کۆشش ئینجا وەرگیران[9] . ئەو ناتەواوی‌یەو گەلێك کەم و کورتی‌تری «کۆمەڵەی گەلان» ئەنجامی ئەوە بوون کە فەرەنسەو ئینگیلتەرە بووبوونە ئاغا گەورەی ئەو دەزگا جیهانی‌یە ، دیارە ئەوانیش بەپێی بەرژەوەندی‌ی خۆیان چۆنیان بویستایە وا هەڵیاندەسوڕاند . کە لەوان وابوو دەتوانن ئەڵەمانیا بکەنە قەڵغانێکی پتەوی پاراستنی رژێمی سەرمایەداری دژی بزوتنەوە شۆرشگێری‌یەکان و شورەوی بێ سی‌و دوو رێگەیان دا رۆژی یەکی ئەیلوولی ساڵی (١٩٢٦) نەك هەر ببێتە ئەندامی «کۆمەڵەی گەلان» ، بەڵکو دیسان وەك دەوڵەتێکی گەورە بشبێتە یەکێك لە ئەندامە نەگۆرەکانی ئەنجومەن .

دەوڵەتە گەورەکان لە راستیدا زۆر بۆ «کۆمەڵەی گەلان» بەپەرۆش نەبوون ، هەموویان باش لەوە گەیشتبوون کە کۆمەڵە ناتوانێ دەزگایەکی جیهانی‌ی تەواو کاریگەر بێ . رۆژی (٢٧)ی مارتی ساڵی (١٩٣٣) تۆکیۆ بێپەروا لە کۆمەڵە کشایەوە تەنها لەسەر ئەو نەرمە گلەیی‌یەی لە ئەنجامی هێرشی لەشکری ژاپۆندا بۆ سەر باکووری چین لێی کرا . ساڵێ وەرنەچەرخا دوای ئەوەی هێتلەرو نازی‌یەکان دەسەڵاتیان وەرگرت کاتێك ئەڵەمانیاش رۆژی (١٤)ی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵی (١٩٣٣) لە «کۆمەڵەی گەلان» کشایەوە . کشانەوەی ئەمیان لەسەر ئەوەبوو چونکە ئەنجومەن بریاری لابردنی ئەو بەشانەی «پەیمانی ڤێرسای» نەدا کە پێوەندی‌یان بە

---

(٩) بۆ درێژەی ئەو باسە بروانە «تاريخ الوزارات العراقية»ی عبدالرزاق الحسني . هەروەها : الدكتور يونان لبيب رزق ، الدبلوماسية الوفدية وعصبة الامم ، - «السياسة الدولية» (مجلة) ، القاهرة ، العدد ٣٤ ، يناير ١٩٧٦ ، ص ١١٨-١٣٧ .

کاروباری سەربازی‌ی ئەڵەمانیاوە هەبوو. لەوەیش زیاتر. سیاسەت‌و نیازەکانی هیتلەری‌یەکان هەرچۆن‌بێ لەگەڵ بوونی ئەڵەمانیادا لە دەزگایەکی وەك «کۆمەڵەی گەلان»دا نەدەگونجا.

پاش کشانەوەی ئەڵەمانیاو ژاپۆن‌و ئاڵۆزبوونی باری سیاسی‌ی جیهان بەهۆی نازی‌یەکانی ئەلەمانیاو فاشی‌یەکانی ئیتالیاو عەسکەرتاری‌یەکانی ژاپۆنەوە ئینجا لەندەن‌و پاریس شورەوی‌یان بیرکەوتەوەو بە هاندانی فەرەنسە ڕۆژی پازدەی ئەیلوولی ساڵی (١٩٣٤) سی (٣٠) ئەندامی «کۆمەڵەی گەلان» پێکەوە داوایان لێی‌کرد ببێتە ئەندام. پاش سێ ڕۆژ مۆسکۆ ڕەزامەندی‌ی خۆی ڕاگەیاندو شورەوی لەوساوە بووە یەکێك لە ئەندامە نەگۆڕەکانی ئەنجومەن. بەلاّم لە سەرەتای شەڕی دووەمی جیهانداو دوای بەرپابوونی شەڕی نێوان فینلەندەو شورەوی (١٩٣٩–١٩٤٠) دیسان ئەو وڵاتە لە «کۆمەڵەی گەلان» دوور خرایەوە.

بەو جۆرە وەك دەبینین‌ئەو تۆووەی‌لەپاریس بۆ «کۆمەڵەی گەلان» وەشێنراو ئەو خاك‌و خۆڵەی تێیدا پەروەردە بوو هێندە لەبار نەبوون بەری چاکیان لێ‌چاوەڕوان بکرێ. ئەم ڕاستی‌یە، لەگەڵ یاری‌ی بێ‌وچانی دەوڵەتە گەورەکاندا بوونە هۆی سەرنەکەوتنی کۆمەڵە وەك دەزگایەکی جیهانی. لێرەدا تەنها ئەوەندە بەسە گەر بڵێین هەمووی بەسەریەکەوە (٢١) ساڵ بەسەر تەواو بوونی شەڕی یەکەمی جیهاندا تێنەپەڕی کاتێك لەژێر سایەی «کۆمەڵەی گەلان»دا کڵپەی ئاگری شەڕێکی گەلێك لەو بەربلاّوتر بەربۆوە. جا با بە کورتی جارێکا بێینە سەر باسی ئەو لایەنە بایەخدارانەی ژیانی گەلان‌و جیهان کە کۆمەڵە نەیتوانی ڕۆڵێکی ئەوتۆیان تێدا ببینێ‌و کە هەر یەکەشیان بەجۆرێك ڕێگەیان بۆ شەڕی نوێی جیهان خۆش کرد، ئەو شەڕەی دەبوو «کۆمەڵەی گەلان» بەهیچ جۆرێگەی بەرپابوونی نەدا.

ئەو کارانەی «کۆمەڵەی گەلان» بۆی چارەسەر نەکران

لە سەرەتای کاری‌یەوە ساڵی (١٩٢٠)، تاوەکو پێچانەوەی دامودەزگای لە نیسانی ساڵی (١٩٤٦)دا، واتە لە ماوەی چارەکە سەدەیەکی تەمەنیدا (٦٦) کێشەو

مەسەلەی نێودەوڵەتی خرایە بەردەمی «کۆمەڵەی گەلان» کە بەداخەوە نەیتوانی چارەسەری هەرە بایەخدارو گرنگەکانیان بکات کە ئەمانەی لای خوارەوە نموونە سەرەکی یەکانیانن .

یەکەم - شەڕی ژاپۆن و چین :

لەو رۆژەوەی ژاپۆن بەخۆدا هات و ژیانی ئابووری و توانای سەربازی ی هەنگاوی باشی بەرەوپێشەوە ناو لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە وەك دەوڵەتێکی گەورە ناسرا ، لەو رۆژەوە تۆکیۆ چاوی بڕی یە خاك و سامانی چین و ماچینی دراوسێی .

شەڕی یەکەمی جیهان هێندەی تر ژاپۆنی دەوڵەمەند کرد . وەك بەڵگە لێرەدا تەنها دوو نموونە دەخەینە بەرچاو . لە ساڵی (١٩١٤) وە تاوەکو ساڵی (١٩١٩) نرخی بەرهەمی کەلوپەلی پیشەسازی ی ژاپۆن لە (١٣) ملیاریەنەوە[١٠] گەیشتە (٦٥) ملیار ، واتە پێنج هێند ، یا ٥٠٠٪ زیاتر بوو . لە ماوەی چوار ساڵی شەڕی یەکەمدا ، واتە لە ساڵی (١٩١٤)وە تاوەکو ساڵی (١٩١٨) بارستی بازرگانی ژاپۆن لەگەڵ دەرەوەدا دوو هێندو نیو زیادی کردو زیوو زێڕێکی بێ شومار لە بانقەکانی تۆکیۆدا کۆبۆوە ، بە رادەیەك زوربەی دەوڵەتە گەورەکانی ئەوروپا کەوتنە قەرزکردن لە ژاپۆن[١١] .

لەوساوە ژاپۆن چاوچنۆکانەتر دەیڕوانی یە چینی دەوڵەمەندی یەکجار دواکەوتوو . فەرمانڕەوایانی ئەو وڵاتە چونکە دڵنیا بوون ئیمپریالی یەکان دەست ناهێننە ڕێگەیان ، هێزە چەکدارەکانیان لە رۆژی (١٨)ی ئەیلوولی ساڵی (١٩٣٢)وە کەوتنە پەلاماردانی باکووری - رۆژهەڵاتی چین . لە سەرەتاوە پەکین پشتی بە دەوڵەتە گەورەکان بەست و ویستی لە ڕێگەی «کۆمەڵەی گەلان»ەوە رادە بۆ دەستدرێژی ی ژاپۆنەکان دابنێ . بەڵام کۆمەڵە هیچی بۆ نەکراو بڕیارەکانی لەو بارەیەوە کە بێ پەلەو لە سەرخۆ دەری دەکردن هەروا مانەوەو ژاپۆن بێ ئەوەی گوێ بداتێ بۆ ساڵی داهاتوو لە ناوچە داگیرکراوەکاندا حوکمەتێکی سەربەخۆی دامەزراند .

---

(١٠) یەن پارەی ژاپۆنە . نرخی لە گۆڕیندایە . هەر ٣٠٠ یەن دۆلارێك دەبێت . ئێمڕۆکە یەن یەکێکە لەپارە هەرە بەهێزەکانی جیهان . بە قسەی بانقی مەرکەزی دینارێك نزیکەی ٧٥٠ یەنە .

(١١) دوای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ژاپۆن دووەم دەوڵەتی جیهان بوو کەڵکی زۆری لەو بارو دۆخە وەرگرت کە شەڕی یەکەمی جیهان هێنانی یە کایەوە .

دووەم – هێرشی ئیتالیا بۆ سەر حەبەشە :

فاشی‌یەکان کە کۆتایی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩٢٢) دەسەلاتی ئیتالیایان گرتەدەست دەیانویست گوایە رابوردووی رۆمانە دەسەلاتدارەکان زیندوو بکەنەوەو ئیمپراتۆری‌یەتێکی فراوان‌و بەدەسەلات دابمەزرێنن‌و بۆ ئەو مەبەستەیان بە هەر چوار لادا دروشمی «ئیتالیای گەورە»یان بەرزکردەوە . فاشی‌یەکان سوور بوون لەسەر ئەوەی دەست بەسەر دەریای سپی‌ی ناوەراست‌و دەریای سوورو بەشێکی زۆری ئەفەریقادا بگرن‌و تەنانەت لە نەخشەکانی خۆیاندا بی‌کەم‌و زیاد ناوی دەریای سپی‌ی ناوەراستیان کردبووە «دەریاکەی خۆمان» .

بۆ جی‌بەجی‌کردنی ئامانجە فراوانەکانی لە ئەفەریقادا ئیتالیای فاشی بەر لە هەر شوێنێکی تر رووی کردە حەبەشەو لە سەرەتای ساڵی (١٩٣٥) وەکەوتە ناردنی هێز بۆ سەر سنووری ئەو ولاتە بەناو سەربەخۆیەی ئەفەریقا . تاوەکو مانگی ئابی ئەو ساڵە مۆسۆلینی بۆ شەری حەبەشە (٢٥٠) هەزار سەربازی ئیتالیایی‌و (٧٥٠) هەزار سەربازی ولاتە ژێردەستەکانی لەو ناوچەیەدا کۆکردەوە .

لە ساڵی (١٩٢٣) وە حەبەشە یەکێك بوو لە ئەندامانی «کۆمەڵەی گەلان» . نەك هەر ئەوە ، بەڵکو وەك گوتمان بە پشتگیری‌ی فەرەنسە دەزگای ناوبراو حەبەشەی وەرگرت .

کەچی لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا تاوەکو رۆژی چواری ئەیلولی ساڵی (١٩٣٥) کۆمەڵە نەیروانی‌یە سکالای حەبەشە کە لە رۆژی (٣)ی کانوونی دووەمی هەمان ساڵەوە دژی ئیتالیا پێشکەشی کردبوو ، واتە پاش هەشت مانگ‌و رۆژێك ئینجا کۆمەڵە بەخەبەر هات .

راستە لەسەر حەبەشە «کۆمەڵەی گەلان» درەنگانێ بریاری ئابلووقەدانی ئابووری‌ی ئیتالیای فاشی‌ی‌دا ، بەلام بەهۆی یاری‌ی ئینگلیزو فەرەنسەیی‌یەکانەوە نەوت‌و بەنزین لە لیستەی ئەو کەلوپەلانە دوورخرانەوە کە دەبوو دەستی ئیتالیایان پی‌ نەگات ، ئەوساکەش ئیتالیاو ، بەتایبەت رەورەوەی شەری فاشی لە نەوت‌و بەنزین بەولاوە شتێکی‌تری ئەوتۆی پێویست نەبوو . لەبەر ئەوە بریارەکانی «کۆمەڵەی

گەلان» دەربارەی دەستدرێژیی ئیتالیا بۆ سەر حەبەشە هیچ دادێکیان نەداو فاشی یەکان دەستیان هەڵنەگرت تابە جۆرێکی زۆر دڕندانە ولاتی فراوانی حەبەشەیان داگیرکرد. تەنها ئەوانەی بەهۆی گازی کوشندەوە لەو شەڕەدا کوژران ژمارەیان خۆی دەدا لە (٢٧٥) هەزار کەس ! . کەچی زۆری نەخایاند کاتێك لەسەر داوای لەندەنو پاریس «کۆمەڵەی گەلان» بڕیاری ئابلۆقەدانی ئابووری یە ناتەواوەکەشی بەرامبەر ئیتالیا لابرد .

سێیەم – دەست تێ وەردانی نازیو
فاشی یەکان لە کاروباری
ناوخۆی ئیسپانیادا :

لە پێناوی سەربەخۆیی ڕاستەقینەو مافە دیموکراتی یەکانیدا لە نیسانی ساڵی (١٩٣١) وە گەلی ئیسپانی شۆڕشێکی گەورەی بەرپاکرد کە نزیکەی هەشت ساڵی خایاند . شۆڕشگێڕان سەرەتا دەسکەوتی گەورەیان وەدی هێناو توانی یان کۆمارێکی سەربەخۆو دیموکراتی پەروەر دابمەزرێنن ، ئەو کارەی خوڕپەی لە دڵی کۆنەپەرستانی ناوەوەو دەرەوەی ولات هەڵساند . زۆری نەبرد دوژمنان پیلانێکیان بۆ ڕوخاندنی کۆماری کۆرپەی ئیسپانی سازکرد . لە تەمموزی ساڵی (١٩٣٦) وە ئاگری شەڕی براکوژی لەو ولاتەدا هەڵگیرسا . هەرچەندە بەر لەوە (٢٧) دەوڵەتی ئەوروپایی بڕیاریان دابوو کەس دەست نەخاتە ناو کاروباری ناوخۆی ئیسپانیاوە ، بەلام نازی یەکانی ئەڵەمانیاو فاشی یەکانی ئیتالیا وەك پیشەی هەمیشەیی یان خۆیان پێ نەگیراو لە تەمموزی هەمان ساڵەوە کەوتنە ناردنی چەكو تفاقی هەمەجۆر[11] بۆ کۆنەپەرستە یاخی بووەکانی ئیسپانیا . فاشیو نازی یەکان بەوەوە نەوەستان ، بەڵکو دەستیان کردە ناردنی هێزە چەکدارەکانی خۆیشیان بەنیازی ڕیشەکێش کردنی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئیسپانیا . ژمارەی ئەو چەکدارانەی ئەڵەمانیاو ئیتالیا ناردیانە ئیسپانیا گەیشتە نزیکەی (٣٠٠) هەزار کەس کە لە ماوەی (٣٢) مانگدا چەك نەما دژی شۆڕشگێڕانی ئیسپانیا بەکاری نەهێنن .

---

(١١) تەنانەت تانكو فڕۆکەشیان بۆ ناردن .

بەپێی ناوەرۆکی پێڕەوی دەبوو «کۆمەڵەی گەلان» یەکەم دەزگا بێت لەسەر ئیسپانیا بێتە دەنگ. کەچی تەنانەت بڕیاری ئابلۆوقەدانی ئابووری‌ی ئەڵەمانیاو ئیتالیاشی نەدا کە بە بەرچاوی هەموانەوە کەوتبوونە دروێنەی گیانی کۆمەلانی خەڵکی ئیسپانیا. کە مانگی تەشرینی دووەمی ساڵی (١٩٣٦) کۆماری ئیسپانیا سکالای پێشکەش بە «کۆمەڵەی گەلان» کرد فەرەنسەو ئینگلتەرەو عەلقە لە گوێکانیان کارێکی ئەوتۆیان کرد نە ئەنجومەن‌و نە کۆمیتەی گشتی توخنی باسی ئیسپانیا نەکەون‌و لەبریتی ئەوە لیژنەیەکی سەربەخۆیان دامەزراندو ئەویش تەنها بڕیاری دەوڵەتە ئەوروپایی‌یەکانی دووپات کردەوە کە گوایە نابێ کەس دەست بخاتە ناو کاروباری ناوخۆی ئیسپانیاوە. لە ڕاستیدا ئەو بڕیارە تەنها لەگەڵ شۆڕشگێراندا چووە سەر بەوەی بەرەی ئەوان لە پەیدا کردنی چەك بێ‌بەری بوو، لە کاتێکدا فاشی‌یەکان بە ئارەزووی خۆیان گاڵەیان دەکرد.

چوارەم – دەستدرێژی‌یەکانی ئەڵەمانیای هێتلەری :

ئەو جۆرە هەڵوەستانەی «کۆمەڵەی گەلان» یەکێك بوو لەو هۆیانەی پاڵیان بە هیتلەرو مۆسۆلینی‌یەوە نا زیاتر شووڵی لێ‌هەڵکێشن. زۆری نەبرد نازی‌یەکان ژمارەیەك هەنگاوی ترسناکیان نا کە هەموویان دەرچونی ئاشکرا بوون چ لە پێڕەوی «کۆمەڵەی گەلان» و چ لە ناوەرۆکی بڕیارو پەیمانەکانی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس. ئەڵەمانیای نازی بەجۆرێکی بەر لەوە نەبینراو کەوتەوە دروست کردنی چەك‌و تفاقی شەڕو پەرەپێدانی هێزە جوراوجۆرەکانی. تەنها لە ماوەی یەکەم سێ ساڵی دەسەلاتی نازی‌یەکاندا خەرجی ئەڵەمانیا بۆ کاروباری سەربازی لە یەك ملیار مارکەوە گەیشتە دە ملیار، واتە دەهێند زیادی کرد. ژمارەی یەکەمیان لە ٢٪ و ژمارەی دووەمیان لە ١٧٪ی داهاتی نەتەوەیی ئەڵەمانیایان پێك دەهێنا. هەر لەو ماوەیەدا ژمارەی تیپە چەکدارەکانی لەشکری ئەڵەمانیا لە (١٠)وە گەیشتە (٣٠) تیپ‌و دواییش هەموو ئەو ژمارانە زۆر لەوە زیاتر بوون. ئەمە لە کاتێکدا بەپێی «پەیمانی ڤێرسای» نەدەبوو ئەڵەمانیا هەرگیز لە (١٠٠) هەزار سەرباز زیاتری هەبێ.

که کارگەیشت بەوە ئیتر هیتلەر هێند سڵی لەوە نەکردەوە دیسان هێزی چەکدار بنێرێتە ناوچەکانی راینی سەر سنووری فەرەنسە کە بەپێی ڤێرسای چەك کرابوون. رۆژی (٧)ی مارتی ساڵی (١٩٣٦) هێتلەر فەرمانی دایە لەشکری رایخی سێیەم[١٢] بچنەوە ناو خاکی راین. شایانی باسە ئەوساکە هێشتا لەشکری فەرەنسە لە لەشکری ئەڵەمانیا بەهێزتر بوو، هەروەها لە رووی یاساشەوە بۆی هەبوو بەرەنگاری ئەو هەنگاوەی ئەڵەمانیا بێتەوە، دوایش دەرکەوت هیتلەر فەرمانی دابووە سەرکردایەتی لەشکر کە ئەگەر هاتو فەرەنسە بزوا ئەوا یەکسەر هێزەکانی خۆیان بێ شەر بکێشنە دواوە. کەچی نە فەرەنسەو نە ئینگیلتەرە لەوە زیاتر کە ئەو هەنگاوەی هیتلەریان بە لادان لە ناوەرۆکی «پەیمانی ڤێرسای» دانا ئیتر شتێکی تریان نەکرد، بەڵکو وەك کارێکی مەترسیداریشیان بۆ سەر ئاشتیی جیهان لە قەڵەم نەدا.

هەڵوەستی دەوڵەتە گەورەکان، بەر لە هەموان ئینگیلتەرەو فەرەنسە، هێندەی تر هیتلەری لەخۆ بایی کرد. هەموو بەسەر یەکەوە ساڵی نەبرد ئەدوڵف[١٣] هیتلەر لە هەمان مانگی ساڵی داهاتودا، واتە مارتی (١٩٣٧) ولاتی نەمسەی هەڵلوشی و[١٤] خستیە سەر رایخی سێیەم. سەیر ئەوەیە لەندەن و پاریس و هاوپەیمانەکانیان داگیرکردنی نەمسەیان بە مەسەلەیەکی ئەوتۆ دانەنا هەڵبگرێ بخرێتە بەردەمی «کۆمەڵەی گەلان».

---

(١٢) رایخ لە وشەی رایخشتاغ (Reichstag)ی ئەڵەمانییەوە وەرگیراوە کە بریتییە لە دوو وشەی لێکدراو: (Reich) واتە دەوڵەت، یا ئیمپراتۆرییەت، لەگەڵ (Tag)، واتە کۆبوونەوە، یا ئەنجومەن. وەك زاراوێکی سیاسی لە سەدەی دوازدەمینەوە بەکار هێنراوە. زیاتر مانای پەرلەمان دەبەخشێ. رایخی یەکەم و دووەم دوو قۆناغی نێوان سەدەی دوازدەمین و کۆتایی شەری یەکەمی جیهان دەگرنەوە. رایخی سێیەم ساڵی ١٩١٩ دەستی پێ کردو بە تەواو بوونی شەری دووەمی جیهان لەناو چوو. هەرچەندە رایخشتاغ لەژێر سایەی هیتلەردا، وەك زوربەی دەزگا دیموکراسییەکانی تری ئەڵەمانیا چووە خانەی نەبوانەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا زۆر مێژوونووس رۆژگاری ئەڵەمانیای نازییان ناو ناوە «رایخی سێیەم». ناوی کتێبە بەناوبانگەکەی ولیەم شیرەر دەربارەی ئەڵەمانیای نازی بەم جۆرەیە: «مێژووی ئەڵەمانیای هیتلەری. دامەزراندنی رایخی سێیەم و کەوتنی».

(١٣) ئەدوڵف ناوی خۆی و هیتلەر نازناوی هەڵبژاردەیەتی. لە راستیدا خۆی ناوی ئەدوڵف شیکلگروبەرە (Adolf Schicklgruber)

(١٤) لە مێژوودا بەو کارە دەگوترێ ئەنشلیوس کە وشەیەکی ئەڵەمانییەو مانای خستنەسەر دەگەیێنێ. هەڵلووشینی کوردی لەبارترین وشەیە بۆ ئەو کارە.

دیسان ساڵێ زیاتری نەخایاند کە لە هەمان مانگی ساڵی داهاتودا ، واتە مارتی (١٩٣٩) ، هیتلەر فەرمانی دایە لەشکری ئەڵەمانیا چیکۆسلۆڤاکیای سەربەخۆش داگیر بکاتو بیخاتە سەر «رایخی سێیەم» . شایانی باسە ئەیلوولی ساڵی (١٩٣٨) کۆمیتەی گشتیی کۆمەڵە لە کۆبوونەوەدا بوو ، ئەوساکەش ئەڵەمانیا هێزەکانی خۆی لەسەر سنووری چیکۆسلۆڤاکیا ئامادە کردبوو ، ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا ئەو باسە نەهێنرایە گۆڕێ . با ئەوەیش بڵێین کە چیکۆسلۆڤاکیا یەکێك بوو لە دۆستە هەرە نزیکەکانی فەرەنسە .

پێنجەم – داگیرکردنی ئەلبانیا لەلایەن ئیتالیای فاشییەوە :

بنیتۆ مۆسۆلینی وەك هیتلەری هاوبیری دەستی نەدەرۆی ئەگینا لەو کەمتری نەدەکرد ، هەرچەندە ، خوا هەڵناگرێ ، ئەویش کەمی نەکرد . تێپەڕبوونی کارەساتەکەی حەبەشە بەو جۆرەی دیمانو دەستدرێژییەکانی هیتلەر مۆسۆلینیان شێتگیرتر کرد . بۆ ئەو ئەلبانیای سەربەخۆ عەڵقەی لاوازی ئەورووپا بوو کە لە دەمێکەوە چاوی تێبڕیبوو .

فاشییەکانی ئیتالیا بەوەوە نەوەستان کە لە بیستەکانەوە ئەلبانیایان کردبووە وڵاتێکی نیمچە ژێردەستەی خۆیان ، بەڵکو هەر لەوساوە خولیای داگیرکردنی لە کەللەی دابوون . لەوەدا فاشییەکان هیچ بایەخێکیان نە بەرای گشتیو نە بە «کۆمەڵەی گەلان» نەئەدا . بەدەستووری ژاپۆنو ئەڵەمانیا ئیتالیاش ساڵی (١٩٣٧) لە «کۆمەڵەی گەلان» کشایەوە . زۆری نەبرد لەشکری فاشی بێپەروا بە بەر چاوی هەموانەوە نیسانی ساڵی (١٩٣٩) ئەلبانیای داگیرکردو مۆسۆلینی ڕایگەیاند کە ئەو وڵاتە هەمیشە بەشێکی مێژوویی ئیتالیای دێرین بووە !

بێدەنگی «کۆمەڵەی گەلان» و دەوڵەتە گەورەکان لە عاستی گشت ئەو دەستدرێژییانەدا جۆرە پشت پشتییەکی ئەوان بوو بۆ ژاپۆنو ئیتالیای فاشیو لە هەمویشیان زیاتر بۆ ئەڵەمانیای نازی . لەوان وابوو بەو جۆرە هیتلەر لە ڕۆژئاوا دوور

دەخەنەوەو بەرەو ڕۆژهەلاْت پاڵی پێوە دەنێن[١٥] ، بەلاْم زۆری نەبرد ڕۆژگار دەری‌خست تا چ ڕادەیەك ئەوان بەهەڵەدا چوبوون . بەو جۆرە هەڵوەستانە هیتلەر بێ ئەندازە لە خۆبایی بوو ، وای دەزانی کەس نی‌یە بتوانێ شان لە شانی بدا . هەر بەو جۆرەش ڕێگە بۆ هەڵگیرسانی ئاگری شەری دووەمی جیهان خۆش بوو ، ئەو شەرەی ، وەك گوتمان ، دەبوو «کۆمەڵەی گەلان» ڕێگەی بەرپابوونی نەدا .

گەر وابێ‌و ، هەرواش بوو ، «کۆمەڵەی گەلان» دەزگایەکی جیهانی‌ی سەرنەکەوتوو بوو . بەلاْم لەگەڵ ئەوەشدا تەنها دامەزراندنی ئەو دەزگایە جۆرە هەنگاوێك بوو بۆ پێشەوە لەژیانی گشتی‌ی مرۆڤدا . جگە لەوە «کۆمەڵەی گەلان» هەرچۆن بێ توانیشی چارەسەری ژمارەیەك کێشەی نێودەوڵەتی بکات ، تایبەت لە بیستەکاندا ، واتە لە پلەی یەکەمی ژیانیدا .

ئەو کارانەی «کۆمەڵەی گەلان» چارەسەری کردن

کۆنگرەی ئاشتی‌ی پاریس ئەو کێشانەی خۆی فریا نەکەوت تەواویان بکات سپاردنی بە «کۆمەڵەی گەلان» . بەشی هەرە زۆری ئەو کێشانە گەلاْڵە بووبوون ، یا ڕێبازی چارکردنیان دیار کرابوو بۆیەکا کۆمەڵە تا ڕادەیەکی زۆر بەخێرایی‌و ئاسانی تەواوی‌کردن . بەشێکی‌تریان بێنەو بەرەی دەوڵەتە ئیمپریالی‌یەکانی لەسەر نەبوو ، بۆیەکا ئەوانیشی زوو ڕاپەڕاند .

لەنیوەی یەکەمی بیستەکاندا «کۆمەڵەی گەلان» توانی کێشەی سنووری نێوان ئەلبانیاو یۆگۆسلاڤیاو یۆنان‌و نێوان بەلگاریاو یۆنان‌و نێوان لاتڤیاو پۆلۆنیاو نێوان عیراق‌و تورکیا ببڕێنێتەوە . هەروەها چارەنووسی سایلیزیای باکوورو ، دوایی چارەنووسی ناوچەی ساری ئەلەمانیای لە ڕێگای دەنگدانەوە دیارکرد . دۆرگەی کۆرفۆش کە ئیتالیا زەوتی کردبوو ، دایەوە دەست یۆنان . بەهەمان دەستوور داوای سویدی ڕەت‌کردەوە کە دەیویست دۆرگەی ئالاندی ناو دەریای بەڵتیك لە فینلەندە زەوت بکات .

---

(١٥) مەبەست ڕۆژهەلاْت‌و ڕۆژئاوای ئەورووپایە .

ژمارەیەکیش لە دەزگا سەربەخۆکانی «کۆمەڵەی گەلان» کەمو زۆر خزمەتیان کرد . یەکیك لەو دەزگایانە «ڕێکخراوی جیهانیی کار»[16] بوو . بەپێی پێڕەوی ڕێکخراوی ناوبراو دەبوو هەوڵ بدات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی کرێکاران لە ڕێگەی سەرپەرشتیکردنی کاتی کارەوەو تەقللادان بۆ نەهێشتنی بێکارەوە دیارکردنی ڕادەیەکی ماقوّل بۆ کرێو پاراستنی کاری منداڵو ئافرەتو دانتان بە مافی دامەزراندنی جڤاتی سەربەخۆی کرێکاراندا .

«ڕێکخراوی جیهانیی کار» شتێکی ئەوتۆی بۆ کرێکاران پێنەکرا ، بەتایبەتی بۆ کرێکارانی وڵاتە دواکەوتووەکان . جاری وا هەبوو لە دەزگا یا کۆبوونەوە گشتییەکانی ئەو ڕێکخراوەدا سێ کەس دەبوونە وەفدی هەر یەکێك لە وڵاتە ئەندامەکانی «کۆمەڵەی گەلان» ، کە دەبوو یەکێکیان نوێنەری کرێکارانو یەکێکی تریان نوێنەری سەرمایەدارانو سێیەمیان نوێنەری حوکمەتی ئەو وڵاتە بێت .

بۆ ڕوونکردنەوەی هەمان مەبەست ڕەنگبێ ئەوەندە بەس بێ گەر بڵێین زۆر جار کەسانی وەك جەعفەر عەسکەری دەبوونە «نوێنەری» کرێکاری ئەو جۆرە وڵاتانە لەو کۆنگرانەدا کە ڕێکخراوی کار بۆ لێکدانەوەی کێشەی کرێکاران دەیبەستن[17] . لەگەڵ ئەوەشدا تەنها دامەزراندنی «ڕێکخراوی جیهانیی کار» بۆ خۆی دەسکەوتێکی بایەخدار بوو ، چونکە ڕادەی تەشەنەسەندنو فراوانیی بزوتنەوەی کرێکارانی جیهانی ڕادەگەیاند ، ئەو بزوتنەوەیەی هیچ لایەنێك بۆی نەبوو ئیتر چاو لە ئاستیا بنوقێنێ .

«ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی» و «دادگەی داوەری نێودەوڵەتی» لە لاهایو «لیژنەی کەمینەکان»[18] لە دەزگاکانی تری «کۆمەڵەی گەلان» بوون کە هەموویان ناوی خۆیان وا بەخۆیانەوە .

---

(١٦) واته «منظمة العمل الدولية» .

(١٧) بۆ درێژەی ئەو باسە بڕوانە : الدكتور كمال مظهر احمد . الطبقة العاملة العراقية . التكون وبدايات التحرك . بيروت . ١٩٨١ .

(١٨) «منظمة الصحة العالمية» و «محكمة العدل الدولية» و «لجنة الاقليات» .

سەرئەنجامی «کۆمەڵەی گەلان»

ڕۆژ بەڕۆژ سەنگی «کۆمەڵەی گەلان» ڕوو لە کزی بوو. بەر لەوەی شەڕی دووەمی جیهان دەست پێ بکات بە ماوەیەك کۆمەڵە دەنگی کپ و تەنها ڕەنگی مابوو، وای لێهاتبوو ئیتر کەس هیچی بە کڵاوی ئەو نەدەپێوا. لە دوای مانگی تەمموزی ساڵی (١٩٣٩) وە هیچ کامێك لە دەزگاکانی کۆنەبوونەوە، هەرچەندە بەپێی یاسا «کۆمەڵەی گەلان» تاوەکو ڕۆژی (١٨)ی نیسانی ساڵی (١٩٤٦) هەر مابوو. ئەو ڕۆژە ئەندامانی کۆمەڵە بۆ دواجار لە جنێڤ کۆبوونەوەو دامودەزگایان پێچایەوەو ئەرکی خۆیان سپاردە «کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان» کە لەوساوە ئیتر وەك دەزگایەکی جیهانی جێگەی «کۆمەڵەی گەلان»ی گرتەوە.

کوردو «کۆمەڵەی گەلان»

گەلێك جار ناوی کوردو کوردستان خراوەتە بەردەمی «کۆمەڵەی گەلان» و دەزگاکانی. بەدرخانی یەکان و شێخی بەردە قارەمان و حەپسەخان و[19] ژمارەیەکی تر لە نیشتمانپەروەران جارەهای جار یادداشت و نامەی تایبەتی یان پێشکەشی ئەو دەزگا جیهانی یە کردووە. ڕۆژانی داسەپاندنی پەیمانی ساڵی (١٩٣٠) بەسەر عیراقدا لەلایەن ئینگلیزی داگیرکەرەوەو، دوای تەقینەوەی هەرا گەورەو جەرگبڕەکەی ڕۆژی شەشی ڕەشی ئەیلول نیشتمانپەروەرانی کورد زنجیرەیەك بروسکەو نامەی نارەزایی یان باردە جنێڤ. بەهەمان دەستوور بەدرخانی یەکانیش زوو زوو دەنگی کوردیان دەدایەوە بەگوێی داخراوی بەڕێوەبەرانی «کۆمەڵەی گەلان»دا. بەڵام لەکاتی لێدوانی کێشەی موسڵدا لەوەیش زیاتر ناوی کورد کەوتە سەر زاری ئەندامانی «کۆمەڵەی گەلان» و دەزگاکانی.

کوردستانی باشوور، وەك هەموو ئەو ناوچەیەی بەر لە شەڕی یەکەمی جیهان بە «ویلایەتی مووسل» ناسرابوو، بەشێك لە ئیمپراتۆری ی فراوانی عوسمانی بوو. لە

---

(١٩) مەبەست خوالێخۆشبوو حەپسەخانی نەقیبە.

ناوەندی ساڵی (١٩١٧) وە لەشکری بەریتانیا بە نیازی داگیرکردنی مەڵبەندی ناوبراو لەچەند قۆڵێکەوە بەرەو باکووری بەغدا کەوتە ڕێ[٢٠]. کە ڕۆژی (٣٠)ی تەشرینی دووەمی ساڵی (١٩١٨) ئاگربەسی مۆدرۆس[٢١] کۆتایی بە شەڕی نێوان هاوپەیمانەکانو ئیمپراتۆری‌ی عوسمانی هێنا هێشتا لەشکری ئینگلیز دوازدە میلی مابوو بگاتە ناو شاری مووسل خۆیەوە. دوای شەڕو لەگەڵ سەرکەوتنی کەمالی‌یەکاندا تورکیا ئەوەی کردە بیانوو بۆ «داواکردنەوەی» ویلایەتی مووسڵ. بەو جۆرە کێشەیەکی نێودەوڵەتی دروست بوو کە بە ناوی «کێشەی مووسڵ»ەوە چۆتە ناو تۆماری مێژووەوە[٢٢].

«کێشەی مووسڵ» بووە یەکێك لەو باسە سەرەکی‌یانەی خرایە بەردەمی کۆنگرەی لۆزان کە دەوروبەری کۆتایی تەشرینی دووەمی ساڵی (١٩٢٢) لەنێوان کەمالی‌یەکانی تورکیاو هاوپەیمانەکاندا بەنیازی مۆرکردنی پەیمانێکی نوێ لەبریتی «پەیمانی سیڤەر» بەسترا. لەوێ لۆرد کیرزنی نوێنەری بەریتانیاو عیصمەت ئینۆنۆی نوێنەری تورکیا بە دوو قۆڵی کەوتنە باسی چارەنووسی «ویلایەتی مووسڵ» و هەریەکەیان هەوڵی ئەدا کورد بکاتە جوکەری بردنەوەی یارێکە. کە ئەوە دادی نەداو نەگەیشتنە ئەنجام، لۆرد کیرزن[٢٣] کە ئاوساکە وەزیری هەندەرانی بەریتانیا

---

(٢٠) لەگەڵ دەست پێ‌کردنی شەڕی یەکەمی جیهاندا لەشکری ئینگلیز لە باشوورەوە کەوتە داگیرکردنی خاکی عیراقو تارۆژی یازدەی مارتی ساڵی ١٩١٧ گەیشتە بەغداو دوای ئەوە ئینجا بەرەو کوردستان کەوتە ڕێ.

(٢١) ئاگربەس واتە «هدنة».

(٢٢) بۆ درێژەی ئەو باسە بڕوانە: الدکتور فاضل حسین، مشکلة الموصل. دراسة في الدبلوماسية العراقية – الانكليزية – التركية وفي الرأي العام، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٥٥ (٣٣٦ ص). نامەی دوکتۆراکەیەتی کە ساڵی ١٩٥٢ پێشکەشی زانکۆی ئەندیانای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای کردووە. چەند ساڵێك لەمەوبەر چاپی دووەمیشی دەرچو. سەرچاوەیەکی بایەخدارە بۆ لێکدانەوەی چەند لایەنێکی گرنگی مێژووی هاوچەرخی گەلی کورد.

(٢٣) جۆرج نەثانێل کیرزن (Curzon) (١٨٥٩–١٩٢٥) یەکێك بوو لەپیاوە سیاسی‌یە بەناوبانگەکانی ئینگیلتەرەی کۆتایی سەدەی نۆزدەمینو تا سەرەتای ١٩٢٤، واتە لە کاتێکی زۆر ناسکی مێژووی ئینگیلتەرەو جیهاندا، وەزیری هەندەران بوو، بەو جۆرە دەوری لە «کێشەی مووسڵ» و چارەنووسی کوردا گەورەو دیاربوو.

بوو ڕۆژی (٢٥)ی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٢٣) نامەیەکی تایبەتی‌ی نارد بۆ سکرتێری گشتی‌ی «کۆمەڵەی گەلان» و داوای لێ‌کرد باسی مووسڵ بخاتە ناو لیستەی کاری ئەنجومەنەوە . پاش ئەوەی ئینۆنۆ ناچار بوو تا ڕادەیەك مل بدات ، هەردوولا ڕێك‌کەوتن هەول بدەن لە ماوەی نۆ مانگدا خۆیان چارەسەری ئەو کێشەیە بکەن ، خۆ ئەگەر هاتو لەو ماوەیەدا نەگەیشتنە ئەنجام ئەوساکە بیدەنە دەست «کۆمەڵەی گەلان» .

ڕۆژی پێنجی حوزەیرانی ساڵی (١٩٢٤) ماوەی نۆ مانگەکە تەواو بوو بێ ئەوەی تورکیاو بەریتانیای گەورە بگەنە هیچ ئەنجامێك ، هەرچەندە نوێنەرانیان چەند جارێك کۆبوونەوەو گەلێك گفتوگۆیان لەو بارەیەوە کرد . کە کار گەیشت بەوە ڕۆژی (٦)ی ئابی ساڵی (١٩٢٤) لەندەن داوای لە سکرتێری گشتی‌ی «کۆمەڵەی گەلان» کردەوە بێ دواخستن «کێشەی مووسڵ» بخاتە بەردەمی ئەنجومەن . یازدەی ئابی هەمان ساڵ ، واتە پاش تەنها پێنج ڕۆژ ، بەڕێوەبەرانی کارگێڕی کۆمەڵە «کێشەی مووسڵ» یان خستە ناو لیستەی کاری ئەنجومەنەوەو ئەندامانی کۆمەڵەو تورکیایان لەو بارەیەوە ئاگادارکرد .

لە کۆبوونەوەی ڕۆژی (٣٠)ی ئەیلولی ساڵی ١٩٢٤یدا «کۆمەڵەی گەلان» بڕیاری سپاردنی «کێشەی مووسڵ»ی بە لیژنەیەکی تایبەتی‌ی سێ قۆڵی دا کە پاش مانگێك ناویانی بەم جۆرە دیار کرد :

یەکەم – کاربەدەستی وەزارەتی هەندەرانی سوید ف – ڤیرسن کە باڵیوز بوو لە ڕۆمانیا .

دووەم – سیاسی‌و زانای جوگرافی کۆنت پۆل تێلکی کە کاتی خۆی سەرەك وەزیرانی هەنگاریا بووە .

سێیەم – ئەفسەری خانەنشینی بەلچیکی أ . پۆلس .

یەکەمیان ، واتە ڤیرسن ، کرایە سەرۆکی لیژنەکە کە ژمارەیەکیش سکرتێرو یاریدەری شارەزای بۆ دانرا .

دەبوو ئەم لیژنەیەی «کۆمەڵەی گەلان» لە هەموو ئەو بەڵگانە بکۆڵێتەوە کە پێوەندی‌یان بە لایەنی جیاوازی ژیانی نەتەوەیی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌ی ویلایەتی مووسڵەوە هەبوو . هەروەها دەبوو ئەندامانی بێنە ناوچەی جیاوازی «ویلایەتی

مووسلّ» دەوەو لە نزیکەوە پێوەندیی لەگەڵ نوێنەرانی دەستەو چینی جۆراوجۆری دانیشتوانیدا بکەن‌و ئینجا پوختەی ئەنجامی کارو پێشنیاری خۆیان لە ڕاپۆرتێکی سەربەخودا پێشکەش بە کۆمەڵە بکەن.

بۆ جێبەجێکردنی مەبەست ئەندامانی لیژنە سەریان لە لەندەن‌و بەغداو ئەستەمووڵ‌و ئەنقەرە[٢٤] داو دوای ئەوە لە کۆتایی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٢٥)وە بەتایبەتی چوونە ناوچەکانی «ویلیەتی مووسلّ». ڕۆژی (٢٧)ی ئەو مانگە گەیشتنە شاری مووسلّ خۆی. پاش چەند ڕۆژێك ئەندامانی لیژنەو یاریدەرانیان بەجیا چوونە شارو شارۆچکەکانی تری ناوچەکەو لە هەولێرو کەرکوك‌و سلێمانی بەتایبەتی مانەوەو پێوەندی‌یان بە زۆر کەسەوە کردو مانگی نیسان گەرانەوە جنێف‌و لەوێ کەوتنە دانانی ڕاپۆرتی خۆیان کە ڕۆژی (١٦)ی تەمموزی ساڵی (١٩٢٥) تەواویان کردو بەسەر ئەندامانی «کۆمەڵەی گەلان»و ژمارەیەك ڕۆژنامەنووسدا دابەشیان کرد.

شایانی باسە نوێنەرانی تورکیاو بەریتانیاش لەگەڵ ئەندامانی لیژنەکەدا هاتبوون. تورکەکان، دیارە بۆ مەبەستی خۆیان‌و بەر لە هەر شت بۆ خۆ نزیك خستنەوە لە کورد، فەتاح بەگی حزمی شێخ مەحمودیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو.

لێدوان‌و بڕیارو مەرجەکانی «کۆمەڵەی گەلان» بۆ دیارکردنی چارەنووسی «ویلایەتی مووسلّ» تا ڕادەیەك ئاشکراو زانراون. ئەوەی دەمانەوێ لەم وتارەدا سەرنجی تایبەتی‌ی بدەینێ ڕاپۆرتەکە خۆیەتی کە دەقی ناونیشانی بەم جۆرەیە:

«کۆمەڵەی گەلان. مەسەلەی سنووری نێوان تورکیاو عیراق. ڕاپۆرتی پێشکەش کراو بە ئەنجومەن لە لایەن ئەو لیژنەیەوە کە بەپێی بڕیاری ڕۆژی (٣٠)ی ئەیلولی (١٩٢٤)ی ئەنجومەن دامزرێنرا»[٢٥].

ڕاپۆرتی لیژنەی تۆژینەوەی کێشەی مووسل پڕی‌یە لە زانیاری‌ی سیاسی‌و

(٢٤) ڕۆژی ١٦ ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٥ ئەندامانی لیژنە گەیشتنە بەغداو پاش دە ڕۆژ لەوێوە چوونە مووسلّ‌و ئینجا کەوتنە گەران بە ناوچەکانی کوردستاندا.

(٢٥) ئەمەش دەقی ناوەکەیەتی بە ئینگلیزی:

(League of Nations. Question of the Frontier between Turkey and iraq. Report submitted to the Council by the Commission instituted by the Council resolution of September 30, 1924), Geneva, 1925.

ئابووری‌و کۆمەلایەتی‌و جوگرافی‌ی گرنگ کە بەشێکیان لە سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە وەرگیراون‌و بەشێکیشیان ئەندامانی لیژنەکە بۆ خۆیان کۆیان‌کردوونەوە . زانیاری‌یەکانی ئەم بەشەی دوایی‌یان ئەندامانی لیژنە یا بە چاوی خۆیان بینیویانن‌و تۆماریان کردوون ، یا لە ڕێگەی ژمارەیەك مامۆستای شارەزاری زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهانەوە پێیان زانیون . لەبەر ئەوە ڕاپۆرتی ناوبراو لە یەکەم ڕۆژی بلاوکردنەوەیەوە بۆتە سەرچاوەیەکی ڕەسەنی لێکدانەوەی گەلێك لایەنی ژیانی کوردەواری‌ی نوێ‌و هاوچەرخ . کوردناسان زۆر جار لە بەرهەمەکانیاندا پەنایان بردۆتە بەر زانیاری‌یەکانی‌و کەڵکی باشیان لێیان وەرگرتووە .

هەرکەسێك بیەوێت باسی ژیانی دەرەبەگی‌و کۆچەری‌و هۆزایەتی‌و پێوەندی‌ی ئابووری‌و داب‌و نەریتی دانیشتوانی ناوچەیەکی فراوانی کوردستان بکات پێویستە بگەڕێتەوە ناوەرۆکی ڕاپۆرتی لیژنەی تۆژینەوەی کێشەی مووسڵ کە ژمارەیەك بۆچوونی سیاسی‌ی وردیشی تێدایە . . شایانی باسە دانەرانی ڕاپۆرتەکە چەند جارێك باسی پێوەندی‌ی برایانەی نێوان کوردو عیسایی‌یەکانیان کردووەو دانیان بەوەدا ناوەکە لەو بارەیەوە هیچ گەلێکی تری موسڵمان نی‌یە بتوانێ شان لە شانی کورد بدات [٢٦] .

دیسان گەلێك جار ناوی کوردو کوردستان لەو ڕاپۆرتە تایبەتی‌یە گەورانەدا هاتووە کە ئینگلیزەکان لە ماوەی نێوان سالانی ١٩٢٠ و ١٩٣٢دا چەند جارێك بە چاپ کراوی دەربارەی کاروباری کارگێڕی عیراق پێشکەشی «کۆمەڵەی گەلان» یان کردوون . ئەو ڕاپۆرتانەش کە ئیمڕۆکە بوونەتە سەرچاوەیەکی ڕەسەنی لێکدانەوەی مێژووی هاوچەرخی هەموو عیراق ، پڕن لە زانیاری‌ی زۆر بەکەڵك‌و گرنگ دەربارەی لایەنی جیاوازی ژیانی کوردەواری .

یەکێك لە بەشە سەرەکی‌یەکانی هەر یەکێك لەو ڕاپۆرتانە بۆ کورد تەرخان کراوە . بە وێنە لە یەکەم ڕاپۆرتیاندا کە دەربارەی کاروباری بەڕێوەبردنی عیراقە لە مانگی ئۆکتۆبەری سالی (١٩٢٠) وە تاوەکو مانگی مارتی سالی (١٩٢٢) [٢٧] باسی

---

(٢٦) Ibid , PP. 46 – 47

(٢٧) (Report on Iraq administration, October 1920 – March 1922), London, 1923.

کوشتنی میستەر بێل و کاپتەن سکۆتی تێدایە کە هەردووکیان مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩١٩) لەلایەن شۆڕشگێڕانی کوردی ناوچە شاخاوییەکانی هەولێرەوە پێکراون . هەروەها باسی کوشتنی کاپتەن سالمۆنیشی تێدایە کە ئەفسەری سیاسیی کفری بوو ، لە لایەن شۆڕشگێڕانی کوردەوە سەرەتا بەدیل گیراو دوایی کوژرا(٢٨) .

هەمان ڕاپۆرت بەکورتی، باسی کۆنگرەی قاهیرەو سیاسەتی ئینگلیز بەرامبەر بەکوردو ، بەشدار نەبوونی دانیشتوانی ناوچەی سلێمانیی لە «هەڵبژاردنی» فەیسەڵی یەکەمدا کردووە . یەکەمیان ، واتە کۆنگرەی قاهیرە ، مانگی مایسی ساڵی (١٩٢١) لەژێر چاودێریی چەرچلدا بەسترا کە ئەوساکە وەزیری موستەعمەرات بوو . دەربارەی عیراق ئەندامانی «کۆنگرەی قاهیرە» لە چوار باسی سەرەکیی کۆڵینەوە :-

یەکەم – کەمکردنەوەی خەرجی بەریتانیای گەورە لە عیراق .
دووەم – باسی ئەوانەی خۆیان بۆ تەختی پاشایی عیراق پاڵاوتبوو .
سێیەم – مەسەلەی کورد .
چوارەم – لەشکری داهاتووی عیراق .

هەرچەندە «کۆنگرەی قاهیرە» بایەخی زۆریدا بە مەسەلەی کورد ، بەڵام ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ لە سیاسەتی ئینگلیزدا بەرامبەری ڕووی نەدا .

لاپەرە ٦٨ و ٦٩ی ڕاپۆرتی ١٩٢٠-١٩٢٢ بۆ باسی دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینێکی هۆزی سورچی دژی ئینگلیزی داگیرکەر تەرخان کراون . ئەو ڕاپەڕینە دەوروبەری کۆتایی ساڵی (١٩٢١) بەرپا بوو ، ئینگلیزەکان تا سەرەتای ساڵی داهاتوو بە تەواوی بۆیان دانەمرکایەوە . بەپێی زانیارییەکانی ناو ڕاپۆرتەکە ژمارەی شۆڕشگێڕانی سورچی خۆی دەدا لە (٦٠٠) کەسێك کە ، وەك دەڵێ ، نزیکەی (٢٠٠) سەربازی تورك بە تۆپێکەوە یاریدەیان دەدان . ئەو هێزەی ئینگلیزەکان کردیانە گیانی شۆڕشگێڕانی کورد لە هەزار سەربازی لیڤی پێکهاتبوو کە جگە لە دوو

(٢٨) ڕۆژانی «شۆڕشی بیست . کاپتەن سالمۆن لەلایەن پیاوەکانی برایم خانی دەلۆوە کوژرا .

ئەفسەریان هیچ کامێکیان ئینگلیز نەبوون . وا دیارە شەڕ لە نێوان هەردوو لادا دوو ڕۆژی خایاندووەو تورکەکان تەنها لە ڕۆژی یەکەمیدا بەشداربوونو دوایی پشتی شۆڕشگێڕانیان بەرداوە . پاش ئەوەی سورچی یەکان ، بەپێی قسەی ڕاپۆرتەکە خۆی ، بەرگری یەکی چاکیان کردووە ناچار بوون بکشێنەوە . زیانیان ، وەك نووسیوی یە ، (٢٠) کوژراوو (٧٠) بریندارو کاول کردنی ژمارەیەك گوندو گرتنی دوو سێ ڕانە مەڕو بزنیان بووە .

دوابەدوای ئەو باسە ڕاپۆرتی ١٩٢٠-١٩٢٢ ڕاستی یەکی مێژوویی بایەخداری تۆمار کردووە . دەڵێ ئەیلوولی ساڵی (١٩٢١) ژمارەیەك شارەزای سەربازی ی ئینگلیز گەیشتنە عیراق و دەست کرا بە گواستنەوەی بەشی زۆری هێزی لیڤی لە ناوچەکانی فوراتەوە بۆ کوردستان ، بەڵام « بەداخەوە تا نووسینی ئەم ڕاپۆرتە نەتوانراوە هیچ سەربازێکی لیڤی لە دیوانیەو سەماوەو ناصریەوە بگوێزرێتەوە» چونکە ، وەك دەڵێ ، هەموو مەڵبەندی فورات بە لەشکر دابین نەدەکرا . ئەم قسانە ڕادەی پەرەسەندنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوای کورد دژی ئینگلیزو بایەخی خەباتی هاوبەش و یەك کات لەناو سنووری یەك وڵاتدا بە وردی ڕوون دەکەنەوە . ڕاستە تا ڕۆژی دانانی ڕاپۆرتی ناوبراو داگیرکەر توانیبووی «شۆڕشی بیست» لەناوەندو باشووری وڵاتدا دابمرکێنێتەوە ، بەڵام ئەو سێ شارەی ناویان هاتووە هێشتا لە «بزێوی» خۆیان نەکەوتبوون . بۆیەکا ئینگلیزەکان نەیانتوانی هەموو سەگە هارەکانیان بەردەنە گیانی نیشتمانپەروەرانی کورد .

لە هەمان ڕاپۆرتدا ناوی شێخ مەحمودو سمایل ئاغای شوکاك (سمکۆ) و مەحمود خانی دزڵی و ئەورەحمان ئاغای سەرۆکی هۆزی شرناخی کوردستانی تورکیاو ژمارەیەك ناوداری تری کورد هاتووە(٢٩) . بەوێنە دەربارەی شێخ مەحمودو مەحمود خانی دزڵی گەورەی هەورامان نووسیوی یە دەڵێ :

«لە ناوچەی سلێمانی پرۆپاگەندەیەکی زۆر دژی بەریتانیا کراوە . . ساڵی (١٩١٩) مەحمود خانی سەرداری گوندی دزڵی بەشداری ی بزوتنەوەکانی شێخ مەحمودی کردو ساڵی (١٩٢٠) لەلایەن حوکمەتی ئێرانەوە دیل کراو درایە دەست کاربەدەستانی

(٢٩) (Report on Iraq administration, October 1920 — March 1922), PP. 103,

بەریتانیا (لە عیراق –ك.م.) . دوای ئەوەی لە هندستان ماوەیەك بە بەندی مایەوە ، ئەیلولی سالّی (١٩٢١) ڕێگەی درالّی بگەڕێتەوە سلێمانی بەو مەرجەی ، وەك بەڵێنیدا ، نەچێتەوە دیوی ئێران . بەلاّم مەحمود خان بەڵێنەکەی شکاندو گەڕایەوە دزلّی‌و لەوێوە نامەی بۆ مستەفا کەمال ناردو داوای چەکی لیّ‌کرد بۆ دەرکردنی ئینگلیز لە ناوچەی سلێمانی . کانوونی یەکەم ژمارەیەك وردە سەرداری هەورامان ، کە بیّ‌گومان پێوەندی‌یان پێوەی هەبوو ، هاتنە دەشتی هەڵەبجەو کەوتنە کۆکردنەوەی باج . ناوەندی کانوونی دووەمی (سالّی ١٩٢٢ – ك.م.) هێزێکی لیڤی کەوتە ناو بۆسەیەکەوەو ژمارەیەکیان پێکران ، کە یەکێکیان ئەفسەری بەریتانی کاپتەن ڤیتزگیبۆنی[٣٠] فەرماندەی هێزەکە بوو . دوای ئەوە لەبریتی پیادە بە فڕۆکە هێرش کرایە سەر هەڵەبجە . ئەنجامی ئەو هێرشە زۆر سەرکەوتوو بوو . مەحمود خان بە ناچاری گەڕایەوە گوندی دزلّی ، بەلاّم پیاوەکانی لە پەلاماردانی دەشتی هەڵەبجە نەکەوتن . مانگی مارت فشاری فڕۆکە مەحموود خانی ناچار کرد پێوەندی بەکاربەدەستانی ئینگلیزەوە بکات .

سەرئەنجامی ئەوانەش کە لە شۆڕشەکەی سالّی ١٩١٩ی شێخ مەحمودا بەشدار بوون بەم جۆرە بوو : شێخ قادری برای‌و غەریبی شێخ عارف خزمی وشێخ ئەحمەدی پیاوی مانگی مایس لە هەنجام بەردران . یەکەم‌و دووەمیان ئێستە وان لە بەغدا . هەرچی شێخ ئەحمەدە ڕێگەی پیّ درا یەکسەر بگەڕێتەوە سلێمانی . شێخ مەحمودو شێخ غەریبی کوڕی شێخ مارف کانوونی دووەم لە هندستان بەرەلاّ کران‌و ئێستە وەك دوورخراوەی سیاسی وان لە کوێت‌و چاوەڕوانی گەڕانەوەن بۆ سلێمانی»[٣١] .

لە شوێنێکی تردا هەمان ڕاپۆرت دەربارەی باری خوێندەواری‌ی ئەوسای کوردستان ئەم ڕاستی‌یەی داوە بەدەستەوە کە دەلّیّ ئەیلولی سالّی (١٩٢١) پۆلێکی ناوەندی لە شاری سلێمانی کرایەوە ، بەلاّم لەبەر ئەوەی تەنها سیّ قوتابی خۆیان ناونووس کرد پێشنیار کرا بگوێزرێنەوە شاری کەرکووك[٣٢] . وەك دوایش ڕوون

(٣٠) Captain Fitzgibbon

(٣١) Report on Iraq administration, October 1920 – March 1922), PP. 116 – 117.

(٣٢) Ibid

دەکەینەوە خوێندنی کوردی لەژێر سایەی ئینگلیزدا لەوەیش کەمتر پێشکەوت کە چاوەڕوان دەکرا .

لە ڕاپۆرتی داهاتوودا کە ئینگلیزەکان دەربارەی کاروباری عیراق لە ماوەی نێوان نیسانی ۱۹۲۲ و مارتی ۱۹۲۳ دا داویانەتە «کۆمەڵەی گەلان»[۳۳] بەدرێژی باسی هەڵوەستی کورد بەرامبەر «هەڵبژاردنی» فەیصەلی یەکەمو ، هەراوبگری ناوچەی هەڵەب : ەو هەورامانو ، کوشتنی م . مۆتو[۳٤] ، هەڵوەستی جیاوازی سەردارانی جافو پشدەر دەربارەی گەڕانەوەی شێخ مەحمودو ، چالاکیی کەمالییەکان لەناو کوردی عیراقداو ، ڕاپەڕینی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەندو ، کوشتنی کاپتەن بۆندو[۳٥] کاپتەن ماکانت[۳٦] لەلایەن شۆڕشگێرانی هەمەوەندەوەو گەلێك باسی بایەخداریتری وەك ئەوان دەخوێنییەوە[۳۷] .

هەمان ڕاپۆرت بە درێژی باسی ئەوەی کردووە چۆن لەژێر فشاری شۆڕشگێڕانو نارەزایی جەماوەردا ئینگلیزەکان ناچار بوون ڕۆژی (٥)ی ئەیلوولی ساڵی (۱۹۲۲) شاری سلێمانیو هەموو ئەو ناوچەو مەڵبەندانە بەجێ بهێڵن کە کەوتوونەتە باکووری هەولێر – کەرکووك – کفرییەوە . ئینگلیزەکان ئەو ڕۆژە (٦٧) کاربەدەستی خۆیانیان لە سلێمانییەوە بە فڕۆکە گواستەوە کەرکووكو ، بەڕێوەبردنی کاروباری شاریان سپاردە ئەو ئەنجومەنەی بەر لەماوەیەك نوێنەرانی دانیشتوانی شار هەڵیانبژاردبوو[۳۸] .

دیسان هەمان ڕاپۆرت بە وردی چەند لایەنێکی گرنگی دەربارەی گەڕانەوەکەی شێخ لە هندستانەوە بۆ تۆمار کردووین . لەو شوێنەیدا ڕاپۆرتەکە بە ناونیشانی «وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن شێخ مەحمودەوەو پیلانی ئەو لەگەڵ

---

(۳۳) (Report on Iraq administration, April 1922 – March 1923), London, 1924.

(۳٤) Lieutenant M. Mott.

(۳٥) Captain Bond

(۳٦) Captain Makkant

(۳۷) ((Report on Iraq administration, April 1922 – March 1923)), PP. 33–34

(۳۸) Ibid , P. 35

تورکاندا» باسی پێوەندی‌ی نهێنی‌ی شێخی لە ڕێگەی ئۆزدەمیر پاشاوە[٣٩] لەگەڵ کەمالی‌یەکاندا کردووە . لەو بارەیەوە دەڵی‌و ، ڕاستیش دەکات ، کەمالی‌یەکان لەگەڵ شێخ دەست پاك نەبوون ، بەڵکو دەیانویست بیکەنە داشی دامەی جی‌بەجی‌کردنی مەبەستی خۆیان[٤٠] . ڕاپۆرتی ناوبراو گەلێك زانیاری‌ی دەگمەنی دەربارەی ئەو باسەو چالاکی‌ی بەرفراوانی کەمالی‌یەکانی لەناو کوردی عیراقدا بۆ پاراستووین .

لەچەند شوێنێکیدا ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٢٢-١٩٢٣ بە ئاشکرا باسی ئەو بەزمەی کردووە کە فڕۆکە شەڕکەرەکانی بەریتانیا لە ڕقی شێخ مەحمودو کەمالی‌یەکان بە دانیشتوانی بێ‌وەیی کوردستانیان دەکرد . بڕوا ناکەم ئەو ڕۆژگارە لە هیچ قوژبنێکی ولاتە ژێردەستە فراوانەکانیانا ئینگلیز بە ڕادەی کوردستان چەکی هەمەجۆرو ، بەتایبەتی فڕوکەیان بەکار هێنابێت ، ئەو کارەی لەندەن وەك ڕوداوێکی ئاسایی لە ڕاپۆرتە تایبەتی‌یەکانی خۆیدا دەیخستە بەردەمی دەزگاکانی «کۆمەڵەی گەلان»و ئەندامانی .

بەهەمان دەستوور خەباتی گەلی کوردو ، تایبەت بزوتنەوەکانی شێخ مەحمود گەلێك لاپەڕەی ڕاپۆرتی داهاتوویان پڕکردۆتەوە کە بۆ باسی کاروباری عیراق لە نیسانی ساڵی ١٩٢٣وە تاوەکو کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٤ تەرخان کراوە[٤١]

---

(٣٩) ئۆزدەمیر پاشا ئەفسەرێکی گەورەو لێهاتووی تورك‌و لایەنگری مستەفا کەمال بوو . ئۆزدەمیر نازناوی بوو . ئەگینا خۆی ناوی عەلی شەفیق‌و بە ڕەگەز میسری بوو . لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٢ وە کەمالی‌یەکان لەگەڵ هێزێکی سەربازیدا ناردیانە ڕەواندوز . ئۆزدەمیر توانی لە نزیکەوە پێوەندی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە سەردارانی کورد دابمەزرێنێ ، هەزارو یەك گفتی شیرینی درۆی دانێ . چالاکی‌یەکانی ئۆزدەمیرو هاریکاری‌ی لەگەڵ سەردارانی کورداو بەتایبەتی لەگەڵ شێخ مەحمود ، تەواو ئینگلیزیان بێزار کردبوو . پاش ماوەیەك ئۆزدەمیر ناچار بوو بکشێتەوە . هەرچەندە لە بارو دۆخی ئەو ڕۆژگارەدا کەمالی‌یەکان بەپاکی لەگەڵ کوردا بهاتنایە پێشەوە دەیانتوانی جی‌پێی ئینگلیز تەواو شلۆق بکەن .

(٤٠) ((Report on Iraq administration, April 1922 — March 1923)), P. 39.

(٤١) ((Report by His Britannic Majesty's Government on the administration of Iraq for the Period April 1922 — December, 1924)), London, 1925.

لەو لاپەڕانەدا چەند جارێك باسی بۆمبابارانی سلێمانی‌و هەڵەبجەو شوێنی تری کوردستان لەلایەن فڕۆکەکانی بەریتانیای گەورەوە کراوە. بەپێی دەق قسەی ڕاپۆرتەکە خۆی بۆمبابارانی ڕۆژی (٢٥)ی مایسی ساڵی (١٩٢٤) دانیشتوانی سلێمانی ناچارکرد شار بەجێ بهێڵن‌و، وەك دەڵێت کاتێك ئینگلیزەکان داگیریان کردەوە لە (٢٠) هەزار ژمارەی دانیشتووی تەنها (٧٠٠) کەسی تێدا مابوو. پاش دوو مانگ ئێنجا نیوەی خەڵکی شار زاتیان کرد بگەڕێنەوە سەر ماڵ‌و حاڵی خۆیان، بەلاّم تا مانگی تەشرینی دووەم ژمارەی نەگەیشتەوە دۆخەکەی جارانی[٤٢].

جگە لە باسی ڕووی جیاوازی کوردەواری‌ی عیراق ڕاپۆرتی ساڵی (١٩٢٦)[٤٣] بەتایبەتی باسی سمکۆشی کردووە. لەو بارەیەوە نووسیوی‌یە دەڵێ:

«سمایل ئاغای سمکۆ: دەوروبەری کۆتایی مانگی تەشرینی یەکەم سمایل ئاغای سەرەك هۆزی شوکاك کە بە سمکۆ ناسراوە دژی حوکمەتی ئێران شۆڕشی بەرپا کرد، بەلاّم لەو شەڕەی نزیك دیلمان قەوما شکاو بە ناچاری خۆی‌و صەد کەس لە پیاوەکانی پەنایان هێنایە بەر عیراق دوای ئەوەی لە ڕێگەی تورکیاوە نزیك نەهرێ سنووری بڕی‌و هاتە ناوچەی ڕەواندزی سەر بەهەولێر.

ئێران داوای لە عیراق کرد سمکۆی بەیەخسیری بداتەوە، بەلاّم عیراق ملی نەدا، چونکە یاسای پەناهەندەی سیاسی عیراق ڕێگەی دانەوەی پەنابەران نادات. لەگەڵ ئەوەش حوکمەتی عیراق ڕێگەی دایە ئێرانی‌یەکان ئەفسەرێکی خۆیان بنێرنە ناو خاکی عیراق بۆ گفتوگۆ لەگەڵ سمکۆ دەربارەی ئەو مەرجانەی ئێران بۆ لێخۆشبوونی دایناون»[٤٤].

بۆ باسی کوردو، گەلێك باسی تری ئەوسای عیراق ڕاپۆرتی ساڵی (١٩٢٧)[٤٥]

---

(٤٢) Ibid, PP. 32 — 33

(٤٣) ((Report by His Brittanic Majesty's Government to the Council of The League of Nations on the administration of Iraq for the year 1926)), London, 1927.

(٤٤) Ibid, P. 27.

(٤٥) ((Report by His Britanic Majesty's Government to the Council of the League of Nations on the administration of Iraq for the year 1927)), London, 1928.

هیچی لەوانی‌تر کەم نی‌یە . ئەمجاریان باسی گفتوگۆی ئینگلیزەکان لەگەڵ شێخ مەحمودا هاتۆتە پێشەوە . بۆ جێ‌بەجێ کردنی ئەو مەبەستە شێخ مەحمود سەید ئەحمەدی بەرزنجی‌ی کردۆتە نوێنەری خۆی‌و ناردوویەتە بەغدا . تووسەرانی ئەو راپۆرتە سەید ئەحمەدی بەرزنجی‌یان ناو ناوە «ئاژاوەچی‌ی کوردستانی باشوور»[٤٦] . دیارە دەبێ نیشتمانپەروەرو پیاوی دڵسۆز لای هەموو زۆردارو داگیرکەرێك هەر ئاژاوەچی‌و یاخی‌گەرو پیاوخراپ بێ ! . هەر بەو جۆرەش راپۆرتەکە ناوی سابیرو عەبدوڵلای کورانی کەریمی فەتاح بەگی هەمەوەند دەبات . ئەوانیش لەو رۆژانەدا ، بەپیشەی باووباپیرانیان ، دلێرانە بەرەنگاری داگیرکەر هاتبوون ، بەڵکۆ ئەوساکە ، وەك راپۆرتەکە بۆ خۆی دەڵێ ، تەنها ئەوان لە کۆری خەباتدا مابوونەوەو ئینگلیزەکان کوناوکون بە فرۆکەو سوارەو سەربازی لیڤی دوویان کەوتبوون .

راپۆرتی ساڵی (١٩٢٧) بە کورتی چەند لایەنێکی باری ژیانی ئەو کوردانەی خستۆتە بەردەمی «کۆمەڵەی گەلان» کە لە ئەنجامی راپەرینە گەورەکەی شێخ سەعیدی پیراندا پەنایان هێنابووە بەر عیراق‌و وەك دەڵێ ناوچەی مووسڵ بەهۆی لێشاوی ئەوانەوە بەجارێك شلۆقابزو . بەپێی قسەی راپۆرتەکە تاوەکو ساڵی (١٩٢٧) تەنها (٤٥٠) کەس لەو پەناهێنەرانە لە ناو خاکی عیراقدا مابوونەوە . ئەوانی تریان هەموویان گەراونەتەوە گوندەکانی خۆیان . لەو (٤٥٠) کەسەش نزیکەی (١٥٠) یان لە ناوچەی زاخۆو (٢٥٠) یان لە ناوچەی دهۆك‌و نزیکەی (١٠٠) یان لە ناو مووسڵ خۆی‌و دەوروبەریدا نیشتەجێ‌بوون[٤٧] .

---

(٤٦) Ibid, P. 24

دەقی قسەکە وەهایە :

(The stormy Petrel of Southern Kurdistan)

«پێترێل» بەتەنها مەلێکی گچکەی دەریایی زۆر دوورەفرە ، بەلام کە وشەی (storm)ی دەچێتە پاڵ دەبێتە زاراوو بەیەکێك دەگوترێ زۆر بزێوو بەگژبەند بێ .

(٤٧) ((Report... on the administration of Iraq for the year 1927)), PP . 24 — 25

له ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٣١دا[٤٨] ژمارەیەك هۆزی ناوچەی بادینان دەبنە گاورو بەرازخۆرو لەسەر ئەوە (!) فڕۆکەکانی بەریتانیای گەورە زۆر «دڵسۆزانە» دێنە دەستو بەردەبنە گیانیان . دوای یەك لاپەڕە باسی گرتنی مامۆستا تۆفیق وەهبی لە ناوەندی نیسانەوە تاوەکو (٣٠)ی مایسی ساڵی (١٩٣١) دەخوێنیەوە[٤٩] .
هەروەها چ ئەم ڕاپۆرتەو چ ڕاپۆرتی ساڵی (١٩٣٠)[٥٠] چەند جارێك باسی شەشی ڕەشی ئەیلوولو تازەبوونەوەی ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحمود تا بەدیل گرتنیو ڕەوانە کردنی بۆ ناصریە دەگێڕنەوە . کاتێك ڕاپۆرتی ساڵی (١٩٣١) دێتە سەر باسی شەڕی ئاوباریك ، کە ڕۆژی پێنجی نیسانی ساڵی (١٩٣١) قەوما ، دەڵێ کوردەکان «ئازایانە جەنگین ، هەرچەندە هێرشی فڕۆکەو پیادە بەردەوام بوو ، بەلاٌم ئەوان تا تاریکیداهات بەرگرییان کردو ئینجا کشانەوە» . دانەرانی ڕاپۆرتەکە بێ پێچو پەنا باسی ئەوەیان نووسیوە چۆن فڕۆکەکانی ئینگلیز لە ماوەی دوو حەفتەی داهاتودا تاقیبی شێخیان کردووەو دەستیان لێ هەڵنەگرتووە تا ڕۆژی (٢٠)ی نیسان کردوویانە بەودیودا . شێخ لەوێ گوندی پیرانی کردۆتە بنکەی نوێی[٥١] .
دوای چەند لاپەڕەیەك ڕاپۆرتی ساڵی (١٩٣١) باسی ئەوە دەکات چۆن ئینگلیزەکان لەسەر داوای ڕەزا شا هێزی تایبەتییان کردۆتە سەر مەحمود خانی دزڵیو دەست بەرداری نەبوون تا ڕۆژی (٣١)ی مایسی ئەو ساڵە بە دیلی گرتوویانەو ڕەوانەی بەغدایان کردووە[٥٢] .

---

(٤٨)
((Report by His Majesty's Government in the United Kingdom of Great Britain and Northern Ireland to the Councll of the League of Nations on the administration of Iraq for the year 1931)) .

(٤٩) Ibid, PP. 15 — 16

(٥٠)
((Report by His Majesty's Government in the United Kingdom of Great Britain and Northern Ireland to the Council of the League of Nations on the administration of Iraq for the year 1930).

(٥١) ((Report.... for the year 1931)), PP. 16 — 17.

(٥٢) Ibid, P. 31

راپۆرتێ داهاتوو که بۆ ماوەی نێوان کانوونی دووەم و ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٣٢ تەرخان‌کراوە[٥٣] وەك ئەوانی تر بێ‌پەروا کۆڵێك باسی «جوامیری»ی فرۆکە شەرکەرەکانی بەریتانیای گەورەی دژی شۆرشگێرانی کورد بۆ «کۆمەڵەی گەلان» کردووە (!!) . ئەو «داستانە» خۆشە (!!) ئەمجاریان بۆتە گوڵی سەردەستەی باس و یەکەم شەش لاپەرەی راپۆرتەکەی «رازاندۆتەوە» . دیسان زۆر بێ پەروا راپۆرتەکە باسی ئەوە دەکات چۆن بۆ ماوەیەك هێرشی فرۆکەکانی ئینگلیز بۆ سەر کورد لەبەر خاتری چاوی شینی فرۆکەوانێك و باریدەرێکی ، که «چەتە» کوردەکان بەدیلیان گرتبوون ، وەستێنرا . بەلام کاری دانەرانی راست ئەوەیشیان بۆ مێژوو تۆمار کردووە چۆن ئەو «چەتانە» پیاوانە رەفتاری دیلەکانیان کردووەو پاش ماوەیەك ئازادیان کردوون[٥٤] .

هیچ کامێك لە راپۆرتەکانی تری ئینگلیز که دەربارەی عیراق لە بیستەکان و سەرەتای سی‌یەکاندا پێشکەشی «کۆمەڵەی‌گەلان» یان کردوون لە باسی کورد بێ بەش نین . دوا راپۆرتیان که بەر لە کۆتایی ساڵی (١٩٣٢) بە بۆنەی وەرگرتنی عیراق بەئەندام لەلایەن «کۆمەڵەی گەلان»ەوە پێشکەشیان کردووە بریتی‌یە لە پوختەی هەموو راپۆرتەکانی‌تر ، بۆیەکا بایەخی ئەمیان زۆر تایبەتی‌یە[٥٥] . ئێمە لەو راپۆرتە تەنها یەك نموونە دەهێنینەوە که ، خوا هەڵناگرێ ، بێ پێچ و پەنا باسی باری خوێندن و خوێندەواری‌ی کورد تاوەکو سەرەتای سی‌یەکان دەکات ، واتە تا ئەو کاتەی عیراق تێیدا بووە ئەندامی «کۆمەڵەی گەلان» . لەو ماوەیەدا که گوایە بەریتانیای گەورە بە «ناوی» «کۆمەڵەی گەلان»ەوە عیراقی دەبرد بەرێوە ژیانی رووناکبیری‌ی کورد زۆر

---

(٥٣)
((Report by His Majesty's Government in the United Kingdom of Great Britain and Northern Ireland to the Council of the League of Nations on the administration of Iraq for the period January to October 1932)).

(٥٤) Ibid , P. 3

(٥٥)
((Special Report by His Majesty's Government in the United Kingdom of Great Britain and Northern Ireland to the Council of the League of Nations on the progress of Iraq during period 1920 — 1931)), London, 1931.

هێندی‌و لەسەر خۆ هەنگاوی دەنا . هەرچۆن بێ هەنگاوی ناوچەکانی تر لە هەنگاوی ئەو خێراتر بوو . بە داخەوە جاری وا هەبوو ئەو هەنگاوە بۆ دواوە بوو ، نەك بۆپێشەوە . بەوێنە بەر لەوەی شەری یەکەمی جیهان دەست پێ‌بکات ژمارەی قوتابی ی ناوەندی[٥٦] لە شاری سلێمانی خۆی دەدا لە نزیکەی (١٦٥) کەس ، کەچی بەر لەوەی عیراق ببێتە ئەندامی «کۆمەڵەی گەلان»و دوای (١٤)ساڵی رەبەق لە قەیمومەتی بەریتانیای پێشکەوتوو ئەو ژمارەیە هاتە سەر تەنها (١٠) کەس . لەوەیش خراپتر : دیسان بەر لەوەی عیراق ببێتە ئەندامی «کۆمەڵەی گەلان» ، لە ژێر سایەی بەریتانیای گەورەدا ژمارەی هەموو ئەوانەی لە قوتابخانە کوردی‌یەکاندا دەیانخوێند ، بەپێی سەرژمێری ئینگلیزەکان خۆیان ، بریتی بوو تەنها لە (١٥٤٥) کەس . کەچی بەرامبەر بەوان (٦٣٠٠) کەس لە قوتابخانە عیسایی‌یەکان‌و (٨٤٠٠) کەس لە قوتابخانە جووەکان دەیانخوێند ! ![٥٧] ، واتە ئەو جووانەی عیراق کە ژمارەیان نەدەگەیشتە لە صەدا سێ‌و چواری کورد پتر لە پێنج ئەوەندەی ئەوان مافی خوێندنیان هەبوو ! !

بەو جۆرە هەر بەڵگەیەك دەربارەی کورد چوبێتە بەردەمی «کۆمەڵەی گەلان» بە دروستی وێنەی باری نالەباری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری کوردی بۆ ئەندامانی کێشاوە ، باسی ئەو جەورو ستەم‌و بێ‌مافی‌یەی کوردی بۆ کردوون کە بەهۆی ئینگلیزو عەڵقە لە گوێکانیانەوە دووچاریان هاتبوو . راستە جاروبار دەزگاکانی «کۆمەڵەی گەلان» ئاوریان لە کورد داوەتەوەو تەنانەت ئەو نامانەشیان بێ وەڵام نەکردووە کە نیشتمانپەروەرانی کورد بۆیانیان ناردوون[٥٨] ، بەڵام ، بێ‌گومان ، هەڵوەستی کۆمەڵە بەرامبەر بە کورد هیچ رۆژێك نەگەیشتۆتە نیوەی ئەو ئاستەش کە بەپێی ناوەرۆکی پێرەوی خۆی دەبوو بیگاتێ . ئەوەش دیسان رووی راستەقینەی «کۆمەڵەی گەلان» وەك داشی دامەی دەستی دەوڵەتە گەورەکان نیشان دەدات .

---

(٥٧) ((Special Report...)), PP. 232—234 هەروەها بڕوانە : عبدالرزاق الهلالي ، تاريخ التعليم في العراق في العهد العثماني ١٦٣٨-١٩١٧ . بغداد . ١٩٥٩ . ص ١٨١ . محمد امين زكي ، تاريخ السليمانية وانحائها . ترجمة محمد جميل بندى الروژبياني . بغداد . ١٩٥١ ، ص ٢٠٥ – ٢١٠ ، «العالم العربي» (جريدة) ، بغداد ، ٢٠ كانون الثاني ١٩٣١ .

(٥٨) بڕوانە : ((Report... on the administration of Iraq for the year 1931)) PP. 18—19.

کەوابێ نیشتمانپەروەرانی کورد حەقیان بوو بە چاوی گومانو ڕقەوە سەیری «کۆمەڵەی گەلان»یان دەکرد. لەخۆوە نەبوو سەلام لە پارچە هەڵبەستێکی خۆیدا کە ساڵی ١٩٣٣ بۆ یەکەم جار لە گۆڤاری «هاوار»ی شامدا بڵاوی کردەوە[٥٩] «کۆمەڵەی گەلان»ی ناونا «کوتەکی دەستی میستەر هەندرسن»ی وەزیری هەندەرانی ئەوسای بەریتانیای گەورە[٦٠].

لەهەمان هەڵبەستیدا سەلام دەربارەی «کۆمەڵەی گەلان» بە داخو زوخاوێکی زۆرەوە گوتوویە:

«عصـــــــبــــــة الامم» . کـۆمـــــــەڵی گەورە
بـــــەپـــێچو پـــــەنـــا بــــەفــــێڵو دەورە[٦١]
بـــــــەجۆشو کوڵ بووی بۆ کوردی هـــــــەژار
ئــــەتگوت ئـــەم قـــەومـــە ئـــەکـــەم ڕستگار
ئـــــەگەر ڕاست ئــــەکــــەی هـــەڵی سوورێنـــــە
بــــەس بۆ سیــــاسەت هــــەڵمانبـــەڕێنــــە
تـــــەریق نــــابــــیـــتۆ تۆ چـــیت پـــێ ئــــەکــــەن
(کوتــــەکی دەستی مـــیســـتـــــەر هـــەنـــدرسن)

دوای ئەوەی سەلام پیلانو یارێکانی «کۆمەڵەی گەلان» ڕیسوا دەکات دیسان ڕووی دەمی تێدەکاتەوەو پێی دەڵێ:

لــــە عـــەدالـــەتـــاکـــەی ئـــەمـــە دەئـــبـــە
یـــــاخو هـــــەر شێوەو ئوسوڵی غـــــەربــــە

---

(٥٩) بڕوانە:
«هاوار». ساڵی دوو. ژمارە ٢٢. یەکی تەمموزی ١٩٣٣. ل ٧. هەمان پارچە یەکەم شیعری سەلامە لە دیوانەکەیدا (بڕوانە: «دیوانی سەلام». بەغدا. ١٩٥٨. ل ١ـ ٤). لە دیوانەکەدا چەند شوێنێکی شیعرەکە پەڕێنراوە. بەڵام «هاوار» دەق وەك خۆی بڵاو کردۆتەوە.

(٦٠) مەبەست ئارثەر هێندرسنە (A. Henderson) (١٨٦٣–١٩٣٥) کە لە ساڵی ١٩١١ وە تاوەکو ساڵی ١٩٣٤ سکرتێری «پارتی کرێکاران» بوو. ساڵی ١٩٢٩ بووە وەزیری هەندەران. ساڵی ١٩٣١ وازی هێنا. واتە کە سەلام شیعرەکەی گوتووە ئەو هێشتا هەر وەزیر بووە.

(٦١) چەند بەیتێکی هەڵبژاردەن لە شیعرەکەی سەلام. نەك هەمووی.

کۆمەڵی درۆ ، جێگەی مەکروفەن
(کوتەکی دەستی میستەر هەندرسن)
خۆ تۆ وەصی بووی ئەقوام بوون هەتبو
دەمی کوردت کرد بە تەڵەی تەقیو

سەلام لەوەیش زیاتر پێی پیا دەنێ‌و «کۆمەڵەی گەلان»ی لا دەبێتە بارەگای «فیتنەو تەزویر» و کارخانەی «فەسادو میحەن» چونکە :

لە سلێمانی جادەی بەرسەرا
بە خوێناوی کورد ئاوڕشێن‌کرا[٦٢]

دوای هێنانەوەی باسەکە بەو جۆرە سەلامی داخ لەدڵ ڕوودەکاتەوە «کۆمەڵەی گەلان»و پڕ بەدەم لێی دەپرسێ :

چۆن عاجز نابی لەم خوێن ڕشتنە
لەلای تۆ هەڵبەت حقوق کوشتنە[٦٣]
ناترسی مێژوو لەعنەتت بکەن
(کوتەکی دەستی میستەر هەندرسن)

شایانی باسە هەر زوو ئەم پارچە هەڵبەستەی سەلام سەرنجی ڕوناکبیرانی کوردو ئەو بێگانانەی ڕاکێشاوە کە هەر یەکەیان لەبەر مەبەستێك بایەخ بە مەسەلەی کورد دەدەن ، کراوەتە فەرەنسی‌و گەرەبێتی ئەرمەنی وێنەی لێ‌ناردووە بۆ بارەگای «کۆمەڵەی گەلان» لە جنێڤ . کە مینۆرسکی ساڵی (١٩٣٤) هاتۆتە سلێمانی ئەویش ڕوونووسی کردووەو لەگەڵ خۆی بردوویە . هەروەها شابەندەری ئێران لە سلێمانی وێنەی لێ ناردۆتە وەزارەتی هەندەران لە تاران ، بەتایبەتی لەبەر ئەوەش کە شیعرەکە هێرشێکی زۆری تێدایە بۆ سەر عەجەم‌و ئێران[٦٤] .

---

(٦٢) سەلام ئەو شیعرەی لە یەکەم یادی شەشی ڕەشی ئەیلولدا داناوە ، واتە ئەیلولی ساڵی ١٩٣١ .
(٦٣) خۆزگە دەیگوت : «لەلای تۆ هەڵبەت ماف‌دان کوشتنە» .
(٦٤) ئەو بەشەی لە دیوانەکەیدا چاپ نەکراوە .

«کۆمەڵەی گەلان» لە زمانی کوردیشدا ڕەنگی داوەتەوە . نووسەرانی سۆران «عصبة الامم» و «کۆمەڵی ئەقوام»و نووسەرانی «هاوار» و«ڕوناهی»«جڤاتیمیللەتان»یان پیٚگوتووە [٦٥] .

بەدرخانییەکان لەو دوو گۆڤارەو نووسینەکانی تریاندا زۆر جار «جڤات» یان لە بریتی کۆمەڵ و کۆمەڵەو یەکیەتی بەکار هیٚناوە [٦٦] . کاتی خۆی «کۆڕی زانیاری کورد» (جڤات)ی بۆ «نقابە»ش پیٚشنیارکرد [٦٧] . پیٚم وایە پیٚشنیارەکەشی بەجیٚیە چونکە خانی (جڤین)ی بۆ «کۆبوونەوەو خرۆشانی خەڵکی بەکارهیٚناوە» و جگەرخویٚن و کوردۆیٚفیش هەمان وشەیان کردۆتە زاراو .

دڵنیام لەوەی گەڕانیٚکی ورد بەناو پاشماوەی تۆمارو بەڵگەکانی «کۆمەڵەی گەلان»دا بۆی هەیە ڕووی تری بایەخداری میٚژووی کوردمان بۆ ڕوون بکاتەوە .

---

(٦٥) شیعرەکەی شیٚخ سەلام لە «هاوار»دا بە ناونیشانی «لەبۆ جڤاتیٚ میللەتان» و لە دیوانەکەیدا بەناونیشانی «بۆ کۆمەڵی ئەقوام» بلاٚوکراوەتەوە .

(٦٦) بەوینە بڕوانە :

«هاوار» ، ساڵی یەك ، ژمارە دوو ، یەکی حوزەیرانی ١٩٣٢ ، ل ١ ، ساڵی یەك ، ژمارە چواردە . ٣١ ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٢ . ل ١ .

(٦٧) بڕوانە :

«گوڤاری کۆڕی زانیاری کورد» ، بەرگی یەکەم ، بەشی یەکەم ، ١٩٧٣ ، ل ٥٢١ .

باسی حەوتەم

چەند بەڵگەیەك بۆ مێژووی کورد

کاتی خۆی لە ژمارە یەکی «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد»ا ئەم کورتە وتارانەی خوارەوەم بێ ناوی خۆم بلاْوکردەوە[1] . لەبەر نرخی باسەکانیان بۆ مێژووی ڕووناکبیری‌ی کورد لێرەدا بە دەستکاری‌یەکی کەمەوە دیسان بلاْویان دەکەمەوە .

یەکەم — وەقفنامەی ئەوڕەحمان پاشای بابان :

ئەوڕەحمان پاشای کوڕی محەمەد پاشای کوڕی خالید پاشا یەکێکە لە فەرمانڕەوا ناودارەکانی میرنشینی بابان . ساڵی ١٢٠٤ی کۆچی (١٧٨٩ — ١٧٩٠ی عیسایی) دەسەلاْتی گرتە دەستو بۆ ماوەی نزیکەی چارەکە سەدەیەك دەوری گەورەی لە ژیانی سیاسی‌ی نەك تەنها کوردستان ، بەڵکو عیراقو ئێرانو تورکیادا گێڕا . هەروەها یەکێکە لەو سەردارە کوردانەی سەرەتای هەستی نەتەوەیی‌یان تێدا بەدی دەکرێت .

بەپێی قسەی ڕیچ ئەو کاتەی سولەیمانی پچوکی پاشای بەغدا لە دەوڵەت یاخی بوو ، سوڵتان داوای لە ئەوڕەحمان پاشا کرد جێگەی بگرێتەوە ، بەلاْم پاشای بابان قبوڵی نەکرد لە کوردستانو بنکەی میرنشینی باوو باپیرانی دوور بکەوێتەوە .

دەقی قسەکانی کلۆدیۆس جێمس ڕیچ لەم بارەیەوە بەم جۆرەیە :

«کاتێك کوچك سلێمانی پاشای بەغدا لە دەروازەی بالاْ[2] یاخی بوو ، ڕەئیس ئەفەندی کە لە ئەستەموڵەوە بۆ لابردنی هاتبوو . حوکمەتی بەغدای بۆ ئەوڕەحمان

---

(١) «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردی» ، بەرگی یەکەم ، بەشی یەکەم ، ١٩٧٣ ، ل ٣٨١ — ٤١٨ .

(٢) دەروازەی بالاْ لە هەموو ڕوویەکەوە پڕ بە پێستی (Porte) ، واتە «الباب العالی»یە کە ناوەکو کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهان بە دەوڵەتی عوسمانی دەگوترا .

پاشا پێشنیار کرد . بەڵام پیری گەورە زۆر ژیرانە ئەو شەرەفەی ڕەت کردەوەو وتی : ڕاستە بەو کارە من دەبمە وەزیرێکی لەپێش ، بەڵام تنۆکێ بەفراوی شاخەکانم هەموو ڕێزی ئیمپراتۆری‌یەت دێنێت .

جگە لەوە بە چوونم بۆ بەغدا سەروەت‌و سامانی خۆم زۆر دەبێت ، بەڵام ئەو کارەم دەبێتە هۆی هەرەس هێنانی یەکجاری‌ی بنەماڵەی بەبە»[٣] .

یەکێك لە بەڵگەکانی‌تری هەستی زانستی‌و نەتەوەیی ئەورەحمان پاشا ئەوەبوو کە تاوەکو دوارۆژی ژیانی[٤] بە چاوی ڕێزو خۆشەویستی‌یەوە دەیڕوانی‌یە زانایانی کوردستان . لێرەدا بەڵگەیەکی مێژوویی نەزانراو لەم بارەیەوە دەخەینە بەر چاو .

یەکێك لەو دەسنووسە نایابانەی بۆ کتێبخانەی ئەورەحمان پاشا نووسراوەتەوە «صحیحی بوخارا»یە . ئەم دەسنووسە کۆتایی مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٢١١ی کۆچی ، نیسانی ١٧٩٧ی عیسایی[٥] لە لایەن محەمەد کوڕی شێخ یۆسف کوڕی شێخ مەولان کوڕی شێخ عومەرەوە ، کە لە نەوەی وەیسی قەرەنی‌یە ، بە خەتێکی نایاب نووسراوەتەوەو لە دوو شوێنیدا مۆری ئەورەحمان پاشای بەسەرەوەیە . پاشای بابان ئەم دەسنووسەی لەسەر بنەماڵەی جەلی لە کۆیەو پاش ئەوان لەسەر زانایانی « کوردستان ، لە موسڵەوە تا بەغداو سنە» وەقف کردووە[٦] . لەسەر مۆرەکەی ئەورەحمان پاشا ئەمە هەڵکەندراوە :

«وافوض امری الی الله . عبده عبدالرحمن»[٧]

---

(٣)

C. J. Rich, Narrative of a Residence in Koordistan, and on the site of Ancient Nineveh, with Journal of a voyage down the Tigris to Bagdad, and an account of a visit to Shirauz and Persepolis, Vol. 1, London , 1836, PP. 96 — 97.

(٤) ئەورەحمان پاشای بابان ساڵی ١٢٢٨ی کۆچی - ١٨١٣ی عیسایی کۆچی دوایی کردووە .

(٥) بە داخەوە ڕۆژی تەواوبوونی نووسینەوەی دەسنووسەکە دیار نەکراوە . بۆیەکا نەمانتوانی لە گۆڕینی ساڵی نووسینەوەیدا بۆ سەر ساڵی عیسایی ڕۆژەکەشی دابنێین .

(٦) دەقی عەرەبی‌یەکەی بەم جۆرەیە : « . . . ثم علی العلماء الذین کانوا فی ناحیة کردستان من الموصل الی بغداد وسنندج . . . » .

(٧) بڕوانە وێنەی وەقفنامەکەی ئەورەحمان پاشای بابان لە لاپەڕە ٣٨٣و ٣٨٥ی ژمارە یەکی «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد» .

دووەم – دوو نامەی حاجی کاك ئەحمەدی شێخو ڕاستکردنەوەیەك :

حاجی کاك ئەحمەدی کوڕی شێخ مارفی نۆدێی کوڕی شێخ مستەفای کوڕی شێخ ئەحمەد یەکێکە لە گەورە پیاوو زانا پایە بڵندەکانی کوردستانی سەدەی نۆزدەمین. حاجی کاك ئەحمەد ساڵی ١٢٠٧ی کۆچی ، ١٧٩٣ی عیسایی لە شاری سلێمانی لە دایك بووەو ساڵی ١٣٠٥ی کۆچی - ١٨٨٧ی عیسایی هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە . جا با سەرەتا هەڵەیەکی پچوك دەربارەی تەمەنی حاجی کاك ئەحمەدی شێخ ڕاست بکەینەوە .

بەپێی ئەو ساڵانەی سەرەوە حاجی کاك ئەحمەدی شێخ لە تەمەنی ٩٤ ساڵیدا وەفاتی کردووە . کەچی مامۆستایان ئەمین زەکیو شێخ محەمەدی خاڵ نووسیویانە گوایە ئەو زانایەمان کە کۆچی کردووە تەمەنی ٩٨ ساڵ بووە[٨] .

ئەم هەڵەیە لەوەوە هاتووە کە مێژوونووسی گەورەمان مامۆستا ئەمین زەکی تەمەنی حاجی کاك ئەحمەدی بە ساڵی هیجری لێك‌داوەتەوە بێ ئەوەی جیاوازیی دە ڕۆژی ساڵەکان بگرێتە بەر چاو . مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵیش هەرچەندە ساڵی لە دایك بوونو وەفاتی حاجی کاك ئەحمەدی گۆڕیوەتە سەر ساڵی عیساییو دروست ١٧٩٣ی بۆ یەکەمو ١٨٨٧ی بۆ دووەم داناوە ، کەچی ، لەگەڵ ئەوەش تەمەنی هەر بە ٩٨ ساڵ لە قەڵەم داوە .

حاجی کاك ئەحمەدی شێخ دەستێکی باڵای لە زانستە ئایینی‌یەکاندا هەبووەو گەلێك نووسراوی لەم بارەیەوە بە زمانی فارسی بەجێ‌هێشتووە . هەمان کات حاجی کاك ئەحمەد لە نزیکەوە پێوەندیی لەگەڵ زانایانی کوردستاندا دامەزراندووە . یەکێك لەوانە زانای گەورە حاجی مەلا عەبدوڵلای جەلی زادەی کۆیە بووە . وا دیارە بەردەوام نامە لە نێوان ئەو دوو گەورە پیاوەدا هەبووە . بنەماڵەی جەلی زادە دوان لەو نامانەیان پاراستووە کە کاتی خۆی حاجی کاك ئەحمەدی شێخ ناردوونی بۆ مەلا عەبدوڵلا .

---

(٨) بڕوانە :

محمد أمين زكي ، مشاهير الكرد وكردستان ، الجزء الثاني ، القاهرة ، ١٩٤٧ ، ص ١١٩ ، محمد أمين زكي ، تأريخ السليمانية وانحائها ، بغداد ، ١٩٥١ ، ص ٢٢٤ ، محمد الخال ، الشيخ معروف النودهي البرزنجي ، بغداد ، ١٩٦١ ، ص ١٩٩ .

به داخەوە لەسەر هیچ کامێك لەو دوو نامەیە ڕۆژو ساڵی ناردنیان نەنووسراوە[9] . بەڵام وا دیارە یەکەمیان ساڵی ۱۳۰۰ی کۆچی ، ۱۸۸۲ی عیسایی لە سلێمانی‌یەوە نێردراوە بۆ کۆیە . دووەمیشیان بە ناوەرۆك‌و لاوازیی خەتەکەیدا لەوە دەچێت بەر لە کۆچی دوایی حاجی کاك ئەحمەدی شێخ بە ماوەیەکی کەم نێردرابێت[10] . لە سەرەتای ئەمیاندا حاجی کاك ئەحمەد فەرموویەتی :

«یا حبیبی و یا قریبی ویا محبي ابتلیت بما خرج من طاقتی وبما لا صبر لي فیه واتمنی موتی مع حسن خاتمی فاعذرنی . اجزتکم بالتدریس لاسیما کل عبادة لسانیة جزئیة کلیة ، وکل عبادة فعلیة . . .» .

سێیەم — چەند ڕاستی‌یەك دەربارەی شاعیری بەناوبانگ شێخ ڕەزای تاڵەبانی :

شاعیری گەورەو لێهاتووی کوردستانی نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەمین‌و سەرەتای سەدەی بیست شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە ئەدەبی گەلی کوردا جێگەی بەرزو شیاوە . کەچی لەگەڵ ئەوەش جیاوازی‌ی لە دیار کردنی ساڵی لە دایك بوون‌و وەفاتیدا هەیە . مامۆستا ئەمین زەکی باسی لە دایك بوونی نەکردووە[11] . هەرچی مامۆستا عەلائەددین سەجادی‌یە ۱۸۳۵ی بە ساڵی لە دایك بوونی داناوە[12] . دوکتۆر مارف خەزنەدار ساڵی ۱۸٤۲ی داناوە[13] .

کوردناسانی دەرەوەش ئەو ساڵەیان بە تەواوی بۆ دیار نەکراوە . بە وێنە

---

(۹) بڕوانە وێنەی ئەو دوو نامەیە لە لاپەڕە ۳۸۸و لاپەڕەیەکی‌تری بێ ژمارەی یەکی «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد» .

(۱۰) مامۆستا مەسعود محەممەدیش لەو باوەڕەدایە .

(۱۱) بڕوانە :

محمد امین زکي ، مشاهیر الکرد وکردستان ، الجزء الاول . بغداد ، ۱۹٤٥ ، ص ۲۲٤ — ۲۲٥ .

(۱۲) علاءالدین سجادی ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەغدا ، ۱۹٥۲ ، ل ۳٤۱ . چاپی دووەم ، بەغدا . ۱۹۷۱ . ل ۳۷٤ .

(۱۳) د . مارف خەزنەدار ، کورتەی مێژووی ئەدەبی کوردی‌ی نوێ ، بە زمانی ڕووسی . مۆسکۆ . ۱۹٦۸ . ل ۸۱ .

ئەدمۆنس لە یەکەم نووسینیدا دەربارەی شێخ ڕەزا دوو ساڵی بۆ لە دایك بوونی داناوە : ١٨٤١ یا ١٨٤٣ [١٤] . کەچی پاش ماوەیەك ناوەندی ئەو دوو ساڵەی هەڵبژاردووەو ١٨٤٢ی کردۆتە ساڵی لە دایك بوونی [١٥] .

دوکتۆر کەمال فوئاد بە دروستی ١٢٥٣ی کۆچی ی بە ساڵی لە دایك بوونی شێخ ڕەزای تاڵەبانی داناوە [١٦] ، بەلاّم وا دیارە ڕۆژو مانگەکەی بۆ نەدۆزراوەتەوە تا بە تەواوی ئەو ساڵە بەپێی ڕۆژژمێری ی عیسایش دیار بکرێت ، چونکە ساڵی ١٢٥٣ی کۆچی بەر ساڵی ١٨٣٧و ١٨٣٨ی عیسایی دەکەوێت . دوکتۆر کەمال فوئاد لەو دوانە یەکەمیانی هەڵبژاردووە ، وا دیارە بەو جۆرە ویستویە کەمێك لە تەمەنی ئەو شاعیرە گەورەیەمان درێژ بکاتەوە . منیش بومایە هەر وام دەکرد .

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس ١٢٥٣ی کۆچی ی وەك ساڵی لە دایك بوونی شێخ ڕەزا تەواو چەسپاند . ئەمیان بۆ دۆزینەوەی ئەو ساڵە پەنای بردۆتە بەر شێخەکانی تاڵەبان [١٧] .

شێخی گەورەی تاڵەبان لە گوندی قرخی نزیك چەمچەماڵ [١٨] لە دایك بووەو لە کەرکوك گەورە بووەو لەوێ‌و لە کۆیەو لە سلێمانی خوێندوویەو عەرەبی‌و فارسی‌و تورکیشی بە باشی زانیوەو شیعری پێ گوتون‌و چۆتە ئەستەموڵ‌و بەشی دوایی ژیانی لە بەغدا بردۆتە سەر .

بە داخەوە لە تۆمار کردنی ساڵی وەفاتی شێخ ڕەزادا دیسان هەڵەکراوە . مامۆستا

---

(١٤)

C. J. Edmonds, A Kurdish Lampoonist Shaikh Riza Talabani, — (Journal of the Royal Central Asian Society) , London, Vol XX11, January 1935, P. 116.

(١٥)

C. J. Edmonds, Kurds, Turks and Arabs, London, 1957, P. 57.

(١٦)

Kamal Fuad, Kurdische Handschriften , Wiesbaden, 1970, P. 101.

(١٧) بڕیار وابوو مامۆستا مەلا عەبدولکەریم ئەو ڕاستی‌یەمان لە «یادی مەردان»دا بۆ تۆمار بکات .

(١٨) قرخ‌و تاڵەبان دوو دێن کەوتوونەتە ناوچەی چەمچەماڵی نێوان کەرکوك‌و سلێمانی‌یەوە .

عەلائەدین سەجادی ۱۹۰۹ی کردۆتە ساڵی وەفاتی[١٩] . دوکتۆر کەمال فوئادیش هەمان ساڵی داناوە[٢٠] .

گۆڕەکەی شێخ ڕەزا ، پڕ لە نوورو گوڵاو بێت ، وا لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە بەغدا[٢١] . لەسەر کێلی گۆڕەکەی شێخ ڕەزا نووسراوە :

«قد توفي الفاضل المرحوم في ليلة الجمعة المباركة من محرم الحرام سنة ١٣٢٨» .

واتە ئەو بەڵگە گرنگەش تەنها مانگ‌و شەوی ئەو حەفتەیەی بۆ دیار کردووین کە شێخ کۆچی دوایی تێدا کردووە . بەڵام مامۆستا ئەمین زەکی ئەو ڕۆژەی بە یەکی موحەڕەم داناوە[٢٢] . لەبەر ئەوەش کە یەکی موحەڕەم پێنج شەممەدەگرێتەوە، لەسەر کێلەکەش نووسراوە شێخ شەوی هەینی کۆچی کردووە ، لەبەر ئەوە لەو بڕوایەداین یەکی موحەڕەمەکەی مامۆستا ئەمین زەکی دروست بێت . بەو جۆرەش ڕۆژی وەفاتی شێخ ڕەزای تاڵەبانی وای لێ دێت :

(یەکی موحەڕەمی ساڵی ١٣٢٨ی کۆچی - کە دەکاتە ئێوارەی پێنج شەممە لەسەر هەینی (جومعە)ی سیازدەی کانونی دووەمی ساڵی ١٩١٠) .

لەسەر کێلی گۆڕەکەی شێخ ڕەزا بە فارسی ئەم چەند دێرە هەڵکەندراوە :

یا رسول الله چه باشد چون سگ اصحاب کهف
داخل جنت شوم در زمرهٔ أصحاب تو
او رود در جنت‌و من در جهنم كي رواست
او سگ اصحاب كهف ومن سگ اصحاب تو

شێخ ڕەزای دونیا دیدەو ژیان پەرست زۆر حەزی لە تێکەڵ بوون‌و دانیشتنی زاناو شاعیران دەکردو پێوەندی‌ی لەگەڵ گەلێکیان هەبوو . یەکێك لە هاوەڵ‌و دۆستە نزیکەکانی شێخی شاعیر حاجی مەلا عەبدوڵلای جەلی زادە بووە کە پێکرا لە کۆیە

---

(١٩) علاءالدین سجادی . سەرچاوەی ناوبراو . چاپی یەکەم . ل ٣٤١ . ٣٤٣ . چاپی دووەم . ل ٣٧٤ . ٣٧٦ .

(٢٠) Kamal Fuad, Op. Cit. , P. 101

(٢١) محەممەدی کوڕی شێخ ڕەزا ، کە ئەویش شاعیر بووەو نازناوی (خالص) بووە . لە تەنیشت باوکی‌یەوە لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادر نێژراوە .

(٢٢) محمد امين زكي ، مشاهير الكرد وكردستان ، الجزء الاول ، ص ٢٢٥ .

لای حاجی مەلا ئەسعەدی باوکی حاجی مەلا عەبدوڵلا خوێندوویانەو دوای ئەوەش لە ڕێگەی نامەوە پێوەندی‌یان بەردەوام بووە . یەکێك لە نامەکانی شێخ ڕەزا تا ئیستەش ماوە[23] کە بریتی‌یە لەنووسینێکی دۆستانەی . شێخ ڕەزا ئەو نامەیەی ساڵی ١٣١٣ی کۆچی (١٨٩٥-١٨٩٦ی عیسایی) نووسیوە[24] . شێخ نامەکەی بەم چوار دێڕە شیعرە فارسی‌یە دەست پی‌کردووە :

عـــیب در ذات تـو ای کـــان هنر مـــعـــدومست[25]
مگر این عـــیب کـــه لحم عـــلما مســـمومست
شعـــــــــــــر من از همه سو در همه کشور ساری
عـــلم تـو در همه جـــابـــر همه کس مـــعـــلومست
میرود شعـــــر من عـــلم جـــهـــان گیر شما
هـــردو بـــیـــفـــائـــده تـــا جـــای اقـــامت رومست
نـــامـــه بسنویس بهر طـــرز دلت مـــیـــخواهـــد
همه سحـــــراست اگر نثرو اگر مـــنـــــظومست

ڕۆژی ٦ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٤ کاك چالاك تاڵەبانی ئەم باسەی لای خوارەوەی بۆ گێڕامەوە :

«وێنەکێشێکی بەغدایی دەنگو باوی شێخی بیستبوو ، هەر لە دوورەوە شەیدای عەقڵ و زیرەکی بوبو . داوای لە نەوەی کرد هەر تاڵەبانی‌یەك ئەندامێکی دەموچاوی لەو بکات کە هاتە بەغدا بیبەنە لای . پاش ماوەیەك ئەو هونەرمەندە وێنەیەکی جەنابی شێخی دروست‌کرد . کە داپیرەم کتوپڕ چاوی پێی‌کەوت سەری سوڕماو یەکسەر پرسی ئەم وێنەیەی مامە ڕەزاتان لەکوێ بوو ، کتومت خۆیەتی !» .

چوارەم — دیسان ڕۆژنامەی «کوردستان» :

چەند دەربارەی «کوردستان»ی ڕۆژنامەی کوردی بنووسرێت هێشتا کەمە ،

---

(٢٣) بڕوانە وێنەی ئەو نامەیە لە لاپەڕە ٣٩٢ی ژمارە یەکی «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد»!.
(٢٤) بەداخەوە لە نامەکەدا تەنها ساڵی ناردنی نووسراوە .
(٢٥) شێوەی نووسینەکەی شێخ ڕەزا وەك خۆی هێڵراوەتەوە .

چونکە ئەو ڕۆژنامەیە سەرەتایەکی مێژوویی گرنگ‌و پڕ لە شانازی‌یە لە سەرانسەری ژیانی ڕووناکبیری‌ی گەلی کوردا[٢٦]

وەك ئاشکرایە ڕووناکبیرانی کورد لە دەوروبەری کۆتایی سەدەی نۆزدەمینەوە بە گەرمی تێکەڵی خەباتی نەتەوەیی گەلەکەیان بوون‌و هەر لەو ڕۆژگارەشەوە لە بایەخ‌و نرخی ڕۆژنامەنووسی تێگەیشتن ، بە تایبەتی ئەوانەیان کە لە ئەستەموول ژیابوون ، یا خوێندبوویان‌و بە چاوی خۆیان دیبوویان ڕۆژنامەنووسی‌ی تورك‌و گەلانی‌تری ناو دەوڵەتی عوسمانی چ دەورێك لە ژیانی کۆمەڵدا دەبینن[٢٧] . ئەمە نزیك کۆتایی سەدەی ڕابوردوو پاڵی بە خوێندەوارە دووربینەکانی کوردستانەوە[٢٨] نا بکەونە خۆ بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤار بە زمانی زگماکی خۆیان .

جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکە پێویستە نە لە ناو خاکی کوردستان خۆی‌و نە لە ئەستەمولی پایتەخت بەهۆی ڕژێمی خوێناوی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە (١٨٧٦–١٩٠٩) کارێکی ئاسان نەبوو . بە تایبەتی لەو ڕۆژگارەدا کە هەر ئەوەندەت دەزانی لە یەکێك لە قوژنەکانی کوردستاندا ڕاپەڕینێك بەرپا دەبوو . لەبەر ئەوە ڕووناکبیرانی کورد ناچار بوون هەوڵ بدەن لە دەرەوەی نیشتمان ڕۆژنامەیەکی کوردی چاپ بکەن‌و لەوێوە بە دزی‌یەوە بنێرنە کوردستان . باشترین شوێنیش لەو سەرەدەمەدا بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی لەو بابەتە میسر بوو . چونکە

---

(٢٦) لەو کتێبەمدا کە بە ناوی «تێگەیشتنی ڕاستی‌و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی‌ی کوردیدا» ساڵی ١٩٧٨ بلاوم کردەوە کەڵکم لە بەشێکی ئەم باسەم وەرگرتووە .

(٢٧) یەکەم ڕۆژنامە لە مێژووی تورکیادا ساڵی ١٨٢٥ بە زمانی فەرەنسی لە ئەزمیر چاپ‌کرا . یەکەم ڕۆژنامەش بە زمانی تورکی بە ناوی «تقویم وقائع»ەوە ساڵی ١٨٣٢ چاپ‌کرا کە ئۆرگانی دەروازەی باڵا «الباب العالی» بوو .

حەفتاکانی سەدەی نۆزدەمین ڕۆژنامە نووسی‌ی عوسمانی بە جارێك پەرەی سەندو ژمارەی هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو وڵاتە گەیشتە ٤٧ کە سیازدەیان تورکی‌و ئەوانی‌تریان عەرەبی‌و یۆنانی . یا بە زمانی‌تر بوون .

ژمارەیەك ڕۆژنامەی تورکی‌ی وەك «ترجمان احوال» و «تصور أفکار»و هی‌تر لە ناو خوێندەوارانی کوردیشدا بلاودەبوونەوە .

(٢٨) بە تایبەتی ڕووناکبیرانی سەر بە بنەماڵەی بەدرخان کە ژمارەیان زۆرو . پلەی خوێندنیان بەرزو . توانای ئابوری‌و دەرامەتیان باش بوو .

ئەم وڵاتە لە سەردەمی محەمەد عەلی گەورەوە (١٨٠٥-١٨٤٩) لە چنگ دەسەڵاتی سوڵتانە عوسمانی‌یەکان ڕزگاری بوبو. سەرەڕای ئەوە ئینگلیزەکان بەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمین بە تەواوی جی‌پێی خۆیان لە میسر قایم کردبوو، حەزیشیان دەکرد ناحەزانی دەوڵەتی عوسمانی لەوێ کۆببنەوە. نابێت ئەوەیش لەبیر بکەین کە ڕۆژنامەنووسی‌ی میسری‌ی ئەو ڕۆژگارە دەنگی دابۆوەو ژمارەیەك چاپخانەی گەورە بۆ ئەو کاتە لە قاهیرە کاریان دەکردو ناحەزانی دەروازی باڵای عوسمانی‌و تەختی طاووسی قاجاری لەوێ چاپەمەنی‌ی خۆیانیان دەردەکرد.

هەموو ئەم هۆیانە پاڵیان نا بە بەدرخانی‌یەکانەوە ڕوو بکەنە میسر بە نیازی دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی کوردی‌ی. بەم جۆرە ڕۆژی پێنج شەممەی ٣٠ی (ذو القعدە)ی ساڵی ١٣١٥ی کۆچی، ٩ی نیسانی ساڵی ١٣١٤ی ڕۆمی کە دەکاتە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ی عیسایی لە شاری قاهیرە یەکەم ژمارەی یەکەم ڕۆژنامە لە مێژووی گەلی کوردا لە چاپخانەی (الهلال) بە ناوی «کردستان»ەوە لە لایەن میقداد مەدحەت بەدرخانەوە چاپ‌کرا.

شایانی باسە بەپێی ئەو جەدوەلە باوەڕ پی‌کراوانەی لەبەر دەستدان، بە تایبەتی جەدوەلەکەی ئەکادیمی ئۆربیللی[٢٩]، ڕۆژی ٣٠ی (ذوالقعدە)ی ساڵی ١٣١٥ی کۆچی دەکاتە هەینی. نەك پێنج شەممە وەك لە دوو شوێندا لەسەر ژمارە یەکی «کوردستان» چاپ کراوە. بەپێی هەمان جەدوەل ڕۆژی ٣٠ی (ذوالقعدە)ی ساڵی ١٣١٥ی کۆچی دەکاتە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ی عیسایی. لەبەر ئەوەش کە لە ڕاستی‌ی گۆڕینەکەی ئۆربیللی دڵنیاین[٣٠]. بە تایبەتی چونکە لەو هەڵەکەمانەدا کە پرۆفیسۆر تسیبولسکی لەو جەدوەلەی گرتوون باسی نە ساڵی ١٣١٥و نە ساڵی ١٣١٦یان تێدا نی‌یە[٣١]. ناچار بووین بکەوینە سۆراخی ئەوەی ئایا ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ی عیسایی دەکاتە ڕۆژی پێنج شەممە یا هەینی. دوای لێکۆڵینەوەیەکی

---

(٢٩) ساڵی ١٩٦١ لە مۆسکۆ چاپ‌کراوە.

(٣٠) بڕوانە ل ٢٦٩ی جەدوەلەکە.

(٣١) بڕوانە گۆڤاری «گەلانی ئاسیاو ئەفەریقا»، بە زمانی ڕووسی، مۆسکۆ، ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٦٢، ل ٢٤٥.

ورد دەرکەوت ئەو ڕۆژە دەق پێنج شەممەیە . کەوابێت ئەبێت هەڵە لە دیارکردنی سەرەتاو کۆتایی مانگە هیجری‌یەکانی ئەو ساڵە خۆیدا کرابێت ، کە ئەوەش ڕێی تیٚ دەچێت ، چونکە ، وەك ئاشکرایە ، دیارکردنی سەرەتاو کۆتایی مانگەکانی ساڵنامەی هیجری لەسەر بینینی مانگ وەستاوەو زۆر جار هەڵەی تێدا دەکرێت . کەواتە ئەو ڕۆژی (٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨)ەی لە میسر بە ٣٠ی (ذوالقعدە) دانراوە وا دیارە لە ڕاستیدا ٢٩ بووە . هەمان هەڵەش لە ژمارە سی‌و پێنجی «کوردستان»دا ڕووی داوە ، زۆر لەوانەیە ٢٨ی (ذو الحجە)ی یەکەمیان ٢٧و ٢٧ی (محرم)ی دووەمیان ٢٦ بووبن .

ڕۆژنامەی سەربەرزو تاقانەی «کوردستان» ماوەی چەند ساڵێك بە ئاوارەیی ژیاو هەر ڕۆژەی لە شارێك چاپ دەکرا ، ژمارەیەکی لە جنێڤی پایتەختی سویسرەو ، هەندێکی لە لەندەن‌و ، بەشێکی‌تری لە شاری فولکستۆن کە کەوتۆتە باشووری بەریتانیاوە ، چاپ‌کراون . دوای شەڕی یەکەمی جیهانیش «کوردستان» بووە ناوی گۆڤارێکی نویٚ کە لە ئەستەمۆل چاپ دەکرا[٣٢] .

بەشێك لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی «کوردستان» لە کتێبخانە گەورەکانی دەرەوە پارێزراون . ژمارە یەکی لە کتێبخانەی لقی ئامۆژگای ڕۆژهەلأتناسی‌ی سۆڤێت لە لێنینگراد هەیە . ژمارە یەك تا سییەکی ، تەنها ژمارە دەو دوازدەو حەڤدەو هەژدەو نۆزدەی نەبێت ، لە کتێبخانەی ماربۆرگی ئەڵەمانیای ڕۆژئاوا پارێزراون[٣٣] . ١٨ ژمارەش لەوانەی ساڵی ١٨٩٩ چاپ کراون لە کتێبخانەی نیشتمانی‌ی ئەنقەرە هەڵگیراون[٣٤] .

---

(٣٢) ئەمیان تەنها لە ڕووی ناوەوە نەبێت ئیتر هیچ پێوەندی‌یەکی بە «کوردستانی» یەکەم ڕۆژنامەی کوردی‌یەوە نی‌یە . لەوەدا مامۆستایان ئەمین زەکی‌و محەممەد عەلی عەونی بە هەڵەدا چوون (بڕوانە : محمد أمين زكي . خلاصة تاريخ الكرد وكردستان . القاهرة . ١٩٣٦ . ص ٣٧٠) .

(٣٣) «کوردستان – یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ١٨٩٨ – ١٩٠٢» . کۆکردنەوەو پێشەکی‌ی دوکتۆر کەمال فوئاد . بەغدا . ١٩٧٢ . «ڕووناکی» (گۆڤار) ، بەغدا . ژمارە ١٨٠ . ٢٣ی مایسی ١٩٦٩ ، ل ٤ .

(٣٤) بڕوانە :

(Eski harfli Turkce sureli yayinlar toplu Katalogu), Ankara, 1963.

ساڵی ١٩٧٢ لە دیمەشق لە ڕێگەی ڕەوشەن بەدرخانەوە ژمارە پێنجی «کوردستان»و لاپەڕە سێ‌و چواری ژمارە سێیم دەست‌کەوت‌و لەگەڵ وێنەی ژمارە یەکیدا پێشکەشی کتێبخانەی «کۆڕی زانیاری کورد»م کردن.

لە ژێر ناوی ژمارە یەکی ڕۆژنامەی «کوردستان»دا ئەم ڕستە تورکی‌یە نووسراوە: «کردلری ایقاظ و تحصیل صنایعه تشویق ایچون شمدیلك. اون بش گونده بر نشر اولنور کردجه غزتەدر». بەڵام لە ژێر ناوی ژمارە پێنجیدا بە کوردی نووسراوە: «پازدە روژا دە جارکی تیت نفیساندن جریدەیا کردی‌یە»[٣٥].

جێگەی شانازی‌یە بۆ مێژووی ڕۆژنامەنووسی‌ی کوردی کە لە سەرەوەی لای ڕاستی یەکەم ژمارەی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ئەم بڕیارە پڕبەهاو مانەیە تۆمار کراوە:

«هر جار دو هزار جریدەیا ئ پرە ازی ریکم کردستانی دەبدەن خەلکی»[٣٦].

زۆربەی هەرە زۆری ژمارە یەکی «کوردستان» بۆ باسی نرخ‌و بایەخی خوێندن‌و خوێندەواری تەرخان کراوەو هەموو دێڕێکی پاڕانەوەی دڵسۆزانەیە بۆ ئەوەی گەلی کوردیش وەك گەلانی‌تر دەست بداتە خوێندن. بۆ بزواندنی هەستی حەڵکی لەم بارەیەوە گەلێك فەرمایشتی پێغەمبەری موسڵمانانی دەربارەی پێویستی فێربوون‌و خوێندن هێناوەتەوە، جگە لە چەند نمونەیەکی بەجێ سەبارەت بەوەی چۆن بە یاریدەی زانست ژاپۆن بەسەر چین‌و میسر بەسەر سوداندا زاڵ بوون.

ژمارە پێنجی «کوردستان» کە لە کتێبخانەی کۆڕ پارێزراوە ڕۆژی پێنج شەممەی ٢٧ی (محرم)ی[٣٧] ساڵی ١٣١٦ کە دەکاتە ١٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٩٨ چاپ کراوە. بەم جۆرە میقداد مەدحەت بەدرخان لە ماوەی نزیکەی دوو مانگدا پێنج ژمارەی «کوردستان»ی لە قاهیرە چاپ کردووە.

---

(٣٥) وەرگیراوەکان لە «کوردستان» بێ دەستکاری‌کردنی ڕێنووسیان لەم وتارەدا بڵاوکراونەتەوە.

(٣٦) لە ژمارە چواری «کوردستان»ەوە کەمێك دەستکاری ئەو ڕستەیە کراوەو وەهای لێهاتووە: «هر جار دو هزار جریدەیا ازی ریکم کردستانی دە بلاش بدەن خلکی».

(٣٧) وەك لە شوێنی خۆیدا گومان لەوانەیە ئەو ٢٧ی موحەڕەمە لە ڕاستیدا ٢٦ بوبێت.

ژمارە پێنجی ڕۆژنامەی «کوردستان» لەسەر کاغەزێکی ڕەنگ سەوزی تەنك چاپکراوە . درێژی ئەم ژمارەیە ، لەگەڵ ئەو پەڕەیەی ژمارە سێ کە لەبەر دەستماندایە ٨ر٣٣و پانی ٢٦ سانتیمە . سەروتاری ژمارە پێنج نامەیەکی کراوەیە بە تورکی بۆ سوڵتان عەبدولحەمید بەم ناوەوە : «شوکتلو عظمتلو سلطان عبدالحمید خان ثانی حضرتلرینه» واتە «بۆ سوڵتان عەبدولحەمید خانی دووەمی خاوەن شکۆو پایە» . کۆتایی نامەکە ، کە سەرانسەری لاپەڕەی یەکەم و دووەمی گرتۆتەوە ، بە ئیمزای «بدرخان پاشا زادە مقداد مدحت قوللری»ی هاتووە . میقداد مەدحەت بەگ لەم نامەیەدا ، کە دووەم نامەیەتی لە ڕێگەی «کوردستان»ەوە ئاراستەی سوڵتانی بکات ، بە شێوازێکی زۆر لەسەر خۆ ئامانجەکانی ڕۆژنامەی «کوردستان»ی خستۆتە بەر چاوو داوای لێکردووە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی بدات . هەر بەم بۆنەیەوە لە لاپەڕە سێی هەمان ژمارەدا پێشنیاری بۆ زاناو میرو ئاغایانی کورد کردووە بە بروسکە داوا لە سوڵتان عەبدولحەمید بکەن ڕێگە بدات «کوردستان» بە ئاشکرا بنێردرێتە خاکی نیشتمان . ئەمەش بێ گومان دەچێتە خانەی خەباتی ڕووناکبیرانی کوردی ئەو ڕۆژگارەوەو شێوەو ڕێبازی ئەو خەباتە نیشان دەدات .

شایانی باسە لە کۆتایی ژمارە یەکەوە تا ژمارە سێی «کوردستان» نووسراوە «لمصری مطبعة (الهلال)دە طبع بیە» ، کەچی لە کۆتایی ژمارە چوارو پێنجیدا نووسراوە «لمصری جریدەیا کردستانی طبع بیە»و لە کۆتایی ژمارە شەشەوە نووسراوە «مطبعا جمعیتا تفاق و قنجیا مسلمانا طبع بیە»و لە کۆتایی ژمارە بیستیشدا نووسراوە «لمصری مطبعا جریدەیا کردستانی طبع بیە»و لە کۆتایی ژمارە بیستودوویدا بە تورکی نووسراوە «هندیە مطبعە سندە طبع اولنمشدر»و لە کۆتایی ژمارە بیستو هەشتیەوە تا کۆتایی ژمارە سیویەکی بە تورکی نووسراوە «إنتقام مطبعە سندە طبع اولونمشدر» . بێ گومان ئەم هەموو چاپخانەو جێگۆڕیەش نیشانەیەکی تری ئاوارەیی «کوردستان»ی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیو باری یەکجار قورسی سەر شانی ڕووناکبیرانی ئەو قۆناغەی کوردن .

دیارە دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامە لە مێژووی گەلی کوردا هەنگاوێکی گەورەو سەرتایەکی بایەخدار بوو . دەرچوونی «کوردستان» بایەخی سیاسیو زانستیی

هەبوو . هیچ دوور نەڕۆین ئەگەر ئەم ڕۆژنامەیە نەبوایە لەوانە بو تاوەکو ئەمڕۆکەش ساڵی وەفاتی شاعیری گەورەی کورد حاجی قادری کۆیمان نەزانیایە . بەهۆی «کوردستان»ەوە بەوە زانرا کە زۆربەی نووسەرانمان لە دیار کردنی ساڵی کۆچی دوایی حاجی قادردا بە هەڵەدا چوون . مامۆستا ئەورەحمان سەعید ساڵی ١٣١٢ی کۆچی بۆ داناوە کە دەکاتە (١٨٩٤ — ١٨٩٥)ی عیسایی[٣٨] . مامۆستایان عەلائەدین سەجادیو گیو موکریانیو محەمەدی مەلا کەریم ساڵی ١٨٩٢یان بۆ داناوە[٣٩] . دوکتۆر مارف خەزنەدارو دوکتۆر ئیحسان فوئادیش وەك ئەدمۆنس ساڵی ١٨٩٤یان بۆ وەفاتی حاجی داناوە[٤٠] . مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە «شیعرو ئەدەبیات»ەکەیدا تەنها باسی ساڵی لە دایك بوونی حاجی ی کردووە[٤١] . هەرچی مامۆستا ئەمین زەکیشە ساڵی ١٣١٤ی کۆچی داناوە کە ١٨٩٦ — ١٨٩٧ی عیسایی دەگرێتەوە[٤٢] . هەرەگوڵ ئازیزان کە نازناوی جەلادەت بەدرخانە ساڵی ١٣١٢ی کۆچی داناوە کە ١٨٩٤ — ١٨٩٥ی عیسایی دەگرێتەوە[٤٣] .

دوای ئەم هەموو جیاوازی‌یە گۆڤاری «ڕووناکی» ساڵی ١٩٦٩ لە وتارێکیدا کە

---

(٣٨) «کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی» . چاپو بلاوکەر عبدالرحمن سعید . بغداد . ١٩٢٥ . ل ٦ .

(٣٩) بڕوانە

علاءالدین سجادی . سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٣٠٩ . ٣١٢ . چاپی دووەم ل ٣٤١ ، ٣٤٣ . «دیوانی حاجی قادری کۆیی» . هەولێر ، ١٩٦٩ ، ل ٥ . محمدی مەلاکریم . حاجی قادری کۆیی شاعیری قۆناغێکی نوێ‌یە لە ژیانی نەتەوەی کورد . بەغدا . بێ . ل ٩ .

(٤٠) بڕوانە :

دوکتۆر مارف خەزنەدار ، سەرچاوەی ناوبراو . ل ٤٠ ، دوکتۆر ئیحسان فوئاد . هونەرمەندی‌ی حاجی قادری کۆییو شوێنی لە ویژەی کوردیدا . کورتەی نامەی دوکتۆراکەی . بە زمانی ڕووسی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٦ ، ل ٩ ،

C. J. Edmonds, Kurds, Turks and Arabs, P. 58

(٤١) ڕەفیق حیلمی ، شیعرو ادبیاتی کوردی ، بەغدا ، ١٩٤١ ، ل ٩٩ — ١١٨ .

(٤٢) محمد امین زکی ، مشاهیر الکرد وکردستان ، الجزء الثاني ، ص ١١٠ .

(٤٣) بڕوانە :

(Hawar), Sham, Sal 9 , Hejmar 33, 1941, L. 13

بێ ناوی نووسەرەکەی بلاوکراوەتەوە بە یاریدەی ڕۆژنامەی «کوردستان» ساڵی کۆچی دوایی حاجی قادری کۆیی بە دروستی داناوە[٤٤] . وا پێدەچێت ئەو وتارە هی دوکتۆر کەمال فوئاد بێت .

«کوردستان» لە لاپەڕە سێی ژمارە سێیدا وەك هەواڵ ساڵی کۆچی دوایی حاجی قادری کۆیی بەم جۆرەی لای خوارەوە بلاوکردۆتەوە :

«عالمك ژسوار هیی سالا دی وفاتکر رحمتا خدی لیبە گنهین وی بغفرینە ناڤ وی حاجی عبدالقادر بی اڤ مروڤ صاغیا خوەوە گلك خبتی درحقا علماندنا علمو معرفتیرە گلك بیتو اشعارین کرمانجی دنڤیسی ریدکر ولات خوە سورا عزمان سورایە لوماکرد حمی ڤی عزمانی نظانن . پشتا کتیبا ممو زینیدە بخط دست خوە هن بیت نڤیسینە تبرکاً من او ابیات لڤي جریدەییدە بنڤیسین وکی بدقت بی خوندن معنا وان خوش تیت فهمکرن»[٤٥] .

دوا بەدوای ئەم قسانە «کوردستان» ئەو بەیتانەی چاپکردووە کە حاجی قادر بە خەتی پیرۆزی لەسەر بەرگی پشتەوەی دیوانێکی «مەمو زین»ی خانی نووسیونیو بەیتی یەکەمیان دەڵێت :

زەمـانـە ڕەسمی جـارانی نـەمـاوە   چـرای نـاظـمو مـنشی کوژاوە

دوا بەیتیشیان دەڵێت :

لـە کوردان غـەیـری حـاجیو شێخی خـانی
ئـەساسی نـظـمی کوردیی دانـەنـاوە

وا دیارە ژمارەکانی «کوردستان» زوو بە زوو گەیشتوونەتە دەست زۆر کەسو لە هەموو لایەك هەستی خەڵکەکەی بزواندووەو چاوی ڕوون کردوونەتەوە . هەر لەم ژمارەیەشدا نامەیەکی تێدایە کە (ن . ح .) ناوێك لە شامەوە ناردوویە بۆ میقداد مەدحەت بەدرخانو بە ئەوپەڕی بەختیارییەوە باسی گرنگیو بایەخی «کوردستان»ی کردووەو بەم جۆرە هەستی خۆی بەرامبەر خاوەنەکەی دەربڕیوە :

« . . رحمت لباب تە بت خدی دولتا تە مظن بکت او عدلو کرما باب تە

---

(٤٤) «ڕووناکی» . هەینی . ٢٣ی مایسی ١٩٦٩ . ل ٤١ .

(٤٥) دەقی قسەکانی «کوردستان»ە بێ دەستکاریی شێوازو ڕێنوسی .

کری نهو ژی دبت سبیا رحمتی او جریده ته سر قنجیا کردا دریخستی اڤ ژی نیزك
وی‌یه زمانی قنجی هوقاس دبت . . . » .
هەر دوا بەدوای ئەم نامەیە هەڵبەستی لاوێکی کوردی شام بە ناوی شێخ أ .
فەتاحەوە بلاوکراوەتەوە کە ئەمیش بە ئاشکرا نیشانی دەدات ڕۆژنامەی «کوردستان»
چ دەنگێکی لە ناو کوردا داوەتەوە . لە ژمارەکانی تریشدا گەلێك نمونەی لەو جۆرە
بەر چاو دەکەون .
هیچ گومانێك لەوەدا نی‌یە کە ڕۆژنامەی «کوردستان» چرایەکی پرشنگداری نوێ
بوو لە ئاسۆی ژیانی ڕووناکبیری‌ی کوردا هەڵکرا . ژمارەیەکی زۆر لە مێژوونووس‌و
نووسەرانی خۆو بێگانە ئەم ڕاستی‌یەیان تۆمار کردووە . دوکتۆر شاکیر خەصباك‌و
دوکتۆر بلەچ شێرکوە «کوردستان»یان بە سەرەتای گۆڕین لە ژیانی کوردا
داناوە[٤٦] . دیارە هەر ئەم هۆیانەش مەترسی‌یان خستە ناو دڵی کاربەدەستانی
تورکیاوەو وای لی‌کردن هەر لە سەرەتاوە بلاوبوونەوەی «کوردستان» لە ناو وڵاتی
عوسمانیدا قەدەغە بکەن ، ئەو ڕاستی‌یەی لە ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکە خۆیەوە بە ڕوونی
دیارە . «دەروازەی باڵا» بەوەشەوە نەوەستا . بەو نامەیەی میقداد مەدحەت
بەدرخاندا کە بۆ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی ناردووەو وەك سەروتار لە ژمارە
پێنجی «کوردستان»دا بلاوی کردۆتەوە ئاشکرا دیارە چۆن پیلوانی سوڵتان کەوتوونەتە
بیانووگرتن‌و شەڕ فرۆشتن بە خاوەنی ڕۆژنامەی «کوردستان» ، بە ڕادەیەك داوایان لە
کاربەدەستانی میسر کردووە ئەو نیشتمانپەروەرەی کورد وەك «تاوانبارێك» بینێرنەوە
ئەستەموولێ . وا دیارە ئەو فشارە زۆرەی چەتەوڵەکانی سوڵتان میقداد مەدحەت
بەدرخانی ناچارکرد لە دوای ژمارە پێنجی‌یەوە ئیتر دەست لە دەرکردنی «کوردستان»
هەڵبگرێت‌و بەدرخانی‌یەکان ناچار بوون ڕۆژنامەکە بگوێزنەوە شاری جنێڤ‌و لێرە
بەدواوە عەبدوڕڕەحمان بەدرخانی برای میقداد مەدحەت[٤٧] چاپ‌کردنی گرتە
ئەستۆی خۆی .

---

(٤٦) بڕوانە :
الدکتور شاکر خصباك ، انکرد والمسألة الکردیة ، بغداد ، ١٩٥٩ ، ص ٢٩ ، الدکتور بلەچ
شیرکوە . القضیة الکردیة . ماضي الکرد وحاضرهم ، القاهرة ، ١٩٣٠ ، ص ٥١ .
(٤٧) میقداد مەدحەت ناوێکی لێکدراوی وەك ئیسماعیل حەق‌و مستەفا کەمال‌وگەلێکی‌ترە کە بەپێی
دەستووری ئەو ڕۆژگارە لە وڵاتی عوسمانیدا باو بووە .

بەم جۆرە لە ڕێگەی «کوردستا»ەوە دەتوانرێت گەلێك لایەنی بایەخداری ویژەو مێژووی نوێی گەلی کورد ڕوون بکرێتەوە . «کوردستان» لاپەڕەیەکی پڕ لە شانازیی گەلی کوردو سامانێکی بەهاداریەتی .

پێنجەم – مۆرو ئۆرگانی «کۆمەڵەی کوردستان» :

لە سەرەتای سەدەی بیستەوەو بە تایبەتی دوا بە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ۱۹۰۸ی تورکە لاوەکان کە تەختو تاراجی سوڵتان عەبدولحەمیدی زۆرداری لە بندا هەڵتەکاند ، ڕووناکبیرانی کورد لە ئەستەمووڵو دیاربەکر کەوتنە دامەزراندنی کۆمەڵو ڕێکخراوی سەربەخۆی وەك «کردستان جمعیتی»و «کورد تعمیم معارف و نشریات جمعیتی» و «کردستان تعالی جمعیتی» و «کورد قادینلری تعالی جمعیتی» و هی تر . لەو کاتەدا تەنانەت ئافرەتی کوردیش کەوتە خۆو دەستەیەکی پێشڕەویان «کۆمەڵی بەرزی ئافرەتانی کورد»یان دامەزراند[48] . ئەم ڕێکخراوانە دەورێکی بالایان لە بزوتنەوەی نەتەوەیی‌و ژیانی ڕووناکبیریی گەلی کوردا بینی .

لە کوردستانی عیراق تا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهان هیچ کۆمەڵو ڕێکخراوێك دروست نەبوو . لەوساوە ، وەك ئاشکرایە ، گەلی کورد هاتە کۆڕی خەباتێکی سەختو درێژخایەنەوە دژی ئینگلیزی داگیرکەرو لە مەیانی ئەم خەباتەدا بەشێك لە ڕووناکبیرانی ئەم بەشەی کوردستان کەوتنە ئەوەی لە بایەخی کۆمەڵو ڕێکخراوو جێگەیان لە ژیانی گەلدا تێبگەن . بەم جۆرە لە بیستەکانەوە لێرەش دەستکرا بە دامەزراندنی چەند کۆمەڵو ڕێکخراوێك . مامۆستا ڕەفیق حیلمی لەم بارەیەوە نووسیویە دەڵێت :

«لاوە نیشتمانپەروەرەکانی کورد . . . هەر ڕۆژە کۆمەڵێکیان دائەمەزراند»[49] .

کۆمەڵە سیاسییەکانی کوردستانی عیراق ئەو ڕۆژگارە کەڵکی زۆریان لە تاقیکردنەوەکانی کۆمەڵو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی تورکیا وەرگرت . بە تایبەتی چونکە بەشێك لە دامەزرێنەرانو ئەندامە چالاکەکانیان بەر لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهان لە ئەستەمووڵ خوێندبوویانو کاریان کردبوو .

---

(٤٨) «کورد قادینلری جمعیتی» .

(٤٩) بڕوانە :

رفیق حلمی ، یادداشت ، بەرگی دووەم ، بەشی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٥٦ ، ل ٢٨ .

یەکێك لەو کۆمەڵانەی سەرەتای بیستەکان لە کوردستانی عیراق دامەزرێنرا «جەمعیەتی کوردستان» بوو . ئەم کۆمەڵە یەکەم ڕێکخراوی ئاشکرا بوو لە مێژووی کوردستانی عیراقدا کە کاربەدەستانی ئینگلیز لەبەر گەلێك هۆ ناچار بوون ڕێگەی کارکردنی پێ بدەن .

«جەمعیەتی کوردستان» رۆژی هەینی‌ی ۲۱ی تەمموزی ساڵی ۱۹۲۲ لە کۆبونەوەیەکی گەورەدا لە مزگەوتی سەید حەسەنی موفتی لە شاری سلێمانی بە سەرۆکایەتی مستەفا پاشا یامولکی دامەزرێنراو لە ڕێگەی دەنگدانی نهێنی‌یەوە مامۆستایان رەفیق حیلمی‌و ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ‌و صالح قەفتان‌و فایق بەگی مارف بەگ‌و حاجی ئاغای فەتحوڵلاو عیزەت بەگی عوسمان پاشاو ئەدهەم ئەفەندی‌و ئەحمەد بەهجەت‌و شێخ محەمەدی گولانی‌و شێخ عەلی‌ی سەرکارو عەلی‌ی باپیر ئاغاو عەبدوڵلا ئەفەندی‌ی محەمەد ئەفەندی‌و شوکری عەلەکە بۆ بەڕێوە بردنی کۆمەڵەو ئۆرگانی کۆمەڵە هەڵبژێردران[٥٠] .

«جەمعیەتی کوردستان» مۆری تایبەتی‌ی خۆی هەبوو کە ناوی بەم جۆرە لە سەر هەڵکەندراوە : «جمعیت کردستان» . لەسەروو ناوەکەشی‌یەوە وێنەی ڕۆژ هەڵکەندراوە[٥١] . ئەم مۆرە لە لایەن خوالێخۆشبوو عەبدولعەزیز یامولکی‌ی کوڕی مستەفا پاشاوە پارێزراوە .

هەمان کات ڕێگە بە «جەمعیەتی کوردستان» درا ئۆرگانێکی حەفتانە بە ناوی «بانگی کوردستان»ەوە[٥٢] دەربکات کە یەکەمین ژمارەی ڕۆژی چوار شەممەی ۸ی (ذوالحجە)ی ۱۳٤۰ی کۆچی ـ ۲ی ئابی ساڵی ۱۹۲۲ی عیسایی لە سلێمانی

---

(٥٠) بروانە :
«بانك کردستان» ، سلێمانی ، ژمارە یەك ، دووی ئاغستۆسی ۱۹۲۲ ، ل ۱-۲ .
شایانی باسە مامۆستا رەفیق حیلمی لە یادداشتەکانیدا تەنها ناوی حەوت لەو ئاەندامە هەڵبژێرراوانەی نووسیوە (رفیق حلمی . یادداشت . جزمی پێنجەم ، بەغدا ، ۱۹۵۷ ، ل ٤۸٦ ٤۸۷) .

(٥١) بروانە وێنەی ئەو مۆرەی «جەمعیەتی کوردستان» لە لاپەڕە ٤١٤ی ژمارە یەکی «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد»ا .

(٥٢) «بانك کردستان» .

چاپ‌کراوه . له لای سه‌ره‌وه‌ی یه‌که‌م ژماره‌ی «بانگی کوردستان» نووسراوه :
«صاحب امتیازو مدیر مسئول مصطفی پاشا ، محرر کوردی‌و فارسی علی‌کمال‌و م.نوری ، محرر تورکی رفیق حلمی» .
له ژێر ناوی ڕۆژنامه‌که‌شدا ئه‌مه نووسراوه :

«زمـــان گورزو رابوردو ایســـتــا پــالوان عــلـــمــه
سلاح دستـــه صـنـــعت بــارقــهٔ تـیـغ‌و سنـان عـلــمــه

علمی ، اجتماعي ، ادبی ، غزته‌یه‌کی حرو سربست ملی‌یه ، هفتهٔ جاریك دردچی» [53] .

هه‌موو لاپه‌ڕه‌کانی مێژووی ڕۆژنامه‌نووسی‌ی کوردی‌ی جێگه‌ی شانازین ، ته‌نانه‌ت زۆر ده‌گمه‌ن هه‌ڵده‌که‌وێت ڕۆژنامه‌یه‌ك ، یا گۆڤارێکی کوردی‌ی ، به‌وانه‌شیانه‌وه که بۆ مه‌به‌ستی تایبه‌تی‌ی ده‌رکراون ، ده‌ورێکی کۆنه‌په‌رستانه‌ی دیبێت . وه‌ك به‌ڵگه لێره‌دا بێ ده‌ستکاری‌ی نمونه‌یه‌کی پچوك له «بانگی کوردستان»ه‌وه ده‌هێنینه‌وه . له‌سه‌ر لاپه‌ڕه سێی ئه‌و ڕۆژنامه‌یه ئه‌مه نووسراوه :
«مصرف چاپ‌کردن‌و سایرهٔ اول نسخهٔ ام غزته‌یه له طرف اعضایان دائمی جمعیت کردستانه‌وه تأمین کراو و ام اول نسخه‌یه‌ی تبرکا ومجانا توزیع و تقدیم بردران وطن دکری» .
له هه‌مان ژماره‌شدا به ناوی «صاحب امتیاز میر لوا مصطفی»وه ئه‌مه بلاْوکراوه‌ته‌وه . که له‌به‌ر بایه‌خی به ده‌ستکاری‌ی شێوازی نووسینه‌که‌یه‌وه ده‌یخه‌ینه به‌ر چاوی خوێنده‌وان :
«السلام علیکم ئه‌ی کوردان . ئه‌ی قه‌ومی قه‌دیمی په‌هله‌وی . گوێ بگرن له «بانگی کوردستان» . ئه‌م بانگه بۆ خه‌به‌رداری‌ی هه‌موو کوردانه ، بۆ هوشیاری‌ی شێرانه . بۆ بیستنی باوك‌و دایکانه . گوێ بگرن ئه‌م بانگه چیی تێدایه ، ئه‌م هاواره بۆچی‌یه . قسه‌ی پڕوپوچی کۆڵانان . درۆ هه‌ڵبه‌ستنی ڕێگاوان به‌سی‌یه ، ته‌ماشای عالم بکه‌ن له صنعه‌ت‌و مه‌عریفه‌تدا له ئێمه پاشکه‌وتوتر کێ هه‌یه ؟ ، کالاْیه‌کمان نی‌یه بۆ سه‌تری عه‌وره‌تمان کافی بێ ، ده‌رزی‌و ده‌زویه‌کمان نی‌یه که ده‌ستکردی

---

(53) ده‌ستکاری‌ی شێوازی ڕێنووسه‌که‌ی نه‌کراوه .

ولاّتمان بیّ ، نیشانەی عەزەمەت‌و خانەدانیش کە ئیستە عیبارەتە لە شەکرو چا ، ئەوانەیش هی کوردستان نین ، لە جیّگایانی دوور دیّتن . پارچە کاغەزیّك کە بۆ نوشتەی چەورو شیرین بیّ ئەویش لە فرەنکستانەوە[٥٤] دیّت ، لە صەدا چوارمان تیّدا نی‌یە کە کاغەزیّك بۆ کەسوکاری‌و سریّکی مەحرەمانە بۆ عائیلەی خۆی بنووسیّ . مشکی‌و میّزەرمان لە ئیّران‌و فرنکستان‌و گورووئی گولّ حۆقەیمان لە هندوستان‌و عەبای گەورە گەورەی نازدارانمان لە عەرەبستان‌و کفنی مردوانمان لە ئەوروپاو مەلۆتکەی منداڵانمان لە ئەمەریکاوە بۆ دیّت» .

ژمارەکانی «بانگی کوردستان» پڕیانە لە هەواڵ‌و باس‌و وتاری گرنگ کە ، بی‌گومان ، کەرەستەیەکی بەنرخن بۆ ڕوون کردنەوەی گەلیّك لایەنی میّژووی نوی‌و هاوچەرخی نەتەوەی کورد[٥٥] .

«بانگی کوردستان» لە سلیّمانی چواردە ژمارەی لی‌دەرچوو کە هەموویان ، وەك لە دوا لاپەڕەی ڕۆژنامەکە خۆیدا نووسراوە ، «لە چاپخانەی حکومەت لە سلیّمانی» چاپ‌کراون .

ڕۆژی دەرچونی ژمارە چواردەی «بانگی کوردستان» ٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٣یە . بارستی هەموو ژمارەکانیشی ٢ر٢١×٣٤ سانتیمەو ژمارە چواردەی نەبیّت کە چوار لاپەڕەیە هەموو ژمارەکانی‌تری شەش لاپەڕەیین .

شایانی باسە مستەفا پاشا یامولکی سەرەتای ساڵی ١٩٢٦ هەر بە ناوی «بانگی کوردستان»ەوە سیّ ژمارەی‌تری دەرکرد کە لەسەریان نووسراوە (١٤-١ ، ١٤-٢ ، ١٤-٣) . ئەمیان مستەفا شەوقی نووسەرو کەریم ڕۆستەم کارگیّری بوون .

---

(٥٤) «فرنکستان» واتە ولاّتی فەرەنکان . لە ناوی ئەو دەستە هۆزە ئەوروپایی‌یە دیّرینەوە هاتووە کە بە لاتینی (Franci) و بە فەرەنسی (Francs) یان پیّ دەڵیّن . ئەو هۆزانە لە کۆنەوە خاوەن دەسەلاّت‌و دەوڵەت بوون . لە زمانە ڕۆژهەلاّتی‌یەکاندا بۆتە ئەفرەنجی‌و زۆر جار لە بریی ئەوروپایی بەکار هیّنراوەو وەك زاراو لە ناو چین‌و دەستەکانی سەرەوەی کۆمەڵدا باوبوو . تا ئەم دواییانەش بەکاز دەهیّنرا . وا دیارە لە ڕیّگەی زمانی تورکی‌یەوە تیّکەڵ بە کوردی‌ی خۆمان بووە .

(٥٥) کاك جەمال خەزنەدار کاریّکی چاکی کرد کە ویّنەی ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەی بلاّوکردەوەو بەو جۆرە بووە سەرچاوەیەکی بەردەستی خۆو بیّگانە (بڕوانە : «بانگی کوردستان» . کۆکردنەوەو لەسەر ڕوسینی جەمال خەزنەدار ، بەغدا ، ١٩٧٤) .

شەشەم — یەکەم گۆڤاری منداڵان بە کوردی :

تەمەنی تاقە ساڵانەی «کۆماری مەهاباد» ، کە ڕۆژی ۲۲ی کانونی دووەمی ۱۹٤٦ دامەزراو کانونی یەکەمی هەمان ساڵ ڕوخا ، بووە ڕۆژی گەشە کردنو برەوی ڕۆژنامەنووسی‌ی کوردی‌ی . لەو ماوە کەمەدا بە پێوانەی کوردستان ژمارەیەکی یەکجار زۆر ڕۆژنامەو گۆڤار بە زمانی کوردی چاپ کرا ، وەك «کوردستان» و «هەلاڵە»و «هاوار» و «هاواری نیشتمان» و «هاواری کورد»و هی‌تر. هەر لەو ڕۆژانەشدا یەکەم گۆڤاری منداڵان لە مێژووی گەلی کوردا بە ناوی «گڕوگاڵی منداڵانی کورد»ەوە چاپ‌کرا .

«گڕوگاڵی منداڵانی کورد» لە «چاپخانەی کوردستان»ی شاری مەهاباد چاپ دەکراو لە ژێر ناوی گۆڤارەکەدا نووسراوە : «بیری کارگەرانی چاپخانەی کوردستان»ە . دەوروبەری کۆتایی بەهاری ساڵی ۱۹٤٦ ژمارەی یەکەمی لێ دەرچو . ژمارەی دووەمی ڕۆژی یەکی جۆزەردانی ساڵی ۱۳۲٥ ، ۲۱ی مایسی ۱۹٤٦و ژمارە سێی ڕۆژی یەکی پوشپەڕی ۱۳۲٥ ، ۲۱ی حوزەیرانی ۱۹٤٦ دەرچوون . وا دیارە هەر ئەو سێ ژمارەیەشی لێ چاپ‌کراوە[٥٦] .

بارستی ژمارە دوو و سێی «گڕوگاڵی منداڵانی کورد» (٥ر۲۲ ×۱٥) سانتیمە . قادری مودەڕیسی سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکرد . لە هەردووك ئەو دوو ژمارەیەدا چەند دەرسێکی زمانو جوگرافیاو باسی‌تریان تێدا بڵاوکراونەوە . بەرگی ژمارە سێی «گڕوگاڵی منداڵانی کورد» بە وێنەی صەلاحەددینی ئەیوبی ڕازێنراوەتەوە .

---

(٥٦) ژمارە ۲و ۳ی «گڕوگاڵی منداڵانی کورد» لای خۆم هەن ، هەر کەسێك بیەوێت دەتوانێت کەڵکیان لێ وەربگرێت . هەروەها وێنەیان لە کتێبخانەی کۆڕ هەیە .

باسی هەشتەم

چمکێك لە مێژووی یەکەم چاپخانەی کوردی لە شاری سلێمانی

ڕۆژنامەنووسی ی کوردی ئاوێنەی بێغەڵو غەشی لاپەڕەی پڕ بەسەرهاتی مێژووی گەلەکەمانە(*) . شەونخونیو هەوڵو تەقەلای بێوچانی سەربازە ونەکانی ئەم مەیدانە گرنگەی ژیانی ڕوناکبیرمان شایانی نرخاندنی بەرزو لێکۆڵینەوەی وردە . بەداخەوە کەسمان کاتی خۆی نەکەوتینە عەوداڵی یادداشتی ئەو نەمرانەی بناخەی مێژووی ڕۆژنامەنووسی ی کوردی یان دارشت ، بۆیەکا نهێنیو داستانی دانسقەی زۆرمان لەکیس چوو ، لەگەڵ پیرەمێردو حسەین حوزنی موکریانیو صالح قەفتانو زۆر ڕۆڵەی تری بەوەفای گەلەکەماندا بە داخەوە چوونە ژێر گڵەوە . ئەمیشیان ، وەك زۆر شتی ترمان ، دەبو وابێت ! !

لە دانیشتنێکدا مامۆستا ئەحمەد خواجام گێڕایەوە دەوروبەری ٦٠ ساڵ لەمەوبەر . کەوتینە باسی یەکەم چاپخانەی کوردی ی کە ئینگلیزەکان لە سلێمانی دایانمەزراند . هەندێك ڕاستی ی نەزانراوو بەنرخی نوێم دەسکەوت کە شایانی تۆمارن .

دوای دامرکاندنەوەی قۆناغی یەکەمی ڕاپەڕینەکەی شێخ مەحموود (کۆتایی بەهاری ساڵی ١٩١٩) ئینگلیزەکان مێجەر سۆنیان کردە حاکمی سیاسی ی هەرێمی سلێمانی بەو نیازەی زیاتر چاوی خەڵکەکەی پێ بترسێنن و زیرەکانەش دڵیان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن . سۆن بۆ ئەم فەرمانە لە هەموو ئینگلیزەکانی ئەو سەردەمە زیاتر دەستی دەدا . کوردی یەکی باشی دەزانیو چاك شارەزای کونو کەلەبەری ئەو بەشەی کوردستان بوو ، وەك هەموو داگیرکەرێك ژەهرو شەکری تێکەڵ دەکرد .

(*) لە «ڕۆشنبیری نوێ» ، ژمارە ٧٧ ، تەشرینی یەکەمی ١٩٧٩ ، ل ٣١ -٣٤دا بلاوکراوەتەوە .

زۆر جار پەنای دەبردە بەر ستەمو زۆرداری ، جاری‌واش هەبوو دەستی یاریدەی بۆ دەستەیەك درێژ دەکردو ئەمو ئەوی دەکڕی . بەلاّم وەك ئەورووپایی‌یەکی پێشکەوتوو بیری دەکردەوەو بۆ خۆشی کوردناسێکی گەورە بوو ، بۆیەکا دامەزراندنی چاپخانەیەکی کوردی‌ی بە پێویست زانی . هەر ئەو سەردەمەش ئینگلیزەکان ژمارەیەك چاپخانەی کۆنیان هێنایە عیراق بۆ ئەوەی کاری میری‌و مەبەستی پرۆپاگەندەی خۆیان باشتر بەرنەسەر . لەسەر پێشنیاری مێجەر سۆن یەکێك لەو چاپخانانە بەر شاری سلێمانی‌و یەکێکی تریان بەر شاری کەرکووك کەوت .

مێجەر سۆن خۆی سەرپەرشتی‌ی کاری چاپخانەکەی سلێمانی‌ی دەکردو ڕێ‌و شوێنێکی باشی بۆ دانا . بەرامبەر ماڵی حەمە ئاغای ئەورەحمان ئاغا خانووی فارس ئەفەندی‌ی بۆ گرت‌و کردی‌یە مەڵبەندی . گەورەترین کۆسپی ئەوە بوو چۆن‌و لەکوێ تیپکار پەیدا بکات . ئەو سەردەمە کرێکاری خوێندەوار قاتی بوو . هەرچۆن بوو سۆن توانی سێ لاوی خوێندەوار قایل بکات کە کاری چاپخانەکە بگرنە ئەستۆ — شێخ مەجیدی شێخ عارف‌و ئەدیب عەزیزو محەمەد زوهدی . ئەو سێ پێشرەوەی ڕۆژنامەنووسی‌و چاپخانەگەری‌ی کوردی‌ی عیراق بە هەرسێکیان تیپەکانیان ڕێك‌دەخست‌و پرۆڤەی نووسینەکانیان ڕاست‌دەکردەوەو ئینجا بە مەکینەیەکی دەست لە چاپیان دەدا . ئەم کارە هەرچەندە زۆر گران نەبوو ، بەلاّم ئاسانیش نەبوو .

یەکەم کاری چاپخانەی سلێمانی ئامادەکردنی کاغەزو تۆماری تایبەتی بوو بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری میری . بەلاّم گەورەترین کاری دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بوو لە کوردستانی عیراق . دوای کۆششێکی زۆر مێجەر سۆن ڕۆژی ۲۹ی نیسانی ساڵی ۱۹۲۰ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی «پێشکەوتن»ی خستە بازارەوە . «پێشکەوتن» (۳۲×۲۰سم) حەفتەی جارێك ، سەرەتا بە چوارو دوایی‌ی شەش لاپەرە دەوروبەری دوو ساڵ بە ڕێکوپێکی دەرچوو . مێجەر سۆن خۆی سەرپەرشتی دەکردو جاروباریش نووسینی تێدا بلاّودەکردەوە ، ئەمە نموونەی یەکێك لە نووسینەکانی‌یەتی :

«بۆ زانینی هەموو :

مەجید کوڕی عەلی‌ی هەمەوەندی ۲۷ ساڵەیە ، دەستە پیاوە ، سمێڵی پڕو

درێژه ، ریشی تۆپه ، مووی سووره ، پیاوی کوشتووەو هەڵاتووه ، هەچ کەسێ هەواڵی ئەو مەجیده بدا که بۆ کوێ چووه یا بیگرێو بیگەیێنێته حوکمەت سێ صەد روپیەی ئەدرێتێ .

حاکمی سیاسی مێجەر سۆن»[1] .

«پێشکەوتن» بۆ کاتو شوێنی خۆی رۆژنامەیەکی دەوڵەمەندو پێشکەوتوو بوو . دەستەیەك رووناکبیری ناوداری وەك جەمال عیرفانو شێخ نوری شێخ صالحو جەمیل صائیبو زەکی صائیب بەرهەمی خۆیان تێدا بلاْودەکردەوەو بەو جۆره «پێشکەوتن» شوێنی دیاری لە مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردیدا بۆ خۆی کردەوەو ئیمرۆ ژمارەکانی یەکێکن لە سەرچاوە رەسەنەکانی لێکۆڵینەوەی زۆر لایەنی ژیانی گەلەکەمان .

لەگەڵ ئەوەش ناوەرۆکی ژمارەکانی «پێشکەوتن» لە هەڵەی گەورەو نیشانەی دواکەتوویی بێبەش نەبوون . لێرەدا ئەم نموونە سەیرە دەخەینە بەرچاو کە ئەو رۆژنامەیە دەربارەی رەگەزی کورد بلاْوی کردۆتەوە . لە یەکێك لە ژمارەکانیدا «پێشکەوتن» نووسیویە دەڵێت :

«کە دەنگوبانگی[2] پێغەمبەرێتیی محمد المصطفى (صلعم) گەیشت بە هەموو لایەكو غەلغەلەی خستە دونیاوە وای لێ هات کە خاقانو سەلاطین حەڵقەی بەندەیەتیی ئەو سەروەرە بخەنە گوێ . ئۆغوز خان کە لەو وەختەدا گەورەترین سەلاطینی تورکستان بوو لە پیاوماقوڵی کورد بەغدوز ناوی سەروسەکوت ناشرینی نارده خزمەت پێغەمبەر (صلعم) . . پێغمبەر (صلعم) کە چاوی پێ‌کەوت لە سەرو گوێلاکی قێزی کردەوە . عەشایرو قەبایلی پرسی ، بەغدوز وتی لە ئەکرادم ، ئەو حەزرەتەیش فەرمووی خوای تەبارەکەن تەعالا ئەم تایەفەیە موەفەق بە ئیتفاق نەکات ئەگینا عالەمێك لەدەست ئەوان بەتەنگ دێن . ئیتر لەو رۆژەوە دەوڵەتو سەڵتەنەتی گەورە بۆ ئەمانە رێك‌نەکەوتووە پێنج تایەفە نەبێت . .»[3] .

مێجەر سۆن نە بە رۆژنامەی «پێشکەوتن»و نە بە هیچ کارێکی‌تری نەیتوانی گەلی

---

(١) «پێشکەوتن» ، سلێمانی ، ٣ی مارتی ١٩٢١ .

(٢) تەنها دەستکاریی رێنووسەکەی کراوە .

(٣) «پێشکەوتن» ، ١٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٠ .

کورد فریو بدات . نیشتمانپەروەرانی کوردستان سەریان بۆ ئینگلیز شۆڕ نەکردو سوور بوون لەسەر ئەوەی داگیرکەر ناچار بکەن ڕێگە بدات شێخی پێشەوا لە هەندەران ، لە دوورگەی ئەندامانەوە بگەڕێتەوە خاکی نیشتمان[٤] . لە یەکێك لە دەکومێنتە تایبەتی یەکانیاندا ئینگلیزەکان بێ پێچ‌وپەنا دانیان بەوەدا ناوە کە ئەو سەردەمە «هەموو هەستی نەتەوەیی‌ی خەڵکی کوردستان ئاراستە کرابو بۆ گێڕانەوەی شێخ مەحموود»[٥] . ئینگلیزەکان ناچار بوون سەر بۆ ویستی گەل شۆڕبکەن‌و پیلانی لەناوبردنی شێخ لەبیر خۆیان بەرنەوە[٦] و ڕێگەی بدەن بگەڕێتەوە بەو هیوایەی «دەرسی» لە دەردو ئازاری دەربەدەری‌ی چەند ساڵەی وەرگرتبێت[٧] . بەلاّم شێخ وەك نیشتمانپەروەرێکی ڕەسەن هەر دەرسەکەی جارانی دەوور دەکردەوە ، بۆیە کە گەڕایەوە لەوسا زیاتر سوور بوو لەسەر ئەوەی پێی بێگانە لە خاکی نیشتمان ببڕێت . چەند دەکومەنتێکی گرنگی‌تری ئینگلیزەکان باسی ئەوە دەکەن چۆن شێخ بەر لەوەی بگاتەوە سلێمانی هەر لە ڕێگەوە پەیوەندی نهێنی‌ی لەگەڵ هێزە نیشتمانی‌یەکاندا بەست‌و ویستی کەڵك لە دوژمنایەتی‌ی کەمالی‌یەکانی تورکیا وەربگرێت کە ئەو ڕۆژانە لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا ئەوان گەورەترین ناحەزی ئینگلیز بوون[٨] .

---

(٤) دوای دامرکاندنەوەی قۆناغی یەکەمی ڕاپەڕینەکەی شێخ مە　　دو برینداربوون‌و بەدیل گرتنی خۆی‌و دوای بڕیاردانی خنکاندنی دوورخرایەوە دوورگەی ئەندامان

(٥) بڕوانە

(Iraq . Report on Iraq administration April 1922 — March 1923), London, 1924, P.33.

(٦) کە لە شەڕی دەربەندی بازیاندا (١٧ ی حوزەیرانی ١٩١٩) شێخ مەحموود برینداربوو و ئینگلیزەکان لە ژێر بەردە قارەماندا بە دیل گرتیان ، فەرمانبەری سیاسی‌ی گشتی‌ی ئەوسای عیراق ئارنۆلد ولسن لەناوبردنی شێخی بە پێویست زانی بۆ ئەوەی گوایە «ئاسایش بگەڕێتەوە کوردستان» .

بڕوانە :

A. T. Wilson, Mesopotamia 1917 — 1920. A clash of loyalities. A personal and historical record, London, 1930, P. 139.

(The letters of Gertrude Bell), London, eleventh printing , April 1930 , P. 433.

(٨) بڕوانە :

(Special Report by His Majesty's Government in the United Kingdom of Great Britain and Northern Ireland to the Council of the League of Nations on the progress of Iraq during the period 1920 — 1931) , London , 1931 , P . 255. (Report on Iraq Administration April 1922 Marth 1923) , P . 36.

رۆژی ٣٠ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٢٢ شێخ گەیشتەوە سلێمانی. زۆری نەخایاند تەنگی بە ئینگلیز هەڵچنی و ناچاری کردن دەست لە ناوچەی سلێمانی هەڵبگرن کە دیسان بانگی ئازادیی تێدا درا. ئینگلیزەکان نەیانتوانی چاپخانەکەیان لەگەڵ خۆیان بەرن چونکە هەر زوو شۆڕشگێڕانی کورد دەستیان بەسەردا گرت. ئەو چاپخانەیە دەورێکی گەورەی لە ژیانی سیاسی و رۆشنبیریی ئەو رۆژە ناسکانەی کوردا بینی. لە هەمووی گرنگتر ئەو دوو رۆژنامەیە بوو کە وەک ئۆرگانی رژێمەکەی شێخی ئەمر بە ناوی «بانگی کوردستان» و «رۆژی کوردستان»ەوە بڵاوی کردنەوە و هەر زوو بوونە لاپەڕەیەکی زۆر دیاری رۆژنامەنووسیی کوردی.

چالاکیی رووناکبیرانی کورد لەو رۆژانەدا ئەوەندەی تر رقی ئینگلیزی هەڵسایند و زیاتر پاڵی پێوەنان کە رۆژێک زووتر رژێمە ساواکەی شێخ مەحموود زیندەبەچاڵ بکەن. تۆپ و فڕۆکە و پارە و هەموو کردارێکی تر بەکار بوون و شێخیان ناچارکرد بەرەبەیانی ٤ی مارتی ١٩٢٣ جارێکی تر شار بەجێ بهێڵێت و لەگەڵ لایەنگرەکانیدا بگوێزێتەوە ناوچە شاخاوییەکانی دەوروبەری سورداش. ئەمجارەیان شۆڕشگێڕانی کورد لە جاران زیاتر شوێنی چاپ و چاپەمەنییان لە خەباتی گەلدا دەزانی. بۆیەکا لەو رۆژە سەختەدا بە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر و پیاوانە چاپخانەکەیان لەگەڵ خۆیان گواستەوە ئەشکەوتی جاسەنە و رۆژنامەی «بانگی حەق»یان پێ چاپکرد و لەوێوە ژمارەیان لێ دەگەیاندە زۆر هەرێمی کوردستان.

دیارە ئینگلیز بەوە قایل نەدەبوون بنکەی شۆڕش لە بن دەستیانەوە بێت و لەوێوە تەنگیان پێ هەڵچنێ. لەبەر ئەوە دەوروبەری کۆتایی مایسی ١٩٢٣ هێزەکانیان بەرەو ناوچە شاخاوییەکانی سورداش نارد و شۆڕشگێڕانی کوردیان ناچارکرد روو بکەنە پێنجوێن و پیران. وا دیارە ئەمجارەیان نەیانتوانی چاپخانەکە لەگەڵ خۆیان بەرن و بەو جۆرە کەوتەوە دەست ئینگلیزەکان[9] کە دەستوبرد لە ئەشکەوتی جاسەنەوە گواستیانەوە شوێنەکەی جارانی لە سلێمانی.

---

(٩)

C. J. Edmonds., Kurds, Turks and Arabs: Politics travel and research in North — Eastern Iraq, London 1957, P. 332.

ئەم هەنگاوانەش دادی ئینگلیزیان نەدا ، هەر ڕۆژە لە لایەکەوە مۆتەکەی شۆرشی کورد خۆی نیشان دەدان تا ناچاری کردن دیسان دەست لە سلێمانی هەڵبگرن . ڕۆژی ١٧ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٣ هێزە چەکدارەکانی ئینگلیز شاریان بەجێ‌هێشت ، ژمارەیەك سەرشۆری نیشتمان‌و ڕوورەشی مێژووش کە زراوەترەکی تۆڵەی گەل بوون لەگەڵیان شاربەدەر بوون[١٠] . شۆڕشگێرانی کورد بە سەرکردایەتی ی کەریمی فەتاح بەگی هەمەوەند بە ناوی شێخەوە کاروباری شاریان گرتەوە دەست تا خۆی ڕۆژی ١١ی تەمووز بە سەربەرزی گەڕایەوە .

ینگلیزەکان دیسان فریا نەکەوتن چاپخانەکەیان لەگەڵ خۆیان بەرن ، بەڵام وەك جاری پێشوو بەجێیان نەهێشت ، بۆ ئەوەی پەکی بخەن میلێکیان لێ دەرهێناو لەگەڵ خۆیان بردیان . شێخ فەرمانی‌دا هەرچۆن بێت چاپخانەکە بخرێتەوە کار . وەستا صالحی سلێمانی جەژنێ کە چەخماخچی‌یەکی زیرەك‌و شارەزا بوو بە دوو ڕۆژ میلێکی‌تری بۆ دروست‌کردەوەو بەو جۆرە چاپخانەکە کەوتەوە کار . دەستوبرد نامەیەك بۆ شێخ مەحموود چاپ دەکەنو وەك مژدە بۆی دەبەن ، ئەویش لە خۆشیدا لەبریتی ٦٠ ڕوپیەی حەق دەستی میلەکە ٢٠٠ ڕوپیە دەداتە وەستا صالحی جەژنێ . دوای ئەوە لیژنەیەکی تایبەتی ی دانا بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی کاری دەرکردنی ڕۆژنامەیەك . ئەندامانی لیژنە ئەحمەد خواجاو ماجید مستەفاو عادلی شێخ سەلام‌و سەید ئەحمەدی بەرزنجی‌و صەبری‌ی کاکە ڕەش بوون کە لە ماڵی عیزەت بەگ کۆبونەوەدو دوای گفتوگۆ چەند ناوێکیان بۆ ڕۆژنامەکە پێشنیار کرد : «کوردستان» ، «ئومێدی ئیستیقلال» ، «گۆیژە» ، «وەتەن» ، «سەرکەوتن» ، «یەکیەتی» و چەند ناوێکی‌تر . ناوەکان بەجیا لەسەر پارچە کاغەز دەنووسن دەیانپێچنەوەو دەچنە بەردەرگا ، لەوێ تووشی کابرایەکی پشدەری دێن بە ناوی قادر ئاغاوە کە ٣ جار لەسەر یەك پارچەیەك لە کاغەزەکانی پێ هەڵدەگرن‌و هەر سێ جارەکە ناوی «ئومێدی ئیستقلال» دەردەچێ کە بەو جۆرە دەبێتە ناوی ڕۆژنامەکە

بەم جۆرە لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٢٣ دا ڕۆژنامەی «ئومێدی ئیستقلال» بوو

---

(١٠) لەناو ئەوانەدا کە شاریان بەجێ هێشت ئینسانی پاك‌و ڕێکوپێك هەبوو کە بە قسەی ئینگل هەڵخەڵەتابوون .

لاپەڕەیەکی پڕشنگداری تری تۆماری ڕۆژنامەنووسیی کوردیی . محەمەد زوهدی[11] بە تەنها ئەم ڕۆژنامەیەی چاپ دەکرد . پیتەکانی هەر ژمارەیەکی بە چەند ڕۆژێك ڕێك‌دەخستو بە ڕۆژێکیش چاپی دەکرد . . دوای دەرچوونی ژمارە یەك شێخ ١٥٠ ڕوپیەی خەلات کردو مووچەکەی لە ٤٥وە بۆ کردە ١٠٠ ڕوپیە .

لە ژمارە یەکی «ئومێدی ئیستقلال» هەزار دانە چاپ کراو لە ماوەیەکی کەمدا هەمووی بلاوبۆوە . چەند ژمارەیەکیشی لە ڕێگەی کفری‌یەوە لێ نێردرایە بەغدا . هی وا هەبوو دوو قات‌و سێ قاتی نرخی هەر ژمارەیەکی پارەی دەدا . بە داهاتی ئەو ژمارەیە دەستەی نووسەران کاغەزو مەرەکەبیان کری . هەمان کات چاپخانەکە کەوتە چاپ‌کردنی سێ جۆر پوولی تایبەتی لە سێ ڕەنگی جیا : یەك عانەیی‌و هەشت عانەیی‌و یەك ڕوپیەیی . شێخ لەتیفی سەعاتچی نیوان پوولەکانی کون دەکردو بەوجۆرە قەراغی بۆ دروست‌دەکردن .

دەنگ‌دانەوەی « ئومێدی ئیستقلال» وای لە شێخ مەحموود کرد بڕیار بدات چاپخانەیەکی گەورەتر لە ئەڵەمانیاوە بهێنێت . بەلام پیلان‌و فشاری ئینگلیزی داگیرکەر ڕێگەیان نەدا ئاواتێکی گەورەی ئەوسای دەستەی ڕوناکبیری کورد بێتە دی . زۆری نەخایاند کە دیسان فڕۆکە تەنگی بە دانیشتوانی سلێمانی‌و دەوروبەری هەڵچنی‌و کۆتایی مایسی ١٩٢٤ شێخ‌و لایەنگرەکانی‌و بە هەزاران پیرو ئافرەت‌و منداڵ ناچار بوون جارێکی‌تر شار بەجێ‌بهێڵن . کە ئینگلیزەکان دوای دەوروبەری مانگێك سلێمانی‌یان داگیر کردەوە لە ٢٠ هەزار کەس تەنها نزیکەی ٧٠٠ کەسی تێدا مابوو ، ئەوی‌تری هەمووی هەڵهاتبوو[13] .

بە هەمان دەستوور « ئومێدی ئیستقلال»یش لە دەرچوون وەستا . ئەمجاریان شۆڕشگێڕانی کورد فریا نەکەوتن چاپخانەکە لەگەڵ خۆیان بگوێزنەوە . مانگێك وەرنەچەرخا کاتێك دەزگای نوێی میری کەوتە بلاوکردنەوەی ڕۆژنامەی «ژیانەوە» ژمارە یەکی ڕۆژی ١٨ ی ئابی ١٩٢٤ کەوتە بازاڕەوە .

---

(١١) پاش داگیرکردنەوەی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەوە محەمەد زوهدی بەیەکجاری چوو بۆ تورکیا

شۆڕشیساڵی ١٩٢٠ جێگەیەکی زۆر دیاری لە مێژووی هاوچەرخی عیراقدا هەیە[*] . بەسەرهاتەکانی ئەم شۆڕشە بە دوورو درێژی لە لایەن مێژوونووسانی خۆمان‌و دەرەوە باس کراون تەنها لایەنێکی گرنگی نەبێت کە تاوەکو ئیستەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەو نووسینە ، ئەویش دەوری گەلی کوردە لەم شۆڕشەدا کە شتێکی ئەوتۆی دەربارە نەنووسراوە[1] . تەنانەت بەشێك لە مێژوونووسانی هەندەران لەو بڕوایەدان کە گوایە کورد هیچ دەورێکی لەم شۆڕشەدا نەبووە[2] . هی ئەوتۆشیان هەیە ، وەك ئایرلەندو لۆنگریگ ، بایەخێکی ئەوتۆیان بە دەوری کورد نەداوە . ئەمە لە کاتێکدا ڕوونکردنەوەو دەرخستنی دەوری کورد لە شۆڕشی بیستدا بایەخی مێژوویی تایبەتی ی خۆی هەیە ، هیچ نەبێت لەبەر ئەوەی ئەم شۆڕشە بۆ خۆی یەکەم بزوتنەوەی ڕزگاریخوای هاوبەشی هەردووك گەلی گەورەی عیراق عەرەب‌و کوردە .

(*) لە «برایەتی» ، بەغدا ، ژمارە ٤ ، خولی دووەم ، سەرەتای ئەیلولی ١٩٧٠ ، ل ٢٢–٢٦دا بلاوکراوەتەوە .

(١) ئەم وتارەم بە چەند ساڵێك بەر لەو کتێبەم چاپکراوە کە بە عەرەبی دەربارەی شوێنی کورد لە شۆڕشی بیستدا بەم ناوەوە بلاوم کردەوە : «دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية» ، بغداد ، ١٩٧٨ .

(٢) ڕۆژهەلاتناسی سۆڤێتی پرۆفیسۆر ن . ئۆهانیسیان لەو وتارەیدا کە لە کتێبی «ولاتان‌و گەلانی ڕۆژهەلاتی نزیك‌و ناوەراست»دا بە ناوی «خەباتی هێزە دیموکراسی‌یەکانی عیراق لە پێناوی لابردنی ئینتدابی بەریتانیدا» بلاوی کردۆتەوە نووسیویەتی دەلێت گوایە کورد لە شۆڕشی بیستدا بەشدار نەبوون .

دیارە ناشێت بە تاقە وتارێك بە درێژیو وەك پێویستە دەوری گەلی کورد لە شۆڕشی بیستدا دیار بکرێت ، بۆیەکا هەولٚ دەدەین لێرەدا تەنها چەند لایەنێکی بایەخداری ئەو دەورە بخەینە بەر چاو.

بەر لە هەر شتێك پێویستە ئەو ڕاستی‌یە دەربخرێت کە کوردی عیراق دەوریان گەورە بووە لە خۆش‌کردنی ڕێگەی بەرپابوونی شۆڕشی بیستدا. بە ماوەیەکی زۆر پێش تەقینەوەی ئەو شۆڕشە لە گەلێك ناوچەی کوردستاندا خەباتێکی سەختی چەکدارانە دژی ئینگلیزی داگیرکەر دەستی پێ‌کردبوو. هەمووی بەسەر یەکەوە شەش مانگ بە سەر هاتنی ئینگلیزەکاندا تێنەپەری کاتێك جوتیارانی گۆیان بە چەکەوە پەلاماریان دان. هەر لەو دەروبەرەدا لە چەند ناوچەیەکی‌تری بادینان ژمارەیەك ئەفسەری بەریتانی پێکرانو هێزی دوژمن ڕاووردوو نران. کۆتایی بەهاری سالٚی ۱۹۱۹یش کلٚپەی ئاگری خەبات هەموو ناوچەی نێوان کەرکوكو سلێمانی ی گرتەوەو ئینگلیزەکان چەند جارێك شکێنران. تەنها لەو شەڕەدا کە لە نزیکی تاسلۆجەوە ڕۆژی ۲۳ی مابسی سالٚی ۱۹۱۹ قەوما شۆڕشگێڕانی کورد، بەپێی سەرچاوە بەریتانیایی‌یەکان خۆیان ، توانی‌یان ژمارەیەك سەربازی ئینگلیز بکوژنو ٤ زرێ‌پۆشو ۱۹ ئوتومبیلی فۆردیان بشکێنن[۳].

دەنگوباسی ئەم ڕاپەڕینو هەراوبگرانەی کوردستان زۆر ناوچەی عیراقی گرتبۆوەو کەوتبووە سەر زاری پیاوە سیاسی‌یەکانی بەغداو کەربەلاو نەجەفو شارەکانی‌تر. ئەمە لە لایەکەوە بووە هۆیەکی‌تری دەرخستنی رووی ڕاستەقینەی داگیرکەری نویو لە لایەکی‌تریشەوە نیشانی دا ئیستعمار ئەو قەلاٚ نەبەزیوە سەختە نی‌یە کەس پێی نەوێرێ. بەلٚکو ئیرادەی گەل بۆی هەیە سەر بە چەکو تفاقە نەبینراوەکانی ئەمیش شۆڕ بکات. ئەمەش ، بی‌گومان ، چاوی خەلٚکەکەی زیاتر کردەوەو زاتی شکاندنو بەو جۆرە ڕێگەی بۆ شۆڕشی بیست تەخت‌تر کرد. ڕۆژهەلاٚتناسی بەناوبانگی سۆڤێتی ل. ن. کاتلۆف لەو کتێبەیدا کە لە سەر شۆڕشی

---

(۳) بڕوانە :

A. T. Wilson , Mesopotamia 1917 — 1920 . A clash of loyalities . A personal and historical record , London, 1930 , P. 137.

بیست دایناوه[٤] بەشێکی بۆ ئەم باسە تەرخان کردووە چونکە بەلایەوە ڕاپەڕینەکانی کوردستان ڕێخۆشکەرێکی بایەخداری ئەو شۆڕشەن .

وێڕای ئەوە ژمارەیەك کوردی ناسراو ئەندامی ئەو کۆمەڵ و ڕێکخراوانە بوون کە دەستیان لە ئامادەکردن و هەڵکردنی ئاگری شۆڕشدا باڵا بوو ، وەك «حرس الاستقلال» کە جەلال بابان یەکێك لە ئەندامە دیارەکانی بوو .

سەرەڕای ئەمانە کاتێك شۆڕش دەستی پێ‌کرد کوردەکە دوورەپەرێز نەوەستا . لەو ڕۆژانەدا چەند مەڵبەندو ناوچەیەکی کوردستان چالاکانە هاتنە دەست و دانیشتوانی ئەوانیش دژی ئینگلیزی داگیرکەر ڕاپەڕین . هەر لە سەرەتاشەوە بەشێك لە سەردارانی شۆڕش بە پێویستیان زانی جگە لە هۆزانی عەرەب هۆزە کوردەکانیش ڕاکێشنە ناو کۆڕی خەباتەوە[٥] . ئەو کوردانەی لە بەغدا دەژیان لە هەموو خۆنیشاندان و کۆبوونەوەکانی دانیشتوانی ئەم شارەدا بەشداری‌یان کرد .

لە سەرەتای مانگی ئابەوە کوردستان بۆ خۆیشی شڵەقا ، ئەوەی باری سەر شانی ئینگلیزی قورستر کرد چونکە ناچاری‌کردن بەشێك لە هێزەکانیان لە بریتی فوراتی ناوەند ئاراستەی ئەوێ بکەن .

لە کوردستان ئاگری شۆڕش لە پێش هەموو شوێنێکدا لە ناوچە کوردی‌یەکانی باقوبەدا تەشەنەی سەند . ڕۆژی چواردەی ئابی ١٩٢٠ کوردەکان توانی‌یان قزرابات ئازاد بکەن . ئەمە دانیشتوانی خانەقینیشی بە جارێك بزواند . پێشمەرگەکانی ئەم ناوچەیە هێرشێکی سەرکەوتوویان کردە سەر کۆمپانیای نەوتی بەریتانی - ئێرانیٚ لە ناوچەی نەفتخانە . لە لایەکی‌تریشەوە توانی‌یان خەتی شەمەنەفەری نێوان خانەقین و بەغداو ، بەغدا - کنگرەبان - کەرکوك تێك‌بدەن و بەو جۆرە پێوەندی‌ی نێوان

---

(٤) ل . ن . کاتلوف ، ڕاپەڕینی ڕزگاریخوای نەتەوەیی ساڵی ١٩٢٠ لە عیراق ، بە زمانی ڕووسی ، مۆسکۆ . ١٩٥٨ . ل ٩٨ - ٩٩ . ١٠٤ - ١٠٥ . ئەم کتێبە نامەی دوکتۆرای لێف نیکەلایەڤیچ کاتلۆفە . دوکتۆر عەبدولواحید کەرەم کردوویەتی بە عەرەبی و لە بەغداو بێروت چەند جارێك چاپی کردۆتەوە . بەڵام بە داخەوە وەرگێڕانەکەی پڕی‌یە لە هەڵەی زەق و شێواندنی گەورە گەورە کە کارێکی زۆر گەورەیان کردۆتە سەر ناوەرۆکی ئەو کتێبە نایابە .

(٥) بڕوانە
عادل غنیمه . الحرکة الوطنیة في العراق . القاهرة ، ١٩٦٠ ، ص ٩ .

هێزەکانی ئینگلیز لە کوردستان‌و ناوەڕاست‌و خوارووی عیراقدا بپچڕن‌و سەر لەو هێزانەش تێك بدەن کە ئینگلیز لە ئێرانەوە ئاراستەی گیانی شۆرشگێڕانیان دەکردن.

ئەم بزوتنەوانە ئینگلیزەکانیان تەواو شپرزە کردو ناچاریان کردن دەستوبرد هێزێکی چەکدار بە سەرکردایەتی ئەفسەرێکی شارەزای خۆیان بە ناوی ب. ئەدواردەوە بنێرنە ناوچەی خانەقین. ڕۆژی ١٦ی ئاب دەوروبەری دوو صەد پێشمەرگەیەکی کورد پەلاماری ئەم هێزەیان داو لە ئەنجامی شەڕێکی دوو سەعات‌و نیویدا ڕێگەی پێشکەوتنیان لێ‌گرتن. ئەوسا کە ئینگلیزەکان ناچار بوون هێزی‌تریان بۆ بنێرن[٦]. ئەمە بووە هۆی تێکچوونی تەرازووی هێزو مەودای ئەوەیان دایە دوژمن کە ڕۆژی ١٩ی ئاب چەند گوندێکی ناوچەی خانەقین بگرنەوەو بۆ ڕۆژی داهاتوش بچنەوە ناو شاری خانەقین خۆیەوە. لێرە داگیرکەران باجێکی زۆریان خستە سەر دانیشتوانی شار کە بە «تاوان»ی پشتگیری‌ی شۆڕش گوناهباریان کردن.

داگیرکردنەوەی خانەقین نەیتوانی تەشەنە کردنی ئاگری شۆڕش بۆ ناوچەکانی‌تری کوردستان بووەستێنێت. دانیشتوانی مەندەلی بە عەرەب‌و کوردەوە دایانە پاڵ شۆڕش‌و کاروباری شاریان بە سەرۆکایەتی موسا ئەفەندی‌یەوە گرتە دەست.

لەو لاشەوە هۆزی دەلۆو بەشێك لە جافەکان بە سەرکردایەتی برایم خان‌و وەیس بەگ ڕۆژی ٢٤ی ئاب دوای شەڕێکی کەم شاری کفری‌یان ئازاد کردو هەموو ئەو هێزانەی دوژمن کە لەوێ بوون بە دیلیان گرتن‌و کاپتەن سالمۆنیان بردو ئالای بەریتانی‌یان داگرت[٧].

هەر زوو دەنگوباسی ڕاپەڕینی کفری بە وڵاتدا بڵاوبۆوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی ئینگلیزەکان لە بەغدا بەیاننامەیەکی سەربەخۆیان دەربارەی بڵاوکردەوە. ئینگلیزەکان کە مەترسی‌ی ئەوەیان لێ‌نیشت ئاگری شۆڕش شوێنەکانی‌تری کوردستان بگرێتەوە هەر زوو هێزێکی گەورەیان بە سەرکردایەتی ئەفسەری سیاسی‌ی

---

(٦) بڕوانە:

A.L.Haldane, The Insurrection Mesopotamia, Edinburgh , 1922, PP. 158 — 161.

(٧) بۆ درێژەی ئەم باسە بڕوانە:

مکرم الطالباني، ابراهیم خان ثائر من کردستان، بغداد، ١٩٧١.

کەرکوك لۆنگریك نارده کفری . بەشێك لە زەنگەنەو تاڵەبانی‌یەکان دایانە پاڵ ئەم هێزە .

سەرەتا لۆنگریگ هەوڵی دا لە ڕێگەی گفتوگۆوە سەردارانی ڕاپەڕینەکەی کفری قایل بکات خۆبدەن بە دەستەوە . بەڵام ئەوە دادی نەدا چونکە شۆڕشگێڕانی ناوچەکە سوور بوون لەسەر بەرگری . ئەوسا کە هێرشی ئینگلیز دەستی پی‌کردو شۆڕشگێڕان ناچار بوون بکشێنەوە ناوچە سەختەکانی دەوروبەری شار . کە لەوێوە بە کوشتنی کوری سەردارێکی کوردیان زانی لە وەڵامدا کاپتەن سالمۆنیان کوشت کە تا ئەو کاتە وەك بارمتە گلیان دابۆوە . کوشتنی سالمۆن لۆنگریگی ئەواو شێتگیر کردو ئەویش لە وەڵامدا ١٠ هەزار ڕوپیەو ٥٠٠ تفەنگ سزای خستە سەر دانیشتوانی کفری [٨] .

ڕاپەڕینە بەجەرگەکەی کفری هۆزەکانی ئەو ناوچەیەیان بزواند . بەیاتی‌یەکان توزخورماتویان ئازاد کرد . لە ناو شاری کەرکوکیشدا کۆمەڵێکی سیاسی‌ی نهێنی کەوتە خۆ . ژمارەیەك لە نیشتمانپەروەران هەوڵیان دا بە یاریدەی شێخ قادری سیامەنصوری ڕێ بە هێزەکەی لۆنگریگ بگرن‌و ڕێگەی نەدەنێ بگاتە کفری . بەڵام لۆنگریگ کە بەمەی زانیبوو بەر لەوەی بچێتە کفری هێرشی بردە سەر دێکانی شێخ قادرو دوای شەڕێکی چەند سەعاتی‌و بە یاریدەی فڕۆکە کاولی‌کردن‌و بەو جۆرە نەخشەی شۆڕشگێڕانی ئەم ناوچەیەی پوچ‌کردەوە .

هەرچی ناوچەی سلێمانی بوو لەبەر چەند هۆیەکی تێکەڵ نەیتوانی لە ڕۆژانی شۆڕشی بیستدا دەورێکی ئەوتۆ ببینێت ، بە تایبەتی چونکە هەمووی چەند مانگێك لەوەبەر ئینگلیزەکان توانیبوویان دەست لە نیشتمانپەروەرانی بووەشێنن‌و سەردارانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوای دوور بخەنەوە . وێرای ئەوە مێجەر سۆنی حاکمی شاریش توانی‌ی ژمارەیەك سەرەك هۆزی ناوچەکە بکڕێت‌و تەنانەت دەستەیەك ئاغای پشدەری هێزی تایبەتی‌ی خۆیانیان بۆی نارد کە ویستی بەهۆیانەوە خەڵکی ناوچەکە چاوترسێن بکات [٩] . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند وردە ڕاپەڕینێکی ناوچەیی لەو

---

(٨) عبدالرزاق الحسني ، الثورة العراقية الكبرى ، صيدا - بيروت ، ١٩٥٢ ، ص ١٧٠أ - ١٧٠ب .

(٩) بڕوانە :

ل . ن . کاتلۆف ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٣٩ .

ڕۆژانەدا تەقینەوە ، وەك لە سەنگاوو لە ناو پیاوەکانی مەحمود خانی دزلیدا ـ
وەزعی هەولێرو دەوروبەری گەلێك لەوە ئاڵۆزتر بوو . هێشتا لە ناوچەی فوراتی ناوەندا شەڕ دەستی پێ نەکردبوو کاتێك دانیشتوانی هەولێر چەند جارێك کۆبوونەوەو پشتگیریی داخوازییەکانی شۆڕشیان نیشان دا . خەڵکی دەوەوەی شاریش باری سیاسیی ئاڵۆزاوی ئەو ڕۆژانەیان بە هەل زانی و ئەواتیش کەوتنە خۆ. ڕۆژی ١٢ی ئابی ١٩٢٠ لە نزیك ڕەواندوەوە دەستەیەك چەکداری کورد دەستڕێژیان لە کاپتەن هێەی (Hay) کردو چەند جارێکیش پەلاماری یەکێك لە یاریدەرەکانیان دا کە سەیر لە مەرگ ڕزگاری بوو .

باری سیاسیی هەولێر وا ئاڵۆز بوو کە جێگری حاکمی سیلسی گشتیی ئەوسای عیراق ئارنۆلد ویلسنی ناچار کرد ڕۆژی ٨ی ئەیلول بۆ خۆی بە فڕۆکەیەکی تایبەتی بچێتە ئەوێ . لە هەولێر ویلسن لەگەڵ ئەفسەرو کاربەدەستانی ئینگلیزو ژمارەیەك سەرەك هۆزی کوردو گەورە پیاوانی شار کۆبۆوەو باسی «سەرکەوتنە گەورەکانی» ئینگلیزی لە ناوچەی فوراتی ناوەندا بۆ کردن و داشی بە گوێیاندا کە گوایە «وەزعی سلێمانی هێمنە»(١٠) .

بەڵام نە هاتنی ئارنۆلد ویلسن و نە هەڕەشەو گوڕەشەکانی دانیشتوانی هەولێرو دەوروبەری چاوترسێن نەکرد . هەر پاش گەڕانەوەی ئەو بۆ بەغدا بە ماوەیەکی زۆر کەم ئینگلیزەکان بەو پیلانەیان زانی کە نیشتمانپەروەرانی هەولێر بۆ دەرکردنیان و دامەزراندنی حوکمێکی خۆبەخۆ دایانناوبو ، بۆیەکا ناچار بوون لە دوو قۆڵەوە ، یەکێکیان لە کەرکوکەوەو ئەویتریان لە موسڵەوە ، دوو هێزی نوێ بنێرنە سەر هەولێر . ژمارەیەك ئاغای دزەییش بە دەنگیانەوە هاتن و بەو جۆرە توانییا هەولێر دابین بکەن(١١) . بەڵام ئەمە کارێکی ئەوتۆی نەکردە سەر باری ئاڵۆزاوی ناوچەکانی سەر بە هەولێر . سورچییەکان ئەو ڕۆژانەیان بە هەل زانی و ڕۆژی یەکی ئەیلول باتاسیان ئازاد کردو دوای ئەوە ڕوویان کردە ڕەواندزو هێزێکی لیویان لەوێ

---

(١٠) A.T. Wilson., Op. Cit., P. 288

(١١) A.L. Haldane, Op Cit., PP. 246 — 247

ئابلۆقە دا . سورچی یەکان لە شەڕێکی قورسدا لە ڕەواندز ١٨ سەربازی لیوی یان کوشت[١٢] .

دوای ئەوە ئەو هێزەی لە ڕەواندز بوو خۆی پێ نەگیراو ناچار کشایەوە هەولێر . دوا بەدوای ڕەواندز کۆیەش شلۆقاو ڕۆژی ٨ی ئەیلول ئەفسەری سیاسی ی شار هەڵهات .

باری هەرێمی بادینان زۆر لەوە باشتر نەبوو . ڕوداوەکانی کوردستان خۆی و کوشتنی کاپتەن لیچمەن لە لایەن شۆڕشگێڕانی هۆزی زەوبەعی ناوچەی ڕومادی یەوە تەواو هەستی دانیشتوانی بادینانیان دژی داگیرکەر بزواندبوو . لیچمەن ، بەپێی بەڵگەیەکی نهێنی فەرەنسی بۆ ڕەقێتی لە وێنەی نەبوو[١٣] . هەمووی ساڵێك لەوەپێش کاتێك ئەفسەری سیاسی ی موسڵ بوو ویستی نزیکەی هەزار خێزانی بادینی دەربەدەر بکات و زەوی ی باووباپیرانیان لێ زەوت بکات بەو نیازەی خەڵکی تر لە جێگەیان نیشتەجێ بکات ، بۆیەکا دانیشتوانی ناوچەکە زۆر لێی داخ لەدڵ بوون . هەواڵی کوشتنی هێندەی تر خەڵکەکەی بزواند . عەقرە لەو کاتەدا شلۆقا . کوردە یەزیدی یەکانیش هەر لە سەرەتاوە پشتگیری ی شۆڕشیان کردو یاریدەی ئەو هێزەیان دا کە هێرشی بردە سەر تەلەعفەر . بەڵام دوو دڵی ی کۆمەڵی عەهدی عیراقی کە کاروباری شۆڕشی لە ناوچەی موسڵدا دەبرد بەڕێوەو کەمتەرخەمی جەعفەر عەسکەری کە سەرۆکێکی ناسراوی عەهدبوو ، بوونە هۆی ساردبوونەوەی شۆڕشگێڕانی ئەم ناوچەیە کە لەبەر ئەوە نەیانتوانی دەورێکی ئەوتۆ ببینن .

تا دەوروبەری کۆتایی هاوینی ساڵی ١٩٢٠ هێزەکانی ئینگلیز توانی یان ئاگری شۆڕش لە زۆربەی ناوچەکانی باشووری عیراقدا دابمرکێننەوە . دیارە ئەمە لە کوردستانیشدا ڕەنگی دایەوەو ترسی خستە دڵی سەرەك هۆزانی . خۆشناوەتی و گەردی یەکان کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ ئینگلیزەکانداو پەیمانیان دانی دژیان نەوەستن و هەر زیانێکیان لەو ناوچانەدا لێ کەوتووە بۆیانیان بژمێرن . سورچی یەکان و ژمارەیەکی

(١٢) Ibid , P. 246

(١٣) بڕوانە :

«تۆمارەکانی وەزارەتی هەندەرانی فەرەنسە» ، Direction Politique et Commercial , Mesopotamia, E — 314, Armee , No 348 , 24. VIII , 1920.

زۆر لە سەرەك هۆزانی کەرکوك‌و سلێمانیش کەوتنە خۆ نزیکخستنەوە لە ئینگلیزەکان [١٤] .

هەرچەندە گەلی کورد توانی کەڵك لەو بارو دۆخە وەربگرێ کە شۆڕشی بیست هێنایە کایەوەو بە خوێنی ڕۆڵەکانی لاپەڕەیەکی پڕ لە شانازیی بۆ خۆی تۆمار کرد ، بەلاٌم ، بێگومان ، دەیتوانی دەورێکی لەوەیش گەورەتر ببینێت . دیارە ئەوە لە خۆڕا نەبو ، بەڵکو ئەنجامی گەلێك هۆی پێکەوە بەستراو بوو . بەر لە بەرپا بوونی شۆڕشی بیست بە ماوەیەك ئینگلیزەکان توانیبوویان بە توندی دەست لە هێزە نیشتمانی‌یەکانی کوردستان بووەشێنن . کەمتەرخەمی‌ی سەرکردایەتی شۆڕش دەورێکی لەوەیش زیاتری بینی . «مکتب الثورة» ، کە بەڕێوەبردنی شۆڕشی کەوتبووە ئەستۆ ، نەیتوانی تەنانەت تاقە لقێکیش بۆ خۆی لە کوردستان دابمەزرێنێت . سەردارانی شۆڕش لە مەسەلەی کورد نەدەگەیشتن ، بۆیەکا هیچ کامێکیان نە لە وتارێکداو نە لە بەیاننامەیەکداو نە لەسەر لاپەڕەی یەکێك لە دوو ڕۆژنامەکەی شۆڕش «الفرات»و «الاستقلال» نە لە دوورەوەو نە لە نزیکەوە توخنی نەکەوتن‌و هیچ ڕێگەیەکیشیان سەبارەت سیاسەتی نەتەوەیی ئەو حوکمەتە سەربەخۆیەی دەیانویست دایمەزرێنن ، دیار نەکرد ، هەرچەندە بەپێی نەخشەی خۆیان دەبوو کوردستانی باشووریش بگرێتەوە . ئەم کەمتەرخەمی‌یەی سەرکردایەتی شۆڕش لەوەدا زیاتر خۆ دەنوێنێت گەر بێتو بزانین ژمارەیەك نیشتمانپەروەری وەك ڕەفیق حیلمی‌و فایق تاپۆ لە گەرمەی شۆڕشدا هەوڵیان دا لە ڕێگەی مستەفا بەگەوە ، کە یەکێك بوو لە کوردە شۆڕشگێڕەکانی بەغدا ، پێوەندی‌ی لەگەلٌ سەرکردایەتی شۆڕش ببەستن [١٥] .

لە لایەکی‌ترەوە ئینگلیزەکان بە هەر چوار لادا هەڵپەی ئەوەیان بوو ئاگری ناکۆکی‌ی نەتەوەیی‌و ئایینی خۆش بکەن . لەم ڕێگە ناهەموارەوە توانی‌یان بەشێك لە خەڵکی ساکاری کوردستان هەڵبخەڵەتێنن‌و بیانکەنە گیانی ئەو شۆڕشگێڕە کوردانەی گوایە بەپێی قسەی ئەوان «کەوتبوونە ژێر تاسیری عەرەبە شیعەکانەوە» .

---

(١٤) ل . ن . کاتلۆف ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٦٧ .

(١٥) بڕوانە :

ڕەفیق حیلمی ، یادداشت . بەرگی دووەم . بەشی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٥٦ ، ل ٧٦ – ٧٧ .

کەین و بەینی ئینگلیز پێ بەر نەبوو. کۆنسوڵی بەریتانی لە کرمانشا توانی بەشێك لە هۆزی سنجاوی فریو بداتو بە چەکەوە بیانکاتە سەر شۆڕشگێرانی خانەقین و کفری[16]. بەشێکیش لە هۆزی کەڵهور بە دەنگ ئینگلیزەوە هاتن و بۆیان بوونە یاساوڵی پاراستنی کانە نەوتەکانی نزیك خانەقین[17]. لەو لاشەوە ئینگلیزەکان توانی یان چەند دەستەیەکی فەلە هەڵخەڵەتێنن و بیانکەنە گیانی شۆڕشگێرانی کوردستان. ناوەندی ئەیلولی ١٩٢٠ شەڕێکی قورس لە نێوان ئەوان و شۆڕشگێرانی کوردا لە سەروو موسڵەوە قەوما. بەپێی سەرچاوە ئینگلیزی یەکان کوردەکان لەو شەڕەدا نزیکەی ٦٠ کەسێکیان لێ کوژراو ١٤٠یشیان لە ئاوی زێی گەورەدا خنکان[18].

هەرچەندە شۆڕشی بیست سەرنەکەوت. بەڵام گەلێك دەرسی گەورەی دایە گەلی عیراق بە عەرەب و کوردی یەوە. یەکێك لەو دەرسانەی دەرخستنی بایەخی خەباتی هاوبەش بوو، ئەو خەباتەی دەبوو ببێتە بەردی بناغەی هەموو بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوای سەرکەوتووی گەلی عیراق.

---

(١٦) بڕوانە:

P. W. Ireland, Iraq. A study in political development, London, 1937. P. 270, A. L. Haldane, Op. cit., PP. 158 — 160.

(١٧) ل. کاتلۆف، سەرچاوەی ناوبراو، ل ١٥٦.

(١٨)

A. L. Haldane, Op. Cit., P. 247

باسی دەیەم

شۆڕشی بیست

ھۆکانی ـ ئەنجامەکانی ـ بایەخ

یەکەم : هۆکانی «شۆڕشی بیست» :

کەسێکی بێلایەن نییە گومان لە گەورەیی «شۆڕشی بیست» بکات(*) . دیارە هەر ڕوداوێك یا بزوتنەوەیەکی سەربەخۆ پاڵ بنێ بە دەیان هەزار جوتیارو پاڵەو کرێکارو ڕووناکبیرو «گەجەرو گوجەرەوە» لە پێناوی مافی ڕەوای گەلدا بچنە ناو کۆڕی خەباتەوەو چەك بەدەست بکەونە پەلاماردانی گەورەترین هێزی ئیمپریالی لە جیهاندا دەبێ ڕوداوێکی ئازادیخواو بزوتنەوەیەکی پێشکەوتنخواز بێ . ئەمە تا کە سەنگە بۆ تەرازوی کێشانی بەوردوای بەسەرهاتو ئەنجامی ئەو تەقینەوە گەورەیەی ساڵی ۱۹۲۰ زۆر ناوچەو مەڵبەندی عیراقی گرتەوەو سەرانسەری بزواندو لە هەموو ڕۆژهەڵاتی نزیكو ناوەڕاستو ئەوروپاشدا دەنگی دایەوە .

تاقیکردنەوە زۆرەکانی مێژوو ئەوەیان سەلماندووە کە ڕووداوێکی وا گەورە لەخۆوە دروست نابێ ، دەبێ گەلێك هۆی سەرەکیو وردە تێکەڵ بەیەك ببنو نارەزاییەکی ئەوتۆ بهێننە کایەوە وا لە هەزاران بکات ئامادە بن گیانیان بەخت بکەن ، گیان بەختکردنیش لە پێناوی نیشتماندا ، وەك لە هەموان ئاشکرایە ، بەرزترین پلەی خەباتە . جا کەوابێ بەر لە هەر باسێکیتر جارێکا با چاوێك بەو هۆیانەدا بخشێنین کە ئاگری شۆڕشی بیستیان بەرپاکرد .

بەر لە دەستپێکردنی سەدەی بیستەمین هەستی نەتەوەییو ئارەزوی سەربەخۆیی لەناو سەرتاپای گەلانی ژێردەستەی عوسمانییاندا تەواو سەری دەرهێنابوو ، گەر هەستی ئایینیو ڕێزی «خەلیفەی موسڵمانان» نەبونایە هەر ئەوسا کە

(*) لە گۆڤاری «کاروان» ، ژمارە ۱۰ ، تەمموزی ۱۹۸۳ ، ل ۲۱ – ۳۱دا بلاوکراوەتەوە .

جیابونەوەی ڕەوا دەبووە دروشمی سەرەکیی خەباتی ڕۆژانەی کوردو عەرەب‌و هیچ دوور نەبوو ئەو کارە ئیمپراتۆریی لە پەل‌وپۆ کەوتوی عوسمانی برمێنیٚ.

لەگەلْ تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهان‌و کەوتنی ڕژێمی عوسمانیدا هیوای گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە جیٚبەجیٚبوونی مافی چارەنووسی‌یان تەواو پتەو بوو ، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە سالانی شەڕدا کاربەدەستانی دەولەتە گەورەکان جارەهای جار بەلێنی دانی ئەو مافەیان بە ڕاست‌و چەپدا بلاوەدەکردەوە ، دەیانگوت هەر کە شەڕ تەواو بوو گشت گەلانی ناوچەکە سەربەخۆیی وەردەگرن[1] .

عیراقی‌یەکان یەکێك بوون لەو گەلانەی دەمیٚ سالْ بوو خولیای سەربەخۆیی دابووی لەکەلەیان . لەوان وابوو لەگەلْ کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهاندا ئینگلیز کەل‌وپەل دەدەن بەکۆلداو گولی ڕازاوەی ئازادی‌و سەرفرازی دەکەن بە یەخەیاندا . تێگەیشتویەك نەبوو ئەو قسەیەی جەنەرال مۆدی لەیاد نەبیٚ کە ڕۆژی یازدەی مانگی مارتی سالی ١٩١٧ لەگەلْ داگیرکردنی شاری بەغدادا گوتی «ئێمە ئازادکەرین نەك داگیرکەر» . کەچی هەر لەوساوە ئینگلیزەکان بەهەر چوارلادا کەوتنە ڕەگ‌و پەل هاویشتن‌و دامەزراندنی دامودەزگای کارگێڕیی خۆیان . کاتێك شەڕیش بڕایەوە ئیتر کەسێکیان جارێکی‌تر توخنی باسی سەربەخۆیی نەکەوتەوە . لەوەیش خراپتر ئەوەبوو کە ژمارەیەك کاربەدەستی گەورەی ئینگلیز ئاشکرا داوایان دەکرد عیراق ببەسترێت بە هندستانەوەو بکرێتە بەشێکی ئەو . هی واشیان هەبوو دەیویست تاجی پاشایی بەغدا بنرێتە سەر سەری پیاوێکی ئینگلیزی وەك سێر پێرسی سایکس .

پاشگەزبوونەوەی ئینگلیزەکان لە گفتەکانی جارانیان دەربارەی سەربەخۆیی عیراق بووە هۆی تەقینەوەی هەستی نارەزایی لە قولایی دەروونی زۆربەی دەستەو چینەکانی کۆمەلدا . دەکومێنتە تایبەتی‌یەکانی شۆرش پڕن لە بەلگەی سەلمێنەری ئەم ڕاستی‌یە . یەکێك لەو دوو ڕۆژنامەیەی شۆرشگێران لە نەجەفی ئازادکراو چاپیان کردن ناوی «الاستقلال» واتە سەربەخۆیی یا خۆبیون بوو . هەر ئەو ڕۆژنامەیە لەژێر ناوی هەموو ژمارەکانیدا ئەم دروشمەی چاپ دەکرد :

---

(١) بەشێکی زۆری ناوەرۆکی ئەم وتارەم لەو کتێبەم وەرگرتووە کە سالی ١٩٧٨ بە عەرەبی دەربارەی شوێنی کورد لە شۆرشی بیستدا بلاوم‌کردەوە . بۆیەکا بەپێویستم نەزانی هەموو پەراوێزەکانی دووبارە بکەمەوە (بڕوانە : «دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية» ، بغداد ، ١٩٧٨) .

«ژیان بێ سەربەخۆیی مەحاڵە !»

لە ژمارەی پێنجەمیدا «الاستقلال» نووسیوی‌یە دەڵێ «سەربەخۆیی‌و ئازادی . . . مەرجی سەرکەوتن‌و بنەمای پێشکەوتنی ولاتن»[2] .

«الفرات» کە یەکەم ڕۆژنامەی شۆڕش بوو چەند جارێك بێ پێچ‌وپەنا دانی بەوەدا ناوە کە مەبەستی سەرەکیی شۆڕشگێڕان جێبەجێ‌کردنی مافی چارەنووسی‌و وەدەست‌هێنانی سەربەخۆیی‌یە . لە سەروتاری ژمارە دوویدا فورات نووسیوی‌یە دەڵێ :

«عیراقی‌یەکان باش لەوە گەیشتوون کە داوای یاسایی‌و خۆنیشاندانی ئاشتی‌یانە نە سوود دەبەخشن‌و نە ماف دەگێڕنەوە . بەتایبەتی لەبەر ئەوەش کە دەنگی نارەزایی ڕەوا ناگاتە هیچ دەزگایەکی سیاسیی دەرەوە چونکە ئینگلیزەکان دەستیان گرتووە بەسەر هەموو هۆکانی پەیوەندیی ولاتدا»[3] .

کەوابێ دەبوو لە ڕێگەی لولەی تفەنگەوە داخوازیی ڕەوای سەربەخۆیی گەل‌و نیشتمان بچەسپێنرێ .

ڕاستە هەموان وەك یەك لە باسی خۆیبون نەدەگەیشتن ، بەڵکو هەزاران هەبون بیریان ڕاستەوخۆ بۆی نەدەچو . بەتایبەتی جوتیاران کە بەهۆی چەوساندنەوەی دەرەبەگی‌و ڕەتاندنەوەی صەدان ساڵەی عوسمانی‌یانەوە لە زۆر ڕووەوە وەك بەردی بن گۆمیان لێهاتبوو . بەڵام ئەو تاقانەی لە هەموان باشتر لە بایەخی سەربەخۆیی دەگەیشتن مەبەستیان بوو بەپێی توانا ئەو داخوازی‌یە بۆ ئەندامانی دەستەکانی خوارەوەی کۆمەڵ ڕوون بکەنەوە . لە یەکێك لە پەخشەکانی سەرکردایەتی شۆڕشدا کە تا ئیستەش ماوە ڕەهبەرانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوای ئەو ڕۆژگارەی عیراق داوایان لە سەرەك هۆزانی سەر بە بەرەی نیشتمانیی کردووە مەبەستی دروشمی سەربەخۆیی بۆ پیاوەکانیان لێك بدەنەوە . دەشبو هەموان لە شەرگەکاندا هاوار بکەن «سەربەخۆییمان دەوێ !» .

یاسای ژیان کارێکی ئەوتۆی کردووە گەلێك جار نەبوونی سەربەخۆیی‌و فشاری

---

(٢) «الاستقلال» ، النجف . العدد الخامس ، ٢٥ محرم ١٣٣٩ ، ٨ تشرين الاول ١٩٢٠ .

(٣) «الفرات» . النجف . العدد الثاني ، ٢٨ ذي القعدة ١٣٣٨ . ١٤ آب ١٩٢٠ .

ئابووری پێکرا بڕژێنە ناو یەك ڕێچکەوە . ئەم دیاردەیە ئاشکرا لە ڕوداوەکانی شۆڕشی بیستدا خۆی نواندووە . لە ڕێگەی نانەوە نەدارانی عیراق لەوە گەیشتن جیاوازی‌یەکی ئەوتۆ لە نێوان داگیرکەری ئیمڕۆو دوێنێدا نی‌یە . بەڵکو چەند هۆیەکی کاریگەریش لە ئارادا بوون وایان لی‌بکەن ڕۆژی هەزار جار ڕەحمەت بۆ کفن دز بنێرن .

بەداخەوە گەلێك لە مێژوونووسانی لای خۆمان بایەخێکی ئەوتۆ نادەن بە لایەنی ئابووری وەك هۆی بزوێنی ڕوداوی مێژوویی ، چونکە مرۆ بەلای ئەو جۆرە کەسانەوە داشی دامەی بی‌هەست‌و گیانە . ڕاستە جوتیاری کەم‌فام لە جوتیاری نەفام باشتر بۆ هۆکانی برسێتی‌و ڕێگەی چارەسەرکردنیان دەچێ . بەڵام ڕاستیشە برسێتی ناخی دەروونی هەردوکیان وەك یەك دەهەژێنێ‌و برسی لە تێر زیاتر ئامادەی خەبات‌و فیداکاری‌یە . برسێتی یەکێکە لەو ڕوانەی ژیان کە هەرگیز لەبیر ناچنەوە . لە کۆمەڵگای دواکەوتودا دەبێتە نیشانەو مێژوو . بیستومانە دەڵێن فلانە کەس ساڵی گرانێکە لەدایك‌بوو ، یا ژنی هێنا ، یا کۆچی دوایی کرد . کە ڕۆژنامەنوسێك چەند ساڵێك لەمەوبەر داوای لە ئافرەتێکی تەمەن درێژی شاری کوفە کرد یادی ڕابوردووی بۆ بگێڕێتەوە بەر لە هەر شتێکی‌تری ژیان باسی خۆشەویستی ئامۆزاکەی‌و ئەوەی بۆ گێڕایەوە چۆن جارێکیان لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی مەدحەت پاشا کە باجگرانی میری هاتوونەتە گوندەکەیان دوای ئەوەی بەفەرمانی براکانی بەدزی‌یەوە وڵاخەکانیانی بەلەسە کردووە کەس‌وکاری بەربوونەتە گیانیان‌و پاش دارکارییەکی چاك شاربەدەریان کردوون[٤] .

بەهۆی گەلێك هۆوە لەگەڵ هاتنی ئینگلیزەکاندا باری ژیانی زۆربەی دەستەو چینەکانی گەل بەرەو خراپی ڕۆیی ، لە کاتێکدا هەموان پی‌یان وابوو نەمانی دەسەڵاتی عوسمانی برسێتی‌و نەبوونی بن‌بڕ دەکات . بەشێك لەو هۆیانە لە دەسەڵات‌و ویستی ئینگلیزەکان بەدەر بوو . بەسەرهات‌و ئەنجامەکانی شەڕی یەکەمی جیهان باری ئابووریی سەرشانی هەموانی لە جاران قورستر کرد . ئەوساکە ئینگلیزەکان بۆ خۆیان دووچاری گەلێك کێشەی ئابووریی قورس هاتبون . بەهۆی

---

(٤) بڕوانە گۆڤاری «الف باء» ، بەغدا ، ژمارە ٤٧٩ ، ٢٣ی تەشرینی دووەمی ١٩٧٧ ، ل ٢٤–٢٥ .

شەڕەوە نزیکەی سێ یەکی سامانی نەتەوەیی یان لەکیس چوبو . لەبەر ئەوە لە ولاٌتە ژێردەستەکانیاندا لە جاران ڕەقتر بوون ، دەیانویست بەشی زۆری زیانەکانیان لە دانیشتوانیان دەربهێننەوە ، یا هیچ نەبێ بەشێك لە ئەرکی هێزە داگیرکەرەکانیان بخەنە ئەستۆی ئەوانەوە ، چونکە باجدەری ئینگلیزی بۆ خۆی لە وەڕسیا نزیك تەقینەوە کەوتبۆوە . لەبەر ئەوە کەس لە فەرمانڕەوایان زاتی نەدەکرد بەهۆی باجی نوێوە بیورووژێنێ .

بەو جۆرە لەگەڵ تەواوبوونی شەڕی یەکەمدا فشاری ئابووریی داگیرکەر خۆی نواند . چ بەڵگەکانی ئینگلیزو چ بەڵگەکانی شۆڕش پڕن لە نموونەی سەلمێنەری ئەو ڕاستی یە . بەپێی یەکەمیان ئەو باجەی عیراقی یەکان ساڵی ١٩١٩–١٩٢٠ دایانە ئینگلیزەکان دوو هێندی ئەو باجە بوو کە ساڵی ١٩١١–١٩١٢ دایانە عوسمانی یەکان . بەر لەبەرپابوونی ئاگری شۆڕشی بیست ئەو باجەی عیراقی‌ێك دەیدایە داگیرکەرانی نیشتمانی دەهێندی ئەو باجە بوو کە هندۆسێکی پەنجابی دەیدانێ . ڕۆژنامەی «دێلی مێل»ی لەندەنی ڕۆژی دوازدەی تەمموزی ساڵی ١٩٢٠ ، واتە لە گەرمەی شۆڕشدا ، لەبارەی مەسەلەی باجەوە نووسیوی‌یە دەڵێ :

«بەپێی بودجەی ساڵی ١٩١٩ – ١٩٢٠ ئەو باجەی لە عیراق کۆکراوەتەوە پێنج ملیۆن‌و ٥٠٠ هەزار پاوەنە ، واتە هەر کەسەی دوو پاوەنی بەرکەوتووە ، ئەوەی تا ئیمرۆکە لە هیچ ولاٌتێکی ڕۆژهەلاٌتیدا لە وێنەی نەبینراوە . لە بەریتانیای گەورە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان یەکجار دەوڵەمەند بوو کاتی شەڕی یەکەمی جیهان هەر کەسەی تەنها سێ پاوەن‌و نیو باجی بەردەکەوت» .

لەم بارەیەوە گەر کەمێك لە ناوچە کوردەواری یەکانی عیراق نزیك بکەوینەوە تووشی گەلێك نموونەی سەیر دێین . لەوێ مەڵبەندی وا هەبوو ئەو باجەی دەیدا لە صەدا شازدە لەوە زیاتر بوو کە بەپێی یاسا دەبوو لە مەڵبەندە باراناوی یەکاندا کۆبکرێتەوە .

هیچ وەك ئەو ئەرکە زۆرەی بەهۆی ئینگلیزەکانەوە کەوتە ئەستۆی توتنەوانانی کوردستانەوە بۆی نی‌یە ئەم لایەنەی باسەکەمانمان بۆ ڕوون بکاتەوە . ئینگلیزەکان بایەخی زۆریان بە توتنی کوردەواری دا . بۆ ئەو مەبەستە ژمارەیەك شارەزایان لە

دەرەوە هانی کە یەکێکیان شتراوسی پسپۆری ئەمەریکایی بوو. ئەنجامی ئەو بایەخ پێدانە بەر لە هەر شتێکی تر لەو باجە زۆرەدا خۆی نواند کە کەوتە ئەستۆی توتنەوانانی کوردستانەوە کە هەر یەکەیان دەبوو پازدە هێندی ئەو باجە بدات کە باووباپیرانی رۆژانی عوسمانی یان دەیاندا.

بەهەمان دەستوور ئینگلیزەکان بایەخیان دا بە هەموو بەرهەمێکی کشتوکاڵو لێرو دارستانو ئاژەڵی سەرتاپای وڵات. تەنانەت یەکێك لە فایلەکانی دەزگای پاراستنی بەڵگە کۆنەکان تەنها بۆ باسی بەرهەمی ترشی ناوچەی هەولێر تەرخان کراوە[٥]. بێ گومان کەس لاری لەوە نی یە کە ئەو جۆرە بایەخ پێدانە نیشانەی پێشکەوتنە، بەڵام مەبەستی سەرەکیی ئەوسای ئینگلیزەکان باجو باجگری بوو.

ژمارەیەك لە کاربەدەستانی ناوچەکانی کوردستان بۆ خۆیان لیستەی باجی تایبەتی یان دادەنا. لیستەکەی مێجەر سۆنی بەناوبانگ کە بۆ سلێمانیو دەوروبەری دایناو وەك پاشکۆی رۆژنامەی «پێشکەوتن» بلاوی کردەوە لە ٢٣ خاڵ پێکهاتبوو[٦]. بەپێی ئەو لیستەیە هەر جوتیارێك زەویی میریی بەکار دەهێنا دەبوو لە ٪٤٠ی پوختەی بەرهەمی بهێنێتە قشڵە. خاوەن رەزو بێستان پێویست بوو ساڵی رۆپی یەك[٧] بۆ هەر درەختێك لە درەختە پێنج ساڵانەکانیو روپیو نیوێك بۆ ئەو درەختانەی بدات کە تەمەنیان حەوت ساڵ یا زیاتر بوو. ئەو پارەیە بەلایەنی کەمەوە پێنج هێندی ئەو پارەیە بوو کە خاوەن دارخورمایەك لە باشوور دەیدا، وە بەلایەنی کەمەوە دوازدە هێندی ئەو پارەیە بوو کە خاوەن دارخورمایەك لە رۆژگاری فەرمانرەوایی عوسمانی یەکاندا دەیدا.

وێڕای ئەوە لیستەکەی مێجەر سۆن دەرفەتی قوتاربوونی بۆ کەس نەهێشتبۆوە. هەر بەو جۆرەش سۆن توانی ئەرکی کارگێڕیو سەربازیی سەرتاپای ناوچەی سلێمانی

---

(٥) بڕوانە:

المركز الوطني للوثائق، بغداد، رقم الملف:

21/D, Sub Agriculture — Arbil Division, 1920

(٦) «پێشکەوتن»، سلێمانی. ١٧ی حوزەیرانی ١٩٢٠.

(٧) لەگەڵ داگیرکردنی عیراقدا ئینگلیزەکان روپیی هندی یان لەبریتی لیرەو قرشی عوسمانی خستە بازارەوە. روپی یەك ٧٥ فلس بوو.

بخاته سەر شانی دانیشتوانی . لەو ساڵەدا کە شۆڕشی بیستی تێدا تەقی‌یەوە مێجەر سۆن نزیکەی ٣ ملیۆن‌و ٢٠٠ هەزار ڕوپیێ باجی کۆکردەوەو هەر بەو پارەیەش ناوچەکەی بەڕێوە بردو خەڵکەکەی سەرکوت کرد ، دەوروبەری دوو ملیۆنی بۆ کاری سەربازی‌و دروست‌کردنی ڕێگەو بان‌و پرد خەرج کردو ئەوی مایەوە کردی‌یە موچەی خۆی‌و پیاوەکانی [٨] .

ئینگلیزەکان زۆر جار بە دەستووری عوسمانی‌یان بە هەزاران جوتیاریان لە کاری ڕۆژانەیان دەکردو بە سوخرە ڕێگەو بان‌و بەندو بنکەیان پێ دروست دەکردن . بۆ خۆیان دانیان بەوەدا ناوە چۆن جاروبار بەزەبری چەك ملی کاریان بەو جوتیارانە دەدا . لە کاری‌خۆکردنی جوتیارو ، بەو شێوازە ، هەم بۆتە هۆی وەڕس‌بوونی چ خۆی‌و چ ئاغای . بەڵام سەرباری ئەوەش گەلێك جار بەری ڕەنجی بەفیرۆچووی کاری سوخرەی جوتیاران دەبوە هۆی ماڵ‌وێرانی بۆ خۆیان . یەکێك لەو ڕاپۆرتانەی کاتی خۆی دراوەتە پەرلەمانی بەریتانی باسی ئەوە دەکات چۆن ئینگلیزەکان بۆ ئەوەی ئاوی ناو ڕوباری دیجلە وا بەرزبکەنەوە کە پاپۆڕەکانیان بتوانن بەکاری بهێنن ، چەند جۆگەو بەندێکیان دروست‌کردووە کە بوونەتە هۆی بڕینی ئاوی مەرەزەی ژمارەیەکی زۆر لە هۆزە نیشتەجێکانی عەمارەو سوق الشیوخ .

باری قورسی باجی نوێی ئینگلیزەکان بە گوندو لادێ‌یەوە نەوەستا ، وێرای ئەوان هەناسەی دانیشتوانی شارانیشی سوار کرد . کار گەیشت بەوەی جەنابی حاکمی نەجەف «مردوانە» دابنێ . کەسوکاری هەر مردوویەك دەبوو بەر لە ناشتنی تەرمەکەی «باجی خۆشی»(!) بدەن . ساڵی ١٩١٨ داهاتی ئەو باجە سەیرە گەیشتە ٤٨ هەزار ڕوپیێ‌و بڕیار وابوو لە ماوەی ساڵێکدا خۆی بدات لە ملیۆنێك‌و ٢٠٠ هەزار ڕوپیێ .

لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی عوسمانی‌یەکاندا باجدەر لە هەزار ڕێگەو فروفێڵەوە خۆی لە بەشی زۆری ئەو باجەی دەکەوتە سەری ڕزگار دەکرد . ناوچەو مەڵبەندی ئەوتۆ هەبوون دەستی میری‌یان نەدەگەیشتێ . صدیق الدملوجی کە باسی مێژووی بادینان دەکات دەڵێ بەر لە شەڕی یەکەمی جیهان ژمارەی جەندرمەی گەلێك

---

(٨) «پێشکەوتن» . ٢٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٠ .

ناوچەی لە سێ چوارێك تێپەڕی نەدەكرد ، ئەوانیش هەمیشە قوڕەی سكیان دەهات ، جاری وا هەبوو بە دوو سێ مانگ كەرەتێك موچەیان وەرنەدەگرت ، گەر دەستی یاریدەی خەڵكەكە نەبوایە لەبرسانا دەمردن[٩] . جا هەركەس بیەوێ بە ئاسانی دەتوانێ لە ڕادەی دەسەڵاتو بەرەڵلایی بێئەندازەی ئەو ڕۆژگارە بگات ، ئەوەی لە ژێر سایەی دەسەڵاتی بەهێزی ئینگلیزدا زەحمەت بوو بۆ كەس بلوێ . داگیركەری نوێ ئەفسەرو كاربەدەستی دڵسۆزو شارەزاو لێهاتووی هەبوو ، مەترەلۆزو تۆپو فڕۆكەی بەكار دەهێنا . گۆڤاری لەندەنیی بەناوبانگ «ڕۆژهەڵاتی نزیكو ناوەڕاست» بێ هیچ پێچو پەنایەك باسی ئەوەی كردووە چۆن ئینگلیزەكان تەنانەت فڕۆكەشیان دژی باجدەران بەكار دەهێنا[١٠] . لە زۆر ناوچە ئینگلیزەكان پەنایان دەبردە بەر جووە حسابزانەكان بۆ كۆكردنەوەی باجو سەرانە نەبا كەسێك پۆلێكی بەسەرەوە بمێنێ . پیرانی شاری سەماوە تا ئیستەش ناوی ساسۆن ئەفەندییان لە یادە كە ، وەك دەڵێن ، خەرمانیانی بە دەنك دەبژارد . بو عیبرەت جاری وا هەبوو ئەفسەرە سیاسییەكان ئەوانەی لە دانی باج خۆیان دەدزییەوە بەپەنگیان دەكردن ، بە بەرگی سوورەوە خۆڵو دۆیان دەكرد بەسەریاناو بەناو شاردا دەیانگێڕان .

بێ گومان نەدەبوو ئەو هەموو فشارە ڕقی دانیشتوانی عیراق لە داگیركەری نوێی خاكی نیشتمانی هەڵنەسێنێ . ژمارەیەك لە بەڵگەكانی شۆڕش ڕاستەوخۆ توخنی ئەو باسە گرنگە كەوتوون . ڕۆژنامەی «الفرات» لە یەكێك لە ژمارەكانیدا رووی دەمی كردۆتە ئارنۆلد ویلسنی جێگری حاكمی سیاسیی گشتییو پێی دەڵێ :

«خاكی هەموو ناوچەیەك شایەتە چۆن تەنانەت دەنكە جۆی ناو دەنوكی مەلیشیتان لێزەوت كردوینو مۆخی ئێسقانتان دەرهێناوینو باجی سەرشانی جوتیارانتان چەند هێندێك بۆ زیاد كردووین . . . تا ئەمەیە عەدالەتتان»[١١] .

---

(٩) صديق الدملوجي ، امارة بهدينان الكردية أو امارة العمادية ، موصل ، ١٩٥٢ ، ص ٨١ ، ١٤٩ — ١٥٠ .

(١٠) (The Near East and India), November 23, 1922, PP. 194—150

(١١) «الفرات» ، العدد الخامس ، ٢ محرم ١٣٣٩ .

تێکەڵبوونی عیراق بە بازاڕی سەرمایەداریی جیهانەوە دەمێك ساڵ بوو مەینەتیی بۆ پیشەگەرانی وڵات هێنابوو . دوای ئەوەی لە ئەنجامی شەڕی یەکەمی جیهاندا ئینگلیزەکان دەسەڵاتی خۆیان لە سەرانسەری عیراقدا دامەزراند هێندەی‌تر دەرگەیان بۆ بەرهەمی کارگەکانیان ئاواڵەکرد . هەر بەو پێیەش هێندەی‌تر گلۆڵەی پیشەگەران کەوتە لێژی . بە دەیان کەس لە جۆلاّیانی بەغداو شوێنی‌تر نابوتیان کرد . لای خۆشیان ئەو دیاردەیە سەری دەرهێنا . جۆلاگەریی شارە گەورەکانمان تەواو رووی لەکزی کرد . ساڵی ۱۹۰۲ مارك سایکس لە کاتی گەشتە بەناوبانگەکەیدا لە شاری سلێمانی ۱۵۰ دوکانی چەکسازیی ژماردووە[۱۲] ، دوای شەڕی یەکەم لە هەموو بازاڕو قەیسەری‌یەکانی شاردا دوان سیانێکیان مابونەوەو داهاتی ئەوانیش بەشی ژیانی کولەمەرگیی خاوەنەکانیانی نەدەکرد ، کاری سەرەکیشیان هاتبووە سەر فیشەك پڕکردنەوە .

شەڕی یەکەمی جیهان و ئەنجامەکانی گرانی و کاولی‌یان بۆ زۆربەی هەرە زۆری ناوچەو مەڵبەندەکانی عیراق هێنا . هەرچەندە ئۆباڵی ئەو کارە بەر لە ئینگلیزەکان دەکەوتە ئەستۆی عوسمانی‌یەکانەوە ، بەڵام خەڵکی لەوانی دەناسی . بەهۆی سەفەربەرلك و نەمانی بەشی زۆری ئاژەڵی کارەوە بەرهەمی کشتوکاڵی عیراق لەگەڵ تەواوبوونی شەڕدا هاتە سەر چوار یەکی بەرهەمی پێشوی . لەبەر ئەوە نرخی دەغڵ و دان جارو نیوێك تا دوو جارو نیو زیادی کرد . چا سێ هێندو شەکر پێنج هێندی جاران گرانتر بوون . لەو ناوچانەدا کە بەر لە شەڕ ماسی‌یان وەك تۆڵەکە وابوو ، دوای شەڕ لەتاو گرانیی ماسی هاوار لە دانیشتوانیان هەڵسا[۱۳] .

---

(۱۲) بڕوانە :

c. J. Edmonds, Kurds, Turks and Arabs. Politics travel and research in North — Eastern Iraq, London, 1957, P. 80

(۱۳) المركز الوطني لحفظ الوثائق ، الملف :

125/514 (Fish Tax, 1915 — 1918).

شاری سلێمانی [١٤] باشترین نمونەی ئەو کاولکاری‌یەیە کە سەرانسەری ناوچەکە بەهۆی بەسەرهاتەکانی شەڕی یەکەمی جیهانەوە تووشی هات . بەپێی بەلگەکانی ئینگلیز تا شەڕ تەواو بوو لە ٢٩ مزگەوتی شار تەنها دەیان بەپێوە مابوون . هەر لەو سالآنەدا ٣ تەکیۆ ٥ گەرماوو ٥ ئاشی ئاوو ٩ خانو ١٣ بێستانو ١٦ چایخانەو ٤ قەیسەریو ٦٨٧ دوکانو ١٨١٣ خانوی سلێمانی بەتەواوەتی ڕوخان . بەشێك لەو ژمارانە زۆر لە نیوە زیاترن . بەر لە شەڕ سلێمانی ٢٩ مزگەوتو ٣ تەکیو ٣١ چایخانەو ١١ گەرماوو ٢٤ ئاشی ئاوو ١٨ بێستانو ٦ قەیسەریو ٣٢٠٥ خانوی تێدا بوو . واتە بەهۆی شەڕەوە نزیکەی لە ٢١٪ی ئاشەکانیو لە ٤٥٪ی خانەکانیو نزیکەی لە ٤٦٪ی گەرماوەکانیو نزیکەی لە ٥٢٪ چایخانەکانی و نزیکەی لە ٥٦٪ دوکانی ناوبازارەکانیو نزیکەی لە ٥٧٪ی خانوکانیو نزیکەی لە ٦٦٪ی مزگەوتەکانیو نزیکەی لە ٦٧٪ی قەیسەری‌یەکانیو نزیکەی لە ٧٣٪ی بێستانەکانیو لە ١٠٠٪ تەکیەکانی بەجارێك کاول بوون . بۆیەکا هیچ سەیر نی‌یە نووسەرانی ئەو ڕاپۆرتە پێشنیاریان کردووە واز لە خودی شارەکە بهێنرێو لە تەنیشتی‌یەوە شارێکی نوێ دروست بکرێ [١٥] .

بەلگەیەکی‌تری هەر ئەو ڕۆژگارە باسی ئەوە دەکات چۆن لە صەدا هەشتای دانیشتوانی سلێمانی بەهۆی شەڕەوە یا نەماون ، یا کۆچیان کردووەو چۆن بەرهەمی کشتوکاڵی پێنج یەکی بەرهەمی جارانی‌یەو نرخی تەنێك گەنمی گەیشتۆتە ١٦٠٠ ڕوپیۆ هی تەنێك برنجیشی گەیشتۆتە ٢٤٠٠ ڕوپی [١٦] . بەپێی قسەکانی ڕۆژنامەی

---

(١٤) لەبەر دوو هۆی سەرەکی وامان بەپێویست زانی زۆربەی ئەو بەلگانەی دەیانهێنینەوە پێوەندی‌یان بە ناوچە کوردەواری‌یەکانەوە هەبێ ، یەکەمیان چونکە دەربارەی ناوچەکانی‌تری عیراق شتی زۆرو دەربارەی ناوچەکانی لای خۆمان شتی کەم بلاوکراوەتەوە . دووەمیشیان لەبەر ئەوەیە کە دەمانەوێ لە ڕێگەی ڕاستی‌یەکانی ناو ئەم وتارەوە هۆکانی خۆش‌کردنی ئاگری بزوتنەوەی ڕزگاریخوای ئەو قۆناغەی کوردستان دەست‌نیشان بکەین .

(١٥) المركز الوطني لحفظ الوثائق ، الملف :

20/01 (Sulaimaniyah Municipality , 1920).

(١٦) المركز الوطني لحفظ الوثائق ، الملف :

67/17 (Sulaimaniyah , Scarcity).

«العرب» كە ئینگلیزەکان ئەوسا لە بەغدا دەریان دەکرد لە هیچ شارێکی تری عیراقدا گرانی نەگەیوەتە ئەو رادەیە[17] .

گەلێك لە ئینگلیزە ئەوروپایی یە پێشکەوتووەکان کە هاتنە عیراق ویستیان ، بێ ئەوەی گوێبدەنە داب و نەریتی ئایینی و نەتەوەیی و تەنانەت هۆزایەتی ناوچەکە ، وەك لای خۆیان رەفتار بکەن . ئەو کارەی بووە هۆی تەقینەوەی نارەزاییەکی بێئەندازە لە ناخی دەرونی ساکارانی ولاتدا . ئەو مێژوونووسانەی باسی شۆرشی بیستیان کردووە[18] لەو بارەیەوە گەلێك نمونەو بەلگەیان دەربارەی ناوەندو باشووری عیراق هێناوەتەوە . بۆیەکا لێرەشدا تەنها چەند نمونەیەکی لای خۆمان دەهێنینەوە . ئینگلیزەکان لە شارەکانی کوردستاندا ئاشکرا رێگەیان دا بە زۆر کەس نەك تەنها مەی ، بەلکو تەنانەت بەنگیش بفرۆشن . شاری واش هەبوو نەك تەنها تیاترۆیان تیا دانا ، بەلکو کارخانەشیان تێدا کردەوە . تیاترۆکەی هەولێر شەری قورسی بەخۆیەوە بینی[19] . «لاوی چیا»[20] ئەنوەر مائی دەلێ هاتنی ئینگلیزەکان کاری کردە سەر رەوشتی بەشێك لە بادینی یەکان[21] .

ئەو ئینگلیزانەی لە ولاتی خۆیاندا نمونەی نەرم و نیانی و رەوشتن زۆر جارکە دەبنە کاربەدەستی ولاتە ژێردەستەکانیان بە لوت بەرزی و دلرەقی لەگەل دانیشتوانیان دەجولێنەوە . زۆربەی ئەو نووسەرانەی باسی بیستەکانیان کردووە چەند نمونەیەکیان لەو بارەیەوە هێناوەتەوە . یەکێکیان لە یادداشتەکانیدا باسی ئەوە دەکات چۆن جارێکیان شێخێکی باقوبە لای حاکمی سیاسی شار دەبێ ، لەو کاتەدا سەگەکەی

---

(١٧) «العرب» . بغداد ، ٣ ايار ١٩١٩ .

(١٨) بەتایبەتی مامۆستایان حەسەنی و وەردی و فەیاز (بروانە : عبدالرزاق الحسني ، الثورة العراقية الكبرى . الطبعة الثالثة الموسعة ، بيروت – صيدا . ١٩٧٢ . الدكتور علي الوردي ، لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث . الجزء الخامس . القسم الاول . بغداد . ١٩٧٧ . القسم الثاني . بغداد . ١٩٧٨ . الدكتور عبدالله الفياض . الثورة العراقية الكبرى سنة ١٩٢٠ . الطبعة الثانية ، بغداد . ١٩٧٤) .

(١٩) بروانە :

«صدى الاحرار» (جريدة) . الموصل . ٢٠ شباط ١٩٥٣ .

(٢٠) لاوی چیا نازناوی ئەنوەر مائی یە .

(٢١) انور المائي . الاكراد في بهدينان . الموصل ١٩٦٠ . ص ١٨٤ – ١٨٥ .

جەنابی حاکم توخنی دەکەوی̕و ئەویش کە سەگ بەلایەوە گلاوە کەمێك خۆی لی̕دوور دەخاتەوە . حاکم لە پیرەشێخ دەخوری̕و بە مۆنی‌یەوە پێی دەڵی̕ : یا شێخ سەگەکەم زۆر لەتۆ خاوێن‌ترە [٢٢] . دیارە ئەو قسەیە ئەگەر ڕاستیش بی̕ گوتنی ڕەوا نی‌یە .

ئەفسەرانی ئینگلیز بەهەمان دەستوور لەگەڵ̕ دانیشتوانی ناوچە کوردەواری‌یەکاندا ڕەفتاریان دەکرد . مێجەر سۆن کەی بهاتایە ناوبازار دەبوو هەموان بەرزە پی̕ لەبەری هەڵسن . ڕاستە ئەو وەك گرینهاوسی ئەفسەری نەجەف قامچی بەکار نەدەهێنا ، مەرایی‌کەران خۆیان ملیان بۆ دەداو بە شانوباهویاندا هەڵدەدا ، بەلاّم خۆیشی ئەوەی دەویست . مێجەر سۆن پیاوەکانیشی بەردابووە گیانی خەڵکی شار . عەزیز خان کە یەکێکیان بوو کابرایەکی نەخوێندەواری چاوچنۆكو دڵ̕ڕەق بوو . ئەو پیانۆی هێنایە سلێمانی [٢٣] .

پڕیشکی ڕەفتاری ناهەمواری ئەفسەرانی ئینگلیز گەلێك لە پیاوماقولاّنی کوردستانی گرتەوە کە یەکێکیان شێخی بەردەقارەمانی نەمر بوو . مەحمود جەودەتی نیشتمانپەروەری بەناوبانگ لەتاو سۆن ناچار بوو سەری خۆی هەڵگری̕ .

بەڵگەکانی لقی موسڵی «کۆمەڵەی عەهد» [٢٤] گەلێك ڕاستیی بایەخداری لەم بارەیەوە بۆ پاراستووین ، بەتایبەتی ئەوانەیان کە پێوەندی‌یان بە ڕەفتاری ناشرینی ئەفسەرانی ئینگلیزەوە لەگەڵ̕ شێخانی بادیناندا هەیە . ڕۆژی چواردەی مانگی ئابی ساڵی ١٩١٩ لقی موسڵی کۆمەڵەی عەهد نامەیەکی ناردە بارەگای بەرزی کۆمەڵە لە شام دەربارەی ئازاردانی نەقشەبەندی‌یەکان . ڕابەرانی لقی موسڵ̕ لە نامەکەیاندا دەڵێن :

---

(٢٢) بڕوانە :

طالب مشتاق . اوراق أيامي . الجزء الاول . بيروت . ١٩٦٨ . ص ٩١ .

(٢٣) بڕوانە :

«پێشکەوتن» ، ٦ی مایسی ١٩٢٠ .

(٢٤) «جمعية العهد» یەکێك بوو لەو کۆمەڵە سیاسی‌یانەی ڕووناکبیرانی عەرەب دایانمەزراندن . دوای شەڕ بارەگای بەرزی عەهد لە شام بوو . لقی مووسڵی عەهد یەکێك بوو لە لقە هەرە چالاكو دڵسۆزەکانی کە زۆربەی ئەندامانی تا سەر بە خاوێنی مانەوە .

«ئێمه تەواو دڵتەنگین بەهۆی ئەو شێخانەوە . . . ئینگلیزەکان بێپەروا دەیانەوێ سەر بە هەموو سەربەرزێك شۆڕ بکەنو ئازاری هەموو سەردارێك بدەن گەر کوێرانە دوویان نەکەون ، یا وەك دەیانەوێ مل بۆ فەرمانەکانیان نەدەن . هەمان کات ئەوان چاویان بەرایی نایەت کەسێکی خاوەن دەسەڵاتی وەك جەنابی شێخ بەهاددین ئەفەندی نەقشەبەندی ببینن گەر نەتوانن بیکەنە داردەستی خۆیان»[٢٥] .

هەمووی بەسەر یەکەوە دوو حەفتەی نەخایاند کاتێك لقی موسڵی کۆمەڵەی عەهد نامەیەکی تایبەتیی‌تری نارده شامو ئەم هەواڵەی خوارەوەی بە بارەگای بەرزی کۆمەڵە ڕاگەیاند :

«بەر لە چەند ڕۆژێك ئینگلیزەکان لە هەولێر سەعید ئاغاو کورەکەیو ژمارەیەك هاوڕی‌یانیان بە تۆمەتی کوشتنی چاوەشێکی ئینگلیزو بریندارکردنی دوو پۆلیسو دوو جەندرمە گرت . یەکێك لە پۆلیسەکانیش ئینگلیزو ئەوی‌تریان عیراقی‌یە . هەروەها ژمارێك لە پیاوەکانی سەعید ئاغاش بریندار بوون . ئەو هەرایە لەسەر ئەوەبوو کە ڕۆژێك لەوەپێش چاوەشەکە لە تیاترۆ لە کوری سەعید ئاغای داوەو گەلێك جنێوی ناشرینی پێداوە»[٢٦] .

زەبرو زۆری ئینگلیز بێ جیاوازیی چینو دەستە هەموانی گرتەوە . لقی موسڵی «کۆمەڵەی عەهد» لە نامەیەکی‌تریدا ڕۆژی ٨ی تەشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٩ نووسیوی‌یە دەڵێ :

«داگیر کەران هیچ زۆرداری‌یەك لە باریاندا نەماوە لەگەڵ خەڵکیدا بەکاری نەهێنن . کەمترین هەڵەی هەر کەسێك دەبێتە هۆی دارکاری‌کردنی بە ڕوتو قوتیو زۆر جار تەنی ئەو کەسە دەهێننە خوێنو جێ‌قامچێکانیان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دەبێتە دوومەڵو هەو بە لەشی‌یەوە . خەڵکی وایان لێهاتووە سزای پارە

(٢٥) «صدى الاحرار» ، ١٣ شباط ١٩٥٣ .

(٢٦) «صدى الاحرار» ، ٢٠ شباط ١٩٥٣ .

که بۆته گەورەترین داهاتی داگیرکەر بە نیعمەتی دابنێن لە عاستی لێدانو دارکاریو پێکردنی کاری نزمدا . خۆزگا ئەوانەی ئینگلیز بە تاوانباریان دادەنێن وابونایە ! گەلێك کەس ئاخنراونەتە زیندانەکانەوە بێئەوەی تاوانێکیان لەسەر کرابێتە مالْ ، یا دادگەیەك بڕیاری گرتنیانی دابێ . بەوێنە ١٨ گۆیانییان[٢٧] گرتووە بێ ئەوەی هیچ پێوەندییەکیان بەو ڕوداوانەوە هەبێ کە لەناو چیاکاندا قەومان ، ئەوان دەمێکە لە موسلْ بە حەمالی دەژین . ئەو گۆیانییانە تاوەکو کۆلۆنێل لێچمەن نەگوێزرایەوە دلیمو کاپتەن بێل نەهاتە جێگەی بەرنەدران»[٢٨] .

کاربەدەستانی ئەوسای ئینگلیز چەند جارێك دانیان بەوەدا ناوە کە جۆری ڕەفتاری بەشێك لە ئەفسەرانیان بۆتە هۆی دروستبوونی ڕقێکی زۆر لە ناخی دەرونی زۆرینەی دانیشتوانی عیراقدا . خاتو بێلی بەناوبانگ[٢٩] هەرچەندە گەلێك پاکانەی بۆ زۆربەی هاوکارەکانی کردووە ، بەلام چەند جارێکیش لە نووسینەکانیدا پەنجەی بۆ ئەو ڕاستییە ڕاکێشاوە . لەوەیش گرنگتر ڕای جەنەرال هالدەینە کە بۆ خۆی فەرماندەی ئەو لەشکرە بوو کە دامرکاندنەوەی شۆڕشی بیستی کەوتە ئەستۆ . هالدەین ڕەفتاری ناهەمواری ئەفسەرانی ئینگلیز بە یەکێك لە هۆ سەرەکییەکانی شۆڕش دادەنێ[٣٠] .

هەمان ڕاستی لە بەلگەکانی شۆڕشیشدا بەدی دەکرێ . ڕۆژنامەی «الفرات»ی داخ لەدلْ وای لێهاتووە ئۆبالی هەموو خراپەکاریو زەوت کردنێکی کۆنو نوێ لە مێژوودا بخاتە ئەستۆی ئینگلیزەکانەوە . وای لێهاتووە سلاوی ڕێز بنێرێ بۆ تاریکستانی سەدە ناوەنجییەکانو فەرعەونەکانو چەنگیز خانو تەیموری لەنگو هۆنە

---

(٢٧) مەبەست ئەندامانی هۆزی گۆیانی نیشتەجێی باکووری زاخۆیە . گۆیان یەکەم هۆز بوو لە عیراق چەکی دژی ئینگلیز هەلگرت .

(٢٨) «صدى الاحرار» . ٣ نیسان ١٩٥٤ .

(٢٩) مەبەست میس بێلە کە کاربەدەستێکی گەورەی ئینگلیز بوو لە عیراق . جاروبار بە «شاژنی بێ تاج» ناو دەبرێ .

(٣٠) A.L. Haldane, The Insurrection Mesopotamia, Edinburgh, 1922. PP. 20 — 21.

خوێنرێژەکانی ئەوروپا ، چونکە ، وەك دەڵێ «خوایە خۆت ئاگاداری ئەوان هەستیان ناسکترو دڵیان چاکتر بوو لە ئینگلیزە زۆردارە بەربەرەکان» [٣١] .

عیراقی‌یەکان بە عەرەب‌و کوردیانەوە پێیان وابو لەگەڵ نەمانی دەسەڵاتی عوسمانی‌و هاتنی ئینگلیزدا تیشکی ژیاری‌و نیعمەتی خوێندەواری دەگاتە هەموو قوژبنێکی وڵات . بێگومان هەرچۆن بێ‌و لەبەر گەلێك هۆی ئاشکرا ژێردەستەیی ئینگلیز خەڵکی لە ژیانی شارستانەتی نزیکتر دەخاتەوە وەك لە ژێردەستەیی عوسمانی . بەڵام بەهۆی ئەو بارە یەکجار گرانەوە کە شەڕی یەکەمی جیهان خستی‌یە ئەستۆی هەموانەوە قۆرت کەوتە ڕێگەی ئەو دیاردەیەوە . ئینگلیزەکان دەستوبرد شتێکی ئەوتۆیان بۆ نەکرا ، خەڵکیش پەلەیان بوو . لەبەر گەلێك هۆی تێکهەڵکێش باری خوێندەواریی وڵات لە ساڵانی یەکەمی دوای شەڕدا دایە دواوە . هەموو ئەو پارەیەی ئینگلیزەکان ساڵی ١٩١٩ – ١٩٢٠ بۆ کاروباری خوێندنیان دانا بریتی بوو لە ٧٠ هەزار لیرەی عوسمانی . واتە دوو هێندی ئەو پارەیەش نەدەبوو کە عوسمانی‌یەکان ساڵی ١٩١١ – ١٩١٢ تەنها بۆ ویلایەتی بەغدایان دانا . لەبەر ئەوە هیچ سەیر نی‌یە ژمارەی قوتابخانەکانی هەموو عیراق هاتە سەر نیوەی ژمارەیان لە ساڵی ١٩١٤دا . کار گەیشت بەوەی ئینگلیزەکان لە شارێکی وەك موسڵدا ژمارەیەك قوتابخانەی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و فێرگەیەکی ئامادەکردنی مامۆستایان دابخەن [٣٢] .

کاروباری خوێندن لە ناوچە کوردەواری‌یەکاندا لەوەیش خراپتر بوو . مێجەر سۆن لە پتر لە ٣ ملیۆن ڕوپیێ داهاتی ناوچەی سلێمانی خۆی تەنها ٦٣ هەزار ڕوپیێ بۆ کاروباری خوێندنی تەرخانکرد . واتە نزیکەی لە ٢٪ی داهاتی ناوچەکەو ٢٠ هێند لەو پارەیە کەمتر کە بۆ پۆلیس‌و پاسەوانە تایبەتی‌یەکانی خەرجکرد [٣٣] .

ئەو جۆرە هەڵوەستە کارێکی ئەوتۆی کرد لە سەرەتای فەرمانڕەوایی ئینگلیزەکاندا خوێندنی کوردی ، بەپێچەوانەی ئەوەوە کە چاوەڕوان دەکرا ، بداتە

---

(٣١) «الفرات» ، العدد الرابع . ١٣ ذی الحجة ١٣٣٨ .
(٣٢) «العرب» ، ١٣ ایار ١٩١٩ ، «صدی الاحرار» ، ٣ نیسان ١٩٥٣ .
(٣٣) بەپێی ئەو ژمارانە لێکدراوەتەوە کە مێجەر سۆن بۆ خۆی لە ڕۆژنامەی «پێشکەوتن»دا بڵاوی‌کردوونەوە (بڕوانە : «پێشکەوتن» ، ٢٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٠) .

دواوە . دوای تەواوبوونی شەڕ ئینگلیزەکان تەنها قوتابخانەیەکی سەرەتایی‌یان لە سلێمانی کردەوە ، لە کاتێکدا بەر لە شەڕ لە هەمان شار دوو قوتابخانەی سەرەتایی‌و یەکێکی ناوەندی‌و فێرگەیەکی سەربازیی هەبوو کە ژمارەی قوتابیانیان بەسەر یەکەوە ٣٣٠ کەس‌و ژمارەی مامۆستایانیان ٢٠ کەس بوو . لە کۆتایی بیستەکاندا دیسان لە سلێمانی تەنها ١٠ قوتابیی ناوەندیی هەبوون ، واتە شازدە جار کەمتر بوون لە ژمارەی ساڵی ١٩١٤یان . هەر ئەو دەوروبەرە ژمارەی شاگردانی قوتابخانە کوردی‌یەکانی سەرانسەری کوردستانی عیراق ١٥٤٥ کەس بوو ، بەرامبەر ٦٣٠٠ کەس کە لە قوتابخانە گاورەکان‌و ٨٤٠٠ کەس کە لە قوتابخانە جووەکان دەیانخوێند[٣٤] .

ڕاستە ئەوانەی حسابێکی ئەوتۆیان بۆ ئەم لایەنەی ژیانی ڕۆشنبیریی ئەوساکە دەکرد کەم بوون ، بەڵام ئەوانەی بایەخیان پێ دەدا ، واتە ڕووناکبیران یا ئینتیلیگێنسیا (ئینتلیجێنسیا) ، دەستەیەکی کاریگەری کۆمەڵیان پێك‌دەهێنا کە هی وایان تێدا بوو سەرەتا بەدڵ هاتنی ئینگلیزیان پێ‌خۆش بوو .

هۆکانی کۆبوونەوەی نارەزایی لە ناخی دەروونی عەرەب‌و کوردی عیراقدا لەوانە زیاترن کە تاوەکو ئیستە باسمان‌کردن . لەناو ئەو هۆیانەدا شوێنی هەستی ئایینی یەکجار گەورەو دیارە ، بە ڕادەیەك مێژوونووسی عیراقی ئەوتۆ هەیە دەیکاتە هۆی یەکەمی بەرپابوونی ئاگری «شۆڕشی بیست» . زۆر کەس بە چاوی کافرو زەندیق سەیری ئینگلیزیان دەکرد ، تەنانەت ئەوانەشیان کە بەدەورو خولیاندا دەهاتن دوای خۆیان قاپەکانیان بسمیل دەکردن . گەلێکی ئەوتۆش هەبوون هێشتا مەیلی سوڵتان ڕەشادی « خەلیفەی موسڵمانان » دەیبزواندن . لەوەدا دەوری جۆری ڕەفتاری ئینگلیزەکان خۆیان کەم نەبوو . ئەوان تا عوسمانی‌یەکان لە بەغدا بوون بەرگی یەکە پشتیوانی موسوڵمانەتی‌یان پۆشیبو[٣٥] ، کەچی هەر ئەوەندە شەڕ تەواو بوو و بە مەرامی خۆیان گەیشتن کەوتنەوە خاچ‌پەرستی‌یەکەی جارانیان ، گەلێك گاورو جویان لەخۆیان نزیك‌خستەوە . ڕاستە گاورو جوی ئەوسای عیراق ، لەبەر گەلێك

---

(٣٤) دەربارەی سەرچاوەکانی لێکدانەوەی ئەو ژمارانە بڕوانە پەراوێزی ژمارە ٦٣ی بەشی یەکەمی کتێبی «دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية» (ل ٤٤-٤٥) .

(٣٥) ژمارەکانی «العرب» و «تێگەیشتنی ڕاستی» پڕن لە نمونەی سەلمێنەری ئەو بۆچوونە .

هۆ ، لە موسڵمانی خوێندەوارتر بوون ، بەڵام ئەوە تاکە هۆ نەبوو کە زۆربەی ئەفسەرانی ئینگلیزی هان دەدا پشت تەنها بەوان ببەستن .

وێڕای ئەو کارەی بۆ پیاوی ژیر پاکانەی بۆ نی یە ئینجا زۆربەی کاربەدەستانی ئینگلیز نەیاندەزانی چۆن ڕەفتاری شێخو مەلا بکەن . دەستی ژمارەیەکیان گەیشتە داهاتی ئەوانیش . ئەفسەری خوێن گەرمی ئەوتۆ هەبوو ئاشکرا گاورچێتی دەکرد . هی واشیان هەبوو ، وەك لۆنگریك[٣٦] ، پێی وابوو ئەو هەڵگری «ئاڵای ژیاری سپی پێستانی ئەوروپایە» . ئەوانە صەلاحەددینی ئێمەو شێردڵی[٣٧] خۆیان لەیاد کردبوو .

بۆ ئەوەی باشتر ئەم لایەنەی باسەکە ڕوون بکەینەوە پەنا دەبەینە بەر بەشێك لەو قسانەی ڕۆژنامەی «الفرات» لەم بارەیەوە کردوویە . لە ژمارە چواریدا «الفرات» ئاشکرا خوێن لە دڵی دەتکێ کە دەڵێ :

«پێمان بڵێن کام دەوڵەتی ئازاد بەر لە ئینگیلتەرە بەربەستی مەولوی کردووە ، کام کاربەدەستی کارگێری یا سیاسی یا سەربازی بەر لە ڕابەرانی ئینگلیز زاتی کردووە دەستوەرداتە ناوکاری ئەم ڕێبازە چەسپاوەوە . با بڵێین پیاوێکی سیاسی یا کارگێری یا سەربازی دڕندەی ئەوتۆ هەیە کە حەز دەکات گاڵتە بە مافی ئازادی گشتی بکات ، بەڵام ئاخۆ بێئابڕوویی نی یە لەگەڵ ئەوەشدا ئیدیعای شارستانەتی بکات ؟»[٣٨] .

---

(٣٦) لۆنگریك یەکێك بوو لە ئەفسەرە سیاسی یەکانی ئینگلیز . چەند ساڵێك کەرکوکی بەدەستەوە بوو . لە نووسینەکانیدا بە ئاسانی هەست بەو جۆرە بیرکردنەوە ڕەگەزپەرستانەیە دەکرێ ، بەتایبەتی لەو کتێبەیدا کە ناوی ناوە « عیراق لە ساڵی ١٩٠٠ وە تاوەکو ساڵی ١٩٥٠» (بڕوانە :
S. H. Longrigg , Iraq 1900 to 1950. A political, social and economic history, London, 1953).

(٣٧) مەبەست ڕیچاردی یەکەمی پاشای ئینگیلتەرەیە (١١٨٩–١١٩٩) کە لە سێیەم هێرشی خاچداراندا بەشداریی کردو لە نزیکەوە لەگەڵ صەلاحەددینی ئەیوبیدا پێوەندیی پەیدا کرد .

(٣٨) «الفرات» ، العدد الرابع ، ذی الحجة ١٣٣٨ . شایانی باسە نیوەی سەرتاپای لاپەڕەکانی ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەی «الفرات» بۆ ئەو باسە تەرخان کراوە .

بڕوا ناکەم ڕاو فەرمانەکانی پیاوە ئایینی‌یەکانی باشوور دەنگێکی ئەوتۆیان لای خۆمان دابێتەوە . بەلاّم بڕواش ناکەم فەقیٚو مەلای کوردستان هاتن‌و فەرمانڕەوایی گاورانیان بەدلّ بوبیٚ . جاروبار ڕۆژنامەی «پێشکەوتن»یش هەڕەشەو گوڕەشەی کاربەدەستانی ئینگلیزو بڕیارەکانیانی دەربارەی قەدەغەکردنی کۆبونەوەو مەولوی ناو مزگەوتەکانی بەغدای بلاّودەکردەوە . لە یەکێك لە ژمارەکانیدا «پێشکەوتن» دوای بلاّوکردونەوەی هەڕەشەیەکی زۆری لەو بابەتەی ویلسن لە بەغدا زوو زوو دوپاتی دەکردەوە ، هەواڵی خنکاندنی «چوار مفسید»یشی چاپ‌کردووە[٣٩] .

شۆڕشی بیست لەو جۆرە ڕوداوانە نەبوو بتوانریٚ لە هیچ ناوچەیەکی ناوەوەی ولاّت یا لە دەرەوە دابڕریٚ[٤٠] . ئەو کەسەی هەوڵێکی وا بدات نە لە نرخی شۆڕشی بیست‌و نە لە نرخی هیچ بزوتنەوەیەکی ئازادیخوای‌تر بەرز یا نزم دەکاتەوە ، ڕای ئەو جۆرە کەسانە نە سەنگی هەیە نە بایەخ تا ئەوە بهێنیٚ کەس خۆی بە ولاّم‌دانەوەیانەوە ماندو بکات ، ڕەنجی بەفیرۆچوویان بۆی نی‌یە تەنانەت شان لە شانی ڕەنجی ئەوانەش بدات کە دەیانەویٚ بە بێژنگ بەری ڕۆژمان لیٚبگرن .

بەپێی یاسایەکی مێژوویی چاسپاو هیچ ڕوداوێك نی‌یە لە قەوارەو قاوغێکی تەسکدا بمێنێتەوەو لە دەوروبەر دابڕیٚ . چ بەلّگەکانی شۆڕش‌و چ بەلّگەکانی ئینگلیزو چ لێکدانەوەی گەلێك مێژوونووس دەمێکە ئەوەیان سەلماندووە کە :

١ — ڕاپەڕینە بەجەرگەکانی کوردەواریی لای خۆمان یەکێکن لەو هۆگرنگانەی ڕێگەیان بۆ تەقینەوەی «شۆڕشی بیست» خۆش کرد .

٢ — « شۆڕشی بیست » لە زۆر ناوچەی کوردەواریدا دەنگ‌و ڕەنگی دایەوە . تەنانەت هۆزی ئەوتۆ هەبوو کە هێشتا هەستی نەتەوەیی سەردارانی نەهەژاندبوو ، بەلاّم ئەو سەردارانەو پیاوەکانیان لەبەر گەلێك هۆ لە ئینگلیز داخ لەدلّ بوون‌و ساڵی

---

(٣٩) بروانە : «پێشکەوتن» ، ١٩ی ئابی ١٩٢٠ .

(٤٠) ژمارەیەك نووسەر دەیانەویٚ بەزۆر شۆڕشی بیست بئاخنە ناو قاوغێکی تەسك‌و تەنگەبەرەوە (بەوێنە بروانە : ستار جبر ناصر ، هوامش علی کتاب علي الوردي لمحات اجتماعیة من تاریخ العراق الحدیث ، الجزء الخامس ، بغداد ، ١٩٧٨ ، ص ٧٤—٨٥ . الراصد التقدمي ، ثورة العشرین . البعد القومي والاهداف الوطنیة . — «العراق» ، ٢٩ حزیران ١٩٧٨) .

١٩٢٠ باری شلەژاویان بە هەل زانی و ئەوانیش لای خۆیانەوە بەربوونە گیانی داگیرکەر.

٣ — بزوتنەوەی نەتەوەیی عەرەب لە میسرو شام و حیجازو دوابەدوای ئەو بزوتنەوەی رزگاریخوای کەمالی یەکانی تورکیاو سەرکەوتنی یەکەم شۆڕشی سۆشیالیزمی لە جیهاندا دەوریان لە وریابوونەوەی ڕوناکبیرانی عیراق و ڕیسواکردنی دەوڵەتە ئیمپریالی یەکاندا زۆر بوو نەك کەم.

ئەو نموونەو بەڵگانەی باسمان کردن هەرچەندە چمکێکن لە خەرمانێك، بەلام پێم وایە بەسن بۆ ڕوونکردنەوەی مێژووی هۆکانی شۆڕشی بیست. دیارە هەر ڕوداوێك بەرهەمی ئەو جۆرە هۆیانە بێ دەبێ ئەنجامیشی وەك خۆی گەورەو دیار بێ.

(٢) ئەنجامەکانی شۆڕشی بیست

نەك ڕۆژی ٣٠ی حوزەیران وەك باوە. واتە ئەو ڕۆژەی شەعلان ئەبولچۆنی سەرەك هۆزی زەوالمی تێدا گیراو پیاوەکانی ئازادیان کرد، بەڵکو لە سەرەتای بەهاری ساڵی ١٩٢٠وە شۆڕشی گەلی عیراق دژی ئینگلیزی داگیرکەر لە بەغداو نەجەف و کەربەلاو شوێنی تر سەری دەرهێنا. لە هەموو لاوە کۆبونەوەو خۆنیشاندان دەستی پێ‌کرد. سەربەخۆیی بووە دروشمی ڕۆژانەی خەباتی جەماوەر. تا دەوروبەری کۆتایی مانگی حوزەیران ڕاپەڕینی گەل لە شارەوە گەیشتە لادێ و مەڵبەندی هۆزە چەکدارەکانی فوراتی ناوەندو لەوێدا قۆناغێکی نوێ لە شێوازی خەباتی کۆمەلانی خەڵکی ولاتدا دەستی پێ‌کردو چەند مانگێکی خایاند. بەپێی گەلێك سەرچاوە ژمارەی ئەوانەی لە پێناوی ڕزگاری نیشتماندا پەلاماری چەکیان دا لە ١٣٠ هەزار کەس زیاتر بوو.

شۆڕشگێران توانی یان ژمارەیەك شارو بەشی هەرە زۆری مەڵبەندەکانی فوراتی ناوەند ئازاد بکەن. نەجەف بووە بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش. تا سەرەتای ئابی ساڵی ١٩٢٠ کڵپەی ئاگری شۆڕش گەیشتە باقوبەو دێلتاوەو شارەبان و دەلی عەبباس و لەوێوە ئیتر بەرەو لای خۆشیان تەشەنەی کرد. هۆزی دەلۆی ناوچەی

خانەقین و کفری بە سەرکردایەتی کەریمی خەسرەو بەگ و برایم خان دەستی باشیان لە دوژمن وەشاند . هەر لەو ڕۆژانەشدا ژمارەیەك ناوچەو هۆزی تری کوردەواری وەك لەیلان و زەنگەنەو داودەو سورچی ڕاپەڕین . هەولێر وا شڵەقا کە ئارنۆلد ویلسن ناچار بوو لەو کاتە ناسکەدا بەغدا بەجێ بهێڵێ و بە فڕۆکەی تایبەتی بچێتە ئەوێ[41] .

ڕاستە لەبەر گەلێك هۆ ئینگلیز توانی بە زەبری چەکی کوشندەی نوێ «شۆڕشی بیست» دابمرکێنێتەوە ، بەڵام هەر ئەو دامرکاندنەوەیە بۆ خۆی زۆر کەوت لەسەری . ئەو سەربازو ئەفسەرانەی ئینگلیز کە لە شەرگەکاندا کوژران یا بێ سەروشوێن مانەوە ژمارەیان ١٠٤١ کەس و برینداریشیان ١٢٢٨ کەس بوو[42] .

لەو کاتەدا کە لەندەن بۆ پولێك دەچو بە ئاسانا دامرکاندنەوەی «شۆڕشی بیست» نزیکەی ١٠٠ ملیۆن پاوەن لەسەری کەوت[43] کە بۆ سەرەتای بیستەکان و باری ئابووری دوای شەڕ پارەیەکی یەکجار زۆر بوو . بەڵام دوای دامرکاندنەوەی شۆڕشیش ئینگلیزەکان لەترسی بەرپابوونەوەی ناچار بوون لەشکرێکی گەورە لەناو خاکی عیراقدا بهێڵنەوە کە خەرجی زۆرو باری گران بوو . تەنها لە یەکەم ساڵی دوای دامرکاندنەوەی شۆڕشدا خەرجی ئەو لەشکرە گەیشتە نزیکەی ٢١ ملیۆن پاوەنی زێڕ[44] .

گەورەیی «شۆڕشی بیست» لەوەدا خۆی نواند کە داگیرکەری ناچار کرد لە سیاسەتیدا بەرامبەر عیراق چەند هەنگاوێك بکشێتە دواوە . ئینگلیز چاك لەوە

---

(٤١) محەمەد مەهدی بەسیرو حەسەنی و فەیازو وەردی و کاتلۆڤ و هالدەین و ژمارەیەکی تر لە نووسەرانی خۆو بێگانە بە درێژی باسی بەسەرهاتەکانی شۆڕشیان کردووە . منیش بەپێی توانا لە کتێبەکەی خۆمدا ڕوداوەکانی کوردستانم ڕوون کردۆتەوە .

(٤٢) سەرچاوە ئینگلیزییەکان ١٠٤١ کوژراوو ونبووەکان دەکەن بە دوو بەشەوە : ٤٢٦ کوژراوو ٦١٥ ونبوو .

(٤٣)

P. W. Ireland, Iraq. A study in political development, London, 1937, p. 273 .

(٤٤) بڕوانە :

ب .م . دانتسیگ ، عیراق دوێنێ و ئیمڕۆ ، بە زمانی ڕووسی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ ، ل ٢٤ .

گەیشت کە ناتوانێ سەربەخۆیی گەلی عیراق پێ‌شێل بکات . هەر زوو هاوار لە ئەسکویثی سەرەك وەزیرانی پێشووی بەریتانیا هەڵساو لە هۆڵی پەرلەماندا بە ئاشکرا داوای کشانەوەی قشونی ولاتەکەی لە ویلایەتی موسڵ‌و بەغدا کرد . ڕۆژنامەی «ئۆبزێرڤەر»ی بەناوبانگ ڕۆژی ۲۳ی ئابی ساڵی ۱۹۲۰ دەربارەی هەمان باس نووسیویە دەڵێ :

«بیرکردنەوە لەوەی ئەرکی سەرەکیی سەر شانی ئێمە داسەپاندنی یاساکانمانە بەسەر گەلێکدا کە بێ پێچ‌و پەنا تێی گەیاندووین پێویستی پێ‌یان نی‌یە کارێکە تەنها بۆ پێکەنین دەشێ» .

هەمان ڕۆژ «سەندێی تایمس» کە ئەویش ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگی‌تری لەندەنی‌یە ، داوای لە کاربەدەستان کرد دان بنێن بە ژێرکەوتنی سیاسەتیاندا لە عیراق‌و دەست لە یەخەی دانیشتوانی بەردەن .

هەر ڕوداوێك ئەنجامەکانی بگەنە ئەو پلەو ڕادەیە بێ‌گومان دەبێ بایەخی مێژوویشی گەورەبێ !

(۳) بایەخی «شۆڕشی بیست»

ئەوەی تاوەکو ئێستە دەربارەی هۆو ئەنجامەکانی «شۆڕشی بیست» باسمان کرد سەنگی یەکەمی کێشانی بایەخی زۆری ئەو ڕوداوە گەورەیەیە لە تۆماری مێژوودا . هەر بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێرانە پاڵ بنێ بە دەیان هەزار کەسەوە بچنە ناو کۆڕی خەباتەوەو بە هەزارانیان سەریانی بۆ بکەنە قوربانی دەبێ بەسەرهاتێکی مێژوویی بایەخدار بێ . زۆربەی سەرچاوەکان لەو باوەڕەدان زیانی شۆڕشگێران خۆی دەدا لە نزیکەی ۸٤٥۰ کوژراوو بریندار . دوور نی‌یە لێکدانەوەیەکی ورد ژمارەیەکی گەورەتر بسەلمێنی .

بەڵگەو نیشانەکانی بایەخی زۆری «شۆڕشی بیست» لەوێدا نابڕێنەوە . «شۆڕشی بیست» یەکەم ڕوداوی گەورەی مێژووی نوێی عیراقە کە عەرەب‌و کوردو کەمینەکان‌و موسڵمانی شیعەو سونی مەزهەب‌و گاوری لە سەنگەرێکدا کۆکردەوە . ئینگلیز لەو ڕۆژەوەی پێی نایە ناو خاکی عیراقەوە کەوتە وەشاندنی تووی دووبەرەکی‌و ناحەزی ، لەگەڵ ئەوەشدا ساڵی ۱۹۲۰ ئەو تووە بەرێکی ئەوتۆی

نەدایێ. بە پێچەوانەی ئارەزووی ئەفسەرانی ئینگلیزو پیلانەکانیانەوە ڕۆژی چواردەی مایسی ئەو ساڵە یەکەم کۆبونەوەی پێکەوەی ئازادیخوایانی سونەو شیعەی بەغدایی لە مزگەوتی قوبلانیەی ناو بازاڕی بەزازەکاندا دەستی پی کرد. ئەو کۆبونەوەیە ئاوی سەرەتایەکی بایەخداری لە مێژووی عیراقدا ڕشت کە ئەوسا هەموو دڵسۆزێکی تێگەیشتوو تینوی بوو. ئیتر هەر ئەوەندەت دەزانی دانیشتوانی ئەمبەرو ئەوبەری بەغدا لە کۆبونەوەیەکی گەورەدا تێکەڵ دەبوون‌و هەمویان بە یەك دەنگ داوای خۆیبون‌و ئازادی‌یان دەکرد.

لەوەیش زیاتر. لەو ڕۆژانەدا هەر ئەوەندە بیستمانپەروەرانی بەغدا هەستیان کرد کاربەدەستان پیلانێکیان بەدەستەوەیە بۆ لێدانی ئاهەنگێکی ئایینی گاوران لە ڕێگەی دوو سێ کرێگرتەی موسڵمانەوە یەکسەر ژمارەیەکی زۆریان کۆبونەوەو بە ئاڵای سەوزو گوڵاوەوە ڕوویان کردە کڵێسەی کلدانەکان‌و لەوێ تێکەڵی برا گاورەکانیان بوون‌و وەك یەك کەوتنە زیکرو تەهلیلە بۆ عیساو محەمەدو هاوار بۆ سەرفرازی گەل‌و نیشتمان.

دیسان لەوەیش زیاتر. یەکێك لە ڕاپۆرتە نهێنی‌یەکانی ئەوسای پۆلیسی بەغدا باسی ئەوە دەکات چۆن «گوتەبێژی شۆڕش» محەمەد مەهدی بەسیر[٤٥] لە کاتی کۆبونەوەی شەوی شازدەی حوزەیراندا لە مزگەوتی سەید سوڵتان عەلی خەڵکی بەغدای هان دەدا «جووەکان لەوە دڵنیا بکەن کە کەس توخنی دوکانەکانیان ناکەوێ!».

«شۆڕشی بیست» یەکەم بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ڕێکخراوی هەموو گەلی عیراق بوو لە پێناوی سەربەخۆییدا کە سەرکردایەتی‌و دەزگای کارگێڕی‌و سەربازی‌و ئۆرگان‌و چاپەمەنی تایبەتی خۆی هەبو. «الفرات» و «الاستقلال» لاپەڕەیەکی یەکجار دیارو پرشنگدارن لە هەموو مێژووی ڕۆژنامەنووسی عیراقدا[٤٦].

---

(٤٥) «گوتەبێژی شۆڕش» بووە نازناوی محەمەد مەهدی بەسیر کە یەکێك بوو لە ڕابەرە خوێن گەرمەکانی جەماوەری شۆڕش لە بەغدا. مامۆستا «وفیق حیلمی لە «یادداشت»دا بەرز نرخاندویە

(٤٦) بۆ درێژەی ئەوباسەبروانە ئەو وتارەی بە ناوی «من تأريخ صحافة ثورة العشرين» «وە لە لاپەرە ٣٥-٧٠ی گۆڤاری «دراسات في التأريخ والآثار» (بغداد. العدد الثاني. ١٩٨٢)دا بڵاوم کردۆتەوە.

وێڕای هەموو ئەوانەی باسیان کردن مێژوونووسە پێشکەوتنخوازەکان لەو باوەڕەدان کە «شۆڕشی بیست» بووە بەردی بناغەی یەکیەتی خەباتی هاوبەشی کوردو عەرەب دژی داگیرکەرو بەو جۆرە ڕێگەی بۆ بەرزبونەوەی دەرکی سیاسی جەماوەری هەردوو لایان خۆش کرد بەوەی باشتر تێگەیشتن کە دوژمنیان یەکە (٤٧) .

هەرچەندە دوژمن توانیی «شۆڕشی بیست» لە خوێندا بگەوزێنێ ، بەلاّم هەمان کات ناچاریش بوو لە ئەنجامی فشاری ئەوو ترسی هەڵدانەوەی مل بۆ ژمارەیەك لە داخوازی‌یەکانی ئەوسای گەلی عیراق بدات . گۆڕینی ئانۆلد ویلسن کە عیراقی‌یەکان لە هەموو کاربەدەستێکی ئینگلیز زیاتر لێی داخ لەدڵ بوونو ناردنی پێرسی کۆکس بۆ بەغدا لە گەرمەی شۆڕشدا جۆرە کشانەوەیەکی تەکتیکی بوو کە ئینگلیزەکان بەر لە بەرپابونی ئاگری «شۆڕشی بیست» بە بیریاندا نەدەهات . دوور نی‌یە درەنگ‌و زوو یەکێك لە کوڕانی حسەینی شەریفی مەککە ببوایەتە پاشای عیراق ، بەلاّم گومان لەوەش ناکرێ کە ئینگلیزەکان بەهۆی شۆڕشی بیستەوە بە پەلە تاجو تەختی شاهی‌یان پێشکەش بە فەیسەڵی یەکەم کرد ، چونکە ئەوان هاتنە سەر ئەو بیرەی دەبێ عیراق لە ڕێگەی «پاشایەك‌و هەزار شێخەوە» ببرێ بەرێوە نەك بەهۆی لەشکرێکی گەورەوە کە ئەرکی لەسەر باجدەری بەریتانیایی زۆر دەکەوت .

لە ڕۆژانی یەکەمی بەرپابونی‌یەوە «شۆڕشی بیست» لە سەرانسەری عیراق‌و ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست‌و کۆڕە سیاسی‌یەکانی ئەوروپاو ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا دەنگی دایەوە . وەك دیمان هەواڵەکانی شۆڕش زۆر بە خێرایی گەیشتنە ناو هۆڵە سیاسی‌یەکانو سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی لەندەن . ئارشیفە تایبەتی‌یەکانی ئینگیلتەرەو فەرەنسەو هندستان بە صەدان بەڵگەو ڕاپۆرتی نهێنی‌یان دەربارەی زۆر لایەنی شۆڕش تێدایە کە بە داخەوە تاوەکو ئێستەش بە دەگمەن دەستی مێژوونووسانیان گەیشتۆتێ .

---

(٤٧) بڕوانە :
«عیراق هاوچەرخ» ، نووسینی دەستەیەك ڕۆژهەلاّتناس ، بە زمانی ڕووسی ، موسکۆ ، ١٩٦٦ ، ل ١٣٥ .

(Iraqi Review), Vol. 1, No 6, July 2, 1959 P.3.

پێم وایە بەپێی تەرازوی شوێن سەنگی «شۆڕشی بیست» بۆ مێژووی هاوچەرخی عیراق لە سەنگی شۆڕشی ساڵی ١٧٨٩ بۆ مێژووی نوێی فەرەنسە کەمتر نی‌یە ، بۆیەکا بە دڵنیایی‌یەوە دەڵێم ئەوی ئێمە تاوەکو ئیستە بۆ «شۆڕشی بیست» مان کردووە زۆر لە بایەخی ڕاستەقینەی خۆی کەمترە .

باسی یازدەمین

دەربارەی راپەرینە گەورەکەی کانونی دو

۱۹٤۸و شوێنی گەلی کورد لەو راپەڕ

مێژووی نوێو هاوچەرخی عیراق پڕی‌یە لە لاپەڕەی خەباتی خوێناوی دژی داگیرکەری بێگانەو کۆنەپەرستی‌ی ناوخۆ(*) . یەکێك لەو لاپەڕە پیرۆزانە ڕاپەڕینە گەورەکەی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٤٨)ە کە ئیمڕۆکە ، لە هەر کاتێك زیاتر ، پێویستمان بەوەیە کەڵك لە دەرسە مێژوویی‌یە گەورەکانی وەربگرینو بە شێوەیەکی زانستی‌یانەی قووڵ لێیان بکۆڵینەوە .

بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەکی دروست چوارچێوەی ڕاپەڕینی کانوون دیار بکەین پێویستە چاوێك بەو ئاڵوگۆڕە گەورانەدا بخشێنین کە ڕۆژگاری شەڕی دووەمی جیهانو ساڵەکانی دوای ئەو شێوازو ناوەڕۆکی خەباتی ڕزگاریخواو ژیانی کۆمەڵایەتی‌ی عیراقی‌یەکانیان گرتەوە .

بە ماوەیەکی زۆر بەر لە شەڕی یەکەم دەرەبەگی وەك ڕژێمێکی ئابووریو کۆمەڵایەتی کەوتبووە هەرەس هێنانو بوبووەوە کۆسپ لەبەر دەم پێشکەوتنی هێزو ئەمرازی بەرهەم هێناندا ، هیچ نەبێت بەهۆی کەمتەرخەمیو بیرتەسکی‌ی نوێنەرانی‌یەوە لە لایەکەوەو ، لە لایەکی‌تریشەوە لەبەر ئەوەی شێوازی پێوەندیی بەرهەمهێنانی ئەم ڕژێمە کارێکی وای نەکردبوو ئەوەندە لە دەست جوتیارو خاوەن زەوی‌یە پچوکەکاندا بمێنێتەوە کە لە ژیانی کولەمەرگی خۆیان زیاد بێتو بتوانن ئەو زیادی‌یە بۆ پەرەپێدانو پێشخستنی ئەمرازی کاریان تەرخان بکەن . لەگەڵ ئەوەش عوسمانی‌یەکانو دوای ئەوان ئینگلیزەکان لەبەر خۆیان گەلێك لایەنی ئەو ڕژێمەیان

(*) لە گۆڤاری «برایەتی» ، ژمارە ١١ ، ساڵی ١ ، خولی دووەم ، ناوەڕاستی شوباتی ١٩٧١ ، ل ٤-١٥دا بلاوکراوەتەوە .

ڕاگرت ، جێ‌پێی قایم‌و دەسەڵاتیان زیاتر کرد . ئەمە دەمێك ساڵ بوو جۆر
ناکۆکی‌یەکی لە نێوان ئاغاو جوتیاردا ، دروست کردبوو .

لەبەر چەند هۆیەك لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهان‌و دوای ئەو شەڕ
چەوساندنەوەی دەرەبەگی لە جاران زیاتر بوو ، ئەمەش بووە هۆی قووڵبوونەوەی
ناکۆکی نێوان زەویدارو جوتیار، ئەمیان کەوتە ئەوەی دوژمنی ڕاستەقینەی خۆی تەنها
لە داگیرکەری بێگانەدا نەبینێت ، بەڵکو هەمان کات لە چەوسێنەرەکەی خۆشیدا
ببینێت . ئەنجامی سیاسی‌ی ئەم دیاردەیەش بۆ دواڕۆژ کەم نەبوو .

بەڵام لەوەیش گەورەتر ئەو ئاڵ‌و گۆڕە گرنگانە بوون کە لە شارەکاندا هەمان
کات ڕوویان داو بوونە هۆی ئەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و خەباتی نەتەوەیی عیراقی‌یەکان
بچنە ناو چوارچێوەیەکی نوێوە . دوای شەڕی یەکەم‌و بە تایبەتی لە کۆتایی
بیستەکانەوە پیشەسازی‌ی نیشتمانی کەوتە گەشەکردن . هەنگاوی گەورەی داهاتووی
بەرەوپێش چوونی پیشەسازی‌ی نیشتمانی بەر ساڵەکانی شەڕی دووەمی جیهان
کەوت ، ئەو کاتەی دابڕینی عیراق لە بازاڕە سەرمایەداری‌یەکان بەهۆی بارو دۆخی
شەڕەوە بووە مەرجێکی لەبار بۆ ئەوەی پارەدارانی شارە گەورەکان بە دڵنیایی‌یەوە
بێنە مەیدانی بەرهەمهێنانی پیشەسازی‌یەوە . ئەنجامیش سەنگی بۆرجوازی‌ی نیشتمانی
چ لە ژیانی ئابووری‌و چ لە ژیانی سیاسی‌ی وڵاتدا لە جاران زۆرتر بوو .

هەر ئەو دیاردەیەش لە لایەکی‌ترەوە بووە هۆی پەرەسەندنی چینی کرێکار .
وێڕای ئەوە چەند هۆیەکی تایبەتی‌ی کارێکی ئەوتۆیان کرد سەنگی ئەم چینە لە
چەند ڕوویەکەوە تەنانەت لە سەنگی چینی بۆرجوازی‌ی نیشتمانیش زیاتر بێت . بە
وێنە لە ساڵەکانی شەڕی دووەمی جیهاندا ژمارەی تەنها ئەو کرێکارانەی لە بنکە
سوپایی‌یەکانی ئینگلیزەکاندا کاریان دەکرد خۆی دەدا لە ٧٠ هەزار کەسێك کە لە
٣٥٪ی هەموو ئەو کرێکارانەیان پێك‌دەهێنا کە بە کاری پیشەسازی‌ی هەمەجۆرەوە
خەریك بوون[١] .

---

(١) بڕوانە :

(Kingdom of Iraq) , by a committee of Officials , Baltimore , 1946 , P . 108.

هەروەها بڕوانە :

«الشرارة» ، العدد الثامن ، حزيران ١٩٤٤ ، ص ٢ .

بەلاْم لەوەیش گرنگتر ئەو ئالْوگۆڕە قووڵە بوو کە لە سەرەتای سی‌یەکانەوە لە ناوەرۆك‌و جۆری بیرکردنەوەو بزوتنەوەی ئەم چینە گەورەیەی کۆمەڵدا دەستی پی‌کردبوو . لە سەرەتای دروست‌بوونی‌یەوە تاوەکو ناوەندی سی‌یەکان ئەم بەشەی کۆمەڵ بریتی بوو تەنها لە «چینێك لە خۆیدا» (Class in itself) ، واتە چینێکی پێك‌دەهێناو بەس ، ئەگینا جڵەوی کاری لە ڕووی سیاسی‌و کۆمەلاْیەتی‌یەوە بە دەست چینە نیشتمانی‌یەکانی‌ترەوە بوو . بگرە تەنانەت فەرمانڕەوایانی ئەو ڕۆژگارەش دەیانویست کەڵکی لی‌وەربگرن‌و گەر بتوانن بیکەنە داردەستی خۆیان . لە خۆوە نەبوو لە کۆتایی بیستەکاندا یەکێکی وەك جەعفەر عەسکەری چەند جارێك بووە «نوێنەر»ی کرێکارانی عیراق لەبەر دەمی دەزگاکانی کۆمەڵەی گەلاندا . لە ناوەندی سی‌یەکانەوە ئەمە بە جارێك گۆڕرا ، ئەوەبوو وردە وردە کرێکارانی عیراق چوونە قاڵبی چینێکەوە بۆ خۆیان (Class for itself)[٢] .

ئەنجامی ئەم ئالْوگۆڕە لە ساڵەکانی شەڕی دووەمی جیهاندا بە ڕوونی دەرکەوت‌و خۆی لە زنجیرەیەك مان‌گرتن‌و دروشمەکانیاندا نواند . دوای شەڕیش بە ماوەیەکی کەم مان‌گرتنە گەورەکەی گاورباغی کە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٤٦ قەوما بە تەواوی نیشانی دا چۆن کرێکارانی عیراق بە یەکجاری بوونەتە چینێك بۆ خۆیان .

ئەم جۆرە گۆڕرانە هەمیشە ئەنجامی گەورەی بەدەمەوە بووە ، بەتایبەتی بە نیسبەت بزوتنەوەی ڕزگاریخوای هەر کۆمەڵێکەوە بێت . بە نیسبەت ئەو

---

(٢) «چین لە خۆدا»و «چین بۆ خۆ» دوو زاراوی زانستین کە تاوەکو ئیستە لە زمانی کوردی‌و پێم وایە لە زمانی عەرەبیشدا بەکار نەهێنراون . هەموو چینێکی کرێکار لە سەرەتای دروست‌بوونی‌یەوەو بۆ ماوەیەکی زۆر ئەندامانی پەرش‌و بلاْو دەبن ، هەست بە ئەرکە کۆمەلاْیەتی‌و سیاسی‌یەکانی سەر شانیان ناکەن ، یەك سەرنج بەرامبەر چینی سەرمایەدارو ڕژێمی سەرمایەداری کۆیان ناکاتەوەو بزوتنەوەو ڕاپەڕینەکانیان عەفەوی دەبێت‌و تەنانەت زۆر جار جڵەوی کارو چالاکی‌یان بە دەست دەستەو چینەکانی‌ترەوە دەبێت . لەو قۆناغەدا چینی کرێکار بریتی‌یە تەنها لە «چینێك لە خۆیدا» . بەلاْم دوای ئەوەی ئەمانە هەموو دەگۆڕرێن‌و کرێکاران وایان لی‌دێت هەست بە ئەرکە کۆمەلاْیەتی‌و سیاسی‌یەکانی سەر شانیان‌و سەنگی تەواوی خۆیان لە ناو کۆمەڵدا بکەن ، ئەوساکە چینەکەیان دەگۆڕێت‌و دەبێتە «چینێك بۆ خۆی» ، واتە لەوە قوتاری دەبێت کە داردەستی کەس بێت‌و ئیتر بۆ خۆی دەجەنگێ .

کۆمەڵانەشەوە کە لە نەتەوەیەك زیاتر پێکهاتوون ئەم گۆڕانە بۆیان دەبێتە مای
کزبوونی دووبەرەکیو ناکۆکی نەتەوەیی لە ناویاندا ، بە تایبەتی لە ناو چ
چەوساوەکانیاندا .

بەم جۆرە ئەو کاتەی شەری دووەمی جیهان تەواو بوو سەنگو تەرازوو
پێوەندی چینایەتی لە ناو کۆمەڵگای عیراقیدا گەیشتبووە رادەی گەیاندنی مەر-
ئاڵوگۆری سیاسیی گەورە . ئەو بارو دۆخەش کە روخاندنی بەرەی فاشیزم لەگ
خۆی بۆ سەرانسەری جیهانی هێنا بووە هۆیەکی یاریدەری گرنگ بۆ
کاربەدەستان ناچار بوون تا رادەیەك مل بۆ داخوازییە دیموکراتییەکانی گەل بدە
رۆژی ۲۳ی شوباتی ساڵی ۱۹٤٦ تۆفیق سوێدی یەکەم وەزارەتی دوای شەر
دامەزراند کە دوو نوێنەری بۆرجوازی نیشتمانی تێیدا بەشدار بوون ، یەکەمیان سە
ساڵح کە بووە وەزیری ناوخۆو دووەمیان عەبدولوەهاب مەحمود کە بووە وزە
دارایی .

لەو بەرنامەیەدا کە سەرەك وەزیران رۆژی پێنجی مارت بلاوی کردەوە می
گەلێك گفتی سیاسیو ئابووریی دایە کۆمەڵانی خەڵك ، کە یەکێکیان دەستکاری
پەیمانی ساڵی ۱۹۳۰ی نێوان عیراقو بەریتانیا بوو بە جۆرێك لەگەڵ «بارودۆ
نوێی جیهانو پێرەوی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکاندا» بگونجێت . گفتێکی تر
بەرنامەکە دابەش کردنی زەویوزاری میری بوو بەسەر وەرزێرو جوتیارانی وڵاتد
کابینەی نوێ بەر لەوەی مانگێك بەسەر دامەزرانیدا تێپەرێت بریاری لابرد
حوکمی عورفیی دا کە لە حوزەیرانی ساڵی ۱۹٤۱وە دانرابوو . هەمان کا
رەقابەی سەر چاپەمەنیو پۆستەش لابرا .

گەورەترین دەسکەوتی ئەو رۆژگارە بریاری رێگە دانی دامەزراندنی پێنج پار
ئاشکرا بوو بەم ناوانەوە : «الشعب» (گەل) ، «الاتحاد الوطني» (یەکیە
نیشتمانی) ، «الوطني الديمقراطي» (نیشتمانی دیموکراسی) ، «الاحرا
(ئازادیخواهان) ، «الاستقلال» ، (خۆبیون) . دوای ئەوەی رۆژی دووی نیسا
۱۹٤٦ بە رەسمی رێگەی ئەم پارتییانە درا ئیتر خوێن رژایە ژیانی سیاسیی وڵاتەو
هەر یەکەیان مافی ئەوەی پێ درا ئۆرگانو چاپەمەنیی تایبەتیی خۆی هەبێت

هەموویشیان بەپێی بۆچوونیان بوونە دەربری خواستەکانی گەل کە لەو سەردەمەدا لە هەر شت زیاتر داوای لابردنی پەیمانی ساڵی ١٩٣٠ی دەکرد . داوای بێوچانو فراوانی کۆمەلانی خەڵك حوکمەتی ناچار کرد لیژنەیەکی تایبەتی ی بۆ لێدوانی ئەم باسە دابنێت .

کەواتە یەکسەر دوای تەواو بوونی شەری دووەمی جیهان سەرەتای ئەوە دەرکەوت چۆن خەباتی بێ وچانی گەل خەریکە رێرەوێکی نوێ لە سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی عیراقدا بهێنێتە ئاراوە . لە کاتێکدا ئینگلیزەکان عیراقیان بۆ شتێکی تر بنیات نابوو . ئەوان دەیانویست لە جیهانی دوای شەردا عیراق بە یەکجاری بکەنە بنکەی قایمی بلاوکردنەوەی دەسەلاتیانو پاراستنی بەرژەوەندییە ئابورییەکانیان لە سەرانسەری رۆژهەلاتی نزیكو ناوەراستدا ، بۆیەکا چ خۆیانو چ کۆنەپەرستانی ناوخۆ بە چاوی گومانو ترسەوە سەیری ئاسۆی سیاسیی نوێی عیراقیان دەکردو سوور بوون لەسەر ئەوەی پێویستە بە زووترین کات دەرگای قەفەسەکان داخەنەوە . دوای ئەو زنجیرە کۆبوونەوەیەی سەرۆکانی دەوڵەتە عەرەبەکان بەهارو سەرەتای هاوینی ١٩٤٦ کردیان ئەو کارە بووە ئەرکێکی پەلەی سەر شانی کۆنەپەرستانی عیراق .

باری ژیانی سیاسیو کۆمەلایەتی ئەو رۆژگارەی عیراقو بەر لە هەر شتێك پێوەندیی نێوان هێزو چینە نیشتمانییەکان ، تا رادەیەکی زۆر ئەرکی سەر شانی کۆنەپەرستانی عیراقی ئاسان کرد . جارێکا هەر ولاتێك لە نەتەوەیەك زیاتر پێکهاتبێت پێویستە نیشتمانپەروەرانی دڵسۆزانە هەولْ بدەن یەکیەتی نیشتمانی بکەنە بناغەی هەموو ئالْوگۆرێکی سیاسیی قوولْ . کەچی کاتێك شەری دووەمی جیهان تەواو بوو بە هۆی سیاسەتی دووربینی ئینگلیزەکانەوە هێشتا یەکیەتییەکی وا لە زەمینەی عیراقدا لە ئارادا نەبوو . سەرەرای ئەوە هەموو هێزە نیشتمانییەکانی ئەو سەردەمە بە قووڵی لە بایەخی یەکیەتییەکی لەو جۆرە تێنەگەیشتبوون . وەك بەڵگە دەڵێین هەرچەندە کاربەدەستانی ئەوسای عیراق بە دەستی ئەنقەست گەلی کوردیان لە مافە سیاسییە رەواکانی بێبەریی کردبوو ، کەچی هیچ کامێك لەو پێنج پارتییەی ناومان هێنان نە لە پرۆگرامو نە لە کاری رۆژانەیاندا بایەخێکی ئەوتۆیان نە ئەدا بە

مەسەلەی کورد ، ڕاستیکەشی نەیاندەتوانی چوارچێوەی پێویستی ئەو مەسەلەیە دیا
بکەن . پارتی ئازادیخواهان (الاحرار) کە نیشتمانپەروەرێکی ناسراوی لیبرالیی ئە
ڕۆژگارە سەرۆکی بوو بە جارێك گەلی کوردی خستبووە پشت گوێ . لەوەیشر
خراپتر ئەوە بوو کە پارتی خۆیبون (الاستقلال) گەلی کوردی کردبووە یەکێك ل
«کۆسپ»ەکانی جێ بەجێکردنی یەکیەتی عەرەب[٣] . ئەم جۆرە هەڵوەست
سەرنجە کورتبینە کارێکی ئەوتۆی کرد هیچ کامێك لە پارتیە ئاشکراکانی دوای
شەڕ نەتوانێت بنکەیەك بۆ خۆی لە ناو کوردا دابمەزرێنێت ، ئەوەی کاری کردە سە
سەنگ‌و توانای سیاسی‌یان .

لەولاشەوە پێوەندیی نێوان هێزو چینە نیشتمانی‌یەکان لەوە باشتر نەبوو . بێبەری
کردنی بەشێك لەو چینانە لە مافی سیاسی بە لای بۆرجوازی نیشتمانی‌یەوە کارێکی
ڕەواو بەجێ بوو ، بۆیەکا لەو بارەیەوە ورتەی لە دەم نەهاتە دەرەوە . ئەمانە ،
لەگەڵ چەند هۆیەکی‌تردا ، کارێکی ئەوتۆیان کرد فەرمانڕەوایان بتوانن زۆر زوو
دەست لە دەسکەوتە سەرەتایی‌یەکانی گەل بووەشێنن . بۆ ئەوەی هیچ نەبێت خۆیان
لە وەزیرە نیشتمانپەروەرەکان قوتار بکەن ڕۆژی ٣٠ی مایسی ساڵی ١٩٤٦ تۆفیق
سویدی‌یان ناچار کرد واز لە حوکم بهێنێت . پاش دوو ڕۆژ دامەزراندنی کابینەی
نوێ بە ئەرشەد عومەری سپێردرا کە یەکێك بوو لە پیاوە سیاسی‌یە نەویستەکان‌و
دوژمنێکی ناسراوی هێزە دیموکراسی‌یەکان . دامەزراندنی وەزارەتی نوێ سەرەتای
هێرشی گەورەی کۆنەپەرستی بوو بۆ سەر گەل . هەمووی بەسەر یەکەوە چوار
حەفتەی پێ نەچوو کاتێك پۆلیس گوللە بارانی خۆنیشاندانێکی گەورەی لە بەغدا
کرد[٤] ، ٥ کەس کوژران‌و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون . دوابەدوای ئەمەش بە
دوو حەفتە کارەساتە خوێناوی‌یەکەی گاورباغی قەوماو ئەمیش بووە هۆی کوشتن‌و
بریندارکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانی نەوتی کەرکوك .

---

(٣) بڕوانە :
محمد مهدي كبه . مذكراتي في صميم الاحداث (١٩١٨ – ١٩٥٨) . بيروت ١٩٦٥ . ص
١٩٩ .

(٤) نیشتمانپەروەرانی پایتەخت ڕۆژی ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٤٦ ئەو خۆنیشاندانەیان ڕێکخست .

ئەم لێدانانە کاری مەبەستدارو لێ کۆڵراوە بوون . دەبوو ئەو چرۆی ئاڵوگۆڕەی لەپڕ سەری دەرهێنا زیندەبەچاڵ بکرێت و عیراق لە جاران توندتر بە ڕەوڕەوەی نیازەکانی لەندەنەوە ببەسترێتەوەو بکرێتە بنکەی سەرەکی ی هێرش بۆ سەر هەموو بزوتنەوەی ڕزگاریخوای نەتەوەیی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست . جێ بەجێ کردنی ئەم مەبەستە وێڕای لێدانی هێزە دیموکراس خوازەکان پێویستیشی بە پەیمانێکی نوێ بوو بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێن و کەلەبەرانەی لە پەیمانی ١٩٣٠دا دەرکەوتن ، بە تایبەتی دوای بەرپابوونی ڕاپەڕینی مایسی ١٩٤١ . جێ بەجێ کردنی ئەم ئەرکە ، وەك چاوەڕوان دەکرا ، کەوتە ئەستۆی نوری سەعیدی شارەزا کە ڕۆژی ٢١ی تەشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٦ دامەزراندنی وەزارەتێکی نوێی پێ سپێردرا . نوری سەعیدیش کە کەم زۆرزانی وەك خۆی لە هەموو ڕۆژهەڵاتدا هەبوو ، ویستی هەموو زروفێکی پێویست بۆ بەستنی پەیمانی نوێ ئامادە بکات ، بەڵام مۆرکردنەکەی بخاتە ئەستۆی سیاسی یەکی تر ، چونکە ئەو باش لەوە گەیشتبوو بەستنی پەیمانی ١٩٣٠ تا چ ڕادەیەك لەبەر چاوی هەموانی خست . جگە لەوە ئەگەر پەیمانی ١٩٣٠ لابردنی ئینتیداب و وەرگرتنی عیراق لە کۆمەڵەی گەلاندا بە دەمەوە بوو ، خۆ ئەو پەیمانە نوێیەی کۆنەپەرستان و ئینگلیز دەیانەوێت لە کۆت و زنجیر بەولاوە هیچی تری نابێت تێدا بێت . هەمان کات نوری سەعید باش لەوەیش گەیشتبوو کە ڕای گشتی ی ناوەندی چلەکان جیاوازی ی لەگەڵ ڕای گشتی ی سەرەتای سی یەکاندا یەکجار زۆرەو هیچ دوور نی یە ئەنجام ڕیسەکەی ببێتەوە بە خوری . لەبەر ئەوە هەر ئەوەندە چەند هەنگاوێکی تری دژی دەسکەوتە دیموکراسی یەکانی گەل نا دەستی لە کار هەڵگرت و کارێکی ئەوتۆی کرد دامەزراندنی وەزارەتی نوێ بە ساڵح جەبر بسپێردرێت .

مارتی ساڵی ١٩٤٧ ساڵح جەبر وەزارەتی نوێی دامەزراندو هەر لە سەرەتاوە هەموو توانای خۆی بۆ ئەوە تەرخانکرد کە ڕۆژێك زووتر ئەو پەیمانەی لەندەن دەیویست مۆر بکرێت . لە ڕۆژی ٢٢ی تەشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٧وە سەرەتا لە باڵوێزخانەی بەریتانی لە بەغداو ، دواییش لە کۆشکی شاهانە «نوێنەرانی» عیراق و بەریتانیا چەند جارێك بە نهێنی کۆبوونەوە . مەبەستی ئەو کۆبونەوانە ، کە تا

ڕۆژی ٤ی کانوونی یەکەمیان خایاند ، دیارکردنی ناوەرۆك‌و چوارچێوەی پەیمانی نوێ‌و جۆری مۆرکردنی بوو . ڕۆژی ٤ی کانوونی دووەمی ساڵی داهاتو ، واتە پاش مانگێك ،لە بەغدا ناوی ئەندامانی ئەو وەفدە بلاۆکرایەوە کە دەبوو بچێتە لەندەن «بۆ بەستنی پەیمانێکی نوێ لەبریتی پەیمانی ۱۹۳۰» . وەفدەکە بە سەرۆکایەتی ساڵح جەبرو ئەندامەتی نوری سەعیدو وەزیری هەندەران فازیل جەمالی‌و وەزیری بەرگری شاکیر وادی‌و چەند کەسانێکی‌تر بوو . دەستوبرد ئەم وەفدە بەرەو لەندەن کەوتە ڕێ‌و ڕۆژی ۱٥ی کانوونی دووەمی ۱۹٤۸ لە بەندەری پۆرتسمۆث ، کە کەوتۆتە باشووری بەریتانیاوە ، لەگەڵ نوێنەرانی لەندەندا ئەو پەیمانەی گەلاڵە کرابوو مۆری کردو بەو جۆرە ناوی لە مێژووی هاوچەرخی عیراقدا بووە «پەیمانی پۆرتسمۆث» .

«پەیمانی پۆرتسمۆث» تەنانەت بە نیسبەت پەیمانی ساڵی ۱۹۳۰ شەوە هەنگاوێك بوو بۆ دواوە ، چونکە ئەویان عیراقی توندتر بە بەریتانیاوە دەبەست . ئەگەر بەپێی پەیمانی سی ئینگلیز تەنها لە کاتی شەڕدا مافی ئەوەی هەبوو لەشکری خۆی بهێنێتە ناو خاکی عیراقەوە ، ئەوا بەپێی «پەیمانی پۆرتسمۆث» ئینگلیز ئەو مافەی لە کاتی «مەترسی پەیدابوونی شەڕیشدا» وەرگرت ، واتە هەر کاتێك لەندەن بیویستایە بە هەر بیانویەکەوە بۆی هەبوو لەشکر ڕەوانە بکاتە عیراق . بەپێی بەندی یەکەمی «پۆرتسمۆث» سەرانسەری خاکی عیراق بۆ ماوەی ۲۰ ساڵی ڕەبەق بووە بنکەیەکی بەریتانی ڕووت . بەندەکانی‌تری « پەیمانی پۆرتسمۆث » کلیلی زۆر لایەنی ژیانی سیاسی‌و ئابووری‌و کاروباری سوپای دابووە دەست ئینگلیز[٥] .

هەواڵی بەستنی «پەیمانی پۆرتسمۆث» هەموو عیراقی بە جارێك خرۆشاند . بە هەزاران خۆنیشاندەر ڕژانە سەر شەقامی شارە گەورەکان‌و نارەزایی گەل زۆر بە خێرایی گەیشتە پلەی ڕاپەڕینێکی گەورەو ڕێك‌وپێك کە جڵەوی سەرکردایەتی بە دەست هێزە نیشتمانی‌یە نهێنی‌و ئاشکراکانەوە بوو .

گەلی کورد زۆر بە گەرمی تێکەڵی ئەم ڕاپەڕینە بوو . نیشتمانپەروەرانی کوردی بەغدا هەر لە سەرەتاوە شان بە شانی دانیشتوانی پایتەخت ڕژانە سەر شەقامەکانی

(٥) دەربارەی دەق بەندەکانی «پەیمانی پۆرتسمۆث» بروانە :
عبدالرزاق الحسني . تاريخ الوزارات العراقية . الجزء السابع . صيدا . ۱۹٦۸ ، ص ۲۳۳ - ۲۳۹ .

شار . له بەغدا پارتی دیموکراتی کوردستان‌و حیزبی کۆمۆنیست‌و حیزبی شەعب کۆمیتەیەکی سێ قۆڵی‌ی تایبەتی‌یان دامەزراند کە ئەرکی سەرپەرشتی‌و ڕێکخستنی خەباتی گەل‌و دیارکردنی دروشمە گەورەکانی خەباتی ئەم قۆناغەی کەوتە ئەستۆ. ئەمانە ئەو دروشمە سەرەکی‌یانەن کە کۆمیتەی ناوبراو دایبەزاندن :

«پوچ‌کردنەوەی پەیمانی پۆرتسموث» ، «ڕوخاندنی حوکمەتی ساڵح جەبر» ، «هەڵبژاردنی ئازادی نوێنەرانی گەل» ، «دانی مافە دیموکراسی‌یەکان» ، «نەهێشتنی گرانی» .

جگە لەم دروشمانە لە کاتی ڕوداوەکانی ڕاپەڕینەکە خۆیدا چەند دروشمێکی‌تر بەرزکرانەوە ، کە بەشێکیان پێوەندیدار بوون بە مافە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کوردەوە . لۆنگریگ بە شێوازە ژەهراوی‌یەکەی خۆی ئەم ئاڵوگۆڕە شۆڕشگێڕی‌یەی نرخاندووەو دەڵێت :

> «ئەو پەیمانە بەهێزەی ساڵی ١٩٤٨ لە نێوان نەتەوەپەرستان‌و کۆمونیستانی کوردی سەر بە ڕووسدا بەسترا . . ئاژاوەیەکی بی‌کۆتایی لە سەر شەقام‌و قوتابخانەکانی شاری سلێمانیدا نایەوە»[٦] .

هێزە نیشتمانی‌یەکانی‌تریش دوورەپەرێز نەوەستان . هێشتا وەفدەکەی ساڵح جەبر نەچوبووە لەندەن کاتێك پارتی‌یانی «وطني – دیمقراطی» و «ئیستیقلال» و «ئەحرار» بەیاننامەیەکی سێ قۆڵی‌یان بڵاوکردەوە کە تێیدا داوای لابردنی پەیمانی ساڵی ١٩٣٠یان کردو ڕایانگەیاند حوکمەتی ساڵح جەبر هیچ کاتێك مافی ئەوەی نی‌یە بە ناوی گەلی عیراقەوە پەیمانێکی نوێ لەگەڵ بەریتانیادا ببەستێت[٧] .

تەقینەوەی گەورەی جەماوەری عیراق لەو ڕۆژەوە دەستی پی‌کرد کە فازیل جەمالی‌ی وەزیری هەندەران لە لەندەنەوە هەواڵی دەست‌پی‌کردنی «گفتوگۆیەکی

---

(٦) S.H.Longrigg , Iraq 1900 to 1950 , London , 1953, P . 353.

(٧) بڕوانە :
«صوت الاحرار» (جریدة) . بغداد . ١ و ٢ کانون الثاني ١٩٤٨ . محمد مهدي کبه ، المصدر السابق . ص ٢٢٥ – ٢٢٦ .

گرنگی» لە نێوان بەریتانیاو عیراقدا ڕاگەیاند. بۆ ڕۆژی داهاتوو، کە دەیکرد
چواری کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨[٨]، شاری بەغدا بە جارێك خرۆشا. هە
ئەو ڕۆژەش، لەسەر فەرمانی سەرەك وەزیران، پۆلیس بەربوونە گیانی
خۆنیشاندەرانی پایتەخت. بۆ ڕۆژی داهاتو کاربەدەستان کۆلێجی حقوقیان بەو
بیانووەوە داخست کە گوایە بیروباوەڕی گێرەشێوین لە ناو قوتابیانیدا باوە.

ئەم ڕوداوانەی بەغدا وەزارەتی ساڵح جەبریان لە بەستنی پەیمانێکی نوێ
پاشگەز نەکردەوە. ڕۆژی پێنجی کانوونی دووەم ئەندامانی وەفدی «عیراق» بە
فڕۆکەیەکی تایبەتی چوونە لەندەن. ئەمە هێندەی‌تر نیشتمانپەروەرانی عیراقی بزواند.
هەر ئەو ڕۆژە دیسان قوتابیانی بەغدا ڕژانە ناو شەقامانی شارەوەو دەستەو
چینەکانی‌تریش دایانە پاڵیان. ئەمجاریش پۆلیس هێرشی هێناو لە ئەنجامدا ژمارەیەکی
زۆر لە هەردوو لا بریندار بوون. بەڵام دەزگاکانی میری لەو بەیاننامەیەیاندا کە بەم
بۆنەیەوە بڵاویان کردەوە تەنها باسی برینداركردنی ٤٢ پۆلیسیان ڕاگەیاند. هەر
زووش دەرکەوت کە ئەوان دەیانەوێت ئەمە بکەنە بیانووی دەستوەشاندنی
توندوتیژتر، ئەوەبوو ڕۆژی ٧ی کانوونی دووەم بەیاننامەیەکی‌تریان بڵاوکردەوە کە بە
هەڕەشەو گوڕەشەیەکی زۆرەوە دەیگوت:

«حوکمەت زۆر بە توندی لەو کەسانە دەدات ڕێگە بە خۆیان
دەدەن هێمنی‌و ئاسایش تێك‌بدەن».

ئەنجامی ئەم کارو بڕیارانە تەواو بە پێچەوانەی ویستی کاربەدەستانەوە
شکایەوە. بەغدای پایتەخت نەك هەر هێمن نەبۆوە. بەڵکو هەمان کات
شارەکانی‌تریش تێکەڵ بە ڕاپەڕینی گەل بوون. کاتێك کار گەیشت بەمە جەمال بابانی
جێگری ساڵح جەبر ناچار بوو لەگەڵ ژمارەیەك سیاسی‌ی ناسراودا کۆبوونەوەیەکی
تایبەتی بکات گوایە بۆ لێکۆڵینەوە لە داخوازی‌یەکانی گەل. هەرچۆن بێت حوکمەت
ناچار بوو کەمێك بکشێتە دواوە. ئەوەبوو ڕۆژی ٨ی کانوونی دووەم بڕیاری
کردنەوەی کۆلیجی حقوق‌و بەردانی گیراوەکان بە زامن دەرچوو.

بەڵام ئەم بڕیارانە تەفرەی جەماوەریان نەدا، چونکە لەگەڵ ئەو هەموو

---

(٨) فازیل جەمالی ئەو هەواڵەی ڕۆژی ٣ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ بڵاوکردەوە.

هەراوبگرەدا هێشتا حوکمەت لە بەستنی «پەیمانی پۆرتسمۆث» پاشگەز نەبۆوە. لەبەر ئەوە لە ڕۆژی ١٦ی مانگەوە خۆنیشاندان دیسان هەموو لایەکی گرتەوە. شاگردانی قوتابخانە ناوەندی‌یەکانو دەزگا زانکۆییەکان بڕیاری مانگرتنی سێ ڕۆژیان دا. پاش سێ ڕۆژ جڤاتانی[9] کرێکارانیش داوایان لە ئەندامانی خۆیان کرد ئەوانیش «لە پێناوی جێ بەجێ‌کردنی داخوازێکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی گەلدا ئاگری خەباتیان بەتین‌تر بکەن». هەمان کات هێزە بۆرجوازی‌یە نیشتمانی‌یەکانیش گوڕیان دایە خۆیانو کەوتنە هاندانی کۆمەلانی خەلك بۆ ئەوەی پەرە بە خەباتی سەختی ئەو ڕۆژە ناسکەی مێژووی نیشتمانیان بدەن. بەم بۆنەیەوە دیسان پارتی‌یانی «وطنی — دیمقراطی»و «ئیستیقلال»و «ئەحرار» هەر یەکەیان بە جیا بەیاننامەیەکی دوورو درێژی بلاوکردەوە کە بەشی زۆری هەرسێکیان بۆ شی‌کردنەوەی ناوەرۆکی «پەیمانی پۆرتسمۆث» و دەرخستنی مەبەستە نەبینراوەکانی تەرخان کرابوو[10].

هەموو ئەمانە بەسەر یەکەوە بە جارێك ولاتیان هێنایە جۆش. ڕۆژی ١٩ی کانوونی دووەم بە دەیان هەزرا خۆنیشاندەر بە خۆیانو دروشمە نیشتمانی‌یەکانیانەوە کەوتنەوە دەربڕینی نارەزایی گەل. خۆنیشاندەرانی بەغدا ئەمجاریان ڕوویان کردە هۆلی پەرلەمانو بە یەك دەنگ هاواریان دەکرد: «مەرگ بۆ پەیمانی پۆرتسمۆث»، «بڕوخێ وەزارەتی سالح جەبر».

ڕۆژی داهاتو، واتە ٢٠ی کانوونی دووەم، پۆلیسی پایتەخت دیسان دەسرێژیان لە خۆنیشاندەران کردو بوونە هۆی شەهید بوونی چوار کەسو بریندار بوونی دەیان کەسی‌تر. بۆ سبەینێ کە بە هەزاران نیشتمانپەروەر ڕژانە سەر شەقامو تەختانی‌یەکانی نزیك خەستەخانەی مەجیدی‌یەوە[11] بە نیازی بەشداری‌کردن لە ناشتنی

---

(٩) جڤات واتە «نقابة».

(١٠) بۆ دەق ئەو بەیاننامانە بڕوانە:

الدكتور فاضل حسين، تأريخ الحزب الوطني الديمقراطي، بغداد، ١٩٦٣، ص ٢٢٢، عبدالرزاق الحسني، المصدر السابق، الجزء السابع، ص ٢٤١ — ٢٥٣.

(١١) ئەو خەستەخانەیەی کاتی خۆی عوسمانی‌یەکان لە «باب المعظم»ی بەغدا کردیانەوەو بە ناوی سولتان عەبدولمەجیدەوە ناویان نا تا پەنجاکانیش هەر پێی دەگوترا «خەستەخانەی مەجیدی». تا ئێستەش بەشێك لە بیناکانی خەستەخانەی مەجیدی ماونەتەوەو خراونەتە سەر «مدينة الطب».

قوربانێکانی ڕۆژی ڕابوردوودا ، دووباره دەسرێژیان لێ‌کرایەوەو ئەمجاریان دوو
کەس شەهید کران ، کە یەکێکیان قوتابی‌ی کۆلێجی دەرمانسازی بوو ، گەلێکیش
بریندار بوون .

ئەم هەنگاوەی دوایی میری تەنانەت ئەو دەستەو دایەرانەشی بزواند کە تا ئە
کاتە لەبەر هۆی جیاواز تێکەڵ بە خەباتی جەماوەر نەبوبون . بەرێوەبەرو دەستەیەک
مامۆستای کۆلێجی پزیشکی زۆر بە توندی نارەزایی خۆینانیان ڕاگەیاندو لەگەڵ
نزیکەی ۱۰۰ پزیشکی شاری بەغدادا دەستیان لە کار هەڵگرت[12] .

کاتێك کار گەیشتە ئەم قۆناغە ناسکە ئیتر عەبدولئیلا بۆ خۆی ناچار بوو یەکسەر
بێتە کایەوە . ڕۆژی ۲۱ی کانوونی دووەم لەگەڵ دەستەیەك لە پیاوە سیاسی‌یە
ناودارەکاندا کۆبۆوە کە نوێنەرانی هەرسێك حیزبە سیاسی‌یە ئاشکراکانیان تێد
بوو[13] . ئەمان بە ئاشکرا داوای لابردنی سالح جەبرو گفتی نەبەستنی هیچ جۆر
پەیمانێکیان لێ‌کرد[14] .

عەبدولئیلا کە گلۆڵەی کەوتبووە لێژی ناچار بوو نوێنەرانی گەل چی‌یان ویست
وا بکات . سەرەتا بەیاننامەیەکی لە ئیزگەوە بلاوکردەوەو تێیدا گفتی دا «هیچ
پەیمانێك مافی وڵاتو داخوازی‌یە نیشتمانی‌یەکانی ڕەچاو نەکات ، نەبەسترێت» .
بەڵام هەمان کات سالح جەبر لە لەندەنەوە کەوتە هەڕەشەو گورەشەو لە
بەیاننامەیەکی تایبەتیدا ڕاپەڕینی گەلی لە یەك کاتدا دایە پاڵ ئەوانەی لەخۆیەوە ناوی
لێ‌نان «کۆمۆنیستو نازی» (! !)و ڕای‌گەیاند کە بۆ خۆی بەم زوانە بۆ «تەمیەی
گێرەشێوێنەران» دەگەڕێتەوە بەغدا .

ئەم بەیاننامەیەی سەرەك وەزیران هێندەی‌تر خەڵکەکەی وروژاند . ڕۆژی ۲۳ی

---

(۱۲) بڕوانە :

(Revolution in Iraq) , Baghdad , 1958 , PP. 13 — 14.

(۱۳) کاربەدەستان هەر زوو پارتی گەل «الشعب» و یەکیەتی نیشتمانی «الاتحاد الوطني»یان داخست .

(۱٤) بۆ درێژەی ئەم باسە بڕوانە :

M. Khadduri , Independent Iraq (1932 — 1958) , London , 1960 , P. 268 ,

الدكتور فاضل حسين ، المصدر السابق ، ص ۲۲۳ ، عبدالرزاق الحسني ، المصدر السابق ،
الجزء السابع . ص ۲۱۰ — ۲۷٦ .

کانوونی دووەم دیسانەوە لە هەموو لاوە کۆمەلانی خەلك رژانەوە سەر شەقامەکانی پایتەخت‌و شارە گەورەکان‌و ئەمجاریان سووربوون لەسەر ئەوەی دەست هەلنەگرن تاوەکو ئەم دروشمە سەرەکی‌یانەی خوارەوە جیّ بەجیّ دەکریّن :

١ – روخاندنی وەزارەتی سالح جەبر.
٢ – بەردانی گیراوە سیاسی‌یەکان.
٣ – هەلبژاردنیّکی ئازاد.

رۆژانی ٢٤و ٢٥ی کانوونی دووەم لە ژیّر سایەی ئەم دروشمانەدا زنجیرەیەك خۆنیشاندانی زۆر گەورە لە بەغداو شارە گەورەکاندا رووی دا. بۆ رۆژی داهاتوو سالح جەبر گەیشتەوە بەغدا. هاتنەوەی سەرەك وەزیران‌و کارەکانی بوونە نەوت‌و کرا بەسەر ئاگری راپەرینی گەلدا، ئەو بە ئەوپەری برواوە گفتی دایە عەبدولئیلا کە لە ماوەی تەنها ٢٤ سەعاتدا «هیّمنی‌و ئاسایش دەگیّریّتەوە دۆخەکەی جارانی». جەمال بابانی بەوە تاوانبار کرد کە گوایە ئەو کاتەی بۆ خۆی لە ولات نەبوو ئەو «بە نەرمی لەگەلّ گیّرەشیّویّنەراندا رەفتاری کردووە»، ئەو تۆمەتەی وای لە جەمال بابان کرد یەکسەر واز لە وەزارەت بهیّنیّت. وەزیری کاروباری ناوخۆش بۆ ئەوەی «هەلە»کەی جەمال بابان دووبارە نەکاتەوە ئەو رۆژەی سالح جەبر گەیشتەوە بەغدا فەرمانی دا بە پۆلیسی هەموو عیراق بە توندی لە هەموو خۆنیشاندانیّکی نویّ بدەن. بۆ رۆژی داهاتو، واتە ٢٧ی کانوونی دووەم، لە هەموو لاوە پۆلیس بەربوونە گیانی نیشتمانپەروەران. ئەو رۆژە لە بەغدا ٢٠ کەس کوژران‌و گەلیّکیش لەوە زیاتر بریندارکران. خۆنیشاندەرانی بەغدا هەر ئەو رۆژە چاپخانەی «تایمسی عیراق»ی سەر بە ئینگلیزو مەلبەندی رۆشنبیری‌ی بەریتانی‌یان سووتاند. لە کەرکوکیش نیشتمانپەروەران هیّرشیان بردە سەر کۆنسولخانەی بەریتانی[١٥]. لە ترسی خۆنیشاندەرانی کەرکوك دەزگاکانی کۆمپانیای نەوت بە پۆلیس تەنران. شاری سلیّمانیش لە یەکەم رۆژی راپەرینی کانوونەوە بە جاریّك خرۆشا. لیّرەش خۆنیشاندەران هیّرشیان کردە سەر مەلبەندی رۆشنبیری‌ی بەریتانی‌و سوتاندیان.

---

(١٥) S.H.Longrigg, Op. Cit., P. 347

ئەم ڕوداوانە بە جارێك مەترسی‌یان خستە ناو ڕیزەکانی زۆربەی فەرمانڕەوایانی وڵاتەوە. بۆنی شۆڕش لە هەموو لاوە بەرز دەبۆوە. هەمان ڕۆژی ٢٧ی کانوونی دووەم وەزیری دارایی‌و وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی‌و سەرۆکی «ئەنجومەنی نوێنەران»و ٢٠ کەس لە ئەندامانی وازیان لە کار هێنا. بەڵام نوری سەعیدو ساڵح جەبرو نزیکەکانیان دەیانویست بە هەر نرخێك بێت ڕاپەڕینی گەل دابمرکێنرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا عەبدولئیلا ناچار بوو هەر ئەو ڕۆژە داوا لە سەرەك وەزیران بکات دەست لە کار هەڵبگرێت‌و بۆ خۆی سەعات هەشتی شەو ئەم هەواڵەی لە ڕێگەی ئێزگەوە ڕاگەیاند.

ئەمە یەکەم سەرکەوتنی گەورەی گەل بوو لە ڕۆژانی ڕاپەڕینی کانووندا‌و دەسکەوتێکی کەم هاوتا بوو نەك تەنها لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا، بەڵکو هەمان کات لە مێژووی هاوچەرخی سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی نزیك‌و ناوەڕاستدا، کۆمەڵانی خەڵك لە هەموو لاوە زۆر گەرم پێشوازی‌ی هەواڵی کەوتنی وەزارەتی ساڵح جەبریان کرد.

دەسکەوتی گەورەی ئەو ڕۆژە جەماوەرو پارتی‌یە سیاسی‌یەکانی سارد نەکردەوە، ئەوان پاشگەزبوونەوەی عێراقیان لە «پەیمانی پۆرتسمۆث» دەویست‌و لەوە دەترسان دوورخستنەوەی ساڵح جەبر تەنها پاشەکشەیەکی تەکتیکی بێت. ئەوەبوو ڕۆژی ٢٨ی کانوونی دووەم توانی‌یان کارێکی ئەوتۆ بکەن نەهێڵن دامەزراندنی کابینەی نوێ بە ئەرشەد عومەری بسپێردرێت کە وەك ساڵح جەبر سیاسی‌یەکی بێزراو بوو. لەبەر ئەوە عەبدولئیلاو ڕاوێژکارانی ناچار بوون بیر لە یەکێکی ئەوتۆ بکەنەوە کە جەماوەر لەو ڕۆژەدا پێی قایل بێت. بۆ ڕۆژی داهاتوو دامەزراندنی کابینەی نوێ بە محەمەد صەدر سپێردرا کە پیاوێکی ئایینی ناسراوو یەکێك لە سەردارانی شۆڕشی بیست بوو. ئەمە بۆ خۆی کشانەوەیەکی‌تر بوو لە لایەن دەستەی فەرمانڕەواوە، بە تایبەتی گەر ئەوەش بگرینە بەر چاو کە دوو نوێنەری بۆرجوازی‌ی نیشتمانی لە وەزارەتەکەی محەمەد صەدردا بەشدار بوون، یەکەمیان محەمە ڕەزا شەبیبی‌و دووەمیان محەمەد مەهدی کوبەی سەرۆکی پارتی ئیستیقلال بوو. بەڵام بەرامبەر بەوان نوێنەرانی دەستەو دایەرە کۆنەکانی وەك جەمیل مەدفەعی‌و ئەرشەد عومەری

بوونە ئەندامی کابینەی نوێ کە هەمان کات پارتی «وطنی دیمقراطی»ی لێ دوور خرایەوە. هەرچی پارتی ئەحرار بوو بۆ خۆی نەیویست بەشدار بێت.

زۆری نەبرد رۆژگار دەری‌خست ئەم کشانەوەیەی کۆنەپەرستی‌ی عیراق هەنگاوێکی وردکارو دووربین بوو، بەلاّم گەیاندنی بە ئەنجام هێشتا پێویستی بە چەند هەنگاوێکی تر بوو. سەرەك وەزیرانی نوێ محەمەد صەدر لە یەکەم بەیاننامەیدا گفتی جێ بەجێ‌کردنی «داخوازی‌یەکانی گەلی عیراقی سەربەرز»ی دا. رۆژی یەکی شوباتیش بریاری دامەزراندنی کۆمیتەیەکی تایبەتی‌ی بۆ دیارکردنی «گوناهبارانی خوێن رشتنی کانوونی دووەمی» دەرکرد. ئەمجا پاش دوو رۆژ هەواڵی بریاری بەتاڵ‌کردنەوەی «پەیمانی پۆرتسمۆث»ی راگەیاند.

ئەم بریارانە هێزە نیشتمانی‌یەکانیان لە خەبات نەخست، ئەوان دەیانویست هەموو دروشم‌و داخوازی‌یەکانی گەل جێ بەجێ بکرێن. شایانی باسە خەباتی جەماوەری کوردستانیش لەو رۆژانەدا هەمان شێوەی فراوان‌و رێکخراوی بەغدای وەرگرت. دانیشتوانی شاری سلێمانی، بەوێنە، لە نامەیەکی تایبەتیدا ئەم داخوازی‌یانەی لای خوارەوەیان خستە بەر دەمی وەزارەتی ساڵح جەبر کە لە ناوەرۆکی گشتییدا جیاوازی‌یەکی ئەوتۆی لەگەڵ دروشمە سەرەکی‌یەکانی ناوچەو مەڵبەندەکانی تردا نەبوو:

١ – دانی مافە دیموکراسی‌یەکانی گەل.
٢ – رێگەدان بە ژیانی پارتایەتی سەربەخۆ.
٣ – رێگەدان بە دامەزراندنی جڤاتی کرێکاران.
٤ – ئازادکردنی هەموو گیراوە سیاسی‌یەکانی عیراق.
٥ – لابردنی پەیمانی ساڵی ١٩٣٠.

نێرەرانی نامەکە بەم جۆرە کۆتاییان پێ‌هێنابوو: «دانیشتوانی شارەکەمان دەست لە خەباتی خۆیان هەڵناگرن هەتاوەکو ئەم داخوازی‌یانە جێ بەجێ دەکرێن»[١٦]. بۆ جێ بەجێ‌کردنی هەمان مەبەست شوبات‌و نیسانی ١٩٤٨ چەند وەفدێکی تایبەتی لە

(١٦) بروانە:
نوري عبدالرزاق حسين، تيارات سياسية في الحركة الوطنية العراقية، القاهرة، بلا، ص ٦٥.

کوردستانەوە هاتنە بەغدا . ڕۆژی سیازدەی شوبات نوێنەرانی هەولێرو کۆیە پێکرا ڕژانە سەر شەقامەکانی بەغداو دوای زیارەتی گۆڕی شەهیدانی ٢٧ی کانوون لەگەڵ دانیشتوانی پایتەختدا بەشداری ناشتنی نیشتمانپەروەری کورد حسەین عەلی‌یان کرد کە بەر لەوە لە یەکێك لە خۆنیشاندانەکانی بەغدادا بریندار کرابوو . گۆڤاری «گەلاوێژ» لەم بارەیەوە نووسیوی‌یە دەڵێت :

«لە ڕۆژی ١٩٤٨/٢/١٣دا پۆستەی کۆیەو هەولێر گەیشتنە جێ ، ئەوی پێی بڵێن پیاوەتی نواندیان ، بە شەقامەکانا سەر گۆڕی شەهیدەکان گەڕان . چەپکە گوڵیان بە دیاری بۆ بردن ، پێ‌یان وتن وا مەزانن کە ڕۆیشتوون ! ، نەڕۆیشتوون ، لە گۆشەی دڵمانا جێتان تەرخانە . بەوەش وازیان نەهێنا ، لەگەڵ کورگەلی (کوردا) تەرمەکەی حسەین عەلی‌ی تازەپێگەیشتوویان بردە شارە پیرۆزەکەی نەجەف ، ئەو شارە کە ئامۆزای پێغەمبەری لێ میوانەو ئەهلەکەشی ئەهلی دانش‌و عیرفانە»[17] .

ڕۆژی ٢٦ی شوباتیش وەفدێکی پێنج‌سەد کەسی لە زاخۆو ڕانیەو سلێمانی‌یەوە هاتنە بەغداو لەگەڵ نیشتمانپەروەرانی پایتەختدا خۆنیشاندانێکی گەورەیان ڕێکخست‌و چوونە سەر گۆڕی شەهیدان‌و لەوێ چەند وتارێکیان بە عەرەبی‌و کوردی خوێندەوەو چەند جارێك بە گەرمی باسی ئەوەیان کرد کە دەبێت خەباتی هاوبەشی عەرەب‌و کورد ببێتە بەردی بناغەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوای نیشتمانی تاوەکو گەل بتوانێت بەسەر دوژمندا زاڵ بێت . دیسان « گەلاوێژ» ئەو ڕۆژە مێژوویی‌یەی بۆ خستوینەتە ئەم چوارچێوە ڕازاوەیەوە :

«ڕۆژی ١٩٤٨/٢/٢٦ کورگەلی سولەیمانی گەیشتن[18] ، تەنها ئەوان ٣٠٠ کەسێك بوون . لەگەڵ لاوەکانی ڕانیەو زاخۆ یەکیان‌گرت . کە کۆبوونەوە دیمەنی ٥٠٠ کوردی جوامێری دلێری دڵ بریندارت ئەدی کە بۆ پرسەی برایەکی هاوفیکریان ئەچن . لە دەشتی مەلیك فەیصەلدا لە پاش ئەوە کە ڕیزیان بەست ڕووەو گۆڕستانی[19] (باب المعظم) بە شارع ڕەشیدا لە سەعات دوو نیوی پاش

---

(١٧) بڕوانە :

«گەلاوێژ» ، مارتی ١٩٤٨ ، ل ١٤ .

(١٨) لە شوێنی زۆر پێویستدا نەبێت دەستکاریی ڕێنووسەکەی نەکراوە .

(١٩) لە دەقی وتارەکەدا : ڕووەو گۆڕی . . .

نیوەڕۆوە بەڕیکەوتن . . . لە پێشەوە بەیداخی عیراق ، لە پاشا هەندێ لە پیاوماقوڵو ڕیش سپی‌یەکان بە جلوبەرگی کوردی‌یەوە چوار چوار بە شوێن بەیداخەکەوە ، ئینجا بەیداخی پۆستەی سولەیمانی ، ڕانیە ، زاخۆ . بەشوێن ئەوانا کچانی کورد چەپکە گوڵیان بە دەستەوە ، لە پاشا لاوان بە جلوبەرگی کوردیو بەیداخی پرسەوە ، بەشوێن ئەوانا جووتە منداڵێکی بچکۆلە بە مراخانیو شەرواڵەوە ، دیسان کچان بە چەپکە گوڵو ڕێحانەوە ، لە شوێنیانەوە کوڕپە کوردەکان . . سەرە هاتەوە سەر لاوەکان بە خۆیانو بەیداخەکانیانەوە ، لەم بەیداخانەدا هەموو جۆرە شتێك نووسرابوو : «پرسەی شەهیدەکان ، وەفدی کوردەکان ، ژبانی کوردو عەرەب ، برایەتی کوردو عەرەب ، داواکردنی ئاسایشی ولات» . ئەمانە کە بەم ڕێکوپێکی‌یە ڕێکخرابوون هەر لە بەینی بیست هەنگاوێکدا دوو کورد ، یەکێ لە لای ڕاستو یەکێ لە لای چەپ بە جلوبەرگی کوردیو بە فیشەكو دەمانچەی برنەوەوە ئەڕۆیشتن . ئەمانە هەموو پەردەیەکی کشوماتی ماتەمی‌یان بەسەرا کێشراو هەموو دەستەو کەمەرو لەسەر خۆ ملی ڕێیان گرت بە بێ دەنگو بە بێ ورتە . عالەمی بەغدا هەر لە «ساحەی مەلیك فەیصەل»ەوە تا گۆڕستانی «باب المعظم» بەژنو پیاوەوە ئەم بەرو ئەوبەری «شارع رەشید»یان گرتو سەیری ئەم دیمەنەو نمایشەیان دەکرد . لە سەعات چوارا گەیشتنە گۆڕستانو چوونە ژوورەوە . . .»[20] .

«گەلاوێژ» کاتێك دێتە سەر باسی ئەو وتارەی حەمەدی تەها لەسەر گۆڕی شەهیدان خوێندوویەتەوە ئەم قسە پڕمانایانەی خۆیشی خستۆتە پاڵ قسەکانی وتەبێژی کورد :

ئەی «شەهیدانی ڕێگەی ئازادی ! دیمەنی ئەم کوڕو کچانە کە لەسەر گۆڕەکانتانا ئەیانبینن پاشەڕۆکی دروێنەکراوەکانی ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلولن کە بۆ ئازادی هاتنە مەیدانەوەو دەستی پیسی بێگانە دەستی درێژی مەردانەی بەستنو لەگەڵ ئێوەدا کردنی بە ناحەز ! ئەو ئامانجە کە ئێوە بۆی هاتنە مەیدانەوە هەر ئەو ئامانجە بوو کە ئەوان بۆی چوونە زیندانەوە ! ئیستە لێك تێگەیشتین کە دڵمان لە

(٢٠) «گەلاوێژ» ، هەمان ژمارە ، ل ١٤ – ١٦ .

عاستی یەك پاکەو ئامانجمان ئامانجێکی پیرۆزو دڵمان دڵێکی بێ کەلە ! !»[٢١] .

ڕۆژی ٥ی مایسی ١٩٤٨ هەموو ئەمانە لە کاتی هاتنی وەفدی خانەقیندا بۆ بەغدا دووبارە کرانەوە[٢٢] .

خەباتی بێوچانی گەل لە سەرانسەری وڵاتدا وەزارەتی محەمەد صەدری ناچارکرد بەشێکی‌تر لە داخوازی‌یەکانی هێزە نیشتمانی‌یەکان جێ بەجێ بکات . دوای دوودڵی‌یەکی زۆر ڕۆژی ٢٢ی شوبات بڵاوە بە ئەنجومەنی نوێنەران کراو بڕیاری هەڵبژاردنی نوێ درا ، ژمارەیەکی زۆر لە بەندە سیاسی‌یەکان بەردران ، ڕێگە درایە ڕۆژنامەو گۆڤارە داخراوەکان بکەونەوە دەرچوون . پاش ماوەیەك هەواڵی کشانەوەی دەستەی سوپایی بەریتانی ڕاگەیێنرا ، ئەو کارەی کۆمەڵانی خەڵك بە «سەرکەوتنێکی نیشتمانی»ی گەورەیان لە قەڵەمدا[٢٣] .

گەلی کوردیش لە ئەنجامی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی کانوونی دووەمدا بە چەند مافێکی سەرەتایی خۆی گەیشت . بۆ یەکەم جار لە مێژووی عیراقدا ڕێگەی دەرچوونی گۆڤارێکی سیاسی‌ی بە زمانی کوردی درا[٢٤] . ڕۆژی ٢١ی مارتی ١٩٤٨ بۆ یەکەم جار کورد وا فراوانو ئاشکرا یادی نەورۆزی لە بەغداو شارەکانی کوردستاندا کردەوە .

بە داخەوە بەهاری نوێی گەلی عیراق زۆر تەمەن کورت بوو . کۆنەپەرستانی عیراق توانی‌یا بەخێرایی ڕیزەکانیان ڕێك بخەنەوەو بکەونەوە هێرش . هێشتا مانگی مارت کۆتایی نەهاتبوو کە وەزارەتی محەمەد صەدر بە دەستووری وەزارەتەکەی سالح جەبر ڕێگەی نەدا بە پارتی گەل (شەعب) دەست بکاتەوە بە کار کردن . ئەم لادانەی وەزارەتی صەدر لە کاتی هەڵبژاردنی نوێدا زیاتر خۆی نواند . لە زۆر شارو ناوچە ،دەزگاکانی میری بە ئاشکرا دەستیان وەردایە کاری هەڵبژاردنو لە چەند

---

(٢١) هەمان سەرچاوە ، ل ١٧ .

(٢٢) هەمان سەرچاوە ، ل ١٨ – ٢٢ .

(٢٣) ئەو قسەیە هی لۆنگریگە ، بڕوانە :

S.H.Longrigg Op. Cit., P. 347.

(٢٤) مەبەست گۆڤاری «نزار»ە کە خوالێخۆشبوو مامۆستا عەلائەددین سەجادی سەرنووسەری بوو

شوێنێك نیشتمانپەروەران‌و پۆلیس لەسەر ئەوە پێکیانا دا . هەمان کات کاربەدەستان لە چەند شوێنێك لە کرێکارانیان دا . پۆلیس مانگرتنی کرێکارانی شەمەنەفەری هەولێری دامرکاندەوە . لەوەیش خراپتر بە کرێکارانی (حدیثە) کرا ، بە تایبەتی چونکە بوونە هۆی زیان گەیاندن بە کۆمپانیای نەوتی عیراق دوای ئەوەی لە پێناوی چەند مافێکی سەرەتاییدا ناچار بوون مان‌بگرن . سەرچاوە هەن ئەو زیانە بە چەند ملیۆنێك دینار لە قەڵەم دەدەن[٢٥] .

کۆنەپەرستان بەمانە قایل نەبوون ، ئەوان دەیانویست عیراق بگێڕنەوە دۆخەکەی جارانی‌و دیسان هێزە نیشتمانی‌یەکان سەرکوت بکرێنەوەو کاروباری وڵات بدرێتەوە دەست نوری سەعیدو دەستەودایەرەکەی . بۆ جێ بەجێ‌کردنی ئەم مەبەستەو لاوازکردنی وەزارەتی صەدر ژمارەیەك لە ئەندامانی کشانەوە . لەوەیش زیاتر کۆنەپەرستانی ئەوسای عیراق کەڵکیان لە ڕوداوەکانی فەلەستین وەرگرت . بەو بیانووەوە لە مانگی مایسەوە بە صەدان نیشتمانپەروەر ئاخنرانە بەندیخانەکانی وڵاتەوە . ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی سلێمانی لە کاتی تاقی‌کردنەوەدا ڕاپێچ‌کران[٢٦] . دوای ئەوەی مزاحم پاچەچی ، کە دۆستێکی نزیکی نووری سەعید بوو ، ڕۆژی ٢٦ی تەمموزی ١٩٤٨ وەزارەتی نوێی دامەزراند هێرشی کۆنەپەرستان بۆ سەر نیشتمانپەروەران هێندەی‌تر توندو تیژ بوو . زۆری نەبرد کۆت‌و زنجیرەکەی جاران خرایەوە گەردنی کۆمەلانی خەلك .

گەلێك هۆ یاریدەی کۆنەپەرستانیان دا بتوانن وا خێرا لە دەسکەوتە سەرەتاییەکانی گەل بدەن . بەر لە هەر شتێك دەبێت ئەو ڕاستی‌یە ڕەچاو بکەین کە بەشێك لە هێزە نیشتمانی‌یەکان هەڵوەست‌و وردە کشانەوەی کۆنەپەرستانیان دووربینانە نەنرخاند ، لەوان وابوو دوژمنیان لە باڵ کردووەو تەنانەت لە گەرمەی کەوتنیدا تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵی نەرم‌و نیان بوون ، وا دیارە «مارەکەی مام هۆمەر» یان لە یاد نەبوو . سەرۆکی پارتی «ئیستیقلال» محەمەد مەهدی کوبە هەر بەوە

---

(٢٥) بە وێنە بڕوانە گۆڤاری «ڕۆژهەلاتی ئەمڕۆ» ، بە زمانی ڕووسی ، مۆسکۆ ، ژمارە پێنجی ١٩٥٧ ، ل ١٤ .

(٢٦) دیدەنی لەگەڵ ئەفسەری خانەنشین مستەفا عەبدوڵلا ، ڕۆژی ١٥ی شوباتی ١٩٨٥ .

قایل نەبوو لە وەزارەتەکەی محەمەد صەدردا بەشدار بێت ، بەڵکو بە وەزارەتی تەمونیش قایل بوو کە دەورێکی ئەوتۆی نەبوو ، کەچی بەرامبەر بەوە لە گەرمەی سەرکەوتنی جەماوەردا وەزارەتە هەرە گرنگەکانی وەك کاروباری ناوخۆو هەندەرانو بەرگری درانە دەست ژمارەیەك لە سیاسی‌یە کۆنەپەرستە قاڵبووە بێزراوەکانی ئەو رۆژگارە . هەمان کات بەشێك لە هێزە نیشتمانی‌یە بۆرجوازی‌یەکان لە کاری رۆژانەیاندا بە جۆرێك رەفتاریان دەکرد وەك دووبەرکی‌یان لەگەڵ چینو دەستە نیشتمانی‌یەکانی تردا گەیشتبێتە ئاستی تەقینەوە[٢٧] .

بێ گومان لەگەڵ هەموو کەموکورتی‌یەکانیدا ئینجا راپەرینە پڕ لە قارەمانێتی‌یەکەی کانوونو رووداوو ئەنجامەکانی لاپەرەیەکی پرشنگداری مێژووی هاوچەرخی عیراقو رۆژهەڵاتی نزیكو ناوەراستن . وەك مێژوونووسی میسری محەمەد عودە نووسیوی‌یە ئەم راپەرینە گەورەترین لێدان بوو بۆ «سیاسەتی دەرەوەی ئێرنست بێڤن[٢٨] لە سەرانسەری رۆژهەڵاتی عەرەبدا»[٢٩] ، چونکە ، بە راستی ، بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی داوی پیلانێکی گەورە کە لەندەن دەیویست لە رێگەیەوە ولاتانی ناوچەکە لە جاران زیاتر ببەستێت بە خۆیەوە . نیشتمانپەروەرانی ولاتە عەرەبی‌یەکان هەر زوو لەم راستی‌یە تێگەیشتن بۆیەکا بە گەرمی پشتگیری‌ی خەباتی قارەمانانەی گەلی عیراقیان کرد . رۆژانی راپەرینەکە شەقامەکانی قاهیرەو دیمەشقو بێروت زنجیرەیەك خۆپیشاندانی گەورەیان بەخۆیانەوە دی[٣٠] .

راپەرینی کانوون بووە سەرەتای ئاڵوگۆرێکی قووڵو پڕئەنجام لە جۆرو شێوازی بیرکردنەوەی سیاسی‌ی کۆمەڵانی خەڵکی عیراقدا بە کوردو عەرەبی‌یەوە . ئەمەش بەر

---

(٢٧) بە وێنە بڕوانە :

«صوت الاهالي» (جريدة) ، بغداد ، ١٩ أيلول ١٩٤٨ ، محمد مهدي كبه ، المصدر السابق ، ص ٢٤٨ — ٢٤٩ .

(٢٨) کاتی بەستنی «پەیمانی پۆرتسمۆث» ئێرنست بێڤن وەزیری هەندەرانی بەریتانیای گەورە بوو .

(٢٩) محمد عوده ، ثورة العراق ، القاهرة ، بلا ، ص ٦٢ .

(٣٠) بڕوانە :

خالد بكداش ، إنتفاضة الشعب العراقي لسنة ١٩٤٨ واثرها في تطور القضية العربية ، مطبعة المثنى(؟) ، ١٩٤٨ ، ص ١١ .

له هەر شتێکی‌تر ڕەنگی له شێوەی خەباتیاندا دژی دەوڵەتە ئیمپریالی‌یەکان دایەوە بەوەی ئەو خەباتە چووە چوارچێوەیەکی گشتی‌ی یەکگرتووەوە . هیچ کاتێك بەر لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ ئاوەها بە صەدان هەزار کەس لە سەرانسەری عیراقداو لە یەك کاتداو بۆ یەك مەبەست ڕانەپەڕیون . بەپێی هەندێك سەرچاوە ژمارەی بەشدارانی ئەم ڕاپەڕینە لە ٣٠٠ هەزار کەس زیاتر بووە(٣١) .

یەکێك لە ئەنجامە هەرە گەورەو قووڵەکانی ڕاپەڕینی کانوون بریتی بوو لەوەی کە بە کردەوەو تاقی‌کردنەوە سەرەتاو بایەخی خەباتی هاوبەشی ڕێکخراوی عەرەب‌و کوردی خستە ڕوو ، ئەو ڕاستی‌یەی بووە بەردی بناغەی سەرکەوتن‌و دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینەکە خۆی . گەلێك لە هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب دانیان بەمەدا ناوە(٣٢) . یەکێك لە ئەنجامە گرنگەکانی ئەم دیاردە نوێی‌یە ئەوەبوو کە داخوازی‌یەکانی گەلی کورد تەنها لە چوارچێوەی کوردستاندا نەماوە ، بەڵکو تا ڕادەیەك لە ناوچەکانی‌تریشدا ڕەنگی دایەوە . هەر لە ڕۆژانی ڕاپەڕینەکە خۆیدا لە هەر چوار لای عیراقدا دروشمی بەردانی بەندە سیاسی‌یە کوردەکان بەرزکرایەوە ، ئەوەی تەنانەت سەرنجی مێژوونووسەکانی دەرەوەیشی ڕاکێشاوە(٣٣) . لە کوردستان خۆشیدا بۆ یەکەم جار لە ڕۆژانی ڕاپەڕینی کانووندا هەستی برایەتی نێونەتەوەیی خۆی نواند(٣٤) . کوردو تورکمان‌و ئاسووری لە کەرکوك‌و خانەقین‌و شوێنی‌تر یەك سەنگەری خەبات بۆ یەك مەبەست کۆی‌کردتەوە .

کەم شت بە ڕادەی ئەم دیاردە نوێیەی ژیانی سیاسی‌ی گەلی عیراق مەترسی‌ی خستە ناو دڵی ئیمپریالی‌یەکانەوە . زۆر بەسەر ڕاپەڕینی کانووندا تێنەپەڕی کاتێك

---

(٣١) بڕوانە :

(Sovermenay Iraq) , Moscow, 1966 , P . 158.

(٣٢) بە وێنە بڕوانە :

«الاخبار» (جريدة) ، بيروت . ٩ شباط ١٩٦٤ .

(٣٣) بڕوانە :

S.H.Longrigg , op. Cit. , P. 346

(٣٤) لە گاورباغی ئەو جۆرە یەکیەتی‌یە تەنها لە ناو کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی عیراقدا لە ڕۆژانی مانگرتنەکەی هاوینی ساڵی ١٩٤٦دا خۆی نواند .

«ئینتێلیگێنس سێرڤیس»ی بەریتانی[٣٥] لە یەکێك لە بەڵگە نهێنیەکانیدا داوای لە پیاوەکانی کرد کە بەشێکی زۆری هەوڵو تەقلالایان لە عیراق بۆ خۆش‌کردنی ئاگری ناکۆکی نەتەوەیی نێوان عەرەبو کورد تەرخان بکەن[٣٦] . بە هەمان دەستوور بەکرێ‌گیراوەکانی کۆمپانیای نەوتیش بۆ جێ بەجێ کردنی هەمان مەبەست چالاکانە کەوتنە خۆ .

یەکێك لە نیشانە جیاکەرەوەکانو دەسکەوتێکی دیاری کۆمەڵایەتی‌ی ڕاپەڕینی کانوون ئەوەبوو کە ئافرەتی شار ، چ عەرەبو چ کورد ، بە شێوەیەکی فراوانو ڕێکوپێك تێکەڵی ژیانی سیاسی‌ی بوونو شان بە شانی پیاو بۆ ڕوخاندنی «پەیمانی پۆرتسمۆث» هاتنە کۆری خەباتەوە . یەکێك لە بەشدارانی ئەم ڕاپەڕینە بە تایبەتی باسی شوێنی ئافرەتی کوردی لە خۆنیشاندانەکانی بەغدای پایتەختدا کردووە[٣٧] .

ڕاپەڕینی کانوون دەری‌خست چۆن ئیتر شار بۆتە مەڵبەندی سەرەکی بزوتنەوەی سیاسی‌و خەباتی ڕزگاریخواو چۆن ئیتر ئەم گوندو لادێ بەدووی خۆیدا ڕادەکێشێت[٣٨] .

ئەمە نیشانەی قاڵبوونی خەباتی ڕزگاریخواو نابووت‌بوونی چینو دەستە دەرەبەگی‌یەکانو دروست‌بوونی یەك بازاری‌یە . لە ڕۆژانی ڕاپەڕینی کانووندا دیاردەی بەرزبوونەوەی دەوری پێشەنگی‌ی شار لە کوردستانیشدا زۆر بە ڕوونی خۆی نواند ، بە تایبەتی لەو بزوتنەوەیەدا کە لە ناو جوتیارانی عەربەتدا[٣٩] ئەیلولی

---

(٣٥) «ئینتیلیگێنس سێرڤیس» (Intelligence service) دەزگای جاسوسی بەریتانی‌یە کە سەرەتای دامەزراندنی دەگەڕێتەوە دەوروبەری کۆتایی سەدەی پازدەمین . بۆ جێ بەجێ کردنی مەبەستەکانی پەنا دەباتە بەر هەموو ڕێگەیەکی وەك پیلانگێری‌و کڕینو فریودانو نانەوەی تۆوی دووبەرەکی‌و کوشت‌وبڕ .

(٣٦) بڕوانە :
«الغد» ، مجلة ، ؟ ، شباط ١٩٦٤ ، ص ١٢ — ١٣ .

(٣٧) بڕوانە :
نوري عبدالرزاق حسين ، المصدر السابق ، ص ٦٢ .

(٣٨) واتە «المدينة تجر وراءها القرية» . ئەمەش یەکێکە لە دیاردە گرنگەکانی کامڵ بوونو بەرەوپێش‌چوونی خەباتی جەماوەر .

(٣٩) عەربەت کەوتۆتە دەشتی شارەزوورەوە ، وا لە نێوان هەڵەبجەو سلێمانیدا .

١٩٤٨ تەقی‌یەوە . جوتیارانی کوردستان لەم بزوتنەوەیەی عەربەتدا بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی ڕێکخراو دروشمی خەباتی دژ بە چەوساندنەوەی دەرەبەگی یان هەڵگرت . ڕاکێشانی لادێ لە لایەن شارەوە لە ڕووی سیاسی‌یەوە لە ڕوداوەکانی عەرەبەتدا لەوەدا دەبینرێت کە جوتیارانی ناوچەکە لە کاتی بزوتنەوەکەیاندا جگە لە داخوازی‌یە ئابووری‌یە تایبەتی‌یەکانی خۆیان چەند دروشمێکی سیاسیشیان هەڵگرت ، وەك لابردنی پەیمانی ساڵی ١٩٣٠و نەبەستنی هیچ جۆرە پەیمانێکی نوێ لەگەڵ وڵاتە ئیمپریالی‌یەکان‌و کێشانەوەی دوا سەربازی بێگانە لە خاکی نیشتمان‌و بەردانی بەندە سیاسی‌یەکان‌و چەند داخوازی‌یەکی تری لەو جۆرو بابەتە . دەوروبەری ٥٠٠ جوتیاری ناوچەی عەربەت ئەم داخوازی‌یانەیان کردە بروسکەیەك‌و دایانە کاربەدەستانی بەغداو ڕۆژنامەکانی پایتەخت[٤٠] .

بزوتنەوەی جوتیارانی عەربەت دوو ڕاستی‌تریشی نیشان‌دا ، یەکەمیان قووڵ‌بوونەوەی تەفاعولی عوزوی لە نێوان ڕوداوەکانی شارو لادێکانداو دووەمیان جێگیربوونی خەباتی هاوبەشی عەرەب‌و کورد بە خێراییەکی کتوپڕ . ڕۆژی ١٧ی ئەیلولی ١٩٤٨ ژمارەیەکی زۆر لە نیشتمانپەروەرانی بەغدا بۆ پشتگیری‌ی جوتیارانی عەربەت خۆنیشاندانێکیان ڕێکخست‌و هەر دروشمەکانی ئەوانیان هەڵگرت[٤١] . ئەمە بە جارێك کۆنەپەرستی‌ی عیراق تۆقاندو بێ‌جێ تاقێك لە هێزە بۆرجوازی‌یە نیشتمانی‌یەکانیشی ترساند . پۆلیس لە یەك کاتدا بەربووە گیانی نیشتمانپەروەرانی بەغداو جوتیارانی عەربەت . تەنها لە بەغدا ٨٨ کەس بریندار کران‌و پتر لە ٢٥٠ کەسیش گیران[٤٢] .

هەڵسانی جوتیارانی عەربەت‌و پشتگیری‌کردنیان لە لایەن نیشتمانپەروەرانی پایتەختەوەو ڕوداوەکانی ڕاپەڕینەکەی کانوون بۆ خۆی‌و هێرشی نوێی کۆنەپەرستان لە کۆتایی بەهاری ساڵی ١٩٤٨وە ، تا ڕادەیەك بایەخی بوونی بەرەیەکی نیشتمانی‌ی یەکگرتووی بە زۆر لایەنی سیاسی سەلماند ، بە تایبەتی چونکە یەکێك لەو هۆیانەی

(٤٠) بڕوانە :

«صوت الاهالي» ، ١٩ أيلول ١٩٤٨ .

(٤١) هەمان سەرچاوە .

(٤٢) بڕوانە :

عبدالرزاق الحسني ، المصدر السابق ، الجزء الثامن ، ص ١٤ .

ئەرکی سەر شانی کۆنەپەرستی‌ی عیراقی ئاسان کرد بریتی بوو لەوەی هێشتا هەموو هێزە نیشتمانی‌یەکان لە نرخی بوونی بەرەیەکی نیشتمانی تێنەگەیشتبوون . لەبەر ئەوە هیچ سەیر نی‌یە لە ڕۆژانی ڕاپەڕینی کانووندا هەرچەندە هێزە نیشتمانی‌یە پێشکەوتنخوازەکان یەك جۆر دروشمیان هەڵگرتبوو کەچی جاری وا هەبوو شان بە شانی یەك نەدەچوونە کۆڕی خەباتەوە . خوا هەڵناگرێت دوژمن لە لایەن خۆیەوە درێغی نەکردو چەند بیتوانیایە هێند ئاگری ناکۆکی‌ی خۆش دەکرد ، کە کەوتیشە گیانی ناحەزانی بێ جیاوازی هەموویانی لە یەك بەندیخانە توند کرد . ئەمە بووە دەرسێکی گەورە بۆ نیشتمانپەروەرانی عیراق‌و دەوری بینی لە خۆشکردنی ڕێگەی دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی‌ی یەکگرتووی ئایندەدا .

ئیمپریالی‌یەکان‌و کۆنەپەرستانی ناوخۆش دەرسی کەمیان لە تاقی‌کردنەوەکانی ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ وەرنەگرت . سەرکەوتنی جەماوەرو بەتاڵ‌کردنەوەی «پەیمانی پورتسمۆث» بەر لە هەر شتێك ئەو ڕاستی‌یەی بۆ دەرخستن کە بۆ عیراق ڕێبازی سیاسەتی کۆلۆنیالی‌ی کلاسیکی ئیتر چەکە بەکارەکەی جاران نی‌یەو لەوانەیە زیانی لە قازانجی زیاتر بێت بۆیان . بۆیەکا لەوساوە ئیتر پەنایان بردە بەر فێڵ‌و فەرەجی سیاسەتی «کۆلۆنیالی‌ی نوێ»[٤٣] . جارێکی‌تر بیرای ببرا باس‌و خواسی بەستنی پەیمانێکی دووقۆڵی‌ی وەك «پەیمانی پۆرتسمۆث»یان نەهێنایەوە گۆڕێ ، باس بووە باسی «خەباتی هاوبەش دژی دوژمنی هەموان — کۆمۆنیزمی جیهانی ! ! !» . ئەمە تا ناوەندی پەنجاکان ڕێگەی بۆ بەستنی «پەیمانی بەغدا»[٤٤] خۆش کرد .

---

(٤٣) کۆلۆنیالی‌ی نوێ ، واتە نیوکۆلونیالیزم (Neo — Colonialism) (الاستعمار الجديد) ، بریتی‌یە نە بەرگی نوێی ئیمپریالی‌ي جیهانی . دەوڵەتە ئیمپریالی‌یەکان لە ژێر زەبری بەهێز بوونی بزوتنەوەی ڕزگاریخوای گەلان‌و دروستبوونی بەرەیەکی سۆشیالیزمی فراواندا ناچار بوون بۆ جێ بەجێ کردنی مەبەستەکانی جارانیان پەنا بەرتە بەر شێوازی کاری نوێ ، چونکە شێوازی ڕیسوابووی جارانیان ئیتر دەستی نەئەدا . ناوەرۆکی کۆلۆنیالی‌ی نوێ بریتی‌یە لە «ئیمپریالیزم بێ وڵاتی ژێردەستە» . یەکێك لە ڕووە هەرە گرنگەکانی کۆلۆنیالی‌ی نوێ هەوڵ دانە بۆ ڕاکێشانی بۆرجوازی‌ی نیشتمانی ، یا هیچ نەبێت نانەوەی داوی زەلەی گەورە بۆی .

(٤٤) هەرچەندە لە زمانی کوردیدا پەیمان لە بریتی «معاهدة» بەکار دەهێنرێت ، بەڵام لە ڕاستیدا دەقاو دەق مانای «حلف» دەگەیێنێت . ڕێككەوتنامەش پڕ بە پێستی «إتفاقية»یە . شایانی باسە ئەوروپایی‌یەکان وشەی پاکت (Pact) بۆ «حلف» بەکار دەهێنن .

له ژێر سایەی ڕێبازی سیاسی ی نوێیاندا کۆلۆنیالی یەکان و کۆنەپەرستانی ناوخۆ بە شێوەیەکی فراوان و لێکۆڵراوە کەوتنە ڕاوی زۆرزانانەی ئەوانەی لە سەنگەری نیشتمانیدا بوون ، هەوڵیان دا لێیان بکڕن ، یا هیچ نەبێت بە هەڵەیانا بەرن . هەمان کات زۆر لە جاران زیاتر کەوتنە خۆش کردنی ئاگری ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوان هێزە نیشتمانی یەکاندا ، چونکە دەیانویست دوژمنانیان بە کارو کێشەی لابەلاوە خەریك بکەن . سەرۆکی حیزبی «ئیستیقلال» محەمەد مەهدی کوبە لە یادداشتەکانیدا ئاشکرا توخنی ئەم باسە کەوتووەو دەڵێت کاربەدەستان هەوڵیان دەدا حیزبەکەی ئاراستەی نیشتمانپەروەرەکانی تر بکەن تاوەکو لەو ڕێگەیەوە « بە تیرێك دوو نیشان بپێکن . . . »[٤٥] .

بەڵام ئەو دەرسانەی ئیمپریالی یەکان لە ڕاپەڕینی گەورەی کانوونیان وەرگرت وەك دەرمانێکی هێمن کەرەوەی کاتی وابوو بۆ ئەو دەردە کوشندەیەی دابووی لە پەرەی دڵیان . تازە جارێکی تر گەلی عیراق ، دوای ئەوەی تامی سەرکەوتنی کانوونی چێشت ، بەوان دابین نەئەکرا . ڕوخاندنی « پەیمانی پۆرتسموث» بە جارێك گەلی عیراقی خستە سەر ئەو باوەڕەی دەتوانێت سەر بە کۆنەپەرستی شۆڕو نیشتمانی لە دەست بێگانە ڕزگار بکات . بەڵگەی مێژوویی گەورەی ئەم ڕاستی یە لەوەدا بەدی دەکرێت کە ئەگەر گەلی عیراق دوای «شۆڕشی بیست» پێویستی بە ٢٨ساڵی ڕەبەق بوو بۆ ئەوەی بتوانێت بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی تری وەك ئەو بەرپا بکات ، ئەوا دوای ئەمیان لە چوار ساڵ زیاتری نەویست بۆ تەقاندنەوەی ڕاپەڕینێکی نوێ[٤٦] ، هەمووی بەسەر یەکەوە دە ساڵ و چەند مانگێکیشی نەخایاند کاتێك شۆڕشی بۆرجوازی ی - دیموکراتی گەلی عیراق[٤٧] تەختوتاراجی ڕژێمی پاشایەتی بە جارێك هەڵتەکاند .

---

(٤٥) محمد مهدي كبه ، المصدر السابق ، ص ٢١٨ - ٢١٩ .

(٤٦) مەبەست ئەو ڕاپەڕینەیە کە ساڵی ١٩٥٢ تەقی یەوە .

(٤٧) مەبەست شۆڕشی چواردەی تەمموزە .

باسی دوازده‌مین

چه‌ند لاپه‌ڕه‌یه‌ك له‌ مێژووی چینی

كرێكاری كورد

دەگمەن نووسەرانی خۆمان و بێگانە بیریان لە کرێکاری کورد کردۆتەوە(*) .
دوور نەڕۆین لە هیچ کامێك لە بەرهەمەکانی مامۆستا ئەمین زەکی ی مێژوونوسی گەورەماندا زۆرو کەم ناوی کرێکاری کورد نەهاتووە . بێ گومان ئەمیش کەلێنێکی ترە لەو دەیان کەلێنانەی لە مێژووی نوسراوماندا هەن ، بەڵام کەلێنێکی گەورە ! .
وابزانم لە ڕاستی دوورناکەومەوە گەر بڵێم ئەدەبی کوردیش ، بەداخەوە ، لەو کەلێنە بێ بەش نی یە . کرێکاری کوردیش وەك ڕوناکبیرو جوتیارو هەموو خەڵکێکی تر خاوەن دڵ و هەستە ، دڵی وەك هەموو کرێکارێکی تر ساف و هەستی وەك ئەوان بەرزە ، ئەویش لە هەموان زیاتر ئارەق دەرێژێت و لە هەموان هیلاك و بێ کاتترە ، بۆیە کەمتر باسی خەڵك دەکات و زیاتر لە هیلاکی و دەردو ئازارو نەبونی و بێ مافی دەگات و حەز بە یاریدەی هەموو لێ قەوماوێك دەکات . تاڵ لای ئەو تاڵترو شیرین لای شیرینترە . لەزەت لە هەموو خۆراکێك دەبینێت . وەك هەموان و ، ڕەنگبێ زیاتریش ، حەز بە چاوی کاڵ و لێوی ئاڵ و گۆنای پڕخاڵ دەکات ، کاتێ بوایە ئەویش چاوباز دەبو ! . ژمارەیان زۆرو کێشەیان زۆرتر ، بۆیە ژیانیان پڕ لە چیرۆکی بێ هاوتاو داستانی دانسقەو تابلۆی ڕەنگینە . . حەیفە دەستی ئەدیبی کوردی دڵ پەرەی گوڵ کە تالاوی زوخاوی ژیان زاخاوی مێشك و قەڵەمی داوە ، زوو نەگاتە گەوهەرو ئەڵماسی ئەو خەزنە دەوڵەمەندە ! .

× × ×

(*) شوباتی ١٩٧٩ لە «ڕۆشنبیری نوێ»دا بڵاوکراوەتەوە (ل ٨ - ١٤).

لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی چەند ڕوویەکی سەرەتای دروستبونو
هاتنەکایەی چینی کرێکاری کورد بخەینە بەرچاو کە دور نی‌یە سەرنجی خوێنەر
ڕا کێشن .

لە سەردەمی هەرە کۆنی شارستانەتی مرۆڤەوە کرێکارو کری‌گرتە هەیە . بەڵام
هیچ کاتو لە هیچ شوێن ئەو کرێکارە پەرشو بڵاوانە نەبونەتە هێزی بنچینەیی
هێنانە بەرهەم لە ناو کۆمەڵدا تا پەیدابونی سەرمایەداری‌ی . لەگەڵ ئەمیاندا دوو
چینی نوێ دێنە کایەوە — بۆرژوازی‌و کرێکار . لەبەر ئەوەش کە پەیوەندی‌ی
سەرمایەداری لە ئەوروپای ڕۆژئاوا بەر لە شوێنی‌تر دروست بو ، هەر لەوێش
دەوروبەری سەدەی چواردەو پازدە بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئادەمیزادا چینی کرێکار
وەك هێزێکی دیاری کۆمەڵ هاتە ناو[١] .

لە زۆربەی وڵاتانی‌تر ، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نزیكو ناوەڕاست ، پەیدابونی
چینی کرێکار زۆر لەوە دوا کەوت . جۆرو هۆی دروستبونەکەشی گەلێك لەگەڵ
ئەو جیاوازە . لە ئەوروپا ئاڵو گۆڕەکانی ناو کۆمەڵ چینی کرێکاریان دروست کرد ،
بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات ئەو ئاڵو گۆڕانە لە هۆی تێکەڵبون بە بازاری
سەرمایەداری‌یەوە کەمتر دەوریان بینی . لە سەدەی نۆزدەوە لێشاوی تێکەڵبونی
وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیكو ناوەڕاست بە بازاری سەرمایەداری‌ی جیهان دەستی
پی‌کرد . ئەمەو گەیشتنی ژمارەیەك دەسکەوتی پیشەسازی‌ی نوێی ئەوروپا بونە هۆی
داڕشتنی بەردی بناغەی دروستبونی چینی کرێکاری زۆربەی وڵاتانی ئەم ناوچەیە .

لە کوردستان ئەم دیاردەیە لەبەر هۆی گرنگ تا ڕادەیەك لەو وڵاتانە
دواکەوت ، یەکەمیان هێزی زۆری پەیوەندی‌ی دەرەبەگی‌ی‌و پاشماوەی ژیانی
کۆچەری‌و نیمچە کۆچەری‌ی ناو کۆمەڵی کورد بوو . ئەوی‌تریان نەبونی دەربەندێکی
سەربەخۆ بوو کە کەلوپەلی کوردستانو بەرهەمی هێنراوی پیشەسازی‌ی ئەوروپای
تێدا کۆبێتەوەو پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر کرێکارو چەند کۆمپانیایەك بێت .

بەڵام بەرامبەر بەوە مەرجی‌تری پێویست بۆ دروست بونی ئەم چینە تازەیە لە
ئارادابون . یەکەمیان دەوڵەمەندی‌ی کوردستانە کە بەرهەمی کشتوکاڵو ئاژەڵی لە

---

(١) بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئادەمیزادا پەیوەندی‌ی سەرمایەداری لە فلۆرەنسەی ئیتالیا دروستبوو .
بۆیەکا لەوێش یەکەم چەکەرەی هەردوو چینی نوێی کۆمەڵ — پرۆلیتاریاو بۆرجوازی پەیدابو .

نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە گەیشتە چەند بازاڕێکی گرنگی ئەورووپا . کەلوپەلی دروست کراوی ئەوێش بەخێرایی گەیشتە کەلاترین شارو گوندی لای خۆمان . تەنانەت بەر لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە ئینگلیزەکان کۆمپانیای تایبەتی یان لە شاری وەك دیاربەکر دامەزراند . هەر لە خۆشەوە نی یە گ . ناپییر پێش پەنجا ساڵ شاری کرمانشای ناو ناوە بەندەری کەلوپەلی ئینگلیزیو هندی[٢] .

دووەمیان پەرەسەندنی شارە کوردەکانو بەهێزبونی پەیوەندی‌ی بازرگانی یان لەگەڵ شارانی ترو پێشکەوتنی پیشەسازی‌ی خۆماڵی یانە . لەم ڕوانەوە بۆ ماوەیەکی زۆر کوردستان شان‌بەشانی مەڵبەندەکانی تری ڕۆژهەلاتی نزیك‌و ناوەڕاست هەنگاوی بەرەوپێش‌چونی دەنا . لە ڕێگەی ژمارەو بەراودەوە دڵنیا دەتوانین بڵێین سەدەکانی ناوەند شارە کوردەکان لە گەلێك ڕووەوە وەك شارانی تری ڕۆژهەلات پەرەی‌دەسەندو قەوارەی خۆی وەردەگرت . گەڕیدەی تورکی ناودارو سەرچاوەی ڕەسەن ئۆلیا چەلەبی (١٦١١ — ١٦٧٩) کە ناوەندی سەدەی حەڤدە هاتۆتە کوردستان لە بەرگی چوارەمی «سیاحەتنامە» کەیدا[٣] باسی گەورەیی ژمارەیەك شاری وەك دیاربەکرو بدلیسی کردووە . ئەو بازارو قەیسەری‌یانەی دیاربەکر کە ئەو باسیان دەکات ئەوسا لە زۆر ناوچەی ڕۆژهەلات کەم وێنەبون . هەر بەپێی قسەی ئەو دیاربەکر ١٢ گەرماو (حەمام)ی گشتی‌ی تیابووەو (١٤٠) ماڵیش گەرماوی خۆیان هەبووە . بدلیس (٥) گەرماوی گشتی‌و (٦٠٠)ی تایبەتی‌ی تێدا بووە . ئەم ژمارەیەی دواییان بەڵگەی پڕ مانای دەوڵەمەندی‌ی‌و ڕەفاهەتە[٤] .

---

(٢)
G. Napier , The Road from Baghdad to Baku, — (The Geographical Janrnal), London, Vol L111, No 1, January, 1919 , P . 18.

(٣) ١٠ بەرگەو سەرچاوەیەکی گرنگ‌و ڕەسەنە بۆ باسی وڵاتانی ڕۆژهەلاتی نزیك‌و ناوەڕاست لە دەوروبەری کۆتایی سەدەکانی ناوەندا . ئۆلیا چەلەبی بەشی زۆری تەمەنی بە ناوچەکانی ئیمپراتۆری‌ی عوسمانی‌و چەند وڵاتێکی ئەوروپاییدا گەڕاوە .

(٤) بە پێی قسەی شەمسەدین سامی ژمارەی دانیشتوانی میرنشینی بدلیس ٣٠ هەزار کەس بوو. سەرچاوەی‌تر بە دەوروبەری ٥٠ هەزاری لە قەڵەم دەدەن (بڕوانە : شمس الدین سامی ، قاموس الأعلام . بەرگی دووەم ، ل ١٣٢٩ ، م . ی . شەمسی ، شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی وەك سەرچاوەی مێژووی گەلی کورد ، باکو ، ١٩٦٧ ، ل ١٦) .

دوای ئۆلیا چەلەبی بە دەوروبەری ١٥٠ ساڵێك نوێنەری ناوداری ئینگلیز
عیراق کلۆدیۆس جێمس ریچ باسی چەند شارێکی‌تری کوردستانی کردووە
قسەکانی ئەویش بەڵگەی مێژوویین دەربارەی ئاڵ‌و گۆڕو بەرەوپێش چونی شار
کوردەکان . سنەی بە (٥) هەزار ماڵ داناوە ، کە هەر جۆر لێکی بدەیتەوە لە ٠
هەزار کەس تێدەپەڕێ . مانای ژمارەیەکی وا زیاتر خۆ دەنوێنێت گەر بێتو بزانی
ژمارەی دانیشتوانی شاری قودس ساڵی ١٨١٤ دەوروبەری ١٢ هەزارو بەغدا ساڵی
١٨٣١ نزیکەی ٢٠ هەزارو عەممانی پایتەختی ئوردونیش ساڵی ١٨٨٠ تەنها هەزا
کەس بووە[٥] .

پەیوەندی بازرگانی‌ی نێوان شارەکانی کوردستان خۆی‌و ئەو مەڵبەندو ناوچانەی
لێوەی نزیك بون بە پێودانی قۆناغی دەرەبەگی خراپ نەبو . بە پێی سەرچاو
کۆنەکان تاوەکو سەدەی نۆزدەش ئەستەموڵ‌و دیمەشق‌و حەڵەب‌و بێروت ت
رادەیەکی زۆر بە مەڕو بزنی کوردستان بەرێوە دەچون . تەنها شاری ئەستەموڵ هە
ساڵەی یەك ملیۆن‌و نیو سەر مەڕی لەوێوە بو دەهات . ئەو سوپا گەورەیەی ب
سەرکردایەتی ئیبراهیم پاشای کوڕی محەمەد عەلی گەورەی فەرمانڕەوای میسر ساڵانی
١٨٣١ - ١٨٣٢و ١٨٣٩ هێرشی بردە سەر سوریا بە مەڕوماڵتی کوردەواری
دەژیا[٦] . بەر لەوەی سەدەی رابوردو کۆتایی بێت تەنها ئەستەموڵ‌و حەڵەب‌و بەغد
هەر ساڵەی ٣ ملیۆن مەڕی کوردستانیان بۆ دەهات . بەندەری سامسۆنیش بە تەنه
ساڵی ٢٠ ملیۆن هێلکەی لەوێوە دەهانی[٧] . دروست کردنی پردی قلیاسانیش

---

(٥) بڕوانە :

ل . ن . کاتلۆف ، پەیدابونی بزوتنەوەی نەتەوەیی - رزگاریخوا لە رۆژهەڵاتی عەرەب ، بە زمانی
روسی ، مۆسکۆ ، ١٩٧٥ ، ل ٩٠ - ٩١ . ژمارەی دانیشتوانی عەممانی پایتەختی ئوردون ئیمرۆ لە
ملیۆن تێدەپەڕێ .

(٦) بۆ ئەو ژمارانە بڕوانە :

پێتەر لێرخ ، لێکۆڵینەوە دەربارەی کوردی ئێران‌و کلدانی‌یەکانی باکوری باوو باپیریان ، بە زمانی
روسی ، کتێبی یەکەم ، پەترسبورگ ، ١٨٥٦ ، ل ٢٤ .

(٧) بڕوانە :

B. Nikitine , Les Kurdes, Paris , 1956 , P. 185, A.R. Ghassemlou, Kurds and the
Kurdistan, Prague, 1965, P. 104.

لەلایەن دەوڵەمەندێکی سلێمانییەوە تەنها کاری خێرنەبو ، ئەگینا دەبو بەر لە قلیاسان لە تانجەرۆ دروستی بکردایە چونکە ئەمیان ئاوی زۆرترو کاتیٚ لافاو ترسدارترە .

بە هەمان دەستور پیشەسازیی خۆماڵی کوردستان بەر لە تێکەڵبون بە بازاڕی سەرمایەداریی جیهان هەنگاوی باشی بەرەوپێش ناو هیچی لە پیشەسازیی وڵاتانی دەوروبەری کەمتر نەبو . جلوبەرگی نەتەوەیی و ژمارەیەك نەریتی تایبەتی هەوێنی باشی ئەو بەرەوپێشچونە بون . دیسان لە بەرگی چوارەمی «سیاحەتنامە»کەی ئۆلیا چەلەبیدا گەلێك بەڵگەی پڕ بایەخ و مانا لەم بارەوە وەچنگ دەکەون . بە قسەی ئەو لە سەرانسەری جیهاندا لە وێنەی زەرەنگەری دیاربەکر کەم بووە . وەك دەڵێت: کاری حەلا [illegible] دابۆوە ، بە

له کوردستانیش به چەشنی ناوچەکانی‌تری ڕۆژهەلاتی نزیك‌و ناوەڕاس
تێکەلبونی خێرا له نیوەی دووەمی سەدەی ڕابوردووەوە به بازاری سەرمایەداری
جیهان کاری کوشندەی کردە سەر پیشەسازی‌ی خۆماڵی که تاك تاکه خەریك
هەنگاو بەرەو قۆناغی مانیفاکتور[11] بنێت . کاری بنەماڵەی موتابچی که له سلێما
جەواڵیان دروست دەکرد نیمچە مانیفاکتۆرەیەك بو بۆ خۆی : کرێکاری کرێ‌گر
کاری تێدا دەکرد ، ئەمرازی تا ڕادەیەك پێشکەوتویان بەکاردەهێنا ، دابەش‌کرد
کار (تقسیم العمل)[12] تێیدا سیمای ڕونی خۆی وەرگرتبو[13] . جۆر
دروست‌کردنی تۆپەکانی وەستا ڕەجەبیش له ڕەواندوز نمونەیەکی‌تری ئە
ڕاستی‌یەیە . شۆرەتی تۆپەکانی که بۆ میری ڕەواندوزی دروست دەکردن دەنگ
دابۆوە[14] . زۆری ئەو ۸۰ تۆپەش که والی موسل هەیبو له دەستکردی کرێکارا
ڕەواندوز بوون . شایانی باسە ئەو مەعدەنەی بۆ دروست‌کردنی تۆپەکان بەک
دەهێنران له دەوروپشتی ڕەواندوز به کاری کرێکاری کرێ‌گرتە دەردەهێنران[15]
له مەیدانی دروست‌کردنی بەرەو جاجم‌و چۆخیشدا خەریك‌بو وردە ئاڵ‌و گۆ
دەست‌پی‌بکات .

بەلام تەنانەت ئەم جۆرە پیشەسازی‌یانەش نەیانتوانی خۆیان لەبەر لێشاو
کەلوپەلی هەرزان‌و چاکتری کارگەکانی ئەوروپادا ڕابگرن ، بۆیەکا یەك له دوای یە
دامودەزگایان پێچایەوە . کارتسۆف سالی ۱۸۹٦ نووسیویە دەلێت : «جارا

---

(۱۱) مانیفاکتۆرە زاراوێکە له دوو وشەی لاتینی پێك‌هاتووە : (Manus) واتە دەست‌و (Factura) وات
دروست‌کراو . گەیشتنی پیشەسازی‌ی خۆمالی به قۆناغی مانیفاکتورە یەکەم هەنگاوی گرنگە بەرە
پەیوەندی‌ی سەرمایەداری . مانیفاکتورە بە عەرەبی «ورشە»یە .

(۱۲) لەگەل پەیدابونی پەیوەندی سەرمایەداری‌ی دابەش‌کردنی کار زیاتر چەسپ دەبێت . بەر لەو قۆناغ
یەك کەس یا ئەندامانی یەك خێزان هەموو ، یا زۆربەی کاری دروست‌کردنی بەرهەمێکیان دەگرت
ئەستۆ . دابەش‌کردنی کار دەبێتە هۆی زۆرو چاك بونی بەرهەم .

(۱۳) دوکتۆر ئەمین موتابچی ئەو باسەی بۆ گێرامەوە ، خۆشی نیازی‌یە وتارێك لەو بارەیەوە بنووسێت

(۱٤) تۆپی وایان تێدا بوو درێژی‌یەکەی لە ۳ مەترو لولەکەی لە ٤٥ سانتیم کەمتر نەبوو .

(۱۵) بڕوانە :

انور المائى ، الاكراد في بهدينان ، موصل ، ۱۹٦۰ ، ص ۳ .

چۆخی کورد بەناوبانگ بوو ، بەڵام ئێستە کوتاڵی ئینگلیز بە جارێك تەنگی پێ هەڵچنیوە»[١٦] .

ئەو یەك دوو دوکانی فیشەك پڕکردنەوەیەی دوای شەڕی یەکەمی جیهان خاوەنەکانیان لە سلێمانی بە کولەمەرگی دەژیان پاشماوەی ١٥٠ دوکانی لە خۆیان گەورەتر بوون کە بەر لە شەڕ مارك سایکس لەوێ دیبونی[١٧] .

هەرچۆن بێت لەو جۆرە شوێنانەی بە کاری پیشەسازیی خۆماڵییەوە خەریك بونو هەنگاوی باشیان بەرەوپێش نابو یەکەم توێکڵی تەنکی چینی کرێکاری کورد بەدی دەکرێت . لە لایەکیترەوە قەزای ئەو پیشەسازییە لە چینی داهاتوی کرێکاری کورد کەوت ، چونکە بەشی زۆری کارگەرانی چونە ناو ڕیزەکانی ئەو . چەوساندنەوەی دەرەبەگیش لەلای خۆیەوە بە هەزاران جوتیاری ڕوتو قوتو برسیی نارده بازاڕی کار لە شارەکانو ئەوانیش ، تایبەت لەبەر هەرزانییان ، بونە سەرچاوەی هەرە گرنگی دروستبونی چینی نوێی کۆمەڵ . ژمارەی ئەم جۆرە کەسانە کە لە هەندێك ناوچە هەژاریان پێ دەگوتن ، جاری وا هەبو پتر لە نیوەی دانیشتوانی مەڵبەندێکیان پێك دەهێنا . بەپێی هەندێك سەرچاوە ئەوانە لە ناوچەیەکی وەك شنۆ (ئوشنۆ)ی نزیك مەهاباد لە ٨٠٪ی هێزی کاریان دروست دەکرد (١٠ هەزار لە ١٢ هەزار کەس)[١٨] . لە وێنەی ئەمە تەنها مەگەر لە ئینگیلتەرەی کۆتایی سەدەکانی ناوەند هەبوبێت کاتێك بەهۆی قازانجی زۆری خورییەوە دەوڵەمەندو دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە زەوییەکانیان دەکردە لەوەڕگەو بەو جۆرە بە دەیان هەزار جوتیار بێ داڵدەو پەناگە دەمانەوەو ئاوارەی دارستانو دەشتو دەرو شاران دەبونو

---

(١٦) أ . کارتسۆف . تێبینی دەربارەی کورد . بە زمانی ڕوسی . تفلیس ، ١٨٩٦ . ل ٢٤ .

(١٧) بڕوانە :

C. J. Edmonds, Kurds, Turks and Arabs, London , 1957, P. 80.

(١٨) بڕوانە :

گ . ب . ئاکۆپۆف . دەربارەی سروشتی زەویداریی تایبەتیی کوردستانی ئێمرۆ . – گۆڤاری «هەواڵەکانی کۆڕی زانیاری ئەرمینیای سۆڤیەت» . بە زمانی ڕوسی ، یەریڤان . ژمارە ٥ . ١٩٦٤ . ل ٦٧ .

بە گژو گیاو پاشماوەی خەڵکی دەژیانو ئەمەش هەستی تۆماس مۆری [١٩] بەناوبانگی وا بزواند «یۆتۆپیا» بنوسێتو قسە بەناوبانگەکەی بکات : «خەریکە مەڕ پیاو بخوات» . لێرەدا سەیر ئەوەیە کە دەردو ئازاری هەژارانی کوردیش هەستی شێرۆی شاعیری جوڵاندووەو باسی ئەوەی کردووە چۆن «برسێتی لە کوردستان زۆری بۆ هەموان هێناوەو بە ڕەوە بەرەو فابریقەکانیان [٢٠] دەنێرێت» [٢١].

ژمارەی هەژاری شارو تایبەت لادێی کوردستان هێند زۆر بو لەوانە نەبو بازاری کەم دەرامەتی ناو وڵات دادی بەشێکی زۆر کەمیشی بدات . لە قوڕکاری و حەماڵی بەولاوە کارێکی تری ئەو تۆ دەست نەدەکەوت . لەبەر ئەوە بە هەزاران هەژاری کورد ڕویان دەکردە شاری گەورەی وەك ئەستەموڵو بە هەموو کارو نرخێك قایل دەبون (بەر لە شەڕی یەکەمی جیهان ژمارەیەکی بێ ئومار لە حەماڵی ڕەش و ڕوتی کورد بازاری ئەستەموڵو بەغداو شاری تریان تەنی بو) . هی وایان هەبو لە ناو نەبونی دەچونە شاری بچوکی وەك حەلەبی شامو بێروتی لوبنانو ئەدەنەی تورکیا ، یا ناوچەی وەك ئاقچەمو قەرەباغی ئازەربایجان . بەڵام توانای بازاری کاری ئەو جۆرە ناوچەو شارانەش ئەوەندە نەبو دادی ئەو خەڵکە زۆرە بدات کە دەبونە سەرباری بێکارەی خۆیان . بۆیەکا هەر زوو ژمارەیەکیان ناچار چاویان بڕیە وڵاتانی دەرەوەو خۆیان دایە دەست قەدەرو گەلێکیان دەریای ئەتڵەسی یان بڕی و گەیشتنە خاکی ئەمەریکا . زۆربەی ئەمانە خەڵکی دەرسیم بون [٢٢].

جوی کاتە مەعدون لە ناوچە کوردەوارییەکانو دەوروبەری هۆیەکی

---

(١٩) سیاسیو نوسەری بەناوبانگی ئینگلیز تۆماس مۆر (١٤٧٨ - ١٥٣٥) بە دامەزرێنەری بیری سۆشیالیزمی یۆتۆپی (الاشتراكية المثالية) دادەنرێت .

(٢٠) مەبەستی فابریقەکانی دەرەوەی کوردستانە .

(٢١) بڕوانە :

گ . ب . ئاکۆپۆف ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٩٧

(٢٢) بڕوانە :

و . فلچێفسکی ، دەربارەی پەیوەندی کشتوکاڵ لە کوردستان . گۆڤاری «کێشەکانی کشتوکاڵ» ، بە زمانی ڕوسی ، مۆسکۆ ، بەرگی ١-٢ ، ١٩٣٢ . ل ١٤٠ . موسی کاظم پاشوزادە . اخوان . عادات اکراد ، استانبول ، ١٩٢١ . دوکتۆر ناجی عەباس بۆی گێڕامەوە کە کاتی خۆی لە شاری دیترویت توشی ژمارەیەك لەو کرێکارە کوردانە هاتووە .

یاریدەری‌تری پەیدابونی کاری کرێگرتە بوو لەوێ بەر لە شەڕی یەکەمی جیهان . ئەوسا بەشی زۆری کرێکارانی کانە خەڵوزەکانی زەنگوڵداغ کورد بوون . کوردی جۆلەمێرگیش ئاسن‌و مس‌و زەرنیخیان دەردەهێناو لەوەوە ناوی یەکێك لە ناوچەکانی بۆتە زەرنیخ مەیدان . بەشێك لەو زەرنیخەی لێرە دەردەهێنرا دەنێررایە بازاڕی دەرەوە . بەپێی ژمارەیەك سەرچاوە ساڵی ٣٠ هەزار قەنتاری لێ دەنێررایە ئەستەموڵ‌و بەغداو هندستان[٢٣] . هەر ئەو سەردەمە ژمارەیەك کورد بوبونە کرێکاری کانە خەڵوزەکانی نزیك کفری کە بەرهەمی ساڵانەی کاریان بەر لە شەڕی یەکەم‌و کاتی ئەو شەڕە هەزار تەن دەبو[٢٤] .

ڕوداوەکانی شەڕی یەکەمی جیهان بوونە هۆی پەرەسەندنی ژمارەی کرێکاری کورد بەجۆرێکی هەست پی‌کراو . کوردستان بۆ خۆی بووە یەکێك لە شەڕگە دیارەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست‌و سوپای چوار وڵاتی تی‌ڕژا . ئاگری شەڕ زۆربەی ئەو ناوچانەشی گرتەوە کە لێوەی نزیك‌بون . وەك ئاشکراشە تەکنیك‌و خێرایی دەوری گەورەیان لەو شەڕەدا بینی ، بۆیەکا لە هەر چوار لاوە دەست‌کرا بە کردنەوەی ڕێگەو بان‌و دامەزراندنی بنکەی سەربازی . بە هەزاران هەژاری کورد لەو شوێنانە بونە کرێکار . ئەم دیاردە نوێیە بە تەواوبونی شەڕ کۆتایی نەهات . هەر بۆ نمونە ساڵی ١٩٢٥ پتر لە ٢٢٥٠ کورد لە عیراق کرێکاری شەمەنەفەر بون[٢٥] . بە پێی هەندێك سەرچاوەی باوەڕ پی‌کراو ناوەندی بیستەکان ئەو کرێکارانە لە ٢٣٪ هەموو کرێکارانی شەمەنەفەری عیراق بون[٢٦] . زۆری‌ی ئەم ژمارەیە زیاتر لەوەدا

---

(٢٣) بڕوانە :

و . ل . ڤلچێڤسکی . ژیانی ئابوری کوردە کۆچەرەکانی پشت قەفقاس ، ل ١٥١ ، و . ل . ڤلچێڤسکی . دەربارەی پەیوەندی کشتوکاڵ لە کوردستان ، ل ١٣٠ .

(٢٤) بڕوانە :

عبدالرزاق الحسنی . العراق قدیما وحدیثا ، الجزء الثانی ، صیدا ، ١٩٥٨ ، ص ٦١ .

(٢٥) بڕوانە :

(Iraq Railways. Administration Report for the year 1924 — 1925), Baghdad, 1925, P. 16.

(٢٦) بڕوانە :

(Report by Britannic Majesty's Government to the Conucil of the League of Nations on the admonistration of Iraq for the year 1926), London, 1927, P. 29.

خۆ دەنوێنێ گەر بێتو بزانین زۆربەی هەرە زۆری خەتی شەمەنەفەری ئەوسای عیراق لە باشورو ناوەندی ولاتدا بون ، وە جگە لە عەرەب[٢٧] و کورد ژمارەیەکی زۆر هندی‌ی (١٤٢ر١)و ئێرانی‌و ئەرمەن‌و ئاسوری‌و تورك‌و هی‌تر کرێکاری ئەو دەزگایە بون .

دیسان دوای شەری یەکەمی جیهان ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە هەژاری کورد بونە کرێکاری نەوت‌و دامەزراندنی لولەکانی‌و دروست کردنی رێگەوبان‌و خانوبەرەو شتی‌تر . کۆتایی بیستەکان لە هەموو عیراق ٢٥٠ر٤ کەس بە دروست‌کردنی رێگەو بانەوە خەریك بون[٢٨] کە ژمارەیەکی زۆریان کرێکاری رێگەی نێوان کەرکوك‌و سلێمانی‌و کەرکوك‌و هەولێرو هەولێرو موسل‌و هەولێرو رەواندوز - رایات بون . ئینگلیز بایەخێکی زۆریان دابو بە رێگەی دواییان ، واتە هەولێر - رەواندوز - رایات ، چونکە جگە لە بایەخی ستراتیجی دەیانویست بیکەنە یەکێك لە هۆکانی زیاتر بەستنەوەی بازارەکانی رۆژئاوای ئێران بە جیهانی سەرمایەداری‌یەوە ، تا چەند بتوانن ئەوەندە پەیوەندی ئابوری‌ی ئەو ولاتە لەگەل شورەوی کزبکەن[٢٩] .

کرێکاری کورد یەکسەر دلسۆزی‌و پەرۆشی لە کارداو توانای فێربونی خێرای نیشان‌دا . گەلێك بەلگەی سەیر بۆ ئەم راستی‌یە بە دەستەوەیە . وابزانم لە هەمویان گرنگتر لەم لایەنەوە یەکگرتنەوەی نرخاندنی کاربەدەستانی ئینگلیزو ئەلەمانە لە کاتێکدا کە لە دوو خەندەقی جیاوازدا بەرامبەر بە یەك وەستابون . ئەلەمانەکان سەرەتای شەری یەکەمی جیهان دەستو برد کەوتنە دروست کردنی ئەو بەشانەی پرۆژەی ناوداری خەتی شەمەنەفەری بەغدا کە هێشتا تەواو نەبوبون . بەو جۆرە خەتێکیان لە نێوان بەغداو سامەرەدا راکێشا کە کرێکاری کوردیش لە دروست کردنیدا بەشدار بون . نووسەری ئەلەمانی داگو بێرت لەم بارەوە نووسیویە دەلێت :

---

(٢٧) ژمارەیان ٠٥٩ر٤ کەس بو . واتە دوو ئەوەندەی کورد کەمتر.

(٢٨) بروانە :

(Report of the Majesty/s Government in the United Kingdom of Great Britain and Northern Ireland to the Council of the League of Nations on the administration of Iraq for the year 1931), London, 1932, P. 66.

(٢٩) بە هۆی نزیکی‌یەوە بازرگانی‌ی نێوان روسیاو ناوچەکانی قەفقاس هەر لە زووەوە زۆر گەرم بوو .

ئەندازیارە ئەڵمانەکان لە کوردا «باشترین و دڵسۆزترین کرێکاریان دیبەوە»[30].

جەنەراڵ هالدێنی فەرماندەی هێزەکانی ئینگلیز لە عیراق دەوروبەری هەمان کات بێ ئەوەی بزانێ داگۆبێرت کێ یە ، یان رای ئەندازیارانی ئەڵمان چی یە ، بە هەمان دەستور باسی کرێکاری کوردی کردووەو رەزامەندی زۆری بەرامبەریان نیشان داوە[31] . هەر لەبەر ئەوەش هیچ سەیر نی یە رۆژانەی کرێکاری کورد لە هی تر زیاتر بوو . ئەوسا هەندێك دەزگا رۆژی نزیکەی ٢١ عانەی دەدا بەو بەرامبەر بە ١٤ عانە کە هی وەك ئەو وەریان دەگرت[32] . لەوەش مانادارتر ئەم نمونەیە : دەزگای شەمەنەفەری ئینگلیز لە عیراق لە بیستەکاندا دوو جۆر کرێکاری هەبوو ، یەکەمیان ئەو کرێکارانە بون کە بەکاری ئەساسی یەوە (Capital Works) خەریك بون ، دووەمیشیان ئەوانەیان بون کە کاریان لە دروست کردنی خەتی تازەدا دەکرد . ساڵی ١٩٢٤ – ١٩٢٥ لە ٢٧٤ر٢ کرێکاری شەمەنەفەری کورد تەنها ٧٢٩یان لە جۆری دووەم بون و ئەو باقی یەکەیان (٥٤٥ر١ کرێکار) لە جۆری یەکەم بون[33] .

دیارە ئەم راستی یە نەبووە هۆی ئەوەی تالأوی چەوساندنەوەی کرێکاری کورد لەهی هاوەڵەکانی کەمتر بێت ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ژمارەیەك نمونەی هەر ئەو سەردەمە وای نیشان دەدەن کە هەندێك جارو لەبەر چەند هۆیەکی تایبەتی ئەو چەوساندنەوەیە توندتر بووە . لە گشت ناوچەکانی باکوری عیراق رۆژانەی کرێکار لە ناوچەکانی تر کەمتر بوو . بە وێنە کرێکارانی کۆمپانیا کانی نەوت دەبوو حەفتەی ٥٤

---

(٣٠)

Dagobert von Mikusch, Mustafa Kemal between Europe and Asia, trans . by J. Linton, London, 1931, P. 360

(٣١) بروانە :

A. L. Haldane, The Insurection Mesopotamia, London, 1922, P. 108.

(٣٢) بروانە :

المركز الوطني للوثائق ، بغداد . رقم الملف :

80/19, Establishment General

(٣٣)

(Iraq Railways. Administration Report for the year 1924 – 1925), P. 16.

سەعات کار بکەن‌و بەرامبەر بەوە ۷ تا ۱۰ ڕوپیەیان وەردەگرت ، کەچی کرێکاری چنین لە بەغداو کرێکاری بەندەری بەسرە حەفتەی ٤٨ سەعات کاریان دەکردو بەرامبەر بەوە هەر یەکەیان ۳ تا ٦ ڕوپیە زیاتریان لەوان وەردەگرت [٣٤] . باری کارو ڕۆژانەی ئەو کرێکارە کوردانەی بە دروست کردنی خانوبەرەو ڕێگەو بانەوە خەریك بوون گەلێك لەوەیش خراپتر بوو . ئەوانە زۆر جار مەلابانگان دەچونە سەر کارو لەگەڵ بانگی شێواندا دەستیان لێ هەڵدەگرت‌و بەرامبەر بەو هەموو کارە ڕۆژی ۱۸ فلسیان وەردەگرت کە وەك ئینگلیزەکان خۆیان دانی پێدا دەنێن ئەو پارەیە تەنانەت « بەشی نان‌و جگەرەی نەدەکردن» [٣٥] .

وێڕای ئەوە کرێکاری کورد ، وەك کرێکاری ناوچەکانی‌تر ، ماوەیەکی دورو درێژ نەیتوانی خۆی لە پەیوەندی‌و نەریتی دەرەبەگی قوتار بکات . زۆر جار ئەو کرێکارانە دەگەڕانەوە گوندەکانیان بۆ کاری کشتوکاڵ‌و یاریدەی کەسوکاریان . زۆربەیان بەشێکی داهاتی کرێکاری‌ی خۆیان هەر وەك جاری جاران دەدا بە ئاغاو سەرەك هۆزەکانیان .

بەر لە کۆتایی با ئەوەش بڵێین کە کرێکاری کورد لە سەرەتای سەرەتاوە بە گیانی برایەتی گۆش بووە ، چونکە هەمیشە چ لە خاکی خۆی‌و چ دوور لێی شان بەشانی کرێکاری‌تر کاری کردووەو ئازاری چەوساندنەوەی چێشتووە . جوانترین بەڵگەی ئەم ڕاستی‌یە ڕەنگیێ ئەو قسانە بن کە لەگەڵ تەواوبوونی ڕێگەکەی هەولێر – ڕەواندوز – ڕایات لەسەر تاشە بەردێك نووسیبویان :

«ئێمە کە هەزاران کەسین‌و بە عەرەبی‌و ئەرمەنی‌و ئینگلیزی‌و هندی‌و کوردی‌و ڕوسی‌و تورکی قسە دەکەین ئەم ڕێگەمان بۆ خزمەتی هەموو گەڕیدەیەکی بێ وەی دروست کرد !» [٣٦] .

---

(٣٤)

(Report for the year 1926), P. 29.

(٣٥)

A.M. Hamilton , Road through Kurdistan. The Narrative of an Engineer in Iraq, London, 1937, P. 61.

(٣٦) بڕوانە :

J. Morris, The Hashemite Kings, London, 1959, P. 97.

لیستەی ناوی ئەم زمانانە لە دەزگای شەمەنەفەری عیراق دەگاتە ١٦ ناو . جگە لەوانەی سەرەوە ئەم ناوانەشی دەچنە سەر : سریانیو میسریو فارسیو تونسی [٣٧] و ئیتالیو یۆنانیو هەنگاری [٣٨] . لە گاورباغیش هاوینی ساڵی ١٩٤٦ دەنگی زولاڵو خوێنی گەشی کرێکاری کورد تێکەڵ لەگەڵ دەنگو خوێنی پیرۆزی براکانی ئاوازێکی بەجۆشو لاپەڕەیەکی پڕ شانازیی دروست کرد !

---

(٣٧) دیارە لێرەدا مەبەست لە میسریو تونسی وڵاتە نەك زمان .

(٣٨)

(Iraqi Railways . Administration Report for the year 1924 — 1925), P. 16.

پێشکەشە بەوانەی هیچیان لە باردا نی‌یەو زۆر بە ئەسڵ و فەسڵەوە دەنازن ، بەوانەی زۆریان لە بارادیەو هیچ بە ئەسڵ و فەسڵەوە نانازن !

دیارە کەس نەبووەو کەس نی‌یەو کەس نابێ لە ناخی دەروونەوە حەز نەکات ئەوی دەینووسێ بە دڵی خوێندەواران بێ ، وا نەبوایە کەس قەڵەمی نەدەخستە سەر کاغەز . ئەو بەدڵ بوونە لە سەرانسەری جیهانی پان و بەریندا گەورەترین پاداشتە بۆ هەر کەسێك بەرهەمی بیرو خامەو شەونخونی ی خۆی بکاتە دیاریی ڕازاوەی دەستی بۆ هاوزمانانی ، بەڵام بۆ کوردێك لەوەیش زیاترە (*) .

ماوەیەك لەمەوبەر لە چەند لایەکەوە پی‌یان گوتم بەڕێز دوکتۆر ئیبراهیم حیلمی دەیەوێ بچمە خزمەتی . یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان بەر لە خوشك و دۆست و یاران رووم کردە قاپی یەکێك لەوانەی جاران پی‌یان دەگوترا گەورە پیاوان و ئێمەو مانان پی‌یان دەڵێین پێشەنگی دەستەی ڕووناکبیران . یەکسەر فەرمووی :

«ڕۆڵە کتێبی (مێژوو)ەکەتم بەدڵ بوو ، دوای خوێندنەوەی بڕیارمدا تۆ وەریسی کتێبخانەکەم بی ، وا هەر لە ئێستەشەوە چەند بەڵگەو بەرهەمێکت پێشکەش دەکەم» .

(*) ئەمە یەکێکە لەو وتارانەی دەبنە تەواوکەری چاپی دووەمی ئەو کتێبەم کە ساڵی ۱۹۸۳ بە ناوی «مێژوو»ەوە بلاوم کردەوە . دەق وتارەکە لە لاپەڕە ۱۰-۱۵ی «کاروان»ی ژمارە ۱٤ ، تەشرینی دووەمی ۱۹۸۳دا بلاوکراوەتەوە .

لەوەتەی رەمەزان‌و قوربان رووبان کردۆتە کوردستان ، یا هەر ناوچەیەکی تر
خاکی موسڵمان رەنگیێ هیچ جەژنانەیەك خۆشی کەسی وا نەگەیاندبێتە ئاس
ئاسمان . بە خۆم‌و کۆڵێك گەوهەرو مرواری‌و برواوە گەرامەوەو چاوو دڵی چە
برایەکی دڵسۆزم روون کردەوەو وا پوختەی یەکەم بەرهەمی ئەو دیاری‌یە بەنر
دەگەیێنمە تۆماری رووناکبیری ئیمرۆمان .

یەکەم . ئیجازەی شێخی سەراجەددین بۆ حاجی رەسوڵی نەقشبەندی

دوکتۆر ئیبراهیم حیلمی لە بنەماڵەیەکی ناسراوی شاری سلێمانی‌یە[1] . کور
حاجی فەتاحی کوری مەلا قادری کوری حاجی رەسوڵی کوری محەمەد ئاغا
کوری گودرون ئاغای کوری رۆستەم ئاغای کوری زۆراب ئاغای کوری زولا
ئاغای مەرگەیی‌یە . زولاڵ ئاغا یەکێك بوو لە دوانزە سوارەی مەریوان ، پیرەمێرد
نەمر لە داستانەکەی خۆیدا چەند جارێك بەتایبەتی ناوی هێناوە[2] .

کە برایم پاشا شاری سلێمانی بنیات ناو بارەگای میرنشینی بابانی لە قەڵاچوالانە
گواستەوە ئەویێ محەمەد ئاغای نەوەی زۆلاڵ ئاغا[3] یەکێك بوو لەو پیاو ماقووڵانە
بەخۆی‌و ماڵ‌و منداڵی‌یەوە لە تەکیا هاتە شاری نوێی کوردستان . پاش دواز
ساڵ ، واتە دەوروبەری ساڵی ١٧٩٦ ، خوا رەسوڵی بەخشی بە محەمەد ئاغ

---

(١) ساڵی ١٩٠٩ لە سلێمانی لە دایك‌بووە . سەرەتا لە حوجرەو لای خواجا ئەفەندی خوێندوویەو ئین
چۆتە قوتابخانەی سەرەتایی کە ساڵی ١٩٢٥ تەواوی کردووە . ساڵی ١٩٣٢ لە قوتابخانەی ناوەند
مەرکەزی بەغدا دەرچووەو بۆ تەواوکردنی خوێندن چۆتە قاهیرەو ساڵی ١٩٣٧ لەوێ بەکەلۆریۆسی
بەیطرەدا وەرگرتووەو پاش ساڵێك چۆتە تورکیاو رۆژی ٢٥ی تەشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٠ لەو
دوکتۆرای لە بەکتریۆلۆجیای نەخۆشیی ئاژەڵدا وەرگرتووە . دوای گەرانەوەی‌و تا رۆژی خانەنش
کردنی لە ٢٣ی مایسی ساڵی ١٩٦٤دا فەرمانبەر بووەو وەك دەست پاکێکی کەم هاوتا ناو
دەرکردووە . زۆر بایەخ بە مێژووی کورد دەدات‌و دەربارەی چەند وتارێکی لە رۆژنامەی «التآخی
بلاوکردۆتەوە (بۆ کورتەی ژینامەی بروانە : محمود الجندي . دائرة المعارف العراقية العامة ، الج
الاول . بغداد . بلا . ص ١٥) .

(٢) بروانە :
پیرەمێرد . دوانزە سوارەی مەریوان . چاپی سێیەم . سلێمانی . ١٩٨٣ . ل٧ ، ١٠ ، ٣٣

(٣) حەمەغایان پێ دەگوت .

ڕەسول، ئەو وەك لاوێكی بەخشندەو زیرەكو دڵپاك دادبەرەوە، یەكجار لە خواترس ناوی دەركردو ڕووی كردە مەككەو مەدینەو پاش گەڕانەوەی بووە حاجی ڕەسوڵ. هەر لەوساشەوە ڕێبازی نەقشی دای لە كەلەی‌و بووە موریدێكی دڵسۆزی. زۆری نەبرد حاجی ڕەسول خانەقایەكی لە تەنیشت ماڵی خۆیەوە دروست كردو هەموو ئەركی بەڕێوەبردنی گرتە ئەستۆی خۆی.

دەنگ‌و باوی حاجی ڕەسوڵ كەوتە سەر زاری پیاوچاكانی شارو دەوروبەری. سەودای نەقشی بووە كێچ‌و كەوتە كەوڵی. بە پەرۆشەوە ڕووی كردە بیارەو چووە خزمەت شێخی سەراجەددین. شێخی گەورەی نەقشی حاجی ڕەسوڵی دەچێ بەدلاو زۆر بەڕێزەوە ئیجازەی ئیرشادی پێ‌دەبەخشێ. دەقی ئەو ئیجازە پڕ لە شانازی‌یەی ئێستە تەمەنی گەیشتۆتە صەدو پەنجا ساڵی ڕەبەق[4] یەكەم دیاریی بەنرخ بوو بۆ «مێژوو».

بارستی ئیجازەكەی شێخی سەراجەددین ٣٤ × ٢١ سانتیمەو بریتی‌یە لە ٢٣ دێڕ كە بە دەسخەتی زاناو شاعیری ناسراو مەلا حامیدی كاتبی شێخ بە خەتی فارسی نووسراوەتەوە. پێنج دێڕی یەكەمی عەرەبی‌و ئەوانی‌تری فارسین. مۆرو ئیمزای شێخی سەراجەددین وا بە لای چەپی دامێنی‌یەوە. ئەمە دەقی سەرەتا عەرەبی‌یەكەیەتی:

«الحمدلله الذي جعل قلوب اوليائه الكاملين محكا لنقد الوجود وصير قبولهم علامة لقبوله والاقتداء بهداهم مرقاة للعروج الي اعلى معارج الشهود وميز من بينهم السادة العلية النقشبندية وخصهم بمزايا لاتعد ولا تحصى منها انه نهاية سائر الطرق مندرجة في بدايتهم فيقاس على هذا شأن كمال طريقتهم وحال نهايتهم . . .».

دوای ئەو سەرەتایە دیسان بە فارسی باسی ڕێبازی نەقشی‌و تایبەتی‌یەكانی دەكات كە چۆن لەسەر بناغەی تایبەتی ئیسلام دامەزراوەو هیچ شتێكی دوور لە ئایینی تێدا نی‌یەو تەنانەت ئەوەی لە تەریقەتەكانی تردا بە چلەكێشان‌و ڕیازەكردن پەیدا

(٤) ساڵی ١٢٥١ی كۆچی . ١٨٣٥ی عیسایی بەخشراوە.

دەبێ لای نەقشی‌یەکان لە ڕێگەی هاوڕێی پیاوچاکانو پیرانی تەریقەتەوە دێتە گۆڕێ . ئەمجا دێتە سەر باسی حاجی ڕەسولو دەڵێ یەکێکە لەو کەسانەی بە دڵ دەسەو دامێنی ڕێبازی نەقشی بوونو هەمووپایەیەکی‌ئەو ڕێبازەی بڕیوەو «گەیشتۆتە دائیرەی ویلایەتی پچوك» ، بۆیەکا بە فەرمانی لە جیهانی گیانەوە هاتوی پیرانەوە ڕێگەمان‌دا تەریقەت نیشانی خەڵك بداو ڕێی پیران بگرێو «خەتمی خواجەگان» بکا . دوای ئەوە دەڵێ : هیوادارین حاجی ڕەسول لەم ڕێگەدا زۆر بەرز بێتەوەو داواش لەوانە دەکەین کە ئارەزووی گرتنەبەری ڕێگەی ڕێبازی نەقشی‌یان هەیە دەست بدەنە دەستیو لێوەی فێربنو هاوڕێی ئەو بە هەل بزانن چونکە پڕە لە بەرەکەتو بەختەوەری .

دوای وەرگرتنی ئەو بەڵگەنامەیە حاجی ڕەسوڵ زیاتر کەوتە کۆشش بۆ پەرەپێدانو بڵاوکردنەوەی ڕێبازی نەقشبەندی ، ئەو کارەی ڕقی ژمارەیەك دەسەڵاتداری ناوچەکەی لێ‌هەلساندو لە تاوا ناچار بوو شاری سلێمانی بەجێ بهێڵیو ڕوو بکاتە گورگەدەری ناوچەی سورداش کە گوندی خۆی بووەو تا کۆچی دوایی لەوێ نیشتەجێ دەبێ . پاش مردنی لە ساڵی ١٢٨٦ی کۆچی (١٨٦٩/١٨٧٠ ی عیسایی)دا تەرمی حاجی ڕەسوڵ دەهێننەوە سلێمانیو لە گردی مەعفوانی گۆڕستانی سەیوان دەینێژن .

بەر لەوەی سلێمانی بەجێ بهێڵێ حاجی ڕەسوڵ خانەقاکەی بە مەلا عوسمانی باڵەخی دەسپێرێ کە زانایەکی ناسراوو سەر بە ڕێبازی نەقشبەندیو موجازی شێخ بەهاددینی خەلیفەی شێخی سەراجەددین بووەو دوای کۆچی دوایی حاجی مەلا عەلی‌ی کوری دێتە سەری کە ئەویش زانایەکی پایە بڵند بووەو لەوساوە ئیتر خانەقاکە دەبێتە «خانەقای مەلا عەلی» کە تا ئیستەش هەر ماوە .

دووەم – محەمەد عەلی‌ی گەورەو کورد

هەموو ئەنسکلوپیدیاو هەموو کتێبێکی مێژووی نوێی میسر کە باس دێتە سەر محەمەد عەلی‌ی گەورە دەڵێن بە ڕەگەز ئەلبانیو دانیشتووی شاری قۆلەو[٥] سەرەتا توتن فرۆش بووە .

---

(٥) لە سەرچاوە ئینگلیزی‌یەکاندا «قەوەلە» دەنووسن . دوور نی‌یە قۆلە لە «قلعە»ی عەرەبی‌یەوە هاتبێ .

دەوروبەری کۆتایی ساڵی ١٩٤٩-بە بۆنەی یادی صەد ساڵەی کۆچی دوایی محەمەد عەلیی گەورەوە نووسەری بەناوبانگی میسر عەبباس مەحمود عەقاد بە ناوی گۆڤاری «المصور»ەوە دیدەنییەکی تایبەتی لەگەڵ جێگری فاروق پاشای ئەوسای میسردا کردووە کە ئەویش بە ناوی باپیرە گەورەیەوە ناو نراوە محەمەد عەلی . کاتێك باس هاتۆتە سەر ڕەگەزی محەمەد عەلیی گەورە جێگری تەختی پاشایی میسر گوتوویە :

« . . . دەربارەی بنەماڵەی عەلەوی[٦] شتێکتان پێ دەڵێم لەوانەیە ببێتە هۆی سەرسورمانی گەلێك کەس . وا بڵاوە گوایە ئەو بنەماڵەیە لە نزیك قۆڵەی وڵاتی ئەرناوودەوە[٧] دروست بووە ، بەڵام ئەوی من لە ڕێگەی کتێبێکی قازیی میسری ڕۆژگاری محەمەد عەلیی گەورەوە زانیومە ئەو بنەماڵەیە بە بنەچە لە دیاربەکری وڵاتی کوردانەوە هاتووە ، لەوێوە باوکی محەمەد عەلیو دوو برای چونەتە قۆلە ، دوای ئەوە یەکێك لە مامەکانی محەمەد عەلی چۆتە ئەستەمولو مامەکەی تریشی دوی بازرگانی کەوتووە ، تەنها باوکی محەمەد عەلی لە قۆلە ماوەتەوە . میر حەلیمیش[٨] ڕەگەزی بنەماڵەی ئێمەی دەگێڕایەوە دیاربەکری وڵاتی کوردانو ئەوەش بۆ خۆی گێڕانەوەکەی قازیی میسر پتەوتر دەکات» .

وا دیارە ئەو قسانەی محەمەد عەلیی جێگری تەختی پاشایی میسری ئەو ڕۆژگارە تەلی هەستی عەبباس مەحمود عەقادیان بزواندووە چونکە ئەویش ، وەك بۆ خۆی نووسیوییە ، بە ڕەگەز کورد بووە . عەقاد هەر لەوێدا ڕوو دەکاتە نەوەی محەمەد عەلیی گەورەو پێی دەڵێ :

---

(٦) مەبەست بنەماڵەی محەمەد عەلیی گەورەیە کە زۆر جار لە میسر بەنیسبەت دووەم ناوی لێکدراوی محەمەد عەلییەوە پێیان دەگوت عەلەوی .

(٧) مەبەست ئەلبانیایە .

(٨) یەکێك بوو لە نەوەی محەمەد عەلیی گەورە .

«وڵاتی کوردان ئەو شەرەف و شانازی‌یەی بەسەکە دوو قارەمانی نەمری دایە جیهانی ئیسلام — صەلاحەددین و محەمەد عەلی‌ی گەورە . . .»

ئەم زانیاری‌یە کەم زانراوە لە لاپەرە ٥٦ ی ژمارە (١٣١١)ی رۆژی «٢٥»ی تەشرینی دووەمی ساڵی «١٩٤٩» ی «المصور» دا چاپ‌کراوە کە دوکتۆر ئیبراهیم حیلمی لەوساوە وەك بەڵگەیەکی مێژوویی لە کتێبخانەکەی خۆیدا پاراستوویە . لە هەمان ژمارەدا وتارێکی حەبیب جاماتی بەم ناونیشانەوە بڵاوکراوەتەوە : «کورد دەیەوێ دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێ» کە تێیدا بە تایبەتی باسی مەهاباد و قازی محەمەدی کردووە .

بنەماڵەی محەمەد عەلی‌ی گەورە بە رەگەز کورد بێ یا کورد نەبێ هیچ لەو راستی‌یە ناگۆرێ کە جیاوازی لە نێوان گەلاندا نی‌یە ، کە کورد هیچی لە کەس کەمتر نی‌یە ، هەل و مەرج و دۆخی شوێن و قۆناغ جێگەی گەل و سەردارو قارەمان لە مێژوودا دیار دەکەن . وا دیارە زۆر لەو کوردە زیرەك و جوستانەی باری ژیانی کوردەواری رابوردوو نەیتوانیوە تینوێتی‌یان بشکێنێ روویان کردۆتە ناوچەی‌ترو لەوێ بە لێهاتوویی خۆیان گەیشتوونەتە بەرزترین پلەو پایە .

بۆ زیاتر روون کردنەوەی ئەم بۆ چوونە دەڵێم هەر کۆرپەیەکی ناوچە زەلکاوێکانی ئاسیاو دارستان و بیابانەکانی ئەفەریقا لەگەڵ چاوی هەڵێنا بیبەینە ناو خێزانێکی پارەداری ئینگلیزی‌یەوە کە گەورە بوو وەك ئەوانەی دەوروبەری بە کەوچك و چەتاڵ نان دەخواو بە چەقۆ میوە پاك دەکاو پایپ دەکێشێ و سمۆکن لەبەر دەکاو وەك ئەوان دەدوێ و دەبزوێ و زۆر لەوانەشە ببێتە پسپۆرێکی ناودار . دیارە هەر کۆرپەیەکی چاو شینی سویدیش بهێنینە ناوچەیەکی زەلکاوی دواکەوتووەوە کە گەورە بوو پاپەتی و نەخوێندەوارو دواکەوتوو دەبێ و لە هەرشت زیاتر حەز لە گۆشت ماسی و رانە مراوی دەکا . بهاتایەو محەمەد عەلی‌ی گەورە لە ئەلبانیا بمایەوە لەوانە بوو ببێتە بازرگانێکی دەوڵەمەندو بەناوبانگ . بەڵام نەدەبووە ئەو پیاوە سیاسی‌یە لێهاتووەی توانی دوو جار لەشکری سوڵتانی عوسمانی بشکێنێ و بگاتە نیمچە دوورگەی عەرەب و سودان و سوریاو وای لێ بێ هەموو دەوڵەتە گەورەکان حسابی بۆ بکەن .

بێ گومان لە خۆوە نی‌یە یەکێکی وەك مارکس گوتویە «میسری محەمەد عەلی تاکە پارچەی ولاتی بەرفراوانی عوسمانی‌یە توانای ژیان‌و مانی هەبێ» .
شایانی باسە محەمەد عەلی بەر لە کۆچی دوایی بە ماوەیەکی کەم ئینجا فێری نووسین‌و خوێندنەوە بوو !

سێەم – یەکەم سالی «گەلاوێژ»

سەرەتای سالی ١٩٦١ هاورێی خۆشەویستم دوکتۆر عیزەددین مستەفا رەسولٔ دوو دیاری زۆر بەنرخی دامێ ، یەکەمیان هەر شەش بەرگی یادداشتەکەی مامۆستا رەفیق حیلمی[٩]و دووەمیان ژمارەکانی «گەلاوێژ» لە سالی سێیەمی‌یەوە بوون .
لەوساوە عەودالی سالی یەکەم‌و دووەمی ئەو گۆڤارە بەرزەمانم ، بەرەکەتدا وا دوکتۆر ئیبراهیم حیلمی هەموو ژمارەکانی سالی یەکەمی پێشکەش کردم‌و بەو جۆرە کەلێنێکی باش لە کتێبخانەکەمدا پڕبۆوە .
دیسان چاوم بە ناوەرۆکی هەر «١٠» ژمارەکەی سالی یەکەمی «گەلاوێژ»دا گێڕایەوە[١٠] . باوەر ناکەم کەسێك هەبێ دان بەوەدا نەنێ دەرچونی «گەلاوێژ» بەڕاستی ڕوداوێکی گەورەی ژیانی ڕووناکبیری هاوچەرخی کورد بوو . دیارە هەر لەبەر ئەوەش «گەلاوێژ» زۆر زوو لە ناو خوێندەوارانی ناوەوەی ولات‌و لە دەرەوەی دەنگی دایەوە . ئێدمۆندس دوای دەرچونی سێ ژمارەی دەربارەی نووسیوی‌یە دەلێ :

«گەلاوێژ ئەستێرەی هەرە گەشی ئاسمانە ، بەلای میسری‌یە کۆنەکانەوە مزگێنی دەری خێرو بەرەکەت بوو . ناوەرۆکی یەکەم سێ ژمارەی مژدەی ئەوە دەدەن کە «گەلاوێژ» ناوی خۆی بەخۆیەوەیە» .

---

(٩) بەرگی یەکەمیان خوالێخۆشبو رەفیق حیلمی بە خەتی خۆی پێشکەشی کردووە بە «خۆشەویستی کاك عیزەددین» .
(١٠) ژمارە پێنج‌و شەش‌و ژمارە یازدەو دوازدەی سالی یەکەمی «گەلاوێژ» پێکەوە دەرچوون .

پێم وایە بەشی زۆری وتارەکانی «گەلاوێژ» ئەوە دەهێنن یا وەك خۆیان یا بە دەستکاری‌یەکی کەمەوە دیسان لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردی‌یەکاندا بڵاوبکرێنەوە .

چوارەم – «لەهستان» ی مەحمود جەودەت

یەکێك لەو کتێبە نایابانەی بەڕێز دوکتۆر ئیبراهیم حیلمی پێشکەشی «مێژوو»ی کردن «پۆلۆنیا – پۆڵەندەو یا لەهستان»ەکەی خوالێخۆشبوو مەحمود جەودەتە کە لە لاپەڕە ٣١٢ی «مێژوو»دا ناوی هاتووەو دەمێکە بۆتە یەکێك لە بەرهەمە کوردی‌یە دەگمەنەکان .

دوکتۆر ئیبراهیم وەك هەموو ڕووناکبیرانی هاوتەمەنی خۆی بە ئەوپەڕی ڕێزو هەستەوە باسی ئەو نیشتمانپەروەرە دڵسۆزە دەکات کە ڕۆژی ٢٠ ی تەشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٧ لە بەندیخانەی ناوەندیی بەغدا لە سێدارە دراو مەرگی ناخی دەرونی هەموانی هەژاندو تەلی خامەی شاعیرانی بزواند . کەسێك نی‌یە خوالێخۆشبو مەحمود جەودەتی ناسیبێ‌و باسی ئازایەتی‌و خاوێنی‌و دڵپاکی‌و بەخشندەیی‌و دەست بڵاوی‌و دڵناسکیی نەکات .

مەحمود جەودەت تەنها ئەفسەرێکی لێهاتووو یاریدەرێکی دڵسۆزی شێخ مەحمودو دۆستێکی نزیکی سمکۆو ئاوارەی دەستی مێجەرسۆن نەبووە ، بەڵکو هەمان کات یەکێك بووە لەوانەی بە نووسینیش خزمەتی گەلیان کردووە . دوای خۆی چەند وتارێك‌و دوو کتێبی گەورەی بەجێ‌هێشتووە ، یەکەمیان بەرهەمی ج . أ . سێلمەنتی ڕۆژئاوایی‌یە دەربارەی بابی‌و بەهائی کە ئەو کردوویە بە کوردی‌و بە ناوی «بهاء اللەو دەوری نوێ» وە ساڵی ١٩٣٣ لە بەغدا بڵاوی کردۆتەوە (٣٣٦ لاپەڕەیە) . دووەمیشیان ئەو کتێبەیەتی کە حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٦ بە ناوی «پولونیا – پولانداو یا لهستان» ەوە[11] دایناوەو بە داخەوە بۆ خۆی فریا نەکەوت بڵاوی بکاتەوە . ساڵی ١٩٤٠ ، واتە سێ ساڵ دوای کۆچی دوایی خاوەنی لە چاپخانەی «المعارف»ی بەغدایی لە ٢٣٧ لاپەڕەی قەوارە پچوکدا (١٧ × ١٢ سانتیم) لەگەڵ نەخشەیەکی سیاسیی پۆڵۆنیادا چاپکراوە .

---

(١١) دەقی ناوی کتێبەکە بەو جۆرە چاپ کراوە .

لەو کتێبەیدا کە بە پشتیوانی ٣ سەرچاوەی تورکیو سەرەچاوەیەکی ئەرەنسیو یەکێکی عەرەبی دایناوە مەحمود جەودەت باسی زۆر لایەنی ژیانی ئابووریو کۆمەلایەتیو سیاسیو چارەنووسی مێژوویی پۆلۆنیا دەکات . ئەم باسەی دواییان گەلێك سەرنجی دانەریان راکێشاوە ، وا دیارە وەك کوردێك زامی دەرونی کولاندۆتەوە . لە دووتوێی «لەهستان» دا لە هەر شت زیاتر هەست بەخۆگریو «هێزی ژیان» و کۆل نەدانی پۆلۆنییە ئازادیخوا کان دەکەیت ، ئەوانەی بە درێژایی قۆناغێکی سەدان ساڵەی مێژوو بە دەست جەوری نەمسەو بە تایبەتی رووسیاو پرووسیاوە گیرۆدە بووبوون .

خوالێخۆشبو باسەکانی لەهستانی بە کوردییەکی رەوان هۆنیونەتەوەو بە شێوەیەکی زانستییانە دایرشتوونو هەوڵی داوە لە رێگەیانەوە زاراوی نوێ بۆ کوردی دابرێژێ یا وەربگرێ ، وەك (ئاوەرێژ) کە لە بریتی «مصب النهر» و (لیمان) کە لە بریتی «المیناء» و (قەراڵو قەراڵیچە) کە لە بریتی «الملكو الملكة» و (ئان) کە لە بریتی «الثانیة» و (پشتان) کە لە بریتی «الأجیال» بەکاری هێناون .

وا دیارە یەکێك ، یا دەستەیەك لە دۆستانی مەحمود جەودەت بەرپابوونی شەری دووەمی جیهانو داگیرکردنی پۆلۆنیایان لە لایەن نازییەکانەوە بە هەل زانیوە بۆ بلاوکردنەوەی لەهستانەکەی کە پێنج بەشی یەکەمیو تا لاپەرە ٢١٠ ی لە نووسینی خۆین . هەرچی بەشی شەشەمی کتێبەکەیە (ل ٢١١ – ٢٣٧) باسی ئەو بەسەرهاتانەی پۆلۆنیا دەکات کە دوای وەفاتی مەحمود جەودەت روویان داوە ، بەلام بەداخەوە لە هیچ شوێنێکی کتێبەکەدا باسی دانەری ئەو بەشەی نەکراوە . خۆزگە خەبەرداران ئەو لایەنەی «لەهستان»یان بۆ روون دەکردینەوە .

پێنجەم – مێژووی کۆیە

لە سەرەتای بەشی «کورتەی بیبلیۆگرافیای مێژوونووسی کوردی»ی کتێبی «مێژوو»دا گوتومە :

«ئەم بیبلوگرافیایە تەنها هەنگاوێکی سەرەتاییە ، هیچ دوور نییە کەموکورتیی زۆری تێدا بێو . وتاری بایەخدارم بەسەردا تێپەربێ ، یا دەستم پیایدا رانەگەیشتبێ» . ئەمجا لە زمان «باوکی

گەورەی مێژووی‌نووسی کوردی شەرەف خانی بدلیسی»یەوە لە «زانایانی پیاوچاك‌و دڵپاك‌و بەوەج» پارامەتەوە کە «زۆر بە وردی لە نووسینەکەم وردبینەوەو ئەگەر پەشێوی‌یەکیان بەرچاو کەوت بە شێوەیەکی مەردانە بەراوردی بکەن ، خۆ ئەگەر هەڵەو لە بیر چوونێکم لەسەر دەدۆزنەوە هەر بە گاڵتە پیێ‌کردن‌و تەشەر لێم نەقۆزنەوە ، پیاوەتیم لەگەڵ بکەن‌و بە پارچەیەکی چاکترو بە بزگورێکی تازەترو پاکتر بۆم پینە بکەن» [١٢]

ماموستاو هاوڕێ‌و برای یەکجار خۆشەویستم مەسعود محەمەد یەکەم کەس بوو بەو هەستەوە سەرنجی ڕاکێشام کە لە بیلیوگرافیای «مێژوو» دا «مێژووی کۆیە یا کۆیسنجق»ی ماموستا تایەر ئەحمەد حەوێزیم لەیاد کردووە . هەر ئەو ڕۆژەش لە ناو دیاری‌یە بەنرخەکانی دوکتۆر ئیبراهیم حیلمیدا ئەو کتێبەم بەرچاو کەوت .

«مێژووی کۆیە» ساڵی ١٩٦٢ لە بەغدا چاپ‌کراوە [١٣] ، ئەو ساڵە من لە دەوەرەی وڵات دەمخوێند ، بۆیەکا نە من‌و نە ئەو برایانەی وەك من [١٤] ئەوساکە بە مێژووی کوردەوە خەریك بوون ئەو کتێبەمان دەست نەکەوت کە زۆر لایەنی دەهێنن ببونایە سەرچاوەی ڕوون‌کردنەوەی ئەو باسانەی ئێمە لە نامەکانی خۆماندا شیان کردوونەوە . زۆر بە داخەوە دوای گەڕانەوەشم لە هیچ شوێنێك «مێژووی کۆیە»م بەرچاو نەکەوت ، وا نەبوایە هەڵبەت ئەو کەلێنە نەدەکەوتە «مێژوو»ەوە .

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ دان بەوەدا بنێم کە ئەم قسانەم بۆیان نی‌یە دوا پاکەنەم بۆ بکەن هیچ نەبێ لەبەر ئەوەی ماموستا نەریمان لە لاپەرە ١٣٣ی

---

(١٢) بڕوانە ل ٢٥٨–٢٦٠ی «مێژوو» .

(١٣) طاهر احمد حویزی ، مێژووی کۆیە یا کۆیسنجق ، بەرگی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٦٢ ، ١٥٩ل بە بۆنەی دەرچوونی ئەم وتارەمەوە کاك تایەر نامەیەکی ڕازاوەی بۆ ناردم کە ئیستە وەك خەڵاتێکی نازداری‌تری «مێژوو» هەڵمگرتووە ، نیازمە ، خوا یار بێ ، لەگەڵ چاپی دووەمی «مێژوو»دا بڵاوی بکەمەوە .

(١٤) مەبەستم دوکتۆر کاوس قەفتان‌و دوکتۆر ئەحمەد عوسمانە .

«بیلۆگرافیای کتێبی کوردی»یەکەیدا دروست باسی «مێژووی کۆیە»ی کردووە . هەرچۆن بێ دەڵێم بریا گەلێك بەرهەمی تری وەك «مێژووی کۆیە» هەبونایەو جا با من لە یادم بکردنایە !

شەشەم – دوا وشە

دیاری‌یە بەنرخەکانی دوکتۆر ئیبراهیم حیلمی فەتاح بۆ «مێژوو» زۆر لەوە زیاترن کە چەند نمونەیەکیانم لەم وتارە گشتی‌یەدا خستە بەرچاو ، هیوادارم بتوانم کەڵکیان لێ‌ببینم‌و بۆ مامە برایمیش ئاواتەخوازی تەندروستی‌و تەمەن درێژم .

لە تەمەنی منداڵی یەوە هێند ناوی پەری و پەری زادەمان بیستووە کە هەر یەکەمان بە خەیاڵ وێنەیەکی دڵگیری لە مێشکیدا بۆ پەری کێشابێت . پەری ی رەحمەت لای هەموان ئافرەتێکی نەرم و نیانی ڕۆح سوك و سەر کلوی سپی یە . ئەوی دەیەوێت لە ژیاندا پەری یەکی وا بەچاوی خۆی ببینێت دەتوانێت بچێتە خزمەت فاتمە محی الدین کە بە داخەوە نەك سەرباز ، بەڵکو ئەفسەرێکی ونی تری کوردە .

تەمەنی لە ۸۰ تێپەڕیوە [*] ، بەلاّم سەرو سماو قسەی زۆر لە ۸۰ کەمترە . قەت لەگەڵی بی تاقەت نابیت ، هەگبەکەی پڕ داستانی مرواری و گەوهەری تریفەدارە . گەوهەرو مرواری یەکانی دانسقەو کەمهاوتان ، بە ئارەقی پیرۆزی ناوچەوان و دڵسۆزی ی ناو قولاّیی گیان و شەونخونی و دەربەدەری و ژانی ژیانی کورد زاخاو دراون .

دەوروبەری سەدەیەك لەمەوبەر فاتمە لە شارێکی وەك بەغدا چاوی کردەوەو ڕێگەی قوتابخانەی «ئیتیحادو تەرەقی»ی زانی . دوور نی یە لەمەدا تاقانەی شاری سلێمانی بوبێت . شەڕ هەڵگیرساو زۆری نەبرد تەختۆ تاراجی دەوڵەتی عوسمانی تێکچوو ، فاتمەی دەستە کچ لەگەڵ باوکی کە تا ئەوسا کاربەدەستی دەزگای ڕێژی [1] (توتن) بو ، گەڕایەوە نیشتمان .

(*) ئەم وتارە لە لاپەڕە ە ۱-۸ای «ڕۆشنبیری نوێ» ، ژمارە ۷۳ ، مارتی ۱۹۷۳دا بلاّوکراوەتەوە .

(۱) لە سەدەی نۆزدەوە کۆمپانیای «ڕێژی»ی فەرەنسەیی بەرهەم هێنان و فرۆشتنی توتنی گشت ئیمپراتۆری ی عوسمانی ی گرتە دەست خۆی . «ڕێژی» وەك دەزگا لە سەرتاپای ئەو ولاّتانەی کەوتبونە ناو دەوڵەتی عوسمانی یەوە بووە ناوێکی باو .

هەر زوو پەرەی دڵی ئەحمەد بەگی فەتاح بەگی شاعیر بەتیری عەشق فاتمەی شۆخ و شەنگ پێکرا . فاتمە کە خۆشی حەزی بە شیعر دەکرد[٢] کەوتە باخی شاعیران و بووە میوانی دیوەخانی کوردپەروەران .

زۆری نەبرد شێخ مەحمودی نەمر لاپەرەیەکی پڕ شانازیی خەباتی گەلی کوردی تۆمارو ناوچەیەکی گرنگی نیشتمانی لە رۆڵم و زۆری ئینگلیزی داگیرکەر رزگارکرد . ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ بووە وەزیری دارایی شێخ . فاتمەی ژنە وەزیر داخی ئەوەی ناچێت نەریتی ئەوسای کۆمەڵ رێگەی نەئەدا ئافرەت ئاگاداری هەموو شت بێت . بەڵام باشی لەبیرە چۆن زۆربەی خەڵك دڵخۆش و شەیدای سەربەخۆیی و نەمانی مۆتەکەی مێجەر سۆن و پیاوەکانی بون . قەت ئەحمەد بەگی وا گورج و گۆڵ نەدیوە ، بۆ مزگەوتیش بوایە وای نەدەکرد . بەر لەوە دڵی لە شێخ مەحمود رەنجابوو ، بەڵام بۆ کوردو خزمەتی پێشەوای هیچی لەدڵدا نەماو چاکی کاری لێکرد بەلادا . زوو زوو سکاڵای لەدەست ئینگلیزو پیلانی ئینگلیز خواکان دەکرد ، خۆزگەی ئەوە بو ئینگلیز لە کورد بگەن و یاری و پەت پەتێنی پێ نەکەن . سەرەتا رقی لێیان نەبو ، هیوای زۆر بوو یاریدەمان بدەن !

هەموو سەروەت و سامانی دەزگاکەی شێخ لە ناو قاسەی ژنی وەزیری داراییدا بوو . بە باجی توتن و گشت داهاتێکی ترەوە بە زەحمەت دەگەیشتە ٦٠ هەزار روپیە کە دەکاتە پێنج شەش هەزار دیناری ئەمرۆکە[٣] ! ، کەچی هی واش هەبوو ویژدانی خۆی دەخستە ژێر پێ و سەروەتی حەمە قەدۆی بەچەند روپیەیەکی کاربەدەستێکی پچوکی کورد دەپێوا . ئەو سەروەتەش کە بوبووە تەحاتەحای چاو برسێکان بەهۆی دڵپاکی و ساکاری فاتمەوە لەگەڵ هەموو پاشەکەوتی حەلاڵی ئەحمەد بەگ وەك هێلکەی پاك کراو کەوتە دەست ئینگلیزەکان . کە هێرشی ناکاویان هێنایە سەر شار فریای ئەوە کەوت تەنها ٣ لیرەی خۆیان بەرێت و

(٢) لەهەرەتی لاویدا شیعری بەتورکی وتووە .

(٣) ١٠٠ هەزار روپیە دەیکردە ٧٤٤٨ پاوەنی ئیستەرلینی .

قاسەکەی داخست‌و وەك خۆی بەجێی هێشت بەو هیوایەی زۆری پێ ناچێت دەگەڕێنەوە . . داخم ناچێت وا نەبو . مانگەهای مانگێ ئەم دێ‌و ئەو گوندیان کرد . هەر زوو بیستیانەوە ئەوی هەیەو نی‌یە گورگەو سیك‌و چەتەی ناکەس بەچەی خۆمان تالآنیان کردووە . کە گەڕانەوە شار ناچار ماوەیەکی باشیان بە کولەمەرگی بردەسەر . . .

پەردەیەکی تری ژیانی فاتمە کە تا مردن شانازی‌ی پێوە دەکات ئەوەیە کە یەکەم ئافرەتی کوردی عیراقە بووە مامۆستاو ٣٥ ساڵی رەبەقی ژیانی بە ئەوپەڕی دڵسۆزی‌یەوە بۆ پەروەردەکردنی صەدان کچ ، وەك کۆرپەی جگەر گۆشەی خۆی ، تەرخانکرد . بەدەست ئەو بوایە هەموو کچە کوردی فێری نووسین‌و خوێندنەوە دەکرد . ئەو پەردەیەی ژیانی پڕ لە بەسەرهات‌و سەرگوزەشتەی سەیرو پرمانایە . وابزانم لاپەڕەکانی یەکەمی زۆر شایانی تۆمارن[٤] .

ئیستەش لەو وایە ئەمڕۆیە کە خوالی‌خۆش‌بو شێخ نوری شێخ ساڵحی شاعیرو خزمی ، خۆی کرد بە ژوراو لە هەموو جار گەرمتر لەگەڵی کەوتە قسە . قەت وای نەدیبو . لەوەی دەکرد بۆ کارێك هاتبێ زۆری مەبەست بێ . کەوتە باسی خوێندن‌و خوێندەواری‌ی‌و پیاهەڵدانی فاتمە کە دنیا دیدەیەو دەتوانێت ڕێگە نیشانی کەسانی‌تر بدات . گەلێکیش مەتح‌و سەنای ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگی کردو وتی زۆر حەز بە

(٤) تۆمارکردنی یادداشتی پێشرەوەکانی مێژووی‌کوردوژیانی‌ڕوناکبیرمان ئەرکێکی پیرۆزە کەوتۆتە ئەستۆی خاوەن خامەی دڵسۆزی گەلەکەمان . ئەو یادداشتانە سەرچاوەی ڕەسەنی ئیمڕۆو دوا ڕۆژمانن ، زۆریان لە کیس چووەو کەمیان ماوە . تا ئیستە چەند جارێك باسی ئەمەم کردووە . بەش بە حاڵی خۆم هەر دەرفەتێکم لەم بارەیەوە بۆ هەڵکەوتبێت کەڵکم لێ‌بینیوە . کاتی خۆی یادداشتەکانی خوالێخۆشبو مامۆستا ئیسماعیل حەقی شاوەیسم تۆمار کرد ، خۆی ڕۆی ، ئەمیان باقی . بەشێك لە یادداشتەکانی مامۆستایان فوئاد مەستی‌و ئەحمەد خواجاشم نوسیوەتەوە . هیوامە مایەی ڕزامەندی بێت‌و ببێتە هاندەر تا ئەوەی ماوە لەکیس نەچێت .

ئەوەندی‌تر هانی منیشی دەدا . ڕاستێکەی ئەو نەبوایە لەوانە بوو وڕە بەربدەم ، چونکە هەر زوو دەمی خەڵکی دواکەوتومان لی‌کرایەوە ، هەزارو یەك قسەیان پی‌دەگوتین. ئەوەیان لی‌ کردبوینە عەیبە کە کچەکان دوای هاتنە ژورەوەیان عەباو پەچەیان دادەگرت ! . قسەی لەوەش خراپترمان دەبیستەوە . زۆر دایك بەترس و لەرز کچەکانیان دەهێناو هەر ئەوە بوو کراسی قورئانیان بۆ لەبەر نەکەین تا دڵنیابن ئاگامان لە شەرەفیان دەبێت‌و بە خوێندن لەکەدار نابن . دایکی وا هەبوو پرسیاری ئەوتۆی دەکرد کە بۆ گێڕانەوە ناشێت» .

دایکی دڵسۆزی کورد خۆی دایە دەم شەپۆلی ڕابوردووی سەیر ، بەڵام خۆش :

«یەکەم پۆلی قوتابخانە ساواکەمان دەستەیەکی یەکجار سەیر بوو . هی وای تێدا بوو تەمەنی لە ٢٠و بروا بکە ٢٥یش تێپەڕیبو ، بە سەروپێچی لارو لاگیرەو مێخەکبەنگ‌و سورو سپیاوێکی باشەوە دەهات ، لەگەڵ هی وا دادەنیشت بە کچی دەشیا . بەڵام هەمویان بۆ فێربون هاتبون ، بە دڵ خۆیان هیلاك دەکرد . هەزارو دەوڵەمەندیان تێدا بوو . ئیستەش بیرمە جارێکیان پرتەقاڵم بۆ قوتابی‌یەکان برد ، هی وایان هەبو نەیدەزانی پرتەقاڵ چی‌یە ، بۆنیان پێوە دەکردو یاری‌یان پی‌دەکرد تا بە دەستی خۆم بۆم پاك‌و قاش کردن‌و تێم گەیاندن میوەیەو دەخورێت» .

هەستێکی شارراوە قوتابی‌و زیاتر جوتە مامۆستای زەهرایان دەبزواند . حەزیان دەکردو هەوڵیان دەدا هیچیان لە کوڕان‌و پیاوان کەمتر نەبێت . لێرەدا دایکی کورد گوڕی دایە خۆی‌و گەرمتر بوو ، لەوەی دەکرد بیەوێت من بسەلمێنێت ، جا نازانم هەستی دەکرد کە من بە هەموو هۆشمەوە کەوتومەتە پەرستگای دڵسۆزی‌و

لەخۆبوردنی پەری‌یەکی خاوێنی گەلەکەمان یاوەخود نا ؟ . ئەوەیان گرنگ نی‌یە ، سەیرە وا نەبێت ، بەلآم با لەبەر دڵە ناسکەکەی ئەو منیش گوڕ بدەمە خۆمو خۆم وریاتر نیشان بدەم :

«هەر ئەوەندە بیستمان فوئاد رەشیدی مامۆستای کوران شانۆگەری‌ی «نیرۆنی زۆردار»ی پێشکەش کردووەو بەو کارەی هەستی زۆر کەسی بزواندووە ئێمەش هاتینە مەیدانو ویستمان هەنگاوێکی باشتر بنێین . بیری یەکێکمان بۆ ئەوە چو کێشەیەکی ئەوتۆی ناو کۆمەڵەکەی خۆمان باس بکەین کە زۆر رۆژ توشی یەکێك لە قوربانی‌یەکانی دەهاتین . بەلآم کەسمان دەستو زاتی نوسینمان نەبوو ، بۆیەکا پەنامان بردە بەر شێخ نوریو ئەویش لەسەر پێشنیاری‌ی خۆمان شانۆگەری‌ی «دایك»ی بۆ ئامادەکردین . قوتابخانەمان رازاندەوەو پەردەمان هەڵواسیو نزیکەی حەفتەیەك ژنانی شار روویان تی‌کردینو بە پەرۆشەوە سەیری «دایك»یان دەکرد . بەیجەی خوشکم دەوری دایكو شەفیقە سەعید[٦] کە قوتابی‌یەکی وریای قوتابخانەکەمان بوو دەوری دوکتۆرەی بینی . دیار بوو لەتەلی دڵی بینەرانیان دەدا» .

تا ئیمرۆش چ خۆی ، چ خوشکی ، ناوەرۆکی «دایك»یان لەبیرە کە بەشێکی بە شیعر هۆنرابۆوە :

«دایکەی نەخوێندەوار بە هەڵە دەرمانێکی عەتارەکان دەرخواردی کۆرپەکەی دەدات ، دەرمانە دەیخاتە گیانەلآ . هاوارو قیژەو گریەی دایکی کلۆڵ گەرەکی دێنێنە سەیر . یەکێك لە سەرسپی‌یە ژیرەکانی دراوسێ بەهەڵەداوان خۆی دەکات بە ژورداو دەپرسێت :

چی‌یە ئەم گری‌یەو زاری‌یە
بۆچیتە هاوارو تەلاش ؟

دایکە بە شپرزەیی .

---

(٦) بیجە محی‌الدینو شەفیقە سەعیدیش دوو پێشرەوی‌تری مەیدانی خوێندەواری‌ی ئافرەتی کوردن . صەدان کچە کورد لەسەر دەستی ئەوانو دەستە خوشکی ئەواندا فێری خوێندنەوەو نوسین بون ، کە زۆریان پلەی بەرزی خوێندنیان تەواوکردووە .

هەرگیز خەوی نەبوو منیش
چوم دامێ تۆزێك شیلەی خاش خاش

دراوسێکەیان کە ئەمە دەبیسێت دەستوبرد دەچێت بە دوای دوکتۆرەی شار
دوکتۆرە بەهەمان دەستور دەپرسێت :

چی‌یە ئەم گری‌یەو زاری‌یە
بۆچیتە هاوراو تەلاش ؟

دایك :
هەرگیز خەوی نەبوو منیش
چوم دامێ تۆزێك شیلەی خاش خاش

دوکتۆرە :

جا
کێ بەتۆی وت دەوایەکی زەریفو باشە
تولفی وا قابیلی دەرمانی وەك خاش خاشە ؟
خێرا کە ئەم دەرمانەی بدەرێ
بەڵکو بەجارێك چارەی بکرێ
ئیتر هەرگیز لەو دەوایانەی نەدەیتێ

دایك :

تۆبە بێ ، تۆبە بێ یارەبی
هەتا ماوم دەرمانی وای نەدەمێ»

گەر ویژدانمان بێت‌و هەموو لایەنی‌ی سەیری باسەکە بکەین ئەوا دان بەوەدا دەنێین لە یەکەم شانۆگەریدا ئافرەتمان بۆری پیاومانی داوە[٧] . . مامۆستای یەکەم ئەم قسانەمی بەدڵ‌بو. نەمویست لەوە زیاتر هیلاکی بکەم ، هاتە سەر وەڵامی دووەم پرسیارم :

«گوزەیدە یامولکی سێ ساڵ مودیرە بوو. کە ئەو چووە بەغدا زەهرە خانی کچی مستەفا یامولکی بۆ دەوروبەری سێ ساڵێك چووە جێگەی‌و دوا بە دوای ئەو من بومە مودیرەو نزیکەی ٣٠ ساڵ کاری ئەو قوتابخانەیەم گرتە ئەستۆ. روناکبیری ئەو سەردەمەی شار پشتیان دەگرتم ، بە قسەی پڕ هەستیان دڵیان خۆش دەکردم. جارێکیان نزیك بەردەرکی سەرا یەکێك بە هیواشی دەستێکی دا بە پشتمداو پێی وتم : ئافەرین ، هەزار جار ئافەرین ، سەرت بەرزکردینەوە . . کە ئاورم دایەوە پیرەمێردی شاعیرم دی. پیرەمێرد گەلێك قسەی‌تری کرد ، لەوە دەچو بیەوێت هەموو ماڵێك بکاتە قوتابخانەو بە دارعەساکەی بکەوێتە گیانی ئەو دایك‌و باوکانەی منداڵیان ناخەنە بەر خوێندن . . .» .

دوا قسەی یەکەم مامۆستامان :

«ئیستەش هەرچەند چاوم کزو گوێم قورس‌و یادم کەم بووە ، بەڵام گەز گەز باڵا دەکەم کە دەبینم رەنجم بە فیرۆ نەچووەو کچە کورد چۆتە ریزی برای‌و شان بەشانی ژیانی نوێ بۆ نەوەی داهاتو دروست دەکات» .

سەربازو ئەفسەری ونی وەك فاتمەمان زۆرە ، با جاروبار یادیان بکەینەوە هیچ نەبێت ، تاکاتی خۆی ، پەیکەری پڕ شانازی‌یان لەقولاپی دڵ‌و دەروندا بۆ داتاشین‌و شتی نەزانراوو نوێ‌یان لێوە فێربین تا لە کیسمان نەچون .

---

(٧) روناکبیرانی کوردی تورکیا بەهۆی چەند هۆیەکی تایبەتی‌و گشتی‌یەوە بەر لە ئێمە لە دەرگای زۆر هونەریان داوە . پێش شەری یەکەمی جیهان ئەوان شانۆگەری‌یان بە کوردی داناوە . لەگەڵ ئەوەش ئافرەتی کوردی عیراق لەم مەیدانەدا هەر یەکەمە .

ئەرمەن(*) یەکێك لە گەلە هەر دێرینەکانی سەرزەمین پێك دەهێنن[1] . بەر لەمەسیح ئەرمەن خاوەنی ژیاریی پێشکەوتووی خۆیان بوون . ئەرمەنستان یەکێکە لەو ولاتانەی بە شوێنەواری مێژوویی کۆن دەوڵەمەندن ، تا ئیستە گەلێك پاشماوەی دێرینی تیا دۆزراوەتەوە .

ئەرمەنەکان وەك گەلانی تری ڕۆژهەلات لە سەرەتادا لەسەر بەردی جیاو تاشەبەردی قەراغ شاخەکان ئەوی دەیانویست بە هەڵکۆڵین دەیاننووسی . بەشێك لەو جۆرە نووسینە دێرینانە دۆزراونەتەوەو ناوەرۆکیان زانراوە . بەلام دوو هۆی نوێ هەر لە دێرزەمانەوە کاریان کردە سەر پەرەسەندنی نووسین بە زمانی ئەرمەنی – یەکەمیان بلاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی بوو کە لە سەرەتای سەدەی چوارەمەوەبووە ئایینی رەسمیی ئەرمەن ، دووەمیان و گرنگتریان دانانی ئەلفبای تایبەتیی ئەرمەنی بوو لە کۆتایی سەدەی چوارەمدا[2] .

(*) ئەم وتارە لە لاپەرە ٧–١٠ی «بەیان» ، ژمارە ٣٠ ، تەشرینی یەکەمی ١٩٧٥دا بلاوکراوەتەوە .

(١) بەشی زۆری زانیاریکانی ناو ئەم وتارە لەلایەن نووسەر خۆیەوە لە ماتێنەدەران کۆکراونەتەوە . ئەو بەشەکەی تری لە هەندێك سەرچاوە وەرگیراون ، بەتایبەتی لە کتێبی :

G. W. Abgar, The Matenadaran, Ereven, 1962.

(٢) میسرۆپ ماشتۆتس ئەلفوبێی ئەرمەنیی دانا . ئەم ئەلفبایە تا ئیستەش لە ناو ئەرمەندا زۆر باوەو هەموو ساڵێك ، بە تایبەتی لە ئەرمینیای سۆڤیەت ، بە صەدان کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامەی پێ چاپ دەکرێ . میسرۆپ ماشتوتس یەکێکە لەو گەورە پیاوانەی ئەرمەن بە حەق شانازیيان پێوە دەکەن .

له دێرزه‌مانه‌وه ڕۆڵه هوشیاره‌کانی ئه‌رمه‌نی خاوه‌ن مێژووی پڕ له ڕوداوو کاره‌ساتی کۆن ، ئه‌رمه‌نی خاوه‌ن ئه‌ده‌بی ڕه‌سه‌ن ، ئه‌رمه‌نی خاوه‌ن فێرگه‌ی ئایینی هه‌مه‌جۆرو کڵێسه‌ی گه‌وره‌و پچوك ، که‌وتوونه‌ته تۆمار کردنی هه‌موو ڕوویه‌کی ژیانی ڕووناکبیری‌ی باووباپیران‌و سه‌رده‌می خـۆیان سه‌ره‌ڕای ئه‌وه زانایانی ئه‌رمه‌نستان له سه‌ره‌تای سه‌ده‌کانی ناوه‌نده‌وه که‌وتنه وه‌رگێرانی به‌رهه‌می فه‌لسه‌فی‌و زانستی‌ی گه‌لانی‌تر بۆ سه‌ر زمانی زگماکیان . به‌م جۆره له زۆر ده‌مێکه‌وه نووسین‌و بڵاوبوونه‌وه‌و هه‌ڵگرتن‌و پاراستنی ده‌سنووس له‌ناو ئه‌رمه‌ندا بووه کارێکی زانستی‌ی — ئه‌ده‌بی‌ی باوو شیاو . به‌شی هه‌ره زۆری ئه‌و ده‌سنووسانه له کتێبخانه‌ی فێرگه‌و کڵێسه‌کاندا ده‌پارێزران . گه‌وره‌ترین جێگه‌ی پاراستنی ئه‌و ده‌سنووسانه به ناوی ماتێنه‌ده‌رانه‌وه سه‌ده‌ی پێنجه‌م له ئێچمیادزینی نزیك یه‌رێڤان دامه‌زرێنرا . به‌م جۆره گه‌نجینه‌یه‌کی پڕ گه‌وهه‌ری ده‌وڵه‌مه‌ند له ئه‌رمه‌نستاندا درووست بوو که ئێسته به یه‌کێك له سه‌رچاوه ڕه‌سه‌نه هه‌ره گرنگه‌کانی مێژووی کۆن‌و ناوه‌ڕاستی گه‌لان داده‌نرێ‌و هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه‌ش بۆته سامانێکی بایه‌خداری مرۆڤی ئیمڕۆ . بۆ نموونه زۆر ده‌سنووسی کۆنی ئه‌وتۆ هه‌ن که کاتی خۆی به زمانی‌تر دانراون ، به‌ڵام ئێسته ته‌نها وه‌رگێڕراوه ئه‌رمه‌نی‌یه‌کانیان ماون‌و ئه‌سڵ‌و وه‌رگێڕاوی سه‌ر زمانانی‌تریان له‌به‌ر هۆی ئاشکرا فه‌وتاون .

له‌م ڕووه‌وه زیانی ئه‌رمه‌نه‌کان خۆیشیان که‌م نه‌بوو . ته‌نها داگیر که‌ره سه‌لجوقی‌یه‌کان ساڵی ۱۱۷۰ پتر له ده هه‌زار ده‌سنووسی به‌نرخی ئه‌رمه‌نی‌یان له‌ناوبرد . له کاتی کوشتاره‌کانی ئه‌رمه‌نی سه‌رده‌می عوسمانی‌یه‌کاندا (ساڵانی ۱۸۹٤ — ۱۸۹٦ ، ۱۹۰۹ ، ۱۹۱۵)[۳] ژماره‌یه‌کی زۆر له ده‌سنووسه هه‌ره نایابه‌کانی ئه‌رمه‌ن بوونه قوربانی‌ی هه‌ستی کوێرانه‌ی ده‌سته‌یه‌ك فه‌رمانڕه‌وای کورتبین که به‌و جۆره زیانێکی گه‌وره‌یان به گه‌نجینه‌ی ڕووناکبیری‌ی مرۆڤ گه‌یاند . به‌ڵام ئه‌رمه‌نه‌کان که نرخی فیکرو ژیانیان لا وه‌ك یه‌ك بوو توانی‌یان به‌هۆی بیری وردو

---

(۳) نووسه‌ری ئه‌م وتاره یه‌کێك له فه‌سڵه‌کانی کتێبی «کوردستان له ساڵه‌کانی شه‌ڕی یه‌که‌می جیهاندا»ی بۆ باسی ئه‌و کوشتارانه ته‌رخان کردووه . هه‌روه‌ها بڕوانه : «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد» ، ژماره ۳ ، به‌رگی ۲ ، لاپه‌ڕه ۷٥ — ۱٥۷

زیرەکیی کەم وێنەو دڵسۆزیی بێسنوورو بە نرخی زێر بەشێکی زۆر لە گەوهەری ئەو گەنجینەیە ڕزگار بکەن . لێرەدا تەنها نموونەیەکی پڕ مانا دەهێنمەوە :
ئەرمەنەکان لە ساڵی ۱۱۷۰ەوە دڵسۆزانە کەوتنە پەیجۆری ئەو دەسنووسانەی سەلجوقییەکان لەناویان بردن ، یا زەوتیان کردن . ساڵی ۱۲۰۵ توانییان بە چوار هەزار درهەم ، کە پارەیەکی یەکجار زۆر بوو بۆ ئەو سەردەمە ، یەکێك لە دەسنووسە بەنرخەکانیان هەر لە سەلجوقییەکان بکڕنەوە کە تا ئیستەش هەر ماوەو بە بارستو قورسایی بە گەورەترین دەسنووسی ئەرمەنی دادەنرێ . لە کاتی کوشتارەکانی ساڵی ۱۹۱۵شدا دوو پیرێژنی ئەرمەنی توانییان هەر ئەو دەسنووسە ڕزگار بکەن . هەر یەکەیان بەشێکیان هەڵگرتووەو بەرەو ئەرمینیای ڕۆژهەڵاتی سەر بە ڕووسیا بە جیا کەوتوونەتە ڕێ . یەکێکیان گەیشتووەو ئەویتریان لەتاو نەخۆشیو برسییەتی لە ڕێگە گیانی سپاردووە ، بەڵام بەر لە مردن ئەو بەشەکەیتری لە چاڵێکدا شاردۆتەوە . پاش ماوەیەك گەڕیدەیەکی ئەورووپایی لەو ناوانەدا بە ڕێکەوت چەند لاپەڕەیەکی ئەو دەسنووسە بە دەست منداڵانی ناوچەکەوە دەبینێ ، بە چەند نوقڵێك دەمیان شیرین دەکاتو دەیبەنە سەر چاڵەکە . کاتێك کابرای گەڕیدە دەگاتە ئەرمینیای ڕۆژهەڵاتو خەڵکەکە پیێدەزانن هەوڵ دەدەن نیوە دەسنووسەکەی لێ بکڕنەوەو ناچار دەبن لەناو خۆیاندا ٤۰۰ هەزار پاوەنی بۆ کۆبکەنەوە .

بەم جۆرەو بە هەزار دەردی سەری ئەرمەنەکان تونیویانە ئەو سامانە گەورەیەی خۆیانو جیهان بپارێزن . دوای ئەوەی ئەرمینیای ڕۆژهەڵات لە ساڵی ۱۸۲۸وە بووە بەشێك لە ڕووسیای ئەورووپایی گاور ئایین مەودای پاراستنی دەسنووسە ئەرمەنییەکان لە جاران زۆر زیاتر بوو ، هەرچەندە لێرەش بەشێکی کەم لەو دەسنووسانە نەگوێزرانەوە دەزگا زانیارییەکانی مۆسکۆو پیترۆگراد .
لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری ئەرمینیای سۆڤیەتدا قۆناغێکی نوێ لە کۆکردنەوەو پاراستنو لێکۆڵینەوەی دەسنووسە دێرینەکانی ئەرمەندا دەستی پێ کرد . لە کانوونی یەکەمی ساڵی ۱۹۲۰وە ماتێنەدەران کرایە دەزگایەکی دەوڵەتی . دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم ئەو ٤٦٦۰ دەسنووسەی لە ساڵی ۱۹۱۵وە برابوونە مۆسکۆ گێڕرانەوە

ماتێنەدەران کە بۆ خۆشی لە ساڵی ١٩٣٩وە گوێزرایەوە شاری یەرێڤانی پایتەخت.
لە ساڵی ١٩٥٩وە ماتێنەدەران کرایە ئینستیتوتێکی سەربەخۆ بۆ پاراستن‌و لێکۆڵینەوەی دەسنووسی کۆن. کۆشکی رازاوەی ماتێنەدەران[٤] ئیمرۆ لە شوێنێکی بەرزەوە بەسەر شاری یەرێڤاندا دەروانێ‌وگەوهەرە بەنرخەکانی هەر یەکە بە جۆرێك داستانی پڕ شانازی‌و زانستی بۆ نەوەی ئیمڕۆو دوارۆژ دەگێڕنەوە.

ژمارەی دەسنووس‌و پارچە دەسنووسەکانی ماتێنەدەران پتر لە ١٥ هەزارە (بەر لە شەڕی یەکەم لە ٥ هەزار کەمتر بوو)، لەمانە دەوروبەری ١٣ هەزاریان بە زمان‌و ئەلف‌و بێ‌ی ئەرمەنین‌و ئەوانی‌تریان بە یۆنانی‌و عەرەبی‌و فارسی‌و تورکی‌و هیندی‌و رووسی‌و حەبەشەیی‌و زمانی‌ترن. کۆنترین پارچە دەسنووسی ماتێنەدەران هی سەدەکانی پێنج‌و شەش‌و حەوتن. یەکێك لە دەسنووسەکانی بریتی‌یە لە ئینجیلێك ساڵی ٨٨٧ نووسراوەتەوە. گەورەترین دەسنووسی ماتێنەدەران ٣٢-٣٤ کیلۆو ٦٠٩ لاپەڕەیە، ساڵی ١٢٠١ نووسراوەتەوەو بریتی‌یە لە زنجیرەیەك گوتاری کڵێسەو نووسینی مێژوویی‌و فەلسەفی. نووسینەوەی ئەم دەسنووسە پێستی نزیکەی ٧٠٠ گوێرەکەی پێویست بووە. پچووکترین دەسنووسی تەنها ١٤ گرام‌و ١٠٤ لاپەڕەیەو بریتی‌یە لە رۆژژمێرێکی کڵێسە. ئەم دەسنووسە نایابە ساڵی ١٤٣٦ لەسەر پێستی بزنی ناو سك (هێشتا لە دایك نەبوو) نووسراوەتەوە.

دەسنووسەکانی ماتێنەدەران لە نرخاندن نایەن. بەر لە هەموو شتێك بەهۆی ئەو دەسنووسانەوە بەشی زۆری لاپەڕە گرنگەکانی مێژوو و ئەدەب‌و ژیانی کۆمەڵایەتی گەلی ئەرمەن لە قۆناغی جیاواز جیاوازدا پارێزراون‌و لە رێگەیانەوە زانراون. جگە لەوە ئەو دەسنووسانە پڕن لە زانیاری‌ی بەنرخ لە بارەی ژیان‌و مێژووی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە، بەتایبەتی ئەوانەیان کە لەگەڵ ئەرمەندا دراوسێن، لە بارەی ناوچەکانی قەفقاس‌و ئێرانی سەفەوی‌و ئیمپراتۆری‌ی بیزەنتی‌و دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی‌و شەڕو هێرشی سەلیبی‌و مەغۆل‌و تەتەرو سەلجوق‌و تورك‌و گەلێکی‌ترەوە.
بەشی هەرە گرنگی دەسنووسەکانی ماتێنەدەران بۆ باسی مێژوو تەرخان کراون.

---

(٤) ئەم کۆشکە لەسەر شێوازی خانوبەرە دروست کردنی کۆنی ئەرمەن بنیات نراوەو هەموو کەرەستەیەکی پێویستی بۆ پاراستنی دەسنووس تێدایە.

مێژوونووسە ناودارەکانی ئەرمەن گەلێك نووسراوی بەنرخیان بەجێ هێشتووە کە شان لە شانی دەسنووسە هەرە بایەخدارە ناسراوەکانی جیهان دەدەن. هەر بۆ نموونە: دەسنووسی یەکێك لە مێژوونووسەکانی سەدەی پێنجەم بۆ باسی بلاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لە ئەرمەنستاندا تەرخان کراوە. دەسنووسی «مێژووی خەلیفەکان» باسی ئەو بەسەرهاتانە دەکات کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عەرەبدا لە نێوان سالانی ٦٣٢و ١٧٨٨دا روویان داوە. هەر لە ماتێنەدەرانیشدا دەوروبەری ٦٠٠ دەسنووس هەیە کە بە ئەلف‌و بێی عەرەبی‌و زمانی عەرەبی‌و فارسی‌و تورکی‌و هی‌تر نووسراونەتەوە. ناوی ئیبن سیناو شەهابەدینی شیرازی‌و فیردەوسی‌و حافزو سەعدی‌و نیزامی‌و گەلێك ناوداری‌تری رۆژهەلات لە زۆر دەسنووسی ئەم دەزگایەدا دەکەونە بەرچاو.

ژمارەیەکی زور وێنەو نیگاری رنگاورەنگی کۆن لە ماتێنەدەراندا پارێزراون، هێندێکیان لە سەدەی پێنجەمدا دروست کراون‌و هەموویان بەلگەو نیشانەی هەستی هونەری‌ی بەرزی ئەرمەنن. ئەو رەنگانەی بۆ دروست کردنی ئەو نیگارانە بەکار هێنراون سەدان سالە هەر وەك خۆیان ماونەتەوە، دیارە ئەوەیش بۆ خۆی نیشانەی پێشکەوتنە لە کیمیاگەریدا.

لە راستیدا باسی ماتێنەدەران‌و گەوهەرەکانی ماتێنەدەران‌و کتێبخانەی ماتێنەدەران‌و ئەو صەد هەزار دەکومێنت‌و بەلگەیەی لە ماتێنەدەران هەلگیراون لە وێژەی وتارێکی پچووکدا نی‌یە[٥].

گەلی کوردیش وەك یەکێك لە دراوسێ هەرە نزیك‌و تێکەلەکانی ئەرمەن بەشی خۆی لە ماتێنەدەراندا هەیە. لە گەلێك دەسنووسی کۆندا ناوی گەلانی زاگرۆس‌و میدێکان‌و کورد خۆی هاتووەو باسی ناوچە کوردەواری‌یەکان کراوە. هیچ دوور

---

(٥) زۆر شتی ماتێنەدەران شایانی باسە. بەجورێکی بەرز دەسنووسەکانی لە گەرمایەکی تایبەتیدا دەپارێزرێن، پتر لە ١٢٠ کەس لە ماتێنەدەران کار دەکەن، لەمانە ٢٠یان دوکتۆراو ٧یان دوکتۆرای زانست (ناوك)یان هەیە. هەموو سالێك ژمارەیەکی زۆر کتێب‌و وتاری زانستی‌ی بەنرخ لە لایەن ماتێنەدەرانەوە بلاودەکرێتەوە.

ئەرۆین مینۆرسکی ی بەناوبانگ لە نووسین و لێکۆڵینەوەکانیدا دەربارەی میدێکان و کورد کەڵکی لە کتێبەکانی مێژوونووسی گەورەی ئەرمەنی مۆڤسیس خۆریناتسی (مایسای خۆرێنسکی) وەرگرتووە[٦] کە لە سەدەی پێنجەمدا نووسیونی و دەسنووسەکانیان لە ماتێنەدەران پارێزراون .

سەرەرای ئەو لایەنە گرنگە ژمارەیەك دەسنووس و پارچە دەسنووسی تایبەتی لەسەر کورد ، یا بە کوردی لە ماتێنەدەران هەیە . ئەوەی بۆ ئێمە شتێکی نوێ و سەرنج راکێشە ئەوەتە کە لە ژمارەیەك دەسنووسی ئەرمەنیدا چەند دێرێکی کوردی بە ئەلف و بێ ی ئەرمەنی نووسراوەتەوە . یەکێك لەو دەسنووسانە دەربارەی رێزمانی ئەرمەنی یەو لە سەدەی پازدەدا دانراوە ، بەلاّم چەند دووعایەکی بە عەرەبی و فارسی و کوردی تێدایە . هەروەها ئینجیلێکی دەسنووس بە زمانی کوردی و پیتی ئەرمەنی هەیە کە دوور نی یە لە سەدەی هەژدەدا نووسرابێتەوە .

جگە لەمانە دوو دەسنووسی زۆر گرنگ لە بارەی کوردەوە لە ماتێنەدەران پارێزراون . یەکەمیان دەسنووسی ژمارە ١٧٩٩ ی بەشی عەرەبی یە کە بریتی یە لە دەسنووسێکی رێکوپێکی «شەرفنامە»ی شەرەفخانی بدلیسی . ئەم دەسنووسە سەدەی هەژدە لە ٤١٢ لاپەرەی گەورەی بیستویەك دێریدا نووسراوەتەوە . وابزانم ئەوانەی لەسەر «شەرفنامە»یان نووسیوە کەسیان تاوەکو ئیستە باسی ئەم دەسنووسەی ماتێنەدەرانیان نەکردووە .

دووەمیان دەسنووسی ژمارە ٦٢٢ ی هەر بەشی عەرەبی یە کە بریتی یە لە دەسنووسێکی گرنگی دەگمەنی کەم زانراو لەبارەی هۆزی دونبولی یەوە[٧] .

---

(٦) لەم بارەیەوە بروانە :

ف . مینورسکی . الاکراد أحفاد المیدیین . «گۆڤاری کۆری زانیاری کورد» . ژمارە ١ ، بەرگی ١ ، لاپەرە ٥٥٢ – ٥٦٦ .

(٧) بۆ یەکەم جار أ . د . پاپەزیان بە زمانی ئەرمەنی و لەژێر ناوی «سەرچاوەیەکی نوێ دەربارەی مێژووی گەلی کورد» دا وتارێکی لە بارەی ئەم دەسنووسەوە لە ژمارە ٨ ی ساڵی ١٩٦٧ ی گۆڤاری کۆری زانیاری ئەرمەنستاندا بلاّو کردەوە .

ئەم دەسنووسە پەنابەرە ئەرمەنەکان ساڵی ١٩١٦ لەگەڵ خۆیاندا هێناویانەو کەوتۆتە دەست پرۆفیسۆر ئاشۆت ئەڤانیسیان کە ئەویش بە دیاری ناردوویە بۆ ماتێنەدەران .

ئەم دەسنووسە ٢٥٣ لاپەڕەیەو بارستی لاپەڕەکانی (١٥×٢٥سم)ەو ساڵی ١٨٥ (١٢٦٦ی کۆچی) لە تاران لە «مدرسەی میرزا صالح» لە لایەن عەلی ەکبەری حوسەینی تەفرەشی ی کوڕی حاجی سەید ئیسماعیلەوە نووسراوەتەوەو لە سێ ەش پێکهاتووە : یەکەمیان ناوی «اشارة المذاهب» و دووەمیان ناوی «اشارة لأدیان»ەو هەردووکیان لە دانانی ڕۆستەم خانی کوڕی ئەحمەد خانی دونبولین‌و بە ەتی نەستەعلیق نووسراونەتەوە . بەشی سێیەم لە دوا لاپەڕەکانی دەسنووسەکەدایەو وی «تاریخی دەنابیلە»یەو لە دانانی عەبدولڕەزاق کوڕی نەجەف قولی خانی ونبولی‌یە ، ئەم بەشەیان تەواو نی‌یەو بە خەتی «نەسخ» نووسراوەتەوە .

لە بەشی یەکەم‌و دووەمدا ڕۆستەم خان باسی ئایین‌و مێژووی هۆزی دونبولی ەکات ، هەروەها باسی شا کانی ئێرانی بەر لە ئیسلام‌و بەرمەکی‌یەکانیشی کردووەو ونبولی‌یەکانی بە ڕەسەن گێڕاوەتەوە سەر ئەوان . ئەو باسانەش کە بۆ ڕووداوەکانی ۆتایی سەدەی هەژدەو سەرەتای سەدەی نۆزدە تەرخان کراون بایەخێکی زۆریان ەیە ، بە تایبەتی چونکە نووسەر ئەوەی باسی دەکات ، یا بە چاو دیویێتی یا تیا شدار بووە . لە قەراغ‌و پەراوێزەکانی ئەم دەسنووسەی ماتێنەدەراندا ڕۆستەم خان خەتی خۆی تێبینی‌ی نووسیوەو هەندێ شوێنی ڕاست کردۆتەوەو ئەمەش بێ‌گومان نرخی دەسنووسەکەی زیاتر کردووە . دەمێکیشە بەڕێوەبەرانی ماتێنەدەران بڕیاری ۆکردنەوەی ئەم دەسنووسەیان داوە .

باسی شازدەمین
کوردو پزیشکێکی دووری ئاگری
شەڕی دووەم

شەڕلە ناوەرۆکدا دوو جورە : شەڕی زۆردارو شەڕی زۆرلێکراو(*) . یەکەمیان بۆ زوڵمو زۆرو داگیرکردنە ، دووەمیشیان بۆ سەرفرازیو ئازادی‌یە . بەڵام چ ئەمیانو چ ئەویان لە زەرەرو زیاندا ، لە فرمێسكو خوێندا چون‌یەکن .

شەڕی دووەمی جیهان کە نزیکەی شەش ساڵی ڕەبەق خایاند (ئەیلوولی ١٩٣٩ — مایسی ١٩٤٥) گەورەترین کارەساتە کە تا ئێستە تووشی مرۆڤو هەموو جیهان هاتبێت . ئەگەر ئەم قسەیە بخەینە چوارچێوەی ژمارەوە بەم جۆرە دەردەچێ :

٧٢ دەوڵەت تێکەڵی ئەم شەڕەبوون (لە شەڕی یەکەمدا ٣٣) ، ١١٠ ملێون کەس بە چەکەوە تیا بەشداربوون (لە شەڕی یەکەمدا ٧٤) ، ١٣٨٤ ملیار دۆلاری تیٚچوو (لە شەڕی یەکەمدا ٢٠٨) . دەوروبەری ٥٠ ملیۆنی تیا کوژرا (لە شەڕی یەکەمدا ١٠) ، نزیکەی ٢٨ ملیۆنی تیا سەقەتو کەفتەکار بوو (لە شەڕی یەکەمدا ٢٠) .

یەکیەتی ی سۆڤیەتو ئەڵەمانیا لەو شەڕەدا لە هەموو لایەك زیاتر تووشی زەرەرو زیانو وێرانی هاتن ، ئەڵەمانیا بەهۆی ژێر کەوتنەوەو یەکیەتی ی سۆڤیەتیش لە ئەنجامی ئەوەدا کە هیتلەری‌یەکان تا دوا ساڵی شەڕ نزیکەی لە ٧٥٪ی هێزە شەڕکەرەکانی خۆیان ئاراستەی ئەو کردبوو . لە دوا ساڵی شەڕیشدا ، واتە دوای کردنەوەی بەرەی دووەم لە لایەن ولاتە سوێندخۆرەکانی ڕۆژاواوە ، هێشتا هەر دەوروبەری لە ٦٧٪ی هێزی چەکداری ئەڵەمانیا لە بەرەی سۆڤیەتدا دەجەنگین . ئەو زیانانەی لە

(*) ئەم وتارە لە لاپەڕە یەكو حەڤدەی «بەیان» . ژمارە ٢٩ . ئەیلولی ١٩٧٥دا بلاْوکراوەتەوە .

یەکیەتی ی سۆڤیەت کەوتن نیشاندەرێکی بێوێنەو هاوتای فرمێسكو خوێن
شەرن :
بەهۆی شەری دووەمەوە ١٧١٠ شاری گەورەو بچووکی سۆڤیەت کاول کران‌و ٧٠
هەزار گوندیش لەگەڵ زەویدا تەخت کران‌و بەو جۆرە ٢٥ ملیۆن کەس بێ جێ‌ورێ
مانەوە . هەر لەماوەی شەردا ٣٢ هەزار دەزگای پیشەسازیی ی ئەو وڵاتەو ٦٥ ملیۆن
کیلۆمەتر رێگەی ئاسن لە بنەرەتەوە هەڵتەکێنران . بە پارە یەکیەتی ی سۆڤیەت ٠٠
ملیار دۆلار زیانی لێ‌کەوت ، واتە لە سی‌یەکی زیانی هەموو شەر زیاتر . نزیکەی
نیوەی کوژراوو سەقەت‌و کەفتەکارەکانی شەر سۆڤیەتی بوون .
دەردو بەڵای شەری دووەم هەموو قوژبنێکی جیهانی گرتەوە . ئەوی نەکوژرا
یا لەشەردا بەشدار نەبوو برسێتی‌و نەبوونی‌و نەخۆشی‌ی چێشت .
میللەتی کوردی هەژاریش بەشی خۆی لەو مەینەتی‌یە بینی‌و هێندەی‌تر هەژاربوو
راستە کوردستان وەك لە شەری یەکەمی جیهاندا نەبووە یەکێك لە مەڵبەندەکا
شەر ، نەبووە شەرگەو لەویان کەمتر تووشی زەرەرو زیان‌و مردن‌هات ، بەلام
لەگەڵ ئەوەشدا ، ئەویش وەك هەموو گەلانی‌تری رۆژهەڵاتی نزیك‌و ناوەراس
بەهۆی رووداوو کارەساتەکانی شەرەوە تووشی گەلێك دەردی سەری بوو . پریشک
شەری دووەم لە زور لاوەو ، بە زۆر شێوە گەلی کوردیشی گرتەوە . با لێرەدا باسێک
پچووك بگێرینەو ، باسی پریشکێکی نەزانراوی ئەو شەرە کە لە دووری‌ی هەزار
کیلۆمەترەوە ژیانی رووناکبیری‌ی ئێمەشی گرتەوە .
(ئیڤان یووگەڤ) لاوێکی خوێن گەرم‌و رەوشت‌بەرزی سۆڤیەتی بوو .
خوێندندا دەسەڵاتدارو لە ناو هاوریکانی‌و لە کۆمەڵدا خۆشەویست بوو . هەر ز
دەردو ئازارو چارەنووسی گەلی کورد لە دوورەوە سەرنجی ئەم لاوەی راکێشاو دو
تەواوکردنی زانکۆ دەستی کرد بە فێربوونی زمانی کوردی‌و بووە قوتابی‌ی دوکتۆر
بەشی مێژوو و چالاکانە دەستی کرد بە ئامادەکردنی نامەی دوکتۆرێکەی لەس
کورد . بەلام بەداخەوە زۆری نەخایاند ئاگری شەری دووەم هەڵگیرساو پا
ماوەیەکی کەم وڵاتەکەی ئەویشی گرتەوە . . .
ئیڤان یووگەڤ وەك زۆربەی هەرە زۆری لاوانی سۆڤیەت چەکی کردە شا

بەرەو شەڕگە لەگەڵ هاوەڵەکانی بۆ پارێزگاری لە خاکی نیشتمان‌و شەرەفی گەل کەوتە ڕێ . . . بەرەو مردن ڕۆیشت‌و **نەگەڕایەوە** . . . بە کەمێك زمانی کوردی‌و گەلێك خۆشەویستی‌ی کوردەوە سەری نایەوە ! !

بێگومان **ئیڤان یووگەڤ** بمایە ئیمرۆ یەکێك دەبوو وەك کوردناسانی سۆڤیەت **خاڵفین و لازەرێڤ** کە چالاکانە خزمەتی لێکۆڵینەوەی مێژووی کورد دەکەن . . . ئەگەر شەڕ بمرێ‌و ئاشتی بژی هەزارەها هەزار گوڵی وەك **ئیڤان یووگەڤ** جوانتر باخی ژیان دەڕازێننەوەو هەڵبەتە ئەوسا کوردیش ، ئەگەرچی لە دووریشەوە بێ ، لە بون‌و بەرامەیان بێبەری نابێ ! ! .

پێرستی ناوو شوێن

ناو (*)

(*)
– لەو ناوانەی ، وەك كوردو كوردستان ، زۆر دووبارە دەبنەوە تۆمار نەكراون .
– مەبەست لە (پ) پەراوێزە ، لەو كەس و شوێنەی تەنها لە پەراوێزدا ناوی هاتووە پیتی (پ)ی لاوە دانراوە .
– (هـ)كورت‌كراوەی هۆزو (ر) كورت‌كراوەی ڕووبارو .

شوێن

پێڕست

سوپاسی زۆرم بۆ :

● مامۆستایان بەڕێوەبەری گشتی‌ی دەزگای رۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی مصلح جەلالی‌و محەمەد کەریم فەتحوڵلاو محەمەدی مەلا کەریم‌و صەلاح شوان کە هەر یەکەیان بە جۆرێك دەستی لە دەرچوونی ئەم کتێبەدا هەیە .

● تیپکارانی چاپخانەی «الادیب» ، بە تایبەتی خوشکان سەرپۆهی‌و ثاراکسی‌و شیلان رەواندزی .

● هونەرمەندی لێهاتووی کورد کاك عەلی مەندەلاوی کە وێنەی بەرگی ئەم کتێبەی کێشاوە ، هیوادارم کورد لە وێنەی ئەوی زۆر بیت !

رقم الأيداع في المكتبة الوطنية ببغداد
١٩٨٥/٩٠٧
١٠٠٠٠/١٩

شركة مطبعة الاديب البغدادية المحدودة